# ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت

کۆچیرۆک

**محەمەد فەریق حەسەن**



ناوی کتێب: ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت – کۆچیرۆک
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٢١
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە١٧٨٣ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# خێراتن

بێ هوودە و بێ ئامانج پیادەڕۆی ئەم شەقامە گەز دەکەم و چاوە کاڵەوەبووەکانم بەسەر ڕوومەتە گەنمڕەنگەکەمەوە، وەک ڕۆشنایی لەرزیوی ئێوارانی شار لە زەردەوە دەچێ. بەم ڕۆژگارە (قەتار)ی بێ بەقا و جێ بەخۆنەگرتوو، تیرمینال و فڕۆکەخانەکان، لەم وێستگەوە دەمەدەنە دەست ئەو وێستگەی غەریبی. وەک شێرەکوللەیەک خۆی خزاندبێتە ژێر کراسەکەم بێ ئۆقرەم.

وشەکان بەسەر لێومەوە پیربوون و پیتەکانیش پشتیان چەما. لەم وڵاتە سەر بەهەورە ڕووگرژەدا، سێبەرەکەشم دڵی بەمن ناکرێتەوە. هێشتا ناوەندی هاوین بوو، بەشەرمێکەوە وتی، های های موهەمەد! ئیتر من بێت و سێبەریت ناکەم، تۆ تاوێ لە جێیەک داناسەکنێ، ئاڵۆز و پێکدا هەڵپژاوی وەک شەپۆلە تووڕەکانی زەریا.

(با)م خۆش دەوێ و تەواو لەگەڵیا هاودەنگ و هاوئاهەنگم. با جیاوازیی ڕەنگەکان ناکا. بایش وەک من ڕەوتە نییە. کێ دەڵێ ئەم با ساردەی وا ئێستەکانێ هەڵی دەمژم و لە ڕووم دەدا، هەفتەیەک بەری نەهۆ، بەکراسێکی نیو قۆڵەوە لە دارفوور پیاسەی نەکردووە؟ دەڕۆم و با ڕوخساری ماندووم ماچ دەکا، خۆی بەسینەمدا دەکا و لە دەرگەی دڵم دەدا و پرچی تەنکی زیوینم دەشەنێ.

چ زوو دڵمان گۆڕی؟ ئەوسا مانایەک ئێمەی لە بن شاسەیوانێکدا





کۆ کردبووەوە. ئەو مانایە ئەڵقەی پێوەندیمان بوو. ئێستاش بۆ گەیشتن بەمەنفایە، بێ پەروا خۆمان دەرخواردی شارکەکان دەدەین!

تەنانەت نیشتمانیش وەک ئۆردووی دوژمن لە ژیانم کشایەوە. ئەویش هەناومی بەکەلاوەیی جێ هێشت. ئەم نیشتمانە ئازیزە، گوڵەکانی بۆ ئەوان و دڕکەکانیشی بۆ ئێمە بوو.. کەچی من لە دڵەوە چەندم ئەو خۆش دەوێ و چەند بۆی پەرۆشم! ئێستاش لەبەرخۆمەوە، بەدەنگی کەرخ و نووساوەوە گۆرانیی بۆ دەچڕم!

مخابن، کاتێ گەڕامەوە نیشتمان، بەحاڵ شێوەم کرد و لەوەدابوو نەیناسمەوە.. چییان بەسەر هێنابوو خوایە! ئەگەر ئاسمان بووایە بە بەرزایی و شینایی و پەردە ئاوریشمینەکانی هەوردا دەمناسییەوە، ئەگەر ڕووبار بووایە بەهاژە و تافەیدا، بەمراویی پۆڕچینەکانی کەناریدا، ئەگەر با بووایە بە گڤەیدا، هەورەناڵە بووایە بەچەخماخەیدا، درەخت بووایە بەورشەی گەڵاکانیدا، وەختێ سروەی شەماڵ هەڵدەکا، دەمناسییەوە.

لە نیشتمان، تەلارەکان بەرەو هەور هەڵکشاو و مرۆڤەکان بۆ ناخ داکشابوون. تەلارەکان ڕەنگاوڕەنگ و مرۆڤەکان سپات و ڕەنگ پەڕیو. ئۆتۆمبیلەکان نوێترین مۆدیل و خاوەنەکانیان خێڵەکیی بەڕمی نسێری و قەرەبینا.. زۆر سادە، لەسەر شێوەی چێشتخانە میللییەکانی شار، بەدەنگی بەرز داوای ژنی عەوازەیان دەکرد! نەفسەبەرزیم بەکەوای شانتورمەوە لە دەرگەنەی فایلەڕەشان بینی دادەهاتەوە و خجڵی کرنووش و مەرایی بوو. بێدەنگیم دی، بەدەم چەقڵەسەماوە دای بەلاما، کۆڵان بەکۆڵانی شاری لە پێوە دەدا، بەبنە مەسینە دومبەڵەکی دەکوتا و فەتەڕۆی دەچڕی. لە دووڕڕا هەڕەتی لاویم بینی گەلاوگەڵ و

بەکۆمەکۆم شەقامی دەپێوا و گۆچانی لە مست بوو. ڕەشەبایش جووت پەنجەی لە زاری خۆی نابوو، بەهەر چوارلادا دەچەرخا و مینا مناڵە چوختییەکانی چلیی سینەماکان، فیکەی بۆ لێ دەدان! بارانیش بەدزییەوە دەباری؛ دەنگی پێیە ڕووتەکانی نەدەگەیی و بۆنێکی نامۆی لێوە دەهات، پێ دەچوو لە تەریقیدا، ئاسمان ئارەقەی شەرمەزاریی دەردابێ! لەوێ، بەوانەیشەوە، کە لە منداڵدانێکدا ڕسکابووین هەر غەریب بووم..

نیشتمانێک ڕۆڵەکانی خۆی قاو دەدا و لە شەوی تۆفدا، شڕە و شاتاڵیان فڕێ دەداتە بەر ئەو زریانە. میرغەزەبەکان نیشتمانیان لە ئێمە و ئێمەیان لە نیشتمان تەوەللا کرد. میرغەزەبێک هەموو ڕۆژانی هەینییەک، بەبێ دەستنوێژ و بەقورئانێکی بەرگ سەوزی سی جزمییەوە، بەدەنگێکی گڕ، لەسەر گۆڕی قوربانییەکانی خۆی (ولا تحسبن) دەخوێنێ. باخەوانێکی دەست و پەنجە قلیشاویش، دەستکەنەی شەتڵەکانی دەستنێژی خۆی دەکا! بۆیە لەوێ کاژە هەورێک بەرچاوی گرتبووم، لەوەدابوو داکا. ناچار دڵی چاوانی خۆم دەدایەوە. ئاخر بۆیە منیش لە ژێر تاقگەی زیوینی مانگدا سەفەرم کرد، پێشتریش وەک مانگ تاک و تەنیا دەچوومە سەفەری حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی چیرۆک و..

لە نیشتمان وشەکان، گەرد لێ نیشتوو، زێ لە تینووا دەخنکێ و مێرگ دەبێتە بیابان. ئاسمان چەخماخە و شالوور چریکە و ئەستێرە جریوەیان بیر نەماوە! بەکەونە هاوڕێکەمم وت: بەسە چیدی دووی خەونەکان مەکەوە، با تەمەنت بەزایە نەچێ. ئەوانە هیچ نەبوون ئاڵۆزەخەون نەبێ، مەخابنە زرەهیوا، تانوپۆی تەمەنت لێ داگیرکا





برادەر. ئەوانە درۆزن بوون، باوەڕت بەمانفێستە شۆڕشگێڕییەکانی سەرەتایان نەبێ، کەوش لەپێکردن حسابە. شوێنیان مەکەوە نەبادا لە قومووشێکی تاریک و شێداری دەرنەچوودا گیر بخۆی.. چیدی خەونە تۆز لێ نیشتووەکانت مەدوێنە برادەر؛ خەون بەپیرتەوە نایە. بەحاڵە حاڵ، لە دووڕرا نووزەی دێ و نابێتە دەنگ، تا وەک تاقگەیەکی بەهاری لەسەردا بلرفێنێ و هاژەی بێ!

پێم وت: چیدی چاوەڕوانی خەونەکان مەبە برادەر. چاوەڕوانی تەنکە هەوری ڕەفتەنیی هاوینانە و نایبارێنێ. لەوێش، لەبەر بەرۆچکەکانی نیشتمان، سەرم دابووە بەر تاوە گزنگ و هێشتا هەر دانەچۆقێم بوو. ئای چییان بەسەرهێنابوو خوایە! چییان بەسەرهێناوین خوایە! وەک قەرەجمان لێ هاتووە. هەر بستە خاکێک بۆ ئێمە هەم مەنفایە و هەم نیشتمان!

December, 21 ,2006

# ئەمشەو سێوێ لە سەری دەدرێ

بەو شەوە هاوینە، منیش ترسم لێ نیشت، ترس و غایلە لە چارەنووسی خۆم، زۆر نزیکە منیش بەمەرەی ئەو بچم و کەسێ بەفریادم نەگا، جووتێ ئێڵچیی ڕۆح سووک لە غەیبەوە، وەک تارمایی دەروێشێکی پیر و پەرییەک، ئێستا بەتەواوی شێوەیانم نایەتەوە بەرچاو، بەسۆزێکەوە چرپاندیانە ڕۆحم، وتیان گەر بەخێرایی نەجووڵێی هاکا نۆرەی تۆش هات، هەیدێ فریای کەوە، بەو شەوەزەنگە بێدەنگە تەنیا ئەو نەرمە چرپەیە بوو، نەیانکرد بەدووان و بێ سرتە ئاوابوون، ڕاپەڕیم، لەوانەیە وابێ، دەشێ دوای ئەوەی لەو بووەوە نۆرە بێتە سەر من، دەستی دەچێتە ڕۆحی منیش ئا، ئێمە منداڵی ساڵێکیشین، زمانم وشک، پەشۆکاو، پێ خاوس، هەڵسام، دەستم گێڕا، گورج جامولکە زیوییەکەم دایە بەر شەربەکە و بەسەرمەوە نا، دەنگی گەرووی شەربەکە لە قووقەی کەڵەباب دەچوو، پتر پەشۆکاندمی، وەلێ کەسێ بەئاگا نەهات، بێ ئەوەی سەرنجی پلەکانی بدەم، بەپەیژە کووڕە دارینەکدا داگەڕام، دیاربوو جیرە جیرِی پەیژەکە کەسی بەئاگا نەهێنا، ئاژەڵ لە پەچەران بوون، کەچی نە باڕەی مەڕێ، نە قۆڕەی مانگایە، نە قووزەی سەگێکی خوێڕی، نە لوورەی گورگێکی برسی لە دوور دەهات، نە کەڵەبابێکیش شەوی لێ گۆڕا، شەوێکی مات، بۆنێکی غەیبندەی لێوە دەهات، سووسەم کرد، نا، کەس پێی





نەوتم، ئەو دووانە ناوی کەسیان نەهێنا، خۆم هاتبوومە سەر ئەو ڕایەی لە سێباری نیوەشەودا سێوە لاسوورەیەک لە سەری دەدرێ، بەو شەوە کپە ئاسمان کێڵگەی هەسارە و مانگ پەناگرتوو، سێوە لاسوورەیەک، لە شیرین خەودایە، پڕچی خاوی ڕژاوەتە بان جێی نووستن و بێ ئاگا لەو پیلانەی لەتاریکایی و پەنامەکیدا بۆی دەچنرێ، ئەو شەوە تایینە، لە هەسارەجاڕی ئاسمانڕا بەپۆل و بەهێشوو گوڵەئەستێرە بەسەر مێرگی ئەودیو غەریبستانی ئاواییدا دادەباری، دەستوبرد کراسم هەڵکرد و بەباریکە پشتوێنێک لە کەمەردا توند بەستم، پێ خاوس، تا ئەژنۆ دڕوداوێنم هەڵکردبوو، تێدامابووم، بچم یان نەچم، دوودڵ بڕیاری چوونم دا، سەبەتەیەکی گەورەم لە تووڵی بی، دەست دایە، هەیپام لێ کرد، بەبان تاژیدا، بازم هەڵدەدا، قەت بڵێی نە مڕەیەک، نە ڕەوینەوەیەک، وەلێ چاویان لە تاژیی ئاسایی فراوانتر، کلکیان درێژتر، لە ئاوایی تەقیمەوە، پرچم چون کلکیماینی شێکاڵ دەشەکا و شەپۆلی دەدا، بەنێو گردی غەریبستاندا، بەسەر کێل و گۆڕی هەڵبەستراودا هەڵم دەخستەوە، نا من بێتو هەڵنەنووتام، نا ڕەتم نەبرد، ئا دەترسام، بنی پێشم زامدار نەبوو، گوێم لە خشپەیە، چرپەیە، زریکەیە، مرخەیە، مڕەیە، پڕمەیە نەبوو، بۆنی گوڵ و گیا و خاک و هەواشم نەکرد، چاوم بریسکەی چاوی مار و پشیلەکێوی و پەپووشی چاو نەکرد، بە مێرگی ئەودیو غەریبستانەکەدا بێ هەدار دەهاتم و دەچووم، بەچنگ گوڵە ئەستێرەم دەچنییەوە، کۆشم لێ پڕ دەکرد و هەیتا هەیتا لە سەبەتەم دەنان، گوڵەئەستێرە لە ناویدا ئارامیان دەگرت و تریفە تریف پرشنگیان داوی، وەختایێ سەبەتەم لە گوڵە ئەستێرە قەڵاچن کرد. بەکۆڵمدا دا و بەرەو ئاوایی تێم تەقاند،

پشووم سوار، باڵام چون ئاڵایەک لە تریفە دەدرەوشا، فریای بکەوم، فریای نەکەوم، بەدەم ڕێوە، چاڵوچۆڵیی ڕێم دەکردە ڕۆژی ڕوون، بەپڕتاو دەهاتم، هەندێ جار پێیە ڕووتەکانم باڵایەک سەر زەوی دەکەوتن، بڕێ جارانیش بنچکی بەڵاڵووک و کێلە بڵندەکان دادەبوون و بەرز بەسەریاندا بازم هەڵدەدا، بەجارێ گۆڕستانم کردە ڕۆژی ڕوون، باڵندەی کێویم بەشەوارە دەخست، دڵیشم هەر لەوێ، لای سێوە لاسوورەکە بوو، ئەو بێ ئاگا، هێشتا لەسەر تەختی نووستن لە شیرین خەودا، مەرگیش تەنیا هەناسەک لێوەی دوورە. میرغەزەبێک، بڕۆی چڕو پانی، وەختابوو بڕژێنە چاوانییەوە، ددان چون کەشک، وەلێ ژەنگاوی، خۆی دابووە پەنا، هەیتا هەیتا کێردێکی مشتوو پڕ بەچنگی قەسابیی بۆ لە هەسان دەدا، نە شانی دەسوا، نە دەستی جەمام دەبوو، سێوە لاسوورەی نووستوو، چرکەکانی تەمەنی دڵۆپ دڵۆپ دەڕژانە بان بالیفەکەی، بڵێی کناچەیەکی هێندە بەدنگین بێ، فریای نەکەوم، لەوانەیە و لەوانەش نییە، لە چەقی دێدا هانکە هانک، بەسەبەتەی پڕ لە گوڵە ئەستێرەی کۆڵمەوە، نازانم چ نهێنییەک بوو بەو شەوەزەنگە چاوانم بووبوونە شەوبین و دووربین، میرغەزەبیش قۆڵی چەپی بۆ هەڵکردووە، نەرم نەرم دەمی کێردەی بەباسکیدا دەهێنا و تاقی دەکردەوە، کێرد لالا مووی دەکرد، هەڵسایەوە، سەرقۆڵێکی بەژێر ئەملای سمێڵ و سەرقۆڵێکی بەژێر ئەولای سمێڵیدا هێنا، لەپڕ چاوانی بوونە دوو گلۆپی سوور، نینۆک و مووی لەشی کشان، نینۆک ڕەش و موو ڕەشتر، هاکا تیغی تازەساوی لە ملی کچە نا، ئەوەتا بەکێردێکەوە، لالا موو دەکا لە دەوری نێچیر دەسووڕێ، بەو شەوە بەتاوان ئاوسە، منیش مینا سمۆرەی کلک زێڕین بەسوورە چناری





هەڵکشاوی چەقی ئاواییدا هەڵزنام، نەخزام، چقڵێ لە دەستم، یان لە ڕانم ڕۆنەچوو، نا هیچ کوێشم نەڕووشا، ئای لەو سوورە چنارە هەزار لق و پۆیە، ئەگەر جاران دیقەتی تەوقەسەریم دابا، چاوم لە ڕەشەوە دەچوو، کەچی ئێستا، بەو شەوە، بێ ئاستەنگ پێیدا هەڵزنام، بەڕاست ئەوە منم یان کەسێکی دیکەیە، هەر ئەوەندەی سەوەی پڕ لە گوڵەئەستێرەم بەچڵەپۆپەی بەرزترین سوورە چناری ئاواییدا ئاوێزان کرد، گوڵەئەستێرە بلەز لە سەبەتە دەرهاتن و لەباڵای هەڵکشاوی سوورەچنار ئاڵان، ئەو درەختە هەڵچووە بووە مەزنە فوارەیەک لەنوور، لەو دەمەدا میرغەزەب زەپە زەپ لە دەوری قوربانی دەسووڕا، وەلێ لە هیکڕا تەواوی دێ بووە چراخان، هەزاران هەودای زیوینی تیشک، بێ پرس خزانە تەواوی کۆڵان و قوژبنە چەپەکەکان، دەمی کێردەکەش چەخماخەی دا، بریسکانەوەیەک دەبریسکایەوە ئاوی چاوی دەبرد، ژاوەژاو کەوتە ئاوایی، سێوە لاسوورەش ڕەزەڵ و بێ ئاگا، لەپڕێکا گوند ڕۆشن بووەوە، تەواوی کەڵەبابی گوند دەرکەوتن، هەڵیان کردە بان کوڵانە و پاسار و بەرهەیوانان، پێکڕا بانگیان دا، کەو، پۆڕ، هەوێردە، مریشکەڕەشە، کۆلارە و پەپووسڵێمانە ڕژانە ئاوایی و کردیان بەشەوی خۆیان، هەر یەکەو ئەندامێکی لەشیان لە جاران نەدەچوو، لەکلەک لاقیان کورت، کۆترە باریکە سەرباڵیان سوور، پۆڕ دەنووکیان درێژ، کەو و سوێسکە درێژکۆلە، قەلەباچکە کلکیان سوور و دووفاق، هەوێردە چون بانگخۆشکە دەیانخوێند، بزن و مەڕ و گا و گۆتاڵ بەیەکا دەهاتن، کسۆک و تاژیی لووتیان لە ڕێی کاکێشان بوو، ناساز و یەکتەق دەیانلووراند، عەرد و بەردیان پڕ دەنگ و هەرا کرد، ئەگەر ناکاو بەگردی غەریبستانەوە، سوورە کەروێشکێ هەڵاتبا، جوان

جوان دەبینرا، چرپە لە دوورەوە بەڕوونی دەبیسترا، لەم پەڕجووەی شەو، تەواوی ئاوایی لە شیرین خەو ڕابوون، سێوە لاسوورەش وەختایێ بەئاگا هات، بەرەو ڕۆشناییەکە هەڵات، دیتم پرچی چون قەڵبەز شەپۆلی دەدا، دیتم پشتی بەقەدی ئەستووری سوورە چنارەکەوە دابوو، دیتم سینگی والآو بوو، دیتم لەسەر گۆنایەوە وردیلە گوڵی پەمبە، لە نێوان مەمکۆڵانیشییەوە خاڵخاڵۆکە هەڵدەفڕین، بۆ خۆشم هێشتا پرخەپرخ نووستبووم.

april, 6, 2007

ڕەزەڵ: کەنەفت

بەدنگین: بەدبەخت

زەپە زەپ: ڕۆینی بنیامی زلحۆرت



# ژنێک وەک قۆخی گەییو تەڕ

[ کشوماتە ئەم دنیایە. ڕەنگە ئەم هەناسەیە لە گشت کاتێکی تەمەنم دڵتەنگتر بم و بەخۆم نەزانیبێ، تا دەبێتە ڕابردوو.. بێدەنگ.. خەمیش بێدەنگ دێ. پەنامەکی دێ. لابەلا دێ، نەک بەرەو ڕوو.. نتم دێ، نەک دەم بەهاوار.. نەک هەر من.. هەموو ماتن.. میناش بەکۆڵێک خەمی خەفەکراوی خنکاوەوە، بەڕێوەیە.]

بەشێک لە هەزارەی دایکی کوڕەلاوێکی زامدار

*

«هەر کەسێک بتوانێ گۆزەیەک ئاو لە چەمەوە بگەیەنێتە گوند و بیدا بەدەم دەردەدارەوە، ئەوا مرازی حاسڵ دەبێ. وەلێ هەندێ جار گۆزە یان خاوەن گۆزە، یاخۆ هەردوو لایان بەساغی ناگەڕێنەوە. ڕێک دەکەوێ ئاوکێش، لەخۆڕا بۆڕا لەتر دەبات و ئاوەکەی لێ دەڕژێ، یان ئەوەتا...» ڕیش چەرمگی گوند ئاوەهای بۆ عەبداڵ گێڕایەوە، کە ڕاگوزەر و بەڕێکەوتی ڕووت، لەو ڕۆژە مێژووییەدا ڕێی کەوتبووە گوندی جەنجاڵ و سەراسیمەی دووی تیراوێیەک، کە کاوناکاوێ هەڵدەداتەوە، ورد و درشتی گوند دەخاتە مەراقەوە و دووچاری سەرەگێژەیان دەکا.

دواتر لەسەری ڕۆیی، «ئاوکێشان کارێکی ژنانەیە، جا هەر

خانمێکی گوند بەخۆیدا ڕابپەرموێ، ئەم کارە ڕابپەڕێنێ ئەوا دەبێتە ئافرەتێکی بەنامێ. ئەمرۆش مینا، کە شەکرەژنێکە وەک قۆخێکی گەییو تەڕ، گۆزەیەکی سووری نەخشین دەباتە سەر چەم و قەول وایە بەپڕی بیهێنێتەوە، تاکو چرای هیوایەکی نوێ بۆ ژیان، لە پێش کوڕەلاوی زامداری سەختی، کەوتووی سەرجێدا هەڵبکات و لە نوێ تەمەنی بۆ بنووسرێتەوە. ئەمرۆکە وا ئێوەی عەبداڵیش بەخێری لێرە..».

عەبداڵیش وەک خەڵکی ئاوایی هەڵی کردووەتە سەربانی مالان و چاوەڕوانی ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕە، بەگۆزەی پڕی سەرشانەوە لە ڕووبار بگەڕێتەوە و ئاو بەدەم کوڕەلاوی گوندی پێ کراوەوە بدا، تا ئیفاقەی بۆ بێ. شەکرەژن دڕو داوێنی هەڵکردووە، تاکو پالێمی کراسە شۆڕەکەی لە زەوی نەخشێ، نەبادا...

ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ، کراسی شینی ئاسمانیی لەبەردا، لە کەمەریدا پشتوێندێکی خەنەیی بەستووە. تەنکە سەرپۆشێکی سپیی پەڕاوێز بەپلپلەی سووری، بەسەر داداوە. فەقیانە درێژەکانی گرێ داون و هەڵی داونەتە سەر پشتی و لەسەر سوخمەیەکی پەمبە جێگیرن. کەوشی نوێی سوورمەچنی توند لە پێیان هەڵکێشاوە، بەلەکی سپی سۆڵ و زەندەی پڕو بەخڕخاڵی لە دوورەوە سەرنجی بینەران ڕاو دەکا. گۆزەی دەستی ناوبەناو دەیدا لە شلکەی ڕان و دەگەڕێتەوە. دوور ڕووەو کەناری ڕووبار دەڕوانێ، دەڕوا و ئاوڕ ناداتەوە. دەڕوا و چاوەیلی تەواوی خەڵکی دێی بەدواوەیە.

وا لە ئاوایی تەقییەوە. بەهەنگاوی گورج دەچێتە پێش. لەسەر بانڕا تەواوی خەڵکی دێ بەچاو خافڵی ناکەن و بەدڵ تاسەخوازن. دایکی





کوڕە دڵەکوتێیەتی و بەعەزرەتەوە هیوای بەم هەوڵەیە. لە ناخڕا دروود دەخوێنێ: «نا مینا، شەکرەژنی وەک قۆخی گەییو تەڕ، دەستم دامێنت، ئەو گۆزەیە بەدەم شەپۆلانی ڕووبارەوە نەدەی، نا مینا گیان، نەیدەی بەدەم گڤەی باوە، نا شەکرەژن نەیدەی لە بەرد، نا میناخان ڕۆژم لێ نەکەی بەشەو و ژیانم لێ نەکەی بەدەرد.»

ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕیش بەدەم ڕێوە ئاوا لەگەڵ خۆیدا دەدوا: «دایکم لە سێرەی ئێستای مندا بوو، گۆزەی سووری بەپڕیی گەیاندبووە خاڵۆم، کاتێ خاڵی ئازیزم لە سەرە مەرگدا دەبێ، وەلێ لەو دەمەدا ویستبووی چامولکەی لێ پڕکا تا بەزاری خاڵۆی کەلەلامییەوە بکا، گوز و گومەت و لەخۆڕا گۆزەی تاین گرمەیەکی سامناکی لێ هەڵدەستێ و بەدەستییەوە پەراش پەراش دەبێ، ئاسەواری تنۆکێک ئاویش لەو دەور و مەکانە نابینرێ، خاڵۆی ڕەحمەتیشم لە هەڕەتی پیاوەتیدا، چاوی لێک نا، نازانم بۆچی ئالەم ساتە ناسک و ناوەختەدا پاچەکۆڵێک، پاچەکۆڵەی ناخم دەکا، خۆمن وەک ژووری نیشتەنیم، شارەزای بست بەبستی ڕێگەی ڕووبارم و کە...»

ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕ، بەدەم هەزارەی ناخییەوە لە دێ تەقییەوە و بێ گرفت گەیشتە کەناری ڕووبار. باسک و داوێنی هەڵکردووە، لەسەرخۆ پێی نایە بان پانەبەردێک و بەشێنەیی دەمی گۆزەی لە ڕووباری ڕوون نا و، بق بق بق، گۆزە سارێژ بوو. ئەوا پەنجەی بلوورینی لە قوڵفی گۆزەی پڕ ئاو نا و نایە سەر شانی و لە کوێوە هاتبوو هەر بەوێشدا هاتە ڕێوە.

خەڵکی ئاوایی هەناسەیان ڕاگرتووە، کاتیان لەبەر ناڕوا. چاو لە ڕێن بەگۆزەی پڕەوە بگەڕێتەوە تاکو ئاوی ژیان بەدەم زامداری

سەختەوە بدا. ژنەی شینپۆشی چون قۆخی گەییو تەڕ دۆتامی کوڕەی زامدارە، نەزری کردووە پسمامی خۆی لە لێواری مەرگ بگێڕێتەوە. ئەو بەچاوی گەشەوە لەبەر پێی خۆی دەڕوانێ و توند قولفی گۆزەی گرتووە. مێردی مینای تازەبووکی وەک قۆخی گەییو تەڕ، بەسەربانی خۆیاندا دێ و دەچێ و خێرا خێرا پەنجەکانی دەگلۆفێ. تاوناتاوێکیش دەستی دەکاتە چەتری چاوانی و بۆی دەڕوانێ. گۆزەی سووری نەخشین چک چک دەدلۆپێتە بان شان و سینە و مەمی ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕ. بێ باک بێ ئەوەی هیچ ئاستەنگێکی بێتە پێش، وەک ئەوەی لەپڕێکدا گۆلکێک مێشە بکا و بەرەو ڕووی هەڵکاتە غارێکی شێتانە و خوانەکەران خۆی پێدا بکێشێ، دێ کشومات. نەگۆڵێک دەوەڕێ نەچارەوایەک دەڕەوێ، نەکەڵەبابێ دەقووقێ. نە ئەسپێک دەحیلێنێ. نە ماینێک دەکۆڕێنێ، نا.. ئەو بێ پەروا هەر دێتە ڕێوە. کەسێک بەو بان و گوێسوانانەی ئاواییەوە ناکۆکێ و ناپژمێ و باوێشک نادا. منیش لە سەربانەوە چاوی لێ خافڵ ناکەم.

گوند زمانی بەستراوە. ئەوان نوقمی دڵاودڵن.. دەستیان لەسەر دڵیانە و چاوەڕوانی ئاوی ڕووبارن لە گۆزەی سووری نوێدا، بەدەستی ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕ، بەزاری کوڕەلاوی زامدارەوە بکرێ. دەمودەست ئیفاقەی بۆ بێ و تەمەنی نوێ بێتەوە. چاوەکان تەنیا لەسەر ژنەن، لە ناخەوە نزاخوێنن و ڕووەو بەرپێی ژنەی شان و گۆزە جوان فووی لێ دەکەن و بەرێی دەکەن.

ژنەش سەرکوڵمەی چون گوڵەباخ و پرچی چون پەڕەی گوڵەبەڕۆژەی بەر خۆرەتاو و چاوانیشی چون نێرگزی ئەوەڵ بەهار. هەروا دێتە بەرەوە «نا، باوەڕناکەم، ئا، هێشتا هەر گوێم لە شڵقەی ئاوە لە نێو







گۆزەکەدا، ئا، هێشتا لێی دەچکێ، سوخمە و سەر گۆی مەمک و چاڵاییی نێوان مەمکانمی تەڕ کردووە، بەڵام کێ چوزانێ، هەتا بەزارییەوە نەکەم خۆم بە... نازانم، نا» ژنەی مینا قۆخی گەییو تەڕ گەرچی لە ناخڕا ڕاڕا و جەنجاڵە، وەلێ هەنگاو هەنگاو دێتە پێش.

تاکو نهۆ نە هەڵنووتاوە و نە ڕەتی بردووە، دەڵێی ئەو گۆزە سوورە لەسەر شانی ڕوواوە، ڕێگە چۆڵ و بێدەنگە. وا ژنە گەیشتەوە ناوەندی دێ. ئەوا لەسەرخۆ ڕووەو ماڵی پسمامی زامداری سەرجێ. بای دایەوە. سووکێ پێی بەکەوشی سورمەچنی گەیاندە دەرگە و کلای خست و نەرم پێی ڕاستی نایە حەوشەی ماڵی کوڕەی بەزامی سەخت.

دایکی کوڕە بەبانەوە چاوی لێ خافڵ ناکا. وا ژنە لە حەوشەکەدا ون بوو، وەلێ لە چەقی حەوشەدا سووکە لەترێکی برد، کاتی برووسکەیی ئەو بەسەرهاتەی بەیاد هاتەوە، کە ئەم هێشتا لە کۆڵان یاریی دەکرد؛ دایکی بەحەسرەتەوە بەئەوکی پڕگریانەوە بۆی گێڕابووەوە، «بۆ خاتری پسمامی پێکراومان خوشکی گەورەم خۆی نەزری گۆزەیەک ئاو کرد، خوشکە گەورەم کچۆڵەیەک بوو مینا دانەی مرواریی سپی، پەلکی زێڕینی چون سولاوک دەڕژایە سەر پاژنەی، بەگۆزەی پڕەوە هەتا دەم دەرگەی حەسارەکەیان دەگا و لەوێدا، کە ئیدی هیچی وای نەماوە بگاتە جێ، نێرگسەجاڕێک چاوی ئاواییی لەسەرە و تەواوی خۆزیا و ئومێدی ئەوانی لەو گۆزەیەدا هەڵگرتووە، ئالەوێدا وەک بەڵای لە ناکاو لە دواوە پالێمی کراسی لە مێخێکی ئاسن گیر دەبێ، خوشکی نەونەمامم چەند تەکان دەدا ناتوانێ هەنگاو هەڵێنێ، ترس لە ناخی دەئاڵێ و لەو ساتەدا وای بۆ دەچێ هێزێکی ئەفسانەیی نادیار لە دواوە بەیدەستی کردووە، ئیدی ترس شاڵاو بۆ ورەی دێنێ، گۆزەکە لە شانی بەردەبێتەوە. ئامۆزامان دەستبەجێ لە جێدا دەمرێ و خوشکی

بالا نەونەمامیشم دەمودەست تێک دەچێ و بەقوڵفی گۆزەکەوە، تەنیا بەقوڵفی گۆزەکەوە دەداتە کێو، ببڕای ببڕ بەکەس ناگەڕێتەوە ئاوایی، دواجار دڕندەی کێوان.»

هێشتا هەموولایەک بەسەربانەوەن و بەفرمانی ڕیش چەرمووی دێ نابێ کەسێ لە جێی خۆی بجووڵێ هەتا ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ، ئاو بەزاری کوڕەی زامداری سەختەوە دەکا و یەک بەخۆی هەلهەلە دەکێشێ.. ئەوجا خەڵکی ئاوایی بەبیستنی هەلهەلەی ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ، لە سەربان دادەبەزن و بۆ دەستخۆشی لە ژنە و سەر سەلامەتیی کوڕەی قەزاوەگێڕی گوند و چاو و دڵڕوونیی دایکی کوڕەلاوی زامدار، بەهرووژم بەسەر ماڵەکەدا دادەبارن و کوڕانی گوند لە نێتی سەرکەوتن و ئیقباڵ زاریان لە ئاوی گۆزەی سوور تەڕ دەکەن، ئیدی چارەڕەشی بەلا سەربەدواوە ناهێنن و یەخەی ئەم گوندە بەردەدەن و وا مینای نۆبووک لەسەرخۆ گۆزەی لە شان داگرت، دایکی کوڕە بەسەربانەوە دەستی لەسەر دڵێتی، تاسەبار و چاوەڕوانە کوڕی شیرینی، کە قەزاوەگێڕی گوندە، زاری وشکی بەئاوی ڕووبار تەڕ بکا. چاو بکاتەوە و ڕابێ، ئەمیش بیکاتە هەلهەلە و بەزم. دایک ترپەی دڵی لەسەر ترپەی هەنگاوەکانی مینای چون قۆخی گەییو تەڕ کوک کردووە. مێردی ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕیش حەجمینی لەبەر بڕاوە و گوێمووچی هەلهەلەیەکە.

وەلێ لەو ماڵەدا بەرانێکی ڕەشی قۆچ درێژ بەقەدی دارتووی چەقی حەوشەوە بەستراوەتەوە. ئەوەندە گۆشتی گرتووە چاوی سوور بووە و بەئاسانی دابین نابێ. ئەم بەرانە ڕەشە یان ئەوەتا بۆ شایی هەڵسانەوەی کوڕەلاو دەبێتە قۆچی قوربانی یان ئەوەتا لە پرسەیدا سەر دەبڕدرێ. بەران یەک بەخۆی باڕاندی، تەکانی دا و ملی





بەهەوسارەوە نا، «هەواڵی خۆشت پێیە یان ناخۆش وا لەم بێدەنگییە ترسناکەی دێدا لەبارژنت دا بەرانی قۆچ درێژ؟»

دایکی کوڕە لە سەربانەوە، بەدەنگێکی نزمی لەرزیو ئەمەی درکاند. هەموو لایەک سەریان هەڵێناوە. وا بەرانی تاین هەوساری پچڕاند و بەچاوی سوورەوە بەدەوری خۆیدا سووڕا. ژنەی وەک قۆخ گەییو تەڕیش هەناسەی ڕاگرتووە و دەنگێ ناکا. بەران گوڕی بەستەوە بەپڕتاو شالاوی برد. لە دەرگەوە فرتەی کردە کۆلان. ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕ بڕێک دەستی دەلەرزێ. وەلێ گۆزەی لە شان داگرت. «کلیلی تەمەنی پسمامم لە بنکی ئەم گۆزەیەدا ڕاکشاوە، ئێستا کوڕەلاو هەڵدەسێتەوە، خۆی دەگۆڕێ، خەنجەرێک لە جێدایە مشتووی بەگۆی زیوی لە قۆچی گامێش چێکراو، دەم لە دەبانی دەمرەشی تازەساو، کێلان لە داری بی، لەبەر پشتوێنی دەنێ، بێ ئەوەی دەست بەهیچەوە بگرێ، ڕێک و ڕەوان بەپەیژەکەدا هەڵدەکاتە سەربان و تێکەڵ خەڵکی ئاوایی دەبێ، دەست دەنێتە بناگوێی و تێ هەڵدەکاتە قەتار، کچان چون هەنگ پلوورەی لێ دەدەن و...» و ئەوا سووکێ گۆزەی لەسەر فەرشی ڕەنگینی ژێر کوڕەی کە لەلا دانا، کوڕەلاو هەناسە دەدا و چاو هەڵدەبڕێ. ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ دەنگێ ناکا. بەڵکو بە سەر سلاوی لێ دەکا، جامی زیوین لە تاق دادەگرێ. ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ، گەرچی لە ڕووبارەوە دەگەڕێتەوە وەلێ بۆ خۆی لێوی وشک و زاری وشک و گەرووی وشکە، لە سامی ئەم بۆنەیەدا بیری چووبوو لەوێ لێوی تەڕکا..

بەبانەوە عەبداڵی خاوەن کەشکۆڵ و (عەسا)، وەک ئەوان چاوەڕوانی هەلهەلەیە. تاکو بەهەڵەداوان دابەزێ و لاوانی دێ لە تافی ڕەقسیندا ببینێ. لوولکژەن لوولکی لەبەر پشتوێنە، شایەر پاکپاک ڕدێنی تاشیوە

و جلکی شادیی لەبەرە. بەرانەکەش لەدووڕرا سێ جاران لە بارڕژنی دا. ژنەی چون قۆخی گەییو تەڕ هاتە سەرچیچکان. قوڵفی گۆزەی سووری گرت و گۆزەی نایە سەر ڕانی ڕاستی و لاری کردەوە، جامی زیوی دایە بەر. وەلێ گۆزەی تاین وشک و برینگ، یەک تنۆکیش ئاوی تێدا نەبوو. ژنەی وەک قۆخی گەییو تەڕ حەپەسا، بەلادا هات. دایکی کوڕە بەبانەوە دڵی خەبەری دا، نک و نائومێد، ئەژنۆی شل بوو، کوڕەی زامداری سەختیش گەردنی لارۆ بوو. تاوێ دووان سیان ڕابورد و حەشاماتی سەربان گرتوو ئاوی پێیان داهات و زانییان چی قەوماوە. دیسان گۆزە بە... گەڕاوەتەوە یان...

هەمووشیان چاویان لە سەر مینای چون قۆخی گەیو تەڕ بوو؛ نەلەتری برد نەکەسێ یان گیاندارێ خۆی پێداکێشا، نەسوورە کەروێشکێ بەپیریەوە هات، نەمارێ هاتە ڕێی.. نەقالاوێ غاقاندی، نە پەپوویەک خوێندی، هەموو لایەک ئاگاداربوون کاتێ لە ڕۆخی ڕووبارەکە داهاتەوە و گۆزەی سووری پڕ کرد. چ نەهامەتییەکە؟ ڕیش چەرمگ ڕووی زاری لە عەبداڵ بوو، تاکو لەم نەهامەتییەدا قسەیەک بکا.

عەبداڵ کە هێشتا سەرسامی پەڕجوو بوو، قەدەرێ بەگوند و ئاقاردا ڕوانیی، دواتر چاوی قووچاند و لە فیکران ڕۆچوو. ئەوجا پرسی، «داخۆ ئێوە ڕاشکاویی منی عەبداڵ لە دڵ ناگرن؟»

«نانا، ئێمە پەرۆشین لە نهێنیی ئەم پەڕجووە حاڵی بین!» ڕیش چەرمووی دێ بێ ئەوەی لەسەری بوەستێ ئاوا وەڵامی دایەوە.

وەختێ عەبداڵی میوان، لەوە ئەرخەیان بوو وتی، «کاتێ بەگوندێک، پڕ گۆزەیەک ئاوتان بۆ نەگاتە ئاوایی تا ژیانی کوڕەلاوێک، کە گیانی





خۆی لەگریو ئەم ئاواییە ناوە، لە مەرگ ڕزگار بکەن ئەوا ئێوە هەموو بەرپرسیارن. ئێوە بەشی زۆری تێنەهێنانی ئەم ئەرکە دەدەنە پاڵ ئەو خانمانەی گوایە گوناهکار بوون بۆیە... لێ ئەوانە، پاکن وەک ئاونگ.

دوابەماڵی ئەم گوندە پشتی لەو ڕووبارەیە، کە ڕاستەوخۆ لە چیاوە دێت و بێرەدا ڕەت دەبێ. دەراوی گوندێکی دیکەی ناچێتە سەر. تۆ بزانە هەردوو بەری ڕووبارەکە ڕووتە، ئێوە نەتانتوانیوە کەنارەکانی سەوز بکەن. هیچ نەبێ جۆگەیەکی بۆ ناو دێ لێ ڕابکێشن، یان ماڵەکانتان لە کەناریدا بنیات بنێن، گوڵێک مەرەزەتان لە پاڵدا نەکردووە، ئێوە ڕووبارێکی شیرین و سازگارتان لە پاڵدایە و ئاوی بیر دەخۆنەوە، لەو دەمەیدا کە ژنەی مینا قۆخی گەییو تەڕ گۆزەی سووری لێ پڕ دەکرد، ئەم ڕووبارە گۆڕینێکی نامۆی بەسەرداهات، داخۆ هەر لە چاوی مندا وەهابوو یان ئێوەش بینیتان کردی بە چی هاژە و شەپۆلان و کەفچڕینێک... ئەوە تووک و نەفرین بوو بەزمانی ئاو هەڵی دەڕشت.. بەدوایدا بایەکی زەمەن لەوێوە هەڵی کرد، ئەو گژەبایە بوو یەکبین خۆی بەبن کراسی مینای مینا قۆخی گەییو تەڕدا دەکرد و لەوەدابوو لەنگەری تێک بدا و هەر لەوێدا بەگۆزەی پڕەوە لە عەردی بدا. دەشێ ئێوە نەفرینی ئەو ڕووبارەتان لێ گیرابووبێ و بەشوێنتانەوە بێ.. ڕەنگە هەتا بەڕێزەوە مامەڵە لەتەک ڕووباردا نەکەن و... ئەوە بۆچی ئێوە کوڕەی زامدارتان بەدارەبازە نەبردە سەر ڕووبارو...؟» مێردی ژنەی مینا قۆخی تەڕ لە هیکرا دەستی دایە پاچێک. مینای مینا قۆخی... بێ ئەوەی لە نیازی بپرسی پڕی دایە خاکەنازێک و لە ماڵ دەرکەوتن و...

March,25,  2007

ساتیرەچیرۆک

## دەیقەومێنێ بیقەومێنە قەوماندی

لەمبەری گۆڕەپانەوە بۆ دەروازەی مزگەوتەکەی ئەوبەر دەڕوانێ. لەپڕ دەجووڵێ. (شمشێر)ی حەمایەلە. جووتێ زەرگی درێژی چون ئەڵماس تیژی مشتوو خڕی تەرەقەڕێژی لەبەر پشتوێنە. سیواکێک بەئەندازەی داربەنەخوێنێک لە نێوانیاندا جێگیرە. خەنجەرێکی دەبان ها لە لای چەپی کەمەری. تەزبییەکی قەزوانی دەنک وردی گوڵێنکە سەوزی تێری تێ ئاڵاوە. دەجووڵێ و ڕووی لە دەروازەی مزگەوتە. چەنەی لە قوڵکی بەر ئەوکی چەقاندووە. لە شانییەوە کچەعازەبێک بێ ئاگا لە دەوروبەر SMS دەنێرێ. خەنجەر بەقەدی شمشێر حەمایەل هیچ مەبەستی نییە و لا ناکاتەوە. پتر پێ هەڵدەگرێ. نزەبایەکی فێنک لە دەوری هەڵدەکا و زۆر نابا دەنیشێتەوە. بۆ چەند هەناسەیەک عەبای مەرەزی خورمایی شانی لێ دەبێتە پەڕەشووتێکی هەڵدراو. چرە سەرنجی ڕێبواری دەوروبەری لەسەرە. «ئەمڕۆ هەر دەیقەومێنێ!» ڕێبوارێکی لاپڕەسەن وەهای وت و ڕیشی لەسەر ئەم بوو. «خەنجەرەکەیم دیوە کێشاوێتی، لالا مـوو دەکـا، دەبریسکێ و بەوردە نەخـشی پیـرۆزەییـیـە.» هاوڕێیەکەشی ئاوا وەڵامی دایەوە:

هارە هاڕی ئەپاچییەک دێ، نزم بەئاسمانی ئەو ئاستەدا دەفڕێ. بەدەر لەم، هەرچی لەو ئاقارەیە سەر هەڵدێنن. ئازارێ بەلای ڕاست و





یەکێ بەلای چەپیـدا برووسکە دەدا و پێ هەڵدەگـرێ. «بابە بابە سەیرکە، ئەوە بۆچی ئەو پیاوە تیروکەوانی بیر چووە؟» چوار ساڵانێ، خـۆش خـۆش ئاوڕی لێ دەداتەوە و ئەم پرسـیـارەش لە بابی پاتە دەکاتەوە. بابی لە وەڵامدا دەڵێ: «جا هەر تیروکەوان؟ لەوە دەچێ ڕم و نێزەشی لە ماڵەوە جێ هێشتبێ!»

«ئەوەش تاوسەکەی گەڕەکی خۆمانە!» ئەکتەرێک ئەم پلارەی دا و دەرهێنەرە لاوەکەی هاوڕێی وتی: «بەشی شانۆییەک ئێکسسواری لە خۆی بار کردووە! نەمـرم کـارەکـتـەرێکی لەم ڕەنگە، لە دەقـێکی تراجۆکۆمیکدا دەخەمە کـار!» هەرزەکارێک، جغارەیەک بەلالێوەوە، وەک لەپڕێکدا کلکداری (هالی)ی دیبێ، پەنجەنومای دەکا و پیشانی هاوەڵەکانی دەدا.

عەبای شان سورمەی خورمایی لەسەر کەوا، لەسەر سوخمە، پشـتوێنیشی لە شاڵی سەوزەو قایشی ڕەش لەسەر بەستووە. باڵچووغەی شـمـشـێـری زیوینی دەچریسکێتەوە. تەکـان دەدا و قـۆردوونی زەردی بریسکەداری سەعاتەکەی لە بان سەڵتەکەی دەلەنگێ. ئەڤەلۆنێک دای بەتەکیا و کچێکی مەمک و سمت هەڵتۆقیو بەتوێی (کاوبۆی) تەسک تەسک، دەگاتە ئاستی. دەپرمێنێ و پاشان تونداتوند دەست بەزارییەوە دەگرێ و بەپەلە ڕەت دەبێ. ئەمیش توند بووە سەرنجێکی توورە و خێرای دەدا، ئەوجا سەر بۆ منارەکەی بەرانبەی هەڵدەبڕێ، «ئەعوزو بیللاهیی مینەل...» ئاوا تووک و بێزاریی دەردەبڕێ.

پێ هەڵدەگرێ. لاوێکی سمێڵ تاشـراوی (سەتەلایت) لە باوەش بەلووت دەخەنێ. خەنجەر بەقەدی شمشێر حەمایەل بەدەرزیلەیەکی

زەرد نوشتەیەکی کەسکی لە شانی ڕاستی عەبایەکەی داوە. لاوێک بەمۆبیل تەلەفوون چرک... ی نزیکی دەگرێ. ئەو دەڕوا و ئیمامی تەزبییە کارەبا زەردە، دەنک گەورەکەی ملی هەتا ئاستی پشتوێنە سەوزەکەی هاتووە. گوڵینکە خەیاتە کەسکەکەشی بێ پسانەوە لە نێوان مشتوی زەرگەکاندا دەلەنگێ. پێی بەپێلاوی ڕەشی بن ئەستوور، لە پێی پیرەژنێک دەنێ. ئەو دەزریکێنێ و ئەم برووسکە سەرنجێکی تێ دەگرێ؛ ئەمجا چاو دادەخا و لە ژێر لێوەوە تووک و نزا دەبڵمێنێ. لاوێکی بالابەرزی پۆشتە و خاوێنی بە سەکسووکەش، بەدەم ڕێوە گوێی لە MP3یە و سەری لەگەڵدا دەلەقێنێ.

شمشێر حەمایەل، بۆی گولاوی خۆماڵیی لێ دێ. سمێڵە ڕەشڕەشە بەرسمێڵ کراوەکەی دەبریسکێ. برۆ چڕەکانی تەواو تێک پەڕیون. کلی لە چاوانە. دوگمەی بینەقاقەی کراسە سپییەکەی داخستووە. فەقیانەکانی بەقوڵفە توند بەستووە. کلاوێکی کەللەشەکریی سەوزی قەرسیلیی قوت، دوو مشکیی مۆری نفت و نوێی لەسەر بەستووە، پرچە ڕەشە خاوە درێژەکەی بەژێرەوە بووە و کلکەی مشکییەکانی لەسەر عەبای شان سورمەی خاوێن دەلەنگن، وەلێ نیوەی سەرەوەی کلاوە قووچەکەی هێشتا هەر بەدەرەوەیە.

هامڤییەک بەمارینزی چاوشینی کاڵی، سەربە کلاوئاسنی... ڕەت دەبێ Isn't he from Mars? شوفێرەکەیە، لە سەربازەکەی پاڵی دەپرسێ. ئەویش دەحیلکێنێ و دەهەژێ و دەڵێ، «I think he is from Jupiter!» شمشێر حەمایەل چەند وشەیەک دەمرتێنێ. تەکان دەدا. ئەمشان و ئەوشان بەشمشێرەکەی دەکا. ڕێبوار سڵ دەبن و پێشی بۆ چۆڵ دەکەن و دەڕەونەوە. کەچی ڕووتەڵەیەک، بەهەڵەداوان لەلاوە





پەیدابوو. پێشی پێ گرت. داهاتەوە و شڵپ شڵپ بەدەستیدا نووسا. شمشێر حەمایەڵ گورج دەستی کێشایەوە و بەپەلە کەوتەوە پێشڕەوی. زاری کردووەتەوە؛ دەستێکیشی وا بەبەر سکییەوە. چەندین چرچ لە تەوێڵێتی، «چەکوچۆڵی کەتیبەیەکی تەواوی زەمانی قەعقاعی لە خۆی بار کردووە، تەهها!» ئەمە پلاری پێشمەرگەیەکی دێرینە، ڕاگوزەر بەو ئاقارەدا ڕەت دەبێ. شمشێر حەمایەل گوێی هالێ، وەلێ بێ دەربەستە. ئەوا لەپڕ تەکانی دایە بەرخۆی. دایە گورگەلۆقە. «نەخێر، ئەمڕۆ هەر دەبێ بیقەومێنێ!» ڕێبوارەکەی یەکەم جارە، هیشتا هەر چاوی لەسەرێتی و...

بەو لەش سووکییەی مەیموون باز دەدا، بەدەروازەی والای مزگەوتەکەدا فرتە دەکاتە دیوی ناوەوە و گوڕەی عەبا و کەوای دێ. پیرەمێردێکی دەست بەگۆچان، نائاگا بەرەو ڕووی دێ. ئەم شانێک دەخێوێنێتە شانی پیرەمێرد، لەنگەری تێک دەدا، خۆشی یەکسەر بەگۆشەی نەوەد پلە، بەدەستە چەپدا بادەداتەوە. پێچ و ژانی سەخت لە بەرموسڵدانییەوە برووسکە دەدا، هەڵدەکشێ و دەتەنێتەوە، تەواوی ڕیخۆڵە و هەناوی ئازاردەدا و جەستەی دەنیشێتە سەر ئارەقە. خێرا خێرا و بەدەم ڕێوە دەست بەو ئاستانەدا دەهێنێ، وەلێ بێ هوودەیە، ژان هەتابێ پتر زەیفی لێ دەسەنێ، ئا لەم دەمەدا ئیتر شمشێر دەترازێنێ. شمشێرەکەی بەدەستەوەیە. توند باڵچووغەی لە مست گرتووە، ناولەپیشی تەڕی ئارەقەیە، نا، هێشتا شمشێری نەکێشاوە. وەلێ هاکا کێشای و قەوماندی و گۆتاوەڕۆیەکی خەستی بێ ئامانی نایەوە.. خەڵک بۆ دواوە و بەڕاست و چەپدا دەڕەونەوە و پێشی چۆڵ دەبێ.

ئەم ملی پێوەناوە و بلەز دێ، هەر بەدەم ڕێوە عەبایەکەی دادەگرێ. بەسەر باسکیدا دەدا. سەغڵەتە و چاودەگێڕێ. مینا پێشبڕکێی داخراوی ئوتومبیل، لە بەرەو ڕووبوونەوەی وەها چارەنووسسازدا، لە هەزارا یەکی چرکەیەک گرینگیی خۆی هەیە. گورج، دیسان بەگۆشەی نەوەد پلە بای دایەوە و وا خۆی بەیەکەم ئاودەستی چۆڵدا کرد. بوخ و هالاوی سیان و سیاناوی بەلینجە شێ ئاوێتە، بەسەریدا دێ و ئامێتەی بۆی عەتری دەبێ. تۆسکاڵێ پێی لێڵ نابێ. دەریچە ئاسنینەکە پێوە دەدا و سورگیی دەباتە پێش. عەبایەکەی بەدیواری نێواندا دەدا. پەلەپڕووزێیەتی.

ئەوا شمشێرە نازدارەکەی بەدەریچەی ژەنگنی ئاودەستەکەدا هەڵدەپەسێرێ. باڵچووغەی لە حەنای وتەیەکی بێجای شەرماوەری بەماجیکی سووری تێر نووسراودا جێگیر دەبێ. نووکی کێلانیشی، لە نێوان دوو قونکە سیگاردا، لەسەر زەوییە لیتەییەکەیە. مشەوەشە. خەنجەرە دەبانە دەمڕەشەکەی لەسەر نووکی کێلان بەدیواری بلۆکینی نێواندا هەڵدەپەسێرێ. زەرگەکان لەسەر نووک دادەنێ و پاڵیان بەدیوارەوە دەدا. نووکیان دەچەقێتە لیتە ڕەشباوەکە. نها پێیەکی لەمبەر و پێیەکی لەوبەری کونەکەیە. دادەنەوێ و بەدوو دەستان، کەواکەی بۆ دواوە پاڵ دەدا و وەک چەتر بەسەر خۆیدا هەڵدەدا. هەوای بۆ بۆخنک و وەستاوی ئاودەستەکە دەجووڵێ. دوخێن دەترازێنێ و...

March, 19 , 2007



# شەو

هێشتا دنیا تاریک بوو لە ماڵ دەرکەوتم. لەسەر ڕێگەمدا بۆ کارگە، لەبەر ڕۆشناییەکی لەرزۆک و بێ ڕەنگ شەوم بینی. ڕەشتاڵەیەکی تا دەست هەڵبڕێ کەڵەگەت، بەتوێی پاڵتۆیەکی خەڵووزیی درێژ؛ بەکۆمپیوتەرێکی دەستییەوە خجڵی کارێک بوو. هایم لێ کرد. بەسەری لووت وەڵامی هایەکەمی دایەوە. بەپەلەپڕووزێ تفاقەکانی کۆ کردەوە و شوێنم کەوت. پاشان لەگەڵما هاتە نێو قەتارەکەوە و ڕێک بەرامبەرم لێی دانیشت. من بەگەرمی هەواڵی خۆی و کاروباریم پرسی. ئەویش بەدەم باوێشکەوە خۆی کێشایەوە، کۆمپیوتەرەکەی لەسەر ڕانەکانی داناو پێی کرد. پاشان وتی:

«هەر پێشهاتێکی گرینگ ڕووی دابێ ئالەم تۆمارەدا یادداشتم کردوون. ئاگام لە تۆش هەیە کوردۆ، کاتێ شەوەکی بۆ سەرکار بەڕێ دەکەوی، هێشتا هەر ئێوارە بوو، لە هەواڵی لاوێکی بەسەختی زامداری نێو بارێکی نۆرەبرۆ ڕاچەنیم؛ هەتا گەیاندیانە بەشی ڕووداوە ناکاوەکان، زایە بوو.. هەر تاوێ دواتر بەپیر سێ لاوی کوردی باشوورەوە چووم. ماندوو، قژ ئاڵۆسکاو، پێڵاوی بن تەنکیان لە پێدا و قەمسەڵەی هەرزانیان لەبەردا، برسی و تینوو، تازەگی لە سنووری ئەڵمانیاوە هاتبوونە ئەمدیو. چاو بەمۆڵەق، نەشارەزا، وەک چاوەڕێی ئاشنایەک بن بەدەنگیانەوە بچێ، لە (تیڤۆلی) ڕادەمان و کاوناکاوێ سەریان دەکێشایە وێستگەی هودبانەگۆ.

لەولاتر، دەستــەیەک کــوڕ و کــچی خــومــار، شــەقــەیان لە جــامی وێستگەیەکی پاس هەڵساند؛ وردوخاشیان کرد؛ درەنگانێ بەلاکە لاک گەیشتنەوە شوقەکانیان. لە سێباری نیوەشەدا، پۆلیس باندێکی گەورەی تلیاکیان دەستبەسەر کرد. ئەوان هیچ بەرگرییەکیان نەنواند. لە یاگتڤای، دز هەڵی کوتابووە سەر ماڵێک. خێزانەکە بەگەشت چووبوونە ولاتی فللیپین، ئاشنایەک لە ئەلارمی ماڵەکەیان بەئاگا هاتبوو، یەکسەر پۆلیسی تێ گەیاندبوو. لەولاشەوە پونکەکان لە بلۆگۆرد؛ ئاگریان بەردابووە پاپی ناو کۆنتەینەرەکان. شاخەی گڕ، نێڵەنێڵ گەزارەی کێشابوو. لە تەخی گێنتۆفتش، ئاگر لە ماڵێک بەربووبوو. تیمی ئاگرڤەمراندن و ئامبولانسیان فریا خستن، زیانی گیانییان نەبوو.. نووسەرێکی ناوداری ئەم ولاتەش کۆتایی بەرۆمانێکی مۆدێرن هێنا و سەعات سێی شەو، بەتاقی تەنیا سکۆل، پێکێک (گامل دانسک)ی بۆ هەڵدا! لە خۆشییاندا ئازای ئەندامی دەشنیا و سەمای دەکرد! ملهوڕێکی کەللەپووتی ڕۆژهەلاتیی خانەگومانیش، بالیفی نابووە سەر دەمی ژنەکەی و هەناسەی لێ بڕیبوو! ئەو بەدەم نۆبەی هیستریاوە بەربووبووە سەر ئەو جادانە، بەهەردوو دەست پرچی خۆی دەرنییەوە و یەک بەخۆی هاواری لێ هەڵدەستا، هاوارەکانی هێشتا نەبەکام، وەک قیڕە و بۆڕەی ئاژەڵە ڕاساوە کێوییەکانی قوولاییی دارستانە چڕەکانی ئەفریکا، هێشتا نەچووبوونە قالبی وشەوە؛ دەشمزانی بۆچی وەها کێوییانە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکا! ئیدی لە سبەینێوە، هەتا کۆتاییی ئەم مانگە، میدیا جیاوازخوازەکان، ترش و خوێی پێوە دەکەن و کاوێژی دەکەنەوە، کە پیاوی ڕۆژهەلاتی ژنکوژن! وەک ئەوەی بەدرێژاییی مێژووی خۆیان پیاوگەلی ئەوروپایی بێت و تاوانیان لە هەمبەر ژن لە





دەست نەقەومابێ، خۆی...»

لە بێدەنگییە ناکاوەکەی ڕاسام. من بەهیوا بووم شەو هاوڕێی سەفەرم بێ و تا سەر لە ڕووداوەکان ئاگادارم کا.. خێرا هەڵمدایە:

«دە قسە بکە خۆی، چی لێ کرد؟ بوو بە مەراقم جەنابی شەو؛ پیاوە کەللەپووتە ڕۆژهەلاتییەکە چی بەسەرهات؟ خۆی کوشت؟ خۆی تەسلیمی پۆلیس کرد؟ هەر ئەوەندەت هەواڵ پێ بوو یانژی زیاتر؟ زۆرم مەبەستە بزانم، ئەو پیاوە کەللەپووتە سەر بەکامە نەشناڵیتی بوو؟ ئەدی لاوە کوردەکان؟ گیران یان خۆیان ڕادەستی پۆلیس کرد؟ ناویان چی بوو؟ ئەوەندەی دی مەمخە مەراقەوە، خۆم مەراقم زۆرە.»

من هەروا گوێم بۆ وەلامی جەنابی شەو مووت کردبوو. بەلام شەو چون ڕادیۆ، گوزوگومبەت کوژایەوە و لە چاوان ون بوو. ون بوو بێ ئەوەی قەتارەکە گەیشتبێتە وێستگەی نوێ و وەستابێ.. لە پەنجەرەی قەتارەوە سەرنجم دا، دیتم وا جەنابی خۆر، بەجانتا سپییەکەیەوە، کە هەزاران دەستە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی تێدایە، گەیشتە بەرەوە. لە پێشدا ئاسمانی بەشینی کاڵ و کاژە هەورەکانی بەسپیواش و چڵەپۆپەی دار کەستەنا و دارزانە هەرە بەرزەکانی بەتۆنە هەمەجۆرەکانی سەوز ڕەنگاند. دیارە شەویش دەبێ ناچار، هەرچی زووە شڕە و شاتاڵی وەپێچێ، بێدەنگ ون ببێ و وەغر بکا. قەتارەکەش هێشتا یەکەتەق بەڕێوەیە. لە ناخەوە بەخۆمم وت: وەختێ دابەزیت، لە یەکەم ڕۆژنامەوە، درێژەی تەواوی هەواڵەکانی شەوت، بەوێنەی ڕەنگییەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە. پەلەت نەبێ پیاو، بەلام نا. کەتنی ئەم کەللەپووتە ڕۆژهەلاتییە، بووبە گرێی سەر دڵم و هەتا ماوەیەکی درێژ پێوەی دەتلێمەوە... دواتر هەرخۆم وەلامی خۆمم دایەوە: بێجات وت.. ماوەیەکی درێژ مەبەستت چەندە کابرا؟ شەو پێنج و دوو سەعاتێکی

دیکە دەگەڕێتەوە، بەچی مەعلووم، بەزیندوویی تۆ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە، هەی ماڵشەوەتی.

شەپۆلێک تاڵاو زایە زارم و بەگەروومدا داکشا. ڕووم لە قووڵایی قەتارەکە بوو. چونکە نێوان فارگۆنەکان دەرگەی ئەلکترۆنیی شووشەبەند بوون؛ گلۆپی سارد، تا ئەوسەری قەتارەکەی ڕووش نەکردبووەوە. لام کردەوە. ڕووم کردە دنیای بەخۆر ڕۆشن و قەتارە درەختی کەناری ڕێگە ئاسنینەکە.

december, 29, 2006

تیڤۆلی: دیارترین شوێنی گەشتوگوزاریی شاری کۆبنهاونە، کەوتووەتە سەنتەری شارەوە.

هودبانەگۆ: وێستگەی سەرەکیی قەتاری شاری کۆبنهاون.

یاگتڤای، گێنتۆفتە، نۆرەبرۆ، بلۆگۆرد: ناوی شەقام و گەڕەک و شوێنی دیاری پاتەخت و دەوروبەرین.

کۆنتێنەری پاپ: بەرمیلی گەورەی تایبەت، شارەوانی بەو مەبەستە تەرخانی کردووە، خەڵکی موقەببای تێ فڕێ بدەن.

سکۆل: نۆش، زاراوەیەکی باوی سکەندناڤیایە، کاتێ بەخۆشی سەری یەکدی پیاڵەی مەی بەرز دەکەنەوە، دەیڵێن.

پونک: پونکەکان تێکەڵەیەک لاون، مەیلیان لە موسیکی ڕۆکی بەرزە، جلکی تایبەت دەپۆشن، قژی قیت و ڕەپ دەهێڵنەوە و ڕەنگ یان ماکیاجی دەکەن.

گامل دانسک: جۆرە مەیەکی قورسی تایبەت بەدانیمارکە.



## حیکایەتی جووتێک پەیکەر

کەلاوە بەبێ دەنگ و کێشە و هەرا نابێ. کەلاوە بێ مار و مێرووی زیانیدە نابێ. کەلاوە بێ مشک و پشیلە و سەی خوێڕی نابێ. کەلاوە بێ دەرۆزەکەر و ئەشقیا نابێ. کەلاوە بێ ئەوانگەلیش نابێ. کەلاوە بێ کاسە و کەوێڵ و ئاسەواری دێرینەش نابێ.

باپیرە بەوزۆم، پڕ گۆڕەکەی لە نوور بێ و ئەمشەوی لە هەموو شەوێکی خۆشتربێ، هەموو جارێک، کە باس دەهاتە سەر کەلاوە کۆن ئاوای بە تانیدا دەهاتە خوار.. هەر ئەویش بۆی گێڕامەوە و فەرمووی، باندێکی دوو کەسی کەلاوە کۆنێکیان هەڵکۆڵی.. هەر کۆڵییان و کۆڵیان نەدا، تاکو جووتێ پەیکەری گچکۆکەی بەردینیان دۆزییەوە. لە لای کەس نەیاندرکاند، سووک و باریک، بەنهێنی، جووتە پەیکەریان ئەودیوی وڵاتێکی دوورەدەست کرد. لەوێندەرێ، لە بازاڕی ئەنتیکەجاتی شارێکی گەورەی ئاوێنەبەندی جەنجاڵی تژی لە قوللە و تەلاری هەڵکشا و و شەقامی پانوپۆڕی پڕ لە کۆگای گەورە گەورەدا جووتە پەیکەریان خستە مەزادی ئاشکراوە.. وەلێ بەرلەوەی دەرگەی مەزاد بکرێتەوە، ئاسەوارناسێک پێی وتبوون: «ئەم یەکەیان پەیکەری پاشایەکی زۆر بەنامێی دۆڵی میزۆپۆتامیایە، کەس لە ئاستیدا نەیوێراوە بکۆکێ و بڵێ لەل. قەڵا نەماوە لەو هەرێمە فراوانەدا، ئەم پاشایە نەیرووخێنێ. مەزنە میرانی سەردەم پێملی بوون. بەناچاری ساڵانە باج و خەراجیان پێ داوە. ئا ئەمەشیان جەنگاوەرێکی ڕیزی

سوپاکەی هەمان پاشا و هەمان وڵاتی نێوان جووتزێیە!»

یەکەم وتی: «پاشاکەیان، با بەناوی منەوە بێ!»

دووەم وتی: «نا، با پاشاکە بەناوی بەندەوە بێ!»

یەکەم وتی: «با سەربازەکە بۆ تۆبێ!»

دووەم وتی: «نەخێر، سەرباز با بۆ تۆبێ!»

بۆ من، بۆ تۆ، بۆ من، بۆ تۆ.. دوای چەلەحانێیەکی زۆر ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی، پاشا و سەرباز چەندیان کرد، وەکو برا بەشی بکەن. دەرگەی مەزاد بۆ جەنگاوەر کرایەوە، پلە پلە مەزاد سەرکەوت. لە دواجاردا، مەزات لە دە هەزار دۆلاردا ڕاوەستا.. مەزاتەوان چەکوشی لە مێزەکەی پێشی سرەوان و...

یەکەم وتی: «ئەگەر سەرباز تاکو دە هەزار هەڵکشێ، ئەوا گومانی تێدا نییە، نرخی مەزنە پاشای دۆڵی میزۆپۆتامیا، تا سەد هەزار و بەرەوژوورتریش دەڕوا!»

دووەم وتی: «بەبیری من، تا دوو سەد هەزار ناوەستێ!»

دیسان مەزات.. مەزاتی پەیکەری پاشا بەهەزار دۆلار کرایەوە.. کڕیارێک دوو هەزاری پێ دا. نەخێر گەیشتە سێ هەزار.. سەر کەوت، سەرکەوت.. لە پێنج هەزاردا وەستاو، هەوڵ کشومات. لەوە زیاتریان پێ نەدا. مەزادەوان بەچەکوشێک کۆتاییی پێ هێنا و...

یەکەم پرسی: «بۆچی دەبێ، نرخی سەرباز لە پاشا بڵندتربێ؟»

دووەم پرسی: «ڕۆژگار بەجارێ گۆڕاوە، لەم کیشوەری خۆرئاوایە!»

یەکەم وتی: «پاشا هەمیشە هەر پاشا و سەربازیش هەمیشە هەر سەربازە، نابن بەیەک! ناگەن بەیەک!»

دووەم وتی: «لەم وڵاتی یەکسانی و مافی مرۆڤەدا، پاشا و سەرباز







با چوونیەک بن، قیروسیا!»

یەکەم وتی: «هەردووکیان لە هەمان بەرد بوون، ئیدی لە پای چی جەنگاوەر، دوو نرخی پاشای هەبێ؟»

دووەم وتی: «نەبووە و نابێ، خواش ڕابەرداری نییە!»

یەکەم وتی: «ئەم نرخە قەت ڕێی تێ ناچێ، ئێمە فێڵمان لێ کراوە!»

دووەم وتی: «لە بنڕا قۆڵمان بڕاوە!»

یەکەم وتی: «با هانا بۆ ئاسەوارناس ببەین، بەشکو ئەو بتوانێ، سنوورێک بۆ پرس و گومانمان دابنێ.»

ئاسەوارناس جووتە پەیکەری لە پێشیان دانا و وتی:

«ڕاستە هەردووکیان هەر لە هەمان بەرد چێ کراون. ئا ئەمەیان پەیکەری پاشای هەرە بەنامێی وڵاتی نێوان دووزێیە، بەتاجی نقێمدارەوە، بە جلکی پاشایی بەر و، خەنجەری مشتوماهی کەمەر و، چەکمەی گرانبەهای پێ و... ئا ئەمەشیان پەیکەری جەنگاوەرێکی نێو سوپاکەی هەمان پاشایە، بەتەواوی تفاقی جەنگەوە چێ کراوە، سەرنج بدەن چلۆن هێمای هەمان وڵاتی نێوان جووتزێی بەشکۆوە هەڵگرتووە؟ ئێوە سەرنجی خۆتان بدەنە ئەسپی کلکگرتووی ژێری، ڕمی لەزین بەستراوی نسێری، مەتاڵی سەر دەفەی شان و شمشێری ناو کالان و کڵاوزرێی سەری و ئەوجا بزانە چلۆن پاشکۆ و بەرکۆی لە زینی ئەسپی بەستووە؟.. ئێوە بەچاوی وردی هونەرمەندێکەوە لێ بڕوانن. تەنیا ئەسپی ژێر ئەم سوارچاکە، سەربەسەر پاشای وڵاتی نێوان دووزێ دێنێ و بەزیادەوە! بڕوانە توێکاریی ئەم ئەسپە، تۆ ناتوانی ئەوەندەی نووکە دەرزییەک خەوشی تێدا بدۆزییەوە.. تژییە لە جوانی و شکۆ و لەنگەرگرتن و هونەر و وردەکاری. بڕوانە کۆپکی زین

و قایشی سینەبەند و قوشقن و دەستەجڵەوی! ئەسپێکە لەوپەڕی هەڕەتی خۆیدایە! پەیکەری خودی سوارچاکیش، وەکو لایەنی توێکاری، هونەریتر چێ بووە تاکو پەیکەری پاشا! ڕاستە ئەم دوو پەیکەوە سەر بە نیشتمانێکن. وەلێ ئەو سەنعەتکارەی پەیکەری جەنگاوەر و ئەسپەکەی ژێری تاشیوە، دەها هونەرمەندتر بووە! ئالەم سۆنگەیەوە کڕیار، جەنگاوەریان بەلاوە هونەری تر بوو، هەتا خودی پاشا! نرخی پتریشیان بۆ دانا!»

december, 29, 2006

دەقی هاوشان، واتە «پارا تێکستچووەڵ»، کە سەرچاوەکەیم لە یاد نەماوە: جارێکیان قائانیی شاعیر لە کۆڕی تەیموری لەنگدا ئامادە دەبێ. تەیمور خان لێی دەپرسێ: «پێم خۆشە بزانم ڕای شاعیر بەرامبەر بەمن چییە؟» قائانی دەڵێ: «جەناب، تۆ پیاوێکی دەهێنی بیست لیرە!» تەیمور خان لەم نرخاندنە دەڕاسێ و سەری دەسوڕمێ و دەڵێ: «حەیفت نەکرد! من لایەکی دنیام لە بن دەستدایە و تۆش بە بیست لیرە دەمقەبڵێنی!» قائانییش دەڵێ: «ئەوی ڕاستی بێ من مەبەستم کەمەربەندەکەتە، کە بیست لیرە دەهێنێ، دەنا خۆت پیاوێکی دەهێنی پوولێک!»

فەرهەنگۆک:

سە: سەگ، کسۆک

ئەوانگەل: جنۆکە و بوونەوەرە نادیار و خورافییەکان، هەردەم وەک (کۆ) بەکاردەبرێ و (تاک)ی نییە.

قوشقن: قوشقنە، قوشقنی، قوشقوون، ئەو قایشەی بەبن کلکی ئەسپدا ڕەت دەبێ و لەنگەری زین ڕادەگرێ.

توێکاری: توێکاریزانی، ئەناتۆمی، زانستی و زانیاری لەمەڕ تەنی زیندوو، لە مرۆڤ و گیاندار و ڕووەک؛ شێوەی هەڵکەوت و چێ بوونیان.. زاراوەیەکە سەر بەهونەری شێوەکاریشە.



# شێسوار

بەشەهید عەبدوڵا نەبی و هەڤاڵانی پێشکەش

ئەوان تاویان دەدا و هەتاویش سەر و تیلاکی خۆیان و سەرکەللەی ئەسپیانی جێ نەدەهێشت. خرنگەی دەهات ئاوزەنگی، دەزرینگا ناڵی ئەسپی بان زەمینی چەولگ و ڕەقەن، هانکە هانکی بوو ئەسپی بەهەڵمەت و کاوناکاوێ دەیانپڕماند؛ هاژە و لرفەی بوو چەمی خوڕێنی شانبەشانی ئەوان ڕێکردوو.

*

بەبالا و ئەدگارییەوە، بەسینە و ڕەخت و چەک و خەنجەری چەماوەی مشتوو ڕەشییەوە ئەولایە، بەگەردنی بەرز و هەنیەی پان و ڕوونییەوە ئەولا، بەدەمانچەی نێوکیفی ڕەشی سەر پشتوێنە پانە گوڵگوڵییەکەیەوە ئەولایە و هەر دەڵێی تازەگی لە شێکاڵ پیادە بووە، ڕەنگە کەمێ لەولاتر شێکاڵی نێوچاوان مارۆ، کە ئێستاش وەک لاوکی جزیری حیلەی لە گوێمدا دەلەرێتەوە، بکۆڕێنێ و ناوبەناو پاشوو لە زەوی بکوتێ و بەورشەی کلکی درێژی چوون ئاوریشمی زەردی زێڕینەوە مەگەز لە خۆی دوور بخاتەوە، دەشێ ئێستاش سەدان خاڵخاڵۆکە لەسەر بژ و پەرچەم و تەرک و قایشی سینەبەندی هەڵاژابن، دەشێ کاوناکاوێ سەرێ هەڵێنێ، نێوچاوانی بەبریسکەی چون خۆرەتاوی، پیشانی ئەولا بدا، وەک بەزمانی ئەسپان بەیانی

باشی لێ بکا، ڕەنگە هێشتا سەرکەللەی بەزەمبەر و سینەی بەسینەبەندی، ڕستەگۆی زیو پێدا ئاوێزانی، بەزیلەی مۆسیقایەکی کێویلە بزرنگێ، بەپەرچەمی خاوی زێڕینەوە، کە کووژەکەی شینی پێدا چەسپ بوو، هێشتا لەم ئاقارە بێت، بەدەم حیلە و پێکۆڵەوە، بەو چاوە ڕەشانەی، کە پرشنگیان دەهاویشت، سەرنجی ئەولا بدا، ئاوا وەک پێی بڵێ دلاودڵ مەبە ئەولا، ئەوەتام لێرە، خەیاڵێ نەکەی ئەولا ؛ ئێرە و ئەوێ لێت جودا نابمەوە، حەیفێکم، بریا ئەوساش وەک ئەمڕۆ، چوون پەپوولەی بەر خۆرەتاوی بەهار، تژی لە ڕەنگ، بەزیلەی گوارەی زێڕ و تریەی پێی بەپابووج و لرفەی لرفی تارای دەم سۆزەی شەماڵەوە، بەچەپکێ گوڵەوە بەهاتمایە دیدارت ئەولا، چەپکێکی وا، بۆنی بۆنخۆشکەی بەخوناو تەڕی بەهاری چیای شیرینی لێ بێ، چەپکێ وەک ئەمەی ئێستا، کە بەتایبەکاری بۆم چنیوی و بەسینگمەوە گرتووە، ڕەنگاوڕەنگ و تێکەڵ لە بۆنە سرووش بەخش و ئەفسانەییەکانی ئەم عەرد و بوومە ئەولا، بریا لە تەڕیی بەهارێکی ئەرخەوان سووردا، بەپرشە پرشی هەیاسەی زیوی سەر کراسی ئەرخەوانی و تارای تەنکی ئەرخەوانی و بریسکەی وردە پوولەکەی ڕەنگاوڕەنگەوە بەهاتمایە حزوورت، نەک ڕووت و شپرزە و شەنگ لەبەربڕاو ئەولا.

*

بێ باک، لەگەڵ گەزنەی هەتاوی بەیانیدا، وەک پۆڕچینێکی سرک و ڕەنگینی لە تافەی ڕووبار دابڕاو، سەبوون و هەڵم و بۆقی هاوین زۆریان بۆ هێنابێ و ئەڵهای شڵپ و کۆی چەم بکا، لە بان زنارێکەوە خۆم هەڵداشتە زەڵمەوە، شڵپ و هۆڕ مەلەم دەکرد؛ پرچی درێژم





بەسەر شەپۆلانی زەڵمەوە قەڵبەزەی دەدا، زەڵمی سارد و ڕوون و سازگار، زەڵمی کەنار بەبییە چەمیلە و لەرزەک و وردەگیا پەرژین، بن بەیاقووتی زیخ و چەو، جەستەی تەڕ و تورت و فێنک ڕاهێنابووم، بێ باک، کراس و ئاوەڵکراس و مەمکبەند و سوخمە و دەسرەم هۆلەوێ، لە بان وردەگیای گەشی کەنار جێ هێشتبوون، لەبەر نەشئە و شڵپ و کۆی خۆم و شنەبای چەمی زەڵم و سەربادانی بییە چەمیلە و لەرزە لەرزی پەرژینی لەرزەک لە دەوروبەر بێ ئاگابووم، لەو دەمەیدا، چون پەیکەرێک لە عاج، لە ناوەندی گۆمەکەدا وێستابووم، سەرم کێشا و، دڵۆپە ئاوی ساردیش زەنگوڵ زەنگوڵ لە گۆی مەمکەکانمەوە دەتکان و مەدهۆش مابووم، ئا لەو ساتەوەختەدا ئەوان بەهارە هاڕی ئامێرە ئاسنینەکانیانەوە ساکە دەشتی شارەزووریان هەڵپێچا بوو، منیش شپرزە و حەپەساو، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، بەدەست مەمکۆڵانم شاردنەوە و هەنگاوم هەڵێنا، دواتر کاتێ بەشێنەیی بۆم گێڕایەوە، ئەولا ئاوای پێی وتم:

«خواکەیەکت گرێ، ئاخر تۆیەکی موتورفە، بەم هەموو ناسکییەوە لە گورگە ڕۆژێکی وەها کەس لە کەسدا چۆنت زات کرد بەتەنیا لە تافەتافی زەڵمدا مەلە بکەی؟»

منیش وتم: «لە خەیاڵی مەرگی خۆمدابوویم، لە خەیاڵی ئەو ڕۆژە شوومەدا نەبووم ناخلاف وەهام بەسەر بێ ئەولا!»

ئەولا وتی: «من بەم چاوانەم شۆڕەسواری وەک تۆ ڕند و خۆش پێکەوتووم نەدیوە!»

قسەکانیم زۆر پێ خۆش بوو، ئەو مینا عاشقان چاوانی دەبریسکانەوە وەختێ دەهاتە گۆ، منیش سەرم لەبەرخۆ ناو، لە

ناخەوە جۆشابووم و تەزوو بەگیانمدا دەهات، کەچی هیچیشم نەوت، بەڵام دیاربوو ئەو ورد سەرنجی دابووم، بۆیە وتی: «وەک لە پەڕەی گوڵەباخی ئەسڵ گیرابی، لەشت پەمبە هەڵگەڕاوە. بۆنی چیای شیرینت لێ دێ، چەتیو نەبی ئەوەی بتبینێ حەیرانت دەبێ کابان!»

فرە بەگیانم خۆش بوو، کە وەهای پێ وتم و دیسان هیچم نەوت.

زەندەقچوو، بەهەناسەبڕکێ بەرەو کەناری زەڵم بۆلای جلکەکانم کەوتمە قەڵەمبازدان و دەستم کردبوونە سوپەری مەمکۆڵانم، مەمکۆڵەی بێ مەمکبەند، کەچی تاوێکی کورت لەمەوبەر بەدەم شڵپ و کۆی مەلەوە پرژەی ئاوم حەوا دەخست، تاڵە تیشکی خۆر لە پەرژینی بییە چەمیلە و لەرزەکەوە دزەیان دەکردە چەمەکە و بەپریشکە ئاوەکاندا تێ دەپەڕین، تیریژێکی بەشەبەنگی خۆر ڕەنگینیان بەدەوری جەستەی ڕووتمدا دەنەخشاند، لەوانەیشە خۆر ویستبێتی بەشەبەنگی ڕەنگینی خۆی پۆشتەم بکاتەوە، دیاربوو ئەوان لە دوور ڕا چاویان کردبووم؛ بۆیە ڕێک ڕووەو ئەو کەنارە ملیان نابوو، کە جلکەکانمی لێ بوون، منیش پرینگامەوە و ترسەترس گەڕامەوە، وەک لەو ساکە دەشتی شارەزوورەدا قڕە مێینە داکەوتبێ، خۆم تاقانە کیژ بم و ئەوانیش هەزاران سمێڵ بابڕی، برۆ تێکپەڕیوی چاو بزی دەم ئاوتێزاو بەدنیازانە بۆم دەهاتن؛ ئیدی منی کچە جافی بەژن دارئاڵای ڕووتوقووت، بەلاڕێدا، بەنێو شێف و زەویی کەس نەکێڵدا هەوراز ڕووەو شنروێ قەڵاشتم، ئۆردووی هۆریەڵ و جەیشی هەوسار پچڕاویش پێچابوویانە دەشتی شارەزوور و بەدوامەوە بوون، تاڵتاڵی پرچە خورمایییە خاوە تەڕەکانم هێشتا هەر بەجەستە شیریی ڕەنگەکەمەوە نووسابوون، لە هەناسەیەکدا دەستبەرداری مەمکۆڵانم





بووم و چنگ لەسەرشان و پشووسوار یەکتەق سەرەوژوور هەڵدەهاتم، خوا چۆنی دروست کردبووم ئاوا ڕووت، تەنانەت بێ ئاوەڵکراس، یەس یەم، جاش جەیش، لە کۆڵم نەدەبوونەوە، وەختایێ لە یادەوەرییە عەمارەپۆ هەنزڵ هەنزڵەکەمدا جارێکی دیکە دەیژیێنمەوە و دەیهێنمەوە بەر دیدەی خەیاڵە تەمگرتووەکەم، بەکارێکی تا بڵێی ناجۆری دەبینم، کچۆڵەیەکی چون ئاسکۆڵەی کۆسار، ڕووتوقووت، هەڵەداوان و چنگ لەسەرشان، هەڵەتەی پادەشتی شارەزوور بووبێت و ئۆردوویەک جاش و جەیشی ئاڵچاخی بەدفەساڵ و بەدنیاز سەریان لە دووی نابێ، هۆریەڵ لە جەیشی بیانی مکوڕتر و بەدنیازتر، هاڵاوی دەمیان وەک گۆپکەی قامچی دەگەیشتە پشتم، لەوەدابوو دەستیان بگاتە پرچم و بمگرن:

«نەڕۆی هەی واوا لێکراوی جانانەی بێ دەرپێ، ئەوە تەنیا و ڕووتوقووت لە تونکە تونکەی زەڵمدا چیت دەکرد. هەی...؟!»

چیم دەکرد، مەلەم دەکرد،

«نەڕۆی هەی جوانی بێ دەرپێ!»

هۆریەڵێکی کورد وەهای پێ گوتم، منیش هەڵگەڕامەوە و بەدەم هەناسەبڕکێوە وتم: « تۆ گەواد و بەرماوە خۆری، کە ڕەدووی لەشکری دوژمن بەم عەرد و بوومە کەوتووی، هەی زەنگزڕاوی ماسکەشی بەدفەساڵ!»

ئای لە گەرموگوڕیی ئەولا خوایە، ئەو پیاوە چەند بەشکۆ بوو، دوایی، کاتێ بەشێنەیی پێکەوە دانیشتین، پرسیم:

«بەخۆت و تەنیا پۆلێک پێشمەرگەوە لە خەیاڵی چیدای ئەولا؟»

ئەولا وتی: «سەرمان لە خەونی ڕەنگاوڕەنگدا تژییە، هاتووین

خەونەکان بهێنینە دی!»

وتم: «لەم چیا و چۆڵەدا بەچی دەژین؟»

وتی: «لەتێ نان و قومێ ئاو، هەودایەک تیشکی خۆرەتاو!»

*

پێخاوس و شەلاڵی ئارەقە و ترساو خۆم کوتایە باخە هەنارێکەوە؛ وەختێ باخە هەنار منی زەریی بەڕووتی بینی لەشکرێ لۆزەنگەری بەدواوەیەوە، قەڵەمی دەست و ئەژنۆی شکا، لە ئان و سەعاتدا وەک دوامای پایز خەزەڵوەری بەسەر خۆیدا هێنا، نەبەکام دوابەری خۆی هەڵوەراند و دوا گەڵاشی ڕژاند، مایەوە باخە هەناری ڕووتوقووت وەک خۆم، تاقگەی زەردە گەڵای هەترەشچوو بەئامبالامدا داباری، چقڵی دار هەنار جەستەی ڕووتیان ڕووشاندم، هەرچەند خۆم بۆ قووڵاییی باخەکە دەکوتا. بەڵام هەیهوو، درەختی بێ گەڵا هێلانە زەردیوەلییەکیشی بۆ داڵدە نادرێ، چ جای کیژێک، کە جەستەی ڕووتی لە دوور ڕا دیارە و جاڕی لێ دەدا. وەک بێ کەسەیەک نەباب نەبرا نەئامۆزا، کەسێ، ناسیارێ بەهانامەوە نەهات، هاڕەی زەردە ماشین و زرێپۆش گوێی باڵندە و مەگەزیشی پڕ کردبوو، پشووم توند، هۆپێکم لە خۆزانی تانکێکی سەوزی بەڵەک بەهاڕە هاڕ، هێندەی گردێک لە شانمەوە داژوێ و سەربازێکی تووکتاڵ لە بان تەنوورەکەیەوە پڕ بەچاوە ناپاکەکانی دیقەتم دەدا، وەلێ چۆن دیقەتێ، وەک بەنیازبێ بمکا بەپاروویەک و هەڵم لووشێ، بەهەموو هێزمەوە قەلاشتم، دوای چەند هەناسیەک کاتێ ئاوڕم لێ دایەوە، زانیم ئەوەی بینیم کیسەڵ بوو، هێشتا تانکەکان مابوویان بگەنە سەرم، لەم هەرا و هەنگامەیەدا حیلەی نۆزینی ڕەشم هاتە بەرگوێ، لە نەدیویی





شیویێکەوە سەری هەڵێنا، دواتر سەرکەوتە تەوقەنەی باسکێک و لەوێوە برێ پێکۆڵی کرد و هەستایە سەر پاشوو، هەڵی کردە جامبازە و لێکدا لێکدا لە حیلەی دەدا، بەدەست ئاماژەم دایە تاکو خێرا بگاتە فریام، ئۆردووەکەش لە کۆڵم نەدەبووەوە، بۆیە بێ وچان هەڵدەهاتم، چقڵ و دڕک و وردەبەرد لە پێم دەچەقین، پێیە سپییەکانم سوور وەک لە خەنە گیرابن، خەنەی خوێنی خۆم، جاش جەیش، جاش جەیش.

لە هەناسەیەکدا نۆزینی ڕەش دەسەوناو داگەڕا، ڕەشی بێ نیشان، چوارپەلی لە ئاسمان دەکوتا، بێ لغاو و سەرکەلە و ڕەشمە و زین، وەک مێخسکە لە پێشمدا دەستەکانی لە خاک چەقاند و گوێ بەلەکانی بۆ پێشەوە وەک دەمی چەقۆ پاڵدابوو، کونە لووتەکانی کرابوونەوە، کلکی چوون بەیداخ و یەکتەق دەیکۆڕاند، بۆنی بەگەردنی شەلاڵی ئارەقە و سینەی ڕووتمەوە نا، خۆم هەڵدایە سەر پشتی ڕووتی و هەیم لێ کرد، نۆزینی ڕەش چوون تیری لە سەختەی کەوان ترازاو، سەرەوژوور ڕووەو و عەبابەیلێی شاڵپشتوێنی شنروێ هەڵکشا، ئەوانیش لە نێو تەپوتۆزێکی چڕدا هێشتا هەر بەدوامەوە بوون، پووش و پەلاش و گەلای وەریو باڵندە ئاسا بەئاسماندا دەخولانەوە، هەوا دەلەوتاو ئاسمان زەردێکی چڵکن هەڵدەگەڕا، نۆزینی ڕەش بێ نمەد و زین، لووس مینا چوالە لووسکە، چنگم لەیاڵی نابوو، کە دەتوت شەوەیە دەبریسکێ، پاژنەی خوێناویم کوتایە تەنگەی، ئەو بەهەڵگرتن هەڵی گرتبووم، پرچی خورماییی من، کلک و یاڵی ڕەش و درێژ و بەورشەی ئەو لە ئالای بەلرفە و ڕاشەکاوی یاخیی بووان دەچوون، بەسەڵەفێک گەیشتمە عەبابەیلێ، پیادەبووم، هۆمەنم بۆ پیر (ئەبا عوبەیدە) برد، بەدڵی پڕ ئومێدەوە خۆم کوتایە ناو قسەکەی، وەلێ نە

خۆی بەئاگا هات و نە بەیداخە سەوزەکانی دادیان دام، بەیداخی لووس و سارد و نەرمەلیق، بەجەستەمەوە نەدەنووسان، من دەمویست هەر هیچ نەبێ بەئالا سەوزە موبارەکەکانی جەستەی ڕووتم لە چاوی جاش و جەیش بشارمەوە، بەڵکو ئەمە خوایە لە کۆڵم ببنەوە، بەڵام تێی نەهێنا، سەرم هەڵێنا، لە ناکاو بەسامالّی شینی ژەنگاری بان شنرویێوە ئەدگاری پیرێکی ڕدێن سپی چاوگەشم دی بەو بەرزاییيەوە دەفڕی، دیاربوو ئەویش منی بینیبوو، بۆیە لەو حەنایە داهاتەوە، پیر تۆمارێکی ئەستوور لە بن دەستدا، تەواو لێم نزیک بوو، بەئاسمانۆکەی بان سەرمەوە دەفڕی، قەڵەمێک بەگیرفانی بان سینەیەوە، بەجووتێک چاوی گەش، جوان جوان سەرنجی دەدام، من شەرمم لێ نیشت، کەچی ئەو وەک بەو ئاسمانەوە ناخمی خوێندبێتەوە نەهێنای و نەبردی وتی:

«من شەرمم لە کەس نییە! تۆ ئەی کچی جوان لەم تەنگانەیەدا دەبێ لە دەروویەک بگەڕێی، دەروویش تەنیا ئەولایە، بڕۆ سەر بەلای ئەولا نەبییەوە بنێ، تەنیا ئەو بێدارە و دەتوانێ بەهاوارتەوە بێ!»

دەتگوت لە خەوندام و خەونیش نەبوو، قسەی ئەو بوو، پیاوی بەزاخ بلا هەر زۆربن، هەر کە گەیشتمە لای، ئەولام ئەولا، یەکسەر جامانەکەی لە سەری خۆی داماڵی و بەسەر شانیدا دام، دەستەکانی بۆ منی هەترەشچووی بێ دالّدە، چەند گەرم بوون کاتێ بەر چیلچیلەی گوێ و لاملم کەوتن، وتی:

«ئەم جامانەیە ڕێک دەڵێی بۆ ئەوە چێ کراوە تۆی پێ پۆشتە بکەمەوە شۆڕە کچ!»

چەند بەزمانی خۆش بوو کاتێ هەیتا هەیتا لێی دووبارە





دەکردمەوە:« هەی شۆڕە کچ!»

منیش وتم: «کابانم ناوە، کابان!»

ئەویش بەدەم زەردەوە وتی: « منیش ئەولام ناوە ئەولا!»

وتم:«دەزانم ئەولات ناوە مێرخاس!»

ئەو وتی: «دەبێ ناوی منت لە کاک ئیدریس زانیبێ!»

پێم وت: «پیرەمێردێکی ڕدێن سپی و نوورانی بەتاقی ئاسمانی بان شنرویێوە ناوی تۆی بۆ هەڵدام!»

ئەولا پرسی: «گوایە نەتزانی ئەو پیرەمێردە کێ بوو؟»

منیش وتم: «سەرەتا ناحالّی بووم، بەڵام دواتر، کە گەڕایەوە سەرم ناسیم!»

گوێم لە پێکوتەی جاش و جەیش و هەناسەبڕکێی خۆم بوو، دۆشەکەڵەیەکم لە خزنی ئەبا عوبەیدە دەست دایە، بەسەرپشتی نۆزینمدا دا، خۆم هەڵدایەوە سەر پشتی و بەبناری عەنەب و بیاوێڵەدا بەتاوی غار بەرەو سوورێن تێم کێشا، سوورێنیش ڕووت وەک خۆم، لە تاوی غاردا مەمکۆڵە ڕووتەکانم وەک دوو هێشووە ترێی تایەفی بەدالّیتی بالامەوە دەلەرزین، لە سوورێن کەسێ بەدەرەوە نەبوو، پەپووی زل زلی چاو زەرد بەبان کەڵەکە بەردەکانەوە دەیانخوێند، ئیدی کێ بەهانامەوە بێ، تەنیا من نەبووم لە تاوی غاردا، بەڵکو دنیا شڵەژابوو، لە نێو خەزەڵ و پووش و پەلاشدا چاوم لە تەقودەوی باڵندان بوو، گوێم لە جیوە جیوی چۆلەکە و جڕەبەگزادە و وردەمەل بوو، لە زەمینڕا چاوم لە فڕکان فڕکانی مەردمی هەترەشچوو بوو، دەڕەمیان، دەڕەوینەوە، وەک ڕەوینەوەی لە ناکاوی ئەو ڕانەمەڕەی لەپڕ بۆرە گورگێکی لمۆز ڕەشی زاربەش لە نێو خۆیاندا دەبینن، هەر پۆلە

بەلایەکدا برِ دەبوون، ئەسپی مەحەنەک و حدود و شێتاڵ و شێکاڵ و تۆنەکانی کوێت و بۆرە و ڕەشبۆرە، بێ سوار و بێ زین لە تافی سەڵەفدا بوون، هەر پیاوی بەهەیکەلی پێخاوسی مێزەر لێکەوتوو بوو هەڵدەهاتن، زارەترەک، بێ هیوا و بێ ئەنوا، داڵدەیەک نەبوو خۆیانی تێدا وەشێرن، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەو ئۆردووە دوابڕاوە لە نێو ئەو لێشاوی مەخلووقە بێ ورەیەدا منی کردبووە ئامانج، کەروێشک غاریان دەدا، گورگ هەرچی شکۆ و سامیان هەبوو لە دەستیان دابوو، ڕێوی، تاکە فێڵێکیشیان پێ نەمابوو دەیانباقاند، پەلەوەر بەحەواوە دەتوت بووک دەبەن، بەڵام نا، ئەوانیش هێلانەواز بووبوون، مار و مێروو و مینا لە پێشبڕکێدابن دەیانقەلاشت، بۆنی خاک دەهات، پێ دەچوو پادەشتی شارەزوور بەدەم هەلاتنەوە هۆن هۆن گریا بێ، دەنا ئەم بۆنمی خاکە لە کوێوە هات، خۆ هێشتا پڕووشەیەک چییە باران نەباریبوو، شارەزووریش لە حەشمەتا سەری بەکۆشی قەتارە تووە بالابەرزە پێشوەخت گەلاڕژاوی سەر قسنی موبارەکی ئەباعوبەیدەدا کرد، بەڵام ئەوان بێ نموود، ورشەیان پێ نەمابوو، لە تەختە داری لە بیاباندا هەڵچوو دەچوون، لێ نەبوردن تاوێک ئەو دەشتە بەدەست و دڵە بگرنە خۆ، لەولاشەوە ئۆردووی جەیش و جاش چوون کوللە زەردە، بەدەم ورە وڕەوە لووتیان بەشنروێوە نا، من بەسەر پشتی نۆزینی ڕەشی بێ نیشانەوە بووم، کە دەتگوت ماینی بەحرییە و تازە لە ئەفسانەیەکەوە دەرهاتووە، قەت بووە دەشت هەڵبێ، هەڵدەهات، لە بابەلبابەوە کێ بیستوویەتی درەخت بێ سێبەر بێ؛ قەتارە تووەکەی سەر گڵکۆی پیر عەبابەیلێ بێ سێبەر بوو، لە سوورێن، گاشە بەردێکی سەرکزی لاڕێ گرتوو، کەوای شانسورمەی شکۆی فڕێ





دابوو، عیززەتی نەفسی نابووە ئەولاوە، ڕێک نایە مستم، وتی:

«میوان ڕاناگرین حورمێ، بگەڕێوە با بەبۆنەی تۆوە ئێمەش لەبەین نەبەن خانم!»

ڕووەو هەورامان بام دایەوە، سەرم بەسەرگەت و سۆسەکان و گەچینە و بیارەوە نا، لەوێشەوە تا تەوێڵە نەوەستام، لەوەدابوو شەنگم لەبەر ببڕێ، نۆزینی ڕەش کەفی سپیی دەردابوو، بەسەر بنچک و ئاودڕ و تاوێردا دەکشا و بازی دەدا، زرنگەی ناڵەکانی لە دۆڵ و ئەشکەوتان دەنگی دەدایەوە، لەوێوە وەک لە زەرد و ماهێکەوە، بەترسە ترس سەیری قووڵاییی خەرەندێک بکەم، دیم جاش و جەیش دێ بەدێ، قۆخ بەقۆخ، بان و بەیروون بەدوامەوەن، من ڕووتوقووت وەک دایکە ئیڤای باخی بەهەشت، ئەوانیش بەدنیاز، ڕەنگە لە خەیاڵی خۆیاندا هەر یەک بەڕەنگێ مرخیان لێ خۆش کردبێتم، لەوێش سەرم بەکۆشی هەر کەلاوە و کەپر و کۆڵیتێکدا کرد، لە دەمی مردوو سارد و سڕتر بوون و ئەوانیش پشتوێنی شکۆی سێ قەفی میوان نەوازییان فڕێ دابوو، ویستم خۆم بخزێنمە ئەشکەوتێک، کاتێ ئەشکەوتی تاین لە نیازی دڵم گەیشت دەمی خۆی هێنایەوە یەک، دەرگەی هەمیشە واڵای خۆی بەسەردا گاڵەدام، هەناسەیەکی تاڵم هەڵکێشا، پێچێکم پێدا هێنا و لە چەمەوە گەڕامەوە، وەک کارئاسکێکی سڵۆکی سەرپشت زێڕینی ژێرسک چەرمگ، ماروودوو بەو شاخسار و لاپاڵانەدا هەڵدەگەڕام و پاشان دادەپەڕیمەوە دۆڵەکان، تەپەی کلاشی جاش و زرنگەی ناڵچەی پۆستاڵی سەربازی کەپوو بە خاڵی، ڕوومەت بەکانەخورما داوەشاو لە تەواوی دەرە و ئەشکەوتدا دەنگیان دەدایەوە، قەت بووە، ئەم ولاتە پانوبەرینە چۆلەکە کوژی تێدا نەمابێ و کەسێ

نەبێ پێشیان لێ بگرێ، لە دەرەیەکی تەنگی قووڵدا، کە هێندەی چاتۆڵێک ئاسمانم لێوە دیاربوو، پیری ڕدێن سپیم لێ پەیدابووەوە، پیر بەدەنگ هات و وتی:

«ئەوا لە تۆماری هەزاران پەڕەیی خۆمدا نووسیم، لە سەرانسەری ئەم ولاتە بەرینەدا تەنیا ئەولا نەبێ، کەمەری بەرەنگاریی بەستووە، بڕۆ بۆنی پێوەبنێ، دالدە هەر ئەوە کیژی جوان، هەر تۆنیت وا زەویت بەکۆڵەوە گرتووە، پێدەشتی سلیڤانی و قەراج و بەڕانەتی و دزەیی و گەرمێن پاکیان هەڵدێن، ئەوانیش بێهوودە سەر بەکۆشی گارە، مەتین، مەقلووب، قەرەچووخ، دێدەوان، زوورگەزراو، حەمرین و بەمۆدا دەکەن کیژی جوان!»

ئەم جارەیان لێم بەڕاست گەڕا، پرسیم:« ئەولا لە کوێیە؟ لە کام چیا و دۆڵ و نەواڵ هەواری هەڵداوە پیری خاوەن تۆمار؟ ئاخر ئەم ولاتە زۆر بەرینە و منیش سەرلەدوو نراو و بیر ئالۆزم، پیری ڕدێن درێژ؟»

پیر غەیب بوو، ئاوەزم کەیەکەخواتەوە، دەبووایە هەرکە بینیم شوێن و مەنزڵی ئەولام لێ پرسیبا، دیسانەوە تەتەشم تەتەشم خۆم کوتایەوە شارەزوور، من نیازی فەقیرەم هەبوو، شارەزووری زەندەقچووش لە ژێر سمی نۆزیندا وەک گۆمی گێژ دەسووڕا و هەڵدەهات، پێکوتەی پۆستاڵ لە پێی خوودە بەسەر و ڕمبەی جاشی کلاش لە پێ دەهات، من پێخاوس و شارەزوور پێخاوس هەڵدەهاتین، گاپەلە، ڕەنگاڵە و ماسیگرە و گامارۆش هەڵدەهاتن، پێخاوس وێڵی ئاسمانی لێڵ بووبوون.

بەچەپکێ گوڵەکەوە لە حزووری پەیکەری ئەولادا سەرکز وەستاوم و بەیادەوەرییە عەمارەپۆکەمدا دەچمەوە، کاتێ چاوانم دەنووقێنم،





بەسەرهاتەکان بەبەرجەستەیی و بە تەواوی وردەکارییانەوە دەگەڕێنەوە لام، یەس یەم، جاش جەیش، بەلووره لوور و هەرا و زەنایانەوە بەزڕەی زنجیری تانک و زرێپۆشیانەوە گەرداوی تۆز و چڕە دووکەڵیان دەنایەوە، دەمویست وێڵیان بکەم و بۆم وێڵ نەدەکران، خۆم دەخزاندە هەر پەنا و قوژبنێکەوە لە سەرم ئامادەب وون، کاتێ بەسەر پشتی نۆزینی ڕەشەوە گەیشتمە حزووری ئەولا، کەمێ لەولاتر ئەسپە شێکاڵی ئەو بەئاگا سەری هەڵێنا، گوێکانی قوت، گەردنی بەرز، سینگی پان، دەستەکانی باریک و سمەکانی خڕ، کۆڕاندی و زیڕاندی و حیلاندی و هەڵی کردە جامبازە، دواتر بەسەمایەکی ڕەزمدار، کۆتاییی بەو پێشوازییە ئەسپانەیە هێنا، نۆزینی لای منیش شەلاڵی کەفێکی سپی، لە حیلەی دا و ئەمیش هەر بەزمانی ئەسپان وەلامی دایەوە، دوایە ئەسپی لەمەڕ مەفرەزەکەی ئەولا حیلاندیان، ئەم گەردنە، بەگوێی ئەو گەردنەیدا دا، تا هەموو لایەک ئاگەدار بن، کە تازەگی میوانێکی ڕووتوقووتی پێست ئاماڵ پەمبەی، پرچ درێژی خورمایی بەسواری نۆزینێکی ڕەشی بێ نیشانی چوون شەوەوە، شپرزە و شەنگ لەبەربڕاو گەیشتە سنووری حاجی هۆمەران و پێوەندیی لەگەڵ ئەولا نەبیدا گرێ دا.

*

شارەزوور بەپۆڕ و مراوی و پۆڕچینی بێ هەترەشەوە ڕووەو فەقیرەی چۆڵ و هۆڵ هەڵدەهات، توند چنگم بەیاڵی نۆزیندا کرد و تێمان کێشایە قەراخ، شارەزووریش بەتۆزوباوە، بەگوڵە مەرەزەی شەرابردووەوە خۆی ترنجاندە نێوان زنجیرە چیای گڵەزەردە و سەگرمەوە، هەر لەوێوە، خۆی کوتابووە لێرەواری چڕ و ڕەشی قۆپییەکانەوە، بەلام ئەو دارمازووە بالابەرزە دنیادیوانەی دەمووکانە لە

قەدی ئەستووریان ڕوابوو، لەرزینێ لەرزین، لە هەناسەیەکدا چی گەڵا و بەرێکیان گرتبوو هەڵیانوەراند، بەدرێژایی زنجیرە چیای سەگرمە، لە وێز و ڕانەکێوی و بەراز و کیسەڵ بترازێ ئاوەدانیی پێوەنەبوو، لووتکەکانی بەدەم لێوەلەرێوە پشتیان تێ کردم، من ماندوو نۆزینی ڕەش ماندوو، نک و نائومێد لە ئاستی شەمە و وێلەکەوە بەدیوی شارەزووردا داگەڕامەوە، نەرماییی ڕانم، تویێخی هەڵدابوو ئەوەندە بەسەر پشتی نۆزینەوە هەڵبەزیبوومەوە، لەم ڕاکە ڕاک و برفێن برفێنەدا شارەزوور سەرە گێژەی پێ کەوتبوو، هەمدیس گەڕابووەوە شوێن و مەنزڵی خۆی، لە تافی سەڵەفدا پیری ڕدێن درێژ بەئاسمانی بان سەرمەوە وەک هەوری بەهار گرماندی، «کابان خان، وا خەریکە لە ئەولا نزیک دەبییەوە، ئەمەش مانای گەیشتنە بەکەناری سەرفرازی!»

فریانەکەوتم لێی بپرسم لە کوێوە ناوی منت زانی، لە تاوی چوارناڵەدا سەرم هەڵێنا و بەڕوویدا قیژاندم:

«مەڕۆ پیرەمێرد، من وا دەپسێم و نۆزینی ژێرم وەختە سەرنگرێ بێ، لەم مەتەڵەت ناگەم، پێم بڵێ چەند لە ئەولاوە دوورم؟»

بەڵام پیر دیسان بەتۆماری بندەستییەوە غەیب بوو، لە ژێرما زەوی قڵیشابووەوە، ڕێوی و چەقەڵ دەیانباقاند، کسۆک دەنووزانەوە، گورگ دەیانلووراند، گیانداری کێوی و ماڵی تێکەڵ بووبوون و پێکەوە غاریان دەدا، بەسەرمەوە باڵندەی ترساو دەیانقیژاند و دەیانزیقاند و دەیانگاسکاند، خۆریش لە خۆرنشیندا وەک چاوێکی ماندووی شەوبێدار سوور، دنیا تاریک داهات و زەوی لە ژێر چوارپەلی نۆزیندا چرکە چرک دەلەرزی، جاش جەیش، جاش جەیش، بەلایتە بەهێزەکانیان شەویان کوناودەر دەکرد و ستاریان نەبوو، بەوەی باش







بوو نۆزینی ڕەش لە تاریکاییدا نابینرێ، ئەو ڕکێفکوت ڕێی حاجی هۆمەرانی گرتبوو، گەردوگوڵی بەیان گەیشتم، وەختێ ئەولا دیمی واق ما، بەرەوپیرم هات و قەدەرێک بێدەنگ لە ڕوخساری خۆم و حاڵی بێ حاڵی ولاخەکەم ڕاما، نۆزینی ڕەش بێ جڵەو بوو دەنا خۆی جڵەوی لێ دەگرتم، سفت و سوێی ڕانەکانم نەبووایە ڕاست لەسەر پشتی نۆزینەوە بازم هەڵدەدایە بەردەمی، لە حەنای ئەولادا خۆنەویستانە دەستم بەمەمکەوە نەگرتبوو، نەدەهات بەدڵمدا بەدنیاز سەرنجم بدا، کاتێ گەیشتمە حزووری، وتم:

«سڵاو لە ئەولا نەبی، تاکە پیاوی بێداری ئەم هەرد و بوومە!»

ئەویش وتی، «سڵاو لە شەنگە کچی شۆڕەسوار! تاکە پیاو نیم، سەرنج بدە ئێمە دەستەیەکین!»

نازانم بۆ لەو کاتەدا ورووژام، لووتم کەوتە فینگە فینگ و چاوانم فرمێسکیان تێ زا، لەگەڵ ئەوەشدا وتم،

«بە هەزار دەستە بن!»

خوایە چەندم لە دڵدا پێ خۆش بوو، کاتێ ئەولا بەشەنگە کچی شۆڕە سوار ناوی دەهێنام، دڵپڕ، زمان وشکی ترس و ڕێی دوور، ڕوو کوتراوی با و پرچ تۆزاوی و ئاڵۆسکاوی دەم باهۆز، نۆزینی ڕەش ماندوو، لە کەفی سپیدا شەلاڵ، بەو ساناییەی چەپکێ گوڵ لە پێشوازیکەرێ وەربگرێ، ئاوا ئاسان لەسەر نۆزین دایگرتم، دیاربوو پاوپووزی خوێناویی بینیبووم، ئەوەندەی سانا بەدەستێوە هاتم، دوو هەندە میهرەبان بەسینگییەوە نام، نۆزین سڵ نەبوو، ئاشنا سەرنجی دەدا، ئەولا دەستێکی بە بژ و پەرچەمی نۆزینی ڕەشدا هێنا و پێی گوت:

«دەک بێ بەڵابی گوڵی ڕەش!»

ئەسپ کۆڕاندی، سەری لە ڕەختی قەد و سینەی ئەولاّ هێنایە پێش، بۆنێکی پێوە کرد، ئەگەر زمانی هەبووایە، دەیگوت لەمڕۆوە منیش لای خۆت بە پێمیم حساب بکە، هەرکە دابنامە سەر زەوی، جامانەکەی لەسەری خۆی دامالّی، والاّی کردەوە و بەسەر شانیدا دام، ئەگەر بەسەریدا دابام لە بووکێکی بێ ناز دەچووم، وتی:

«میوان بەسەر چاوان، کابان خانی شۆڕە کچ! ئەم ئەسپە جوانە بێ ڕەشمە و لغاوە نابێ بەم زووانە ئاو بخواتەوە، ژان دەکا!»

وتم، «من کچە جافم، دەزانم ژان دەکا، تەعلیمدراوی دەستی خۆمە و شارەزای ڕەنێوهێنانی ئەسپم!»

بەدەم زەردەوە وتی، «کەواتە دەشزانی کەینێ شەتاوی دەی؟»

من سەرم بۆ لەقاند، کەمێک لەولاتر ئەسپێکی شێکاڵی نێوچاوان مارۆی چوارپەل سپیی دەلەوەڕا، سەری هەڵهێنا، گوێکانی قوت کردنەوە، ملی بەلای نۆزیندا وەرگێڕاو چەند جارێ لە حیلەی دا و هەڵسایەوە سەر پاشوو، بەدوایدا ژمارەیەک ولاّخی بۆرە و پیازیی و کوێتی دامەنتاری و کوێتمارۆ بۆیان سەندەوە، حیلە و کوڕژن دەنگیان دایەوە، نۆزینی ماندووی شەلاّڵی کەفێکی سپی، گوێکانی بەل و کلکی لە ناوەندی پشتی دانابوو، هەڵسایە سەر پاشوو، دوای قەدەرێک چەپۆکان، دەستەکانی داگرتنەوە سەر زەوی، حیلاندی و ئەمجا بەدەم پێکۆڵەوە دەیکۆڕاند، لە چۆمەکەی دامێن شلّپێ ئاوم بەچاوەوە دا و مستێکم خواردەوە، ڕەوت و هاژەی چۆمەکەی لای ئەولاّ چەند خوڕ و بەتافە تاف بوو، ئەولاّ چاوی لە چاوانم بڕیبوو، بەپێشەکییەکی بڕێ درێژ دەستی پێ کرد:





«شۆڕە کچێکی ڕووتوقووت و تەنیای پرچ خورمایی تا سەر ئەژنۆ، جەستە وەک لە پەڕەی گوڵەباخ گیرابێ پەمبە، بەسواری نۆزینێکەوە، لە عەرد و بوومێکی وا سووتماک و قەدەغەکراودا.»

لە هیکرا گیزوهوڕێک مینا شارە شەنگەسوورەی ئالّۆسکاو لزگی قسە و خەیالاّتی بەئەولاّ بڕی و وەلاّمی ختوورەکانی دایەوە، گیزوهوڕ بۆ زڕەی زنجیر و ڤڕەڤڕی ئامێرەکانی جەنگ و تەپەی پۆستالّ و کلاّشی جاش گۆڕدرا، لە بەرایی ئۆردووەکەوە گیانەوەری کێویی زەندەقچووی ڕەوکردوو، ئەمجا لێشاوی مرۆڤی لەجەر و زەردەڵی بڕست لێبڕاو، چنگ لەسەر شان، خیزەی سینگ و بۆنی ئارەقەیان لە پێش ئەدگاریانەوە دەگەیشت، ساتە چڕەکانی ترس هەروا دەکشان، کاژە هەوری چون ئاوریشمی سپیی بان لووتکە هەڵکشاوەکانی حاجی هۆمەران تەرتەوەرتە دەبوون، هەر گەواڵەیەک و بەلایەکی ئاسمانی شینی تەڵخدا وێڵ دەبوو، هەور لەسەرێڕا دەفڕی و زەمین لە ژێرڕا دەلەرزیی، گاشەبەردی هەزاران سالّ لە شوێنی خۆیاندا چەقیو وەک سێبەڕۆدار هەڵدەلەرزین، کۆترە گاپەلەی ڕەفەی چیا خزاو ئاسمانی شێلوویان بەکۆڵەوە، زەردەمار، بۆرەمار، کوڵەوەیباب و سفرەمار، بەماریی خۆیان، وەک وردە جۆگەلەی لێلّ سەریان لە دووی یەک نابوو، کون نەبوو خۆیانی تێ پەستن، ئیدی دەرفەتێک بۆ گفتوگۆی نێوان من و ئەولاّ نەمایەوە، من بەترس و گومانەوە چاوەڕوانی بەرتەکدانەوەی ئەو ئۆردووە لە ژمارە نەهاتووە بووم، ئەسپ وێکڕا هەڵسانەوە سەر پاشوو، هەڵیان کردە جامبازە، ئەولاّ ڕاپەڕی و دەستی دایە چەکەکەی، کە بەقەدی ئەستووری داربەڕوویەکەوە ئاوێزان بوو، پێمیم بەچەکەوە ڕابوون، با غەڵبە غەڵبێکی ناسازی خزاندە گوێی ئەولاّ و ئەسپ و

دەستەکەیەوە، ئەویش (خوار و عەجیج و هەدیر و قەسیف)ی هەزاران وشتر و بۆڕە بۆڕی وشترسواری چاو ڕیپۆقاویی عەتابەخوێنی بەچیا نامۆی بەلەباریکەی ئەندام نارێک بوو، بەرایی گیانداری شپرزە و خەڵکی لا لێبڕاو گەیشتنە بەرەوە، بەحەواوە هەزاران مەلی پەرتەوازەی باڵ ماندووی شاپەڕ ژاکاو دەگەیشتنە ئاسمانی لێڵی حاجی هۆمەران، من وەک ڕۆژی قیامەتم لێ ڕابووبێ، هەڵدەلەرزیم، لووتم تەڕ دەبوو، ئەولا بەتفەنگە دار نارنجییەکەیەوە ڕاسابوو، قەمسەڵە خاکییەکەی لە شانی کردەوە و بۆی هەڵدام، چاوە ڕەشەکانی پرشنگیان دا و لێڵ نەبوو، هەر بەچەکە دار نارنجییەکەی ئاماژەی دامێ و وتی،

«ئەو دار مازووە زەلامەی بان ئەو قوتەیە دەبینی شۆڕە کچ؟»

بەدەم مشەمش و دانەچۆقێوە وتم: «ئا دەیبینم، ئەمجا چی؟»

خۆشڕوو بەدەم زەردەوە، ددانەکانی دەبریسکانەوە، کە پێم وابوو هەر بۆ ئەوەی بوو برێ لە ترس و نیگەرانیم کەم بکاتەوە، وتی،

«هیچ، شۆخە کچی شۆڕەسوار، لەوێ دەستێک جلکی خاکی بپۆشە و چاوەڕوان بە، هەموو پێویستییەکی لێیە، بتبینم بزانم چۆن کابانێکی؟ ئەرخەیان بە تاوێکی دی دەگەڕێینەوە لات!»

پرسیم: «کامەیان ئەسپەکەی تۆیە؟»

ئەولا هەر بەتفەنگەکەی ئاماژەی کرد و وتی، «هۆ ئەوەیان، شێکاڵی ناوچەوان مارۆ»

نا، نەمپرسی داخۆ هیچ چارێکی بۆ ئەو هەموو مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵدارە لە زەواق نراوە پێیە، خۆشی لە خۆم، لەو ئاخۆران و بخۆرانەشدا هەر بەشۆخە کچی شۆڕەسوار ناوی هێنام، ئۆردووش





هەروا لە پەستا سەری دەکێشا، کاتێ ئاوڕم لە دار مازووە زەلامەکە دایەوە، دیتم لێرە و لەوێ دە دوانزە سوار بەدەستێک تفەنگ و بەدەستێک جڵەوی ئەسپیان گرتووە و چاوەڕوانی ئاماژەی ئەولان، لەو دەمەدا لە پەنا زنارێکدا کزکۆڵەم کردبوو، بەجامانەی ئاودامانی سەر شانمەوە ڕابووم، وەک دارگوێژی دەم کاروانەڕێ پرچم تۆزاوی و ئاڵۆزکاو، پارچە ماندووە ترساوەکانی جەستەم کۆکردنەوە و بەرەو ئەسپی شێکاڵی نێوچاوان مارۆی لەمەڕ ئەولا خزیم، وەختایێ چوومە پاڵی، بۆنی نا بەبۆی پاو پووزی خوێناوی و پەتیمەوە و دواتر برێک لمۆزی لە پرچی ئاڵۆسکاوم هەڵسوو، لغاوم کرد، بێ ئەوەی سڵم لێ بکا شوێنم کەوت، جڵەویم دایە دەست ئەولا، لە دامێنرا ئاو تافەتافی بوو، حەیفێکم گۆزەی لێ نەبوو هەتا پڕ گۆزەیەکی سوور ئاوی ڕوونی ئەو چۆمە بەشوێنیاندا قڵپ بکەمەوە، ئەولا وەختێ جڵەوی شێکاڵی لێ وەرگرتم بزەی هاتێ وتی:

«شێکاڵی منیش وەک نۆزینی ڕەشی لای تۆ ناڕوا، ئەگەر ڕۆیی غاردەدا، کە غاری دا باڵی لێ پەیدا دەبێ!»

ئۆردووی جاش و جەیش و وشتر سواری چاو ڕیپۆقاویی تفەنگی درێژ بەشانەوە، بەرایی گەیشت و سەری کێشایە بناری چیا، ڕمبەی پۆستاڵ لە پێی سەر بەکلاوئاسن و هاڕەی ئامێریان چون هەورەناڵەی دوامای بەهار لە دۆڵەکەدا دەنگیان دەدایەوە، غەزاییکەرە وەک من پێیان پەتی و لەو زنجیرە چیا بەلێڕەوار ڕەشەدا بنچکیان لێ چووبووە قاتی، تا لە بنیدا هەڵکورمێن، ئەولا پێی لە ئاوزەنگی دانا و ئوزاقی خۆی دا، قنج لەسەر زین جێگیر بوو، جڵەوی شل کرد و ڕکێفێکی کاریگەری خێواندە خالیگەی شێکاڵ، ئەویش جووت پاشووی لە زەوی چەقاند و یەک بەخۆی هەڵسایەوە و ڕاسا، حیلاندی و قەدەرێک

دەستەکانی لە هەوادا ڕاوەشاند، پێمیم خۆیان بەستبوو، تەنگەی ئەسپیان شەتاندبوو، لغاویان کردبوون، پێکرا لێیان سواربوون، خاڵخاڵۆکە بەکەفەڵپۆش و تەرک و سینەبەندی ئەسپیانەوە، پریشکی نارنجیی ئاگر لە ناڵ و سمی ئەسپی ئەولاوە چەخماخەی دا، بەشوێنیدا تەواوی دەستەکە بەسواریی ئەسپی سم و ناڵ بەچەخماخەوە، تفەنگیان بەرز گرتبوو چاوێکیشیان لەسەر من بوو وەک بڵێن:

«دڵاودڵ مەبە، خولامی سەری تۆین، شەنگە کچی شۆڕەسوار!»

ورەم دایە بەرخۆم و پێم وتن:

«منیش کابانێکی دڵسۆزی ئێوەم. پێم خۆشە ببمە ئەو دەوەنەی شۆڕشڤانێ خۆی تێدا حەشار داوە و چووەتە بۆسەی دوژمنەوە!»

ئەسپی گەردن بەرزی کلک بەیداخ، چاوم لە شەپۆلی یاڵیان بوو وەختێ بەدەم باگژەوە شەپۆلیان دەدا و دەیانلەرفاند، هەزاران خاڵخاڵۆکەی پرتەقاڵیی وردیلەی خاڵڕەش بەشوێنیاندا دەفڕین، بەکەفەڵپۆش و پاشکۆ و بەرکۆیانەوە، بەقەڵپووزی زین و داری تفەنگیانەوە دەنیشتنەوە، لە تافی چوارناڵەدا لەم سوارەوە دەفڕینە لای ئەو سوار، زیاتر پلوورەیان لە ئەسپی شێکاڵی بژ و پەرچەم زەردی بەکووژەکەی شینی لەمەڕ ئەولا دابوو، لەگەڵ دەرکەوتنی تیپی سواردا، ئۆردووی جاش و جەیش لە پێشڕەوی وەستا و بەیەکدا هاتن، لێرە و لەوێ پەنایان گرت، لە هیکڕا بووە تەڕاد لێدانی سواران، ئای لەبەر خرینگەی ئاوزەنگییان، وای لەبەر پرمەی ئەسپان و های لەبەر خرینگەی ناڵیان، چاوم لێ بوو زرێپۆشی پێشەنگی ئۆردوو ئاگری تێ چوو، گڕی نارنجیی لێوە بڵندبوو، چاوم لێ بوو، گوێشم لێ بوو،





زمانەی گڕ لە نێو وژە وژی بادا دەرەقسا و لرفە لرف هەڵدەکشا و گەزارەی دەکێشا، ئەسپی تەیاری هەواکەوتوو بەسەر کڵپەی ئاگردا بازرەقەیان دەبەست، گولله چون پشکۆی باڵدار دەڤزین و بەدار و بەرددا دەچزان، ئەو دۆڵە سەوزە بەجارێ پڕبوو لە دەنگ و ڕەنگ، لە دووڕرا، وەختایێ شێکاڵی نێوچاوان مارۆی ئەولا نەبی هەڵدەسایەوە سەر پاشوو و دەیزیڕاند، لە دارئالایەکی گڕگرتوو دەچوو، ئیدی منیش سەرسام بەقەمسەڵەی شان و جامانەی ئاودامانەوە، ڕووەو دارمازووە زەلامەکە خزیم..

لە گەڕانەوەدا، خۆیان ماندوو زار وشک و ولاغەکان کەفیان دەردابوو، بەرلەوەی بێنە بن دارمازووەکەی لای من، لە گۆمەکەی دامێندا بریک خۆیان فێنک کردەوە، بەخێرم هێنان و فەرمووی نانخواردنم لێ کردن، ئەولا لە تەوقی سەرمەوە تا پێم چاوێکی پێدا خشاندم، منیش وتم:

«خۆشحاڵم هەموو لایەک بەبێ زیان گەڕانەوە.»

ئەولا وتی: «دەزانم خۆشحاڵیت شۆخە کچ؛ هەر بمێنی بۆ ئێمە! ئەو جلکە خاکییانەت جوان لێ هاتووە کابان!»

منیش وتم: «ئەوە هەستی خۆت جوانە، بۆیە وا بەجوانی دەوروبەرت دەبینی!»

تاوێک بێدەنگ ما، هەر بەبێدەنگییش سەرنجی دەدام، دواتر لەسەری ڕۆیی،

«ئەگەرچی ئاوەکەی برێ ساردە، بەڵام چاکت کرد خۆت فێنک کردووەتەوە، ئیدی وەک جاران چالاکی بۆ جەستەت دەگەڕێتەوە!»

پرسیم، «بەچیدا دەزانی مەلەم کردووە، ئەولا؟»

«ڕووی گۆمەکە بووەتە نیلۆفەڕیی سوور و زەرد و پەمبەیی، بەوەدا زانیم هەبێ و نەبێ کابان خان خۆی تێدا مەلە داوە!»

بەدەم زەردەخەنەوە ئاوا وەڵامی دامەوە ئەولا، دەڵێی لەم سرووتەدا وام لە خزمەت پیرێکی نوورانیدا و دەخوازم لەم هەناسانەدا مەلێ نەجریوێ، بایێ نەشنێ، ڕووبارێ نەتافێ، تا گوێم لە دەنگی دڵی خۆم بێ و بۆنی گژوگیا و گوڵاڵەی مانگی گوڵانی چیای شیرین و نێرگسی کەناری ڕووباری شین بکەم، بەشکو سەدای وتەکانی ئەوسای ئەولام لەگەڵ خۆیاندا بۆ بێنن و بەگوێمیدا بدەنەوە، دەڵێی ئێستایە، وەختێ ئەسپی شێکاڵی سەرکەللە بەزەمبەری ئەولا، گوێکانی مووچ کردن و کلکی ئاوریشمی زەردی خاوی لەسەر پشتی دانا، کە شاڵاو بەرێتە سەریان و پرماندی، سەرباری ئەو حەمکە ترسەی لە دڵما باری خستبوو، هێشتا هەر لە سەیری جوانی و هەڵمەتی شێکاڵ تێر نەدەبووم، ئاژەڵی کێوی و ماڵیی بیرە بیرە، باڵندەی پەرتەوازەی زراو ڕژاوی بەقیژە و زیقە، ئەوانیش هاتبوون بۆنی غەریبی بەئەولاوە بنێن، ئەودەم لەگەڵ هەڵمەتی ئەواندا تۆز ڕژایە کالانەی چاومانەوە، وەختێ بابەلیسک ئاسا هەڵیان کردە سەر ئۆردووی جاش و جەیش، هێشتا مەردمی چاو ترساوی بازرەبوو بەنێو تەپومژ و بەنێو لینگی ئەسپەکانی ئەماندا بەلاکەلاک دەگەیشتنە بەرەوە، خوایە دەستت بەباڵی ئەولا و دەستەکەیەوە بێ، خۆ ئەمان نە زریەیان پۆشیوە و نە چەک و نە ژمارەیان وەک هی ئەوانە، ئیدی چۆن بتوانن لە هێز و فێڵ و فەرزینیان دەربچن؟

*

خۆ ئەولا وەک پەیکەری ئاسایی نەوەستاوە، ئەوەتا بەچالانچەقیلەی





سووری بان سینگییەوە وا خەریکە گلێنەی چاوەکانی ڕەنگیان تێ دەڕژێ و دەگەڕێن، لەوەدایە زار بکاتەوە و بەدەم زەردەخەنەوە پێم بڵێ:

«خۆت لە گوڵەکانت بەرەنگ و بۆتری ئەی شۆخە کچی شەنگەسوار، بۆنی بۆنخۆشکەی مانگی گوڵانی چیای شیرینت لێ دێ، غەریبیم کردی کابان!»

ئەو دەمەی تەقڵەکوت گەیشتمە بەرەوە، پێمیمێکی جحێڵ، بەئاوازێکی دڵفریو شمشاڵی دەژەند، من ترسێکی دەم بەهاوار چوارکەناری تەنیبووم و پێ دەچوو بەدوای کارێکی لە توانا بەدەری وەک هەڵکشان بەرەو ئەستێرەی گەلاوێژ غاربدەم، لە ئەولام پرسی: «بەخۆت و دەستەیەک پێمیمەوە چۆن دەتوانن بەرەو ڕووی ئۆردوویەک بوەستن؟»

ئەو دوای ڕامانێک وتی: «ئێمە عاشقین کابان، عاشقان کێویان تاشیوە، ئێمە گەردنمان بە چەمینەوە ڕانەهاتووە، بۆیە هەر دەبێ بەرەنگار بین!»

ئەولا بەر لەوەی بدوێ ڕادەما، دیار بوو لەو جیهانەی لە حوکمی چاودایە دوورتری دەبینی، وتم:

«کەوایە چەکێکم بدەنێ، با منیش لە نۆزین سواربم و بەشداربم؟»

ئەولا وتی، «کەممان ڕێ بریوە و زۆرمان لە پێشە، هەڵی گرە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی داهاتوو، شۆخە کچی شۆڕە سوار!»

ئەولا قەبارەی ترسی لە چاومدا خوێندبووەوە و نەیدایە ڕووم، خۆزیا منیش بەگەیشتنم، گەرماوگەرم بمتوانیبا تاوێ بەتاو تاوانبارانی ئەو تەماکارە تەنواو تووتەباب و تاوانبارانە بکەم، لەپڕ ژنێک تژی لە

ژنایەتی لە ناخمدا بەئاگا هات و خۆم لە جامانە و قەمسەڵەکەی ئەولادا گرمۆڵە کرد، پرچم بەسەر شان و گەردنما پەخشان و خوێنی گەرم و گەش بەجەستەمدا کەوتە فڕکە، دوای چەند مانگێک کاتێ تەواو ڕوومان لەگەڵ یەکدا کرایەوە. لە نیوەشەوێکی سارددا لەو دەمەدا لەگەڵ دەستەکەیدا بەرەو چەپەرێکی جەیش لەسەر ڕێ بوو، پێی گوتم:

«پرسێکی گرینگم لە لا ورووژاوە، وەختێ گەڕامەوە بەشێنەیی پێکەوە باسی دەکەین!»

وەهای پێ وتم و چاوەکانی بەو شەوە ساردە بریسکانەوە، گوێشم لە هەناسەی گەرمی بوو، ویستی لە هەمێزم بگرێ، وەلێ نازانم لەبەرچی ژێوان بووەوە و کشایەوە، منی بەتەنیا جێ هێشت، وەلێ هەتا دوورکەوتەوە گوێم لە زرینگەی ناڵی ئەسپیان بوو ڕووەو خۆرهەڵات بەسەڵەف بەهەورازەکاندا هەڵگژان، نۆزینی ڕەشیش، لێکدا لێکدا لە دوویان لە حیلەی دەدا، دەجوولا و بەعەردەوە نەدەنووسا، دەیویست بێ سوار دوایان کەوێ، بۆیە ناچارمام بەڕشمەکەی خۆی لە قەدی دارتوویەکی ببەستم. ئەوەندە هەیە نەهۆ ئەولا لەسەر پشتی شێکاڵی نێوچاوان بەتریفە پیادەبووە، نتم گەیشتمە بەردەمی، ئیکلامم کێشا، گورزەیەک تیشکی زێڕین لە ئاسمانی شینی ڕوونەوە دادەکشا، ڕێک دەیدا لە تیلاکی، شەپۆلێکی گەرم ڕژایە ناخم، سەرم داخست، چەپکە گوڵەکەم لە بەر پێیدا دانا، لەو دەمەدا پۆلێک هەڵۆی تیژباڵ دەیانسیڕاند و ستوونیی بەشوێن یەکدا ڕووەو خۆری تاقی ئاسمان گرتوو هەڵکشان، ڕەوەیەک ئەسپی شێکاڵی شێوە شیرینی مل بەشیلانی شین، لە تەختی نێوچاوانیاندا مانگی چواردە دەدرەوشا،





بەنێو تافەی چۆمە خوڕێنەکەی دامێندا شڵپوکۆ غاریان دەدا، پریشکی ئاو لە چوارپەلیانەوە بارتەقای بالآیان هەڵدەکشا، دڵۆپە ئاوەکان لەگەڵ تاڵە تیشکی نەوبەهاری ئەرخەوان سووردا بەیەکدا دەهاتن و شەبەنگی خۆریان نەخشاند. هەزاران خاڵخاڵۆکەی پرتەقاڵیی سەر پشت سیا، ئالانە بالای ئەولا.

کۆبنهاون، ٢٦/١٢/٢٠٠٥

فەرهەنگۆک:

شێف: زەوییەک کێڵرابێ
ڕەمیا: هەلات، غاری دا
ئەلهای شڵپوکۆ دەکا: ئارەزووی شڵپوکۆ دەکا
بەدفەساڵ: ناشیرین، دزێو
ئاڵچاخ: سووک و بێ ئابڕوو، بێ حەیا، دەستبڕ
شەوە: بەردێکی ڕەشی بەنرخە
بێ ئەنوا: بێ لانە و بانە، بێ ماڵ و حاڵ
دەرگەی گاڵەدا: دەرگەی داخست
نۆزین: جوانوویەک تازە زینی لێ کرابێ و بۆ سواری ڕەنێوهێنرابێ.
نمەد: یاخۆ نمەدزین، پارچە لبادێکە لە ژێر زینەوە لە ئەسپ دەکرێ، تاکو زینەکە ئازاری پشتی ئەسپەکە نەدا و هەم بۆ ئەوەی ئارەق گل بداتەوە.
لەرزەک: قامیش
هۆریەڵ: (هەورامییە)، جاش، دەحشک
دەروو: دەرفەتی ڕزگاربوون، دەرە، دۆڵی تەنگ
تەقودەو: ڕەوی لەپڕ و بەکۆمەڵی باڵندە
سەڵەف: تاوی غاری ئەسپ
بانوبەیروون: شوێنی بەرز و بێ ئاو
تەقلەکوت: تاوی غار، بلەز، پڕتاوی غار

شێتاڵ: تۆنێکە لە ڕەنگی ئەسپی شێ، بەڵام بڕێ تۆخە، (ئاماڵ پرتەقاڵیی تۆخ)

شێکاڵ: تۆنێکە لە ڕەنگی ئەسپی شێ، بەڵام بڕێ کاڵە، (ئاماڵ پرتەقاڵیی کاڵ)

دەیانقەڵاشت: هەڵدەهاتن

چاتۆڵ: ڕەشماڵی بچووک و سەفەری

گامارۆ: باڵندەیەکی ملدرێژی دەنووک درێژی نێوچاوان چەرمگە لە گوێ چۆم و ڕووبارەکاندا دەژی.

عەجاج: تۆزوبایەکی چڕە، هەناسە سوار دەکات و بەری ڕوانین دەگرێ، لە بادییە و باشووری عێراقەوە هەڵدەکا.

گەردەنە: ملەی چیا

پۆڕچین: باڵندەیەکە لە مراوی دەچێت و بچووکترە، لە گوێ چۆم و ڕووبارەکاندا دەژی.

دەمووکانە: بنچکێکە لە قەدی دارمازووی کۆنەساڵ دەڕوێ و بەرێکی ورد دەگرێ بۆ هەندێ پێداویستی بەکاردێ.

لزگە: لزگ، لکی ڕووەک

تەرتەوەرتە: پەرشوبڵاو بوون، بیرە بیرە

کەفەڵپۆش: پارچە قوماشێکە بەنەخش دەڕازێنرێتەوە، بەسەر کەفەڵی ئەسپدا دەدرێ.

سینەبەند: قایشی سینەبەند، ئەو قایشەی بەسینەی ئەسپەوەیە، بۆ ئەوەی زین باش ڕابگرێ، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاخانەی بەهەڵمەتن.

خاڵخاڵۆکە: ماڵماڵە سوورە

بابەلیسک: گێژەڵووکە، باهۆز

خوارو عەجیج و هەدیرو قەسیف: (خوار، عجیج، هدیر، قصیف) ئەم زاراوانە عارەبین و هەموویان دەنگی وشترن.

تەوەن: (هەورامییە) واتە بەرد، تەوەنباران: بەردباران

تووتەباب: (هەورامییە) سەگباب

تەنوا: پیس، چەپەڵ



## گەڕانەوە

ئەگەر مەیلت لێ بێ کوڕی شیرینم، هەموو شتێک بەدڵی خۆت دەبێ، وەختێ بەجێم هێشت ئەو تەمەنی هەروا دوو سێ ساڵان بوو، پرچی کاڵ و چاوەیلی کەژاڵ و سەرگۆنا قەیفەیی، نازانم بۆچی لە پەستا لە غەیبەوە پێم دەڵێن، ئێوە تەواو بۆ یەک خولقاون، مەرد بە و مەردی خوا بەقسەی باپیرەی خۆت بکە، لەم غەریببیە ژن مەخوازە، نەبادا لێرەدا کۆتاییت پێ بێ و منیش کۆتاییم پێ بێ، هەرکاتێ دەرفەتت بۆ ڕەخسا بگەڕێوە وڵات و لەوێ (هاژە)ی ئامۆزات بخوازە، جا ئەوسا ئەگەر لە گۆڕیشدا بم، دڵگەرم، دەیکەم بەئاهەنگ و زەمزەمە و ڕۆحم پێتان شاد دەبێ، (لەکۆ) هیوای گەورە و گرانم پێتە، بێ هیوام نەکەی ها.

باپیرەم زۆر جار بە تانوپۆی هاژەدا دەهاتە خوارو زۆری دڵ پێوە بوو لەگەڵ ئامۆزای خۆمدا زەماوەند بکەم، منیش بەجانتایەکی ڕەوڕەوەدارەوە گەیشتوومەتە شوێنی مەبەست، من دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم، چەند وشەیەکی جوانم پێ بێ، بەگوێیدا بدەم، یەکەم نیگا لە ژیانی هەر کوڕ و کچێکدا دەبێتە شیرینترین ساتەوەختی تەمەن و یاد دەکرێتەوە، ئەگەر زمانم گۆ نەکا و شرم برم بیدەم بەیەکدا، ئەوا وێنەیەکی شێواوی لەسەر من لە زەیندا جێگیر دەبێ، چۆنە ئەگەر یەکسەر بڵێم، ئاسمان شین و دەریا شین و چاوەکانی هاژە خانیش

شین، نانا ڕۆژباشی لێ دەکەم و نەرم نەرم دەستی دەگوشم و خۆمی پێ دەناسێنم، دوای ئەوەی بەیەک ئاشنا بووین بەشێنەیی، کاتێ هەر خۆم و خۆی بووین بەگوێیدا دەچپێنم، لە کێشوەرێکی سارد و سەقەم و بەلاسامەوە هاتووم، بە هەناسەکانت گەرمم بکەرەوە، لە هەرێمێکی سەر بەهەورەوە هاتوومە خاک و پات، بەتیشکی چاوەکانت تاریکاییی ناخم ڕۆشن بکەرەوە، وەرە هاژە حەسرەتەکانم لە ئامێز بگرە و بەگەرمیی خۆت دام پۆشە، پەرۆشم تاسەم لێت تێر بێ و...

دەبێ ئەمە ئەو ماڵەبێ، کە باپیرم، ڕۆحی بە بەهەشت شاد بێ ناوونیشانی بۆ هەڵدام و هەتا مرد داخ و حەسرەتی بۆ هەڵدەکێشا، بەئاواتی گەڕانەوە و شادبوونەوەی بەم ماڵە لەو غەریبییە، بەناکامی سەری نایەوە، ئەوەتا من زۆر بەئاسانی دۆزیمەوە، ئەوندە هەیە ماندووی ڕێ و شەلاڵی ئارەقەم، بەم گەرما پڕووکێنەرە ڕانەهاتووم، وەلێ نەیسە، ئەو مەبەستەی لەودیو ئەم گەشتە نارِوونەی منەوە هەیە، گرتنەبەری ئەم ڕێگە دوورە و نۆشینی ئەم ماندووبوونە دێنێ و بەزیادەوە، ئەوەتەی باپیرەم لەو غەریبییە سەری ناوەتەوە، خەمێک لە دڵما باری خستووە، خەمی گەڕانەوە و زەماوەند لەگەڵ هاژەدا، ئەمێستا لە گوێمدا ڕمبەی دەهۆڵ و زیرەی زوڕنا دەزرنگێتەوە، بەڵام کێ دەڵێ ئێمە یەکترمان بەدڵ دەبێ، کێ دەڵێ ئێستا هاژە لە ماڵ و مێردی خۆی نییە و ژمارەیەکیش منالّی نەخستووەتەوە، خۆ ئێمە تەمەنێکە نەمانتوانیوە پێوەندییان لەگەڵدا گرێ بدەین، ئەمە چ کارەساتێکە نەتوانی زەنگ بۆ ئەم ولاتە لێ دەی و نامەی بەپۆستدا بۆ بنێری، ولاتی لە جیهان دابڕاو.

پێ دەچێ ئەم ماڵەیان بێ وا بەرامبەرمە، بەلام دەرگەکەی





گۆڕدرابێ، باپیرم دەیگوت دوودەرییەکە لە داری گوێزی ساغ چێ کراوە، ئەو دەرگەیە لەخۆیدا مێژوویەکی کۆنی پڕ بەسەرهاتی هەیە، بەیادێکی شیرینەوە پێوەستە، کەچی ئەوەتە دەرگەی ئەم ماڵە پلێتە، پلێتێکی ڕەشی لە زۆر جێوە قوپاو. دار گوێز بەهێز و خاوێنە و ئەم ژەنگگرتووە، هەرچی ئەم ماڵەیە زەنگی کارەباییی هەیە، ئەوەی باپیرم ناوونیشانی بۆ هەڵدام خواجە بێدار، ئەو دەیگوت دار چنارێک سەری لە ئاسمان دەسوێ، شەو و ڕۆژ کێشکچیی ماڵەکەیە و ئاوی پێی دانایە، گەلاکانی ڕستە دڵی کەسکن لەبەر تیشکی خۆرەتاو پرشە پرش دەبریسکێن؛ کەچی ئەوەتا لە پاڵ ئەم دەرگە پلێتەدا دارخورمایەکی زڕی قەد زبری قژ هەڵکڕووزاوی تۆزاویی ڕواوە، ئا زڕ، خۆ دەبوو هێشوویەک فەریکە خورمای پێدا ئاوێزان بێ، کە ئێستا وەرزێتی، ئا، یان لەوانەشە دارخورمایەکی...

خوا لێ ڕازیی باپیرە، بەتەواوی دڵنیاییەوە، بەدەنگە نەرمەکەی، لێی دووپات دەکردمەوە، هەر ئەوەندەی لە دەرگەت دا، ئیدی پیاوێکی تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەتی مشکی مۆری کەواو سەڵتە لەبەری گەنمڕەنگ، کە دەکاتە مامی تۆ و باوکی هاژەخان، خۆشڕوو، دوودەرییە گوێزەکەت بۆ دەخاتە سەر گازی پشت، پێویست ناکا ناوونیشانی خۆتی بۆ هەڵدەی و شێر و ڕێوی بۆ بهێنیتەوە و ناوی حەوت پشتی خۆتی بۆ هەڵبدەی، ئەو بەتەزبییە ئەبلەقەکەیەوە بەشەوقەوە بەرەوپیرت دێ و بۆنێکت پێوە دەکا، دەمودەست بەسیلەی ڕەحم دەتناسێتەوە، ئامێزت بۆ دەکاتەوە و خێرئامایەکی گەرمت لێ دەکا، بەڕووتدا پێ دەکەنێ، ئەملا و ئەولات سێ جاران ماچ دەکا، توند دەستت دەگرێ و ڕێک بۆ ژووری ژوورەوە، هەر لەو دەمەدا هاژەی

دۆتمامت پێ دەزانێ، بەزەردەی ســـەر لێـــوەوە بەرەوپیـــرت دێ و جانتاکەت بۆ ڕادەکێشی و...

ئێستا من لە شوێنی مەبەستدام، بەڵام ئەوەتا ڕەشتاڵەیەکی مۆن، ڕەش و سپییەکی لە سەروپۆتەڵاکی بەستووە، چەقی دەرگە ژەنگنەکەی گرتووە و وەک گوڵمێخ چەقیوە، بەئاوەکیم دەزانێ، ها، بڵێی شارەکەم ون کردبێ، سەیرە، لە هەر ماڵەو یەک دوانێکیان هاتوونەتە بەر دەرگە، ورد بۆم دەڕوانن، هەندێکیان نێرگەلە دەکێشن، زۆر پێ دەچێ بشێوییەک، بەڵایەک لەم گەڕەکە ڕووی دابێ و منی لێ بێ ئاگابم، نازانم بۆ زات ناکەم لە کەسیان بپرسم، ئەو ڕوخسارە ڕەش و سپی بەسەرانە، بەو هەموو بێزاری و مۆنییەوە کەی هی ئەوەن وەڵامی دروستی ڕێبوار بدەنەوە، چەند سیمایان زبر و دڵڕەقانە هەڵکەوتووە، لە چەتەکانی دەریا دەچن.

باپیرەم دەیگوت، بۆ بستێک سەروو دوودەرییە دارگوێزەکە بڕوانە، جووتێک قۆچی بەرانەکێوی دەبینی لە دوورڕا گازت دەکەن، سامێکیان بەخانووەکە داوە، کاتی خۆی بۆ چاوەزار لەوێم چەسپ کردووە، هەر قۆچە و حەوت گرێی تێدایە، ئەمەش مانای وایە، شاخی کەڵێکی حەوت ساڵە، بەهەشتی، ئەوڵای برا بچووکم لە وەرزی کەڵەهەرزدا لەو چیای سەگرمەیە ڕاوی کردبوو.

وەختێ لە دەرگە ژەنگنەکە دەڕوانم، بەرەورووی خێسەی کابرای ڕەشتاڵە دەبمەوە، ئەو ڕوانینەکانم لە نیوەی ڕێ دەتاسێنێ، جاخۆ شاخی بەرانەکێوی لە دووری دوورەوە سەرنجی ڕێبوار ڕاو دەکا، کوا هیچی وای پێوە نابینم، پێ دەچێ گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا هاتبێ...







تۆ لە ژوورە گەورەکەیاندا لە دایک بووی، باپیرم هەموو جارێک وەهای دەگوت، وەک دەستێکی گەرموگوڕ و نەرم و شل و نهێنی، دەستێک بۆن و بەرامەی سروشتی ئەو کێوانەی لێ بێ پەلی گرتبم و بۆ ناو ئەو کەونە خانووەی بەرامبەر ڕامکێشی و پێم بڵێ، فەرموو لەکۆ، وەرە ژوورێ، ئەمە لانەوبانەی تۆیە، ئەمە زێد و هێلانەی گەرم و نەرمی چەندین نەوەی بنەماڵەی ئێوەیە، تۆ و باوکی جوانەمەرگیشت، هەر لێرەدا هاتوونەتە دنیاوە، دایکت، کە لە سوێی ئەو سەری نایەوە، هەر لێرەدا ماڵئاوایی کرد، باپیرت، کە بەئاواتی گەڕانەوەوە چاوی لێک نا، لێرەدا هاتووەتە دنیاوە، ئەوەتا وەک گوێم لە یەکەم گریانی خۆم و هاژە بێت، لەو حەوشە و بانەی بەرانبەرەوە سەربکا، بەڵام من، کە بەساوایەتی ئێرەم جێ هێشتووە، بەهیچ جۆرێک ئەدگاری گەڕەک و حەوشەوبانم نایەتەوە یاد، باشە ئەگەر پرسیارێک لەم پیاوەی بەرامبەرم بکەم، دەمخوات، باوەڕ ناکەم بمخوات، با نەختێکی تر لێی بچمە پێش.

«نیوەڕۆتان باش، بەڕێز، بۆم هەیە پرسیارێکتان بەرەوڕوو بکەمەوە، ئەوەندەی نەختێک؟»

«کەللا کەللا کەللا کەللا کەللا کەللا کەللا کەللا کەللا... »

لە (کەللا کەللا) تەواو ناحاڵیم، بەڵام دەزانم چاک نابێژێ، بەدەست و دەم دەرم دەکا، دەساکێم، دەکشێمەوە، لەپای چی ئەوەندە تووڕەیە، ئاخر بۆچی بەدەست و بەدەم ڕەتم دەکاتەوە، خۆ من بابایەکی ڕەوتەنی، شارستانی، ڕێکپۆش و بێ وەزەنم، ئێستا تەواو لام روونە، کە ئەم زرتەبۆزە مامم نییە، بەڵام چۆن و لە کوێ مامم و هاژەی ئامۆزام بدۆزمەوە، نازانم، خۆ ناکرێ لە هیچ کام لەم فیلە زەلامە

نێربۆزانەی ڤاگت ئاسا چەقی دەرگەی ماڵەکانیان گرتووە بپرسم، زۆر پێ دەچێ، ئەوانە شارەزای زمان و جەستەی خێسە بن، پێ دەچێ چاووڕاوێکی نارِوون و تەماوی لەئارادا بێ، ناچارم لۆش لۆش بگەڕێمەوە بن دیواری بەرامبەر دەرگەکە، دەبووایە پرسیارم لێ نەکردبا، ئێمە، کە لە زمانی یەک ناحاڵین، چاکە ئەوا لەژێڵدا ڕێبوارێک پەیدابوو، سەرو سیمای نەختێک جیاوازە، پێ دەچی خەڵکی ئەم گەڕەکە نەبێ، ئا لەمان ناچێ، جلکی وەک ئەمانیشی نەپۆشیوە، با کەمێ لێی بچمە پێش و خۆمی لێ نزیک بخەمەوە.

«ئەرێ بێ قەیری نەبێ برا، دەکرێ بپرسم؟»

«وا دیارە نەشارەزای، ئا دەکرێ بەڵام نەختێ بەپەلە، ساوە ساو مەکە!»

«باشە، ئێرە گەڕەکی هەواری کۆن نییە؟»

«لە کۆندا ناوی وابووە، ئێستا ناوێکی دیکەی هەیە، نەکەی ناوە کۆنەکەی گۆ بکەی!»

«گوایە بۆچی گۆی نەکەم؟»

«لە کن من ئاساییە گۆی بکەی. لای ئەوان قەدەغەیە! ئەگەر ناوە کۆنەکەی لەسەر دیواری هەر ماڵێکی ئەم گەڕەکە بنووسی، ئەوا کەوڵ دەکرێی، ئەمە یاسایە!»

«چاکە حاڵی بووم! ئەدی ئەوانەی لێرە دەژیان ڕوویان لە کوێ کرد؟»

«کەس نازانێ!»

«وای لەو هەواڵە ناخۆشە! ئەدی بۆچی وتت، نەختێ بەپەلە؟»

«ئا، چونکە ناوچەیەکی ترسناکە، بەقسەم بکە، ئەم ناوە جێ بێڵە و





خۆت ون بکە، ئەگینا...»

«ئەگینا چی؟»

«ئەگینا تاریک داهات و لەم گەڕەکە بتبینن، ئەوا کەوڵت دەکەن!»

«ئاخر لەپای چی کەوڵم دەکەن؟»

«چونکە تۆ لەوان ناچی! بەوەدا، کە هێشتا هەر ئامادەی ناوی کۆنی ئەم گەڕەکە گۆ بکەی، وا دیارە تەواو نەشارەزای ئێرەی..! ڕەنگ و ڕووت بەئاشکرا هاوار دەکا تۆ لەوان نیت.. تۆ پێستت لەوان کاڵترە.. زمانیشت جیاوازە.. کەسێک وەک تۆ پێستی کاڵ بێت و شەوانە ڕێی بکەوێتە ئێرە، ئەوا دانیشتوانی ئەم گەڕەکە وەک بزن دەیگروون! خێرابە، لێرە لاکەوە.. وەک دەبینی منیش پێستم کراوەیە، ئەوە بۆیە تاوێک بەدەمتەوە وەستام! درەنگە، خوات لەگەڵ»

لەوەدا بوو تف لە گەروو و دەوروبەری زمانە بچکۆلەمدا نەمێنێ، هەناسەیەکی وشک و خێرام هەڵمژی و زارم بەتەواوی داچەقاند، ورووژام و چاوانم پڕبوون لە فرمێسک، من هێشتا ترس و سەرسامی بەری نەدابووم، کاتێ لە هیکرِا بەدەوری خۆمدا سووڕام، ڕێبوارە پێست کاڵەکەم نەدیت، دیاربوو لە پێچی کۆلانێکدا ئاوا بووبوو، دیم ڕەشتاڵەکەی چەقی دەرگەی بەرامبەرگرتوو، ڕوانینێک بۆم دەڕوانێ وەک ئەو دیقەتەی مارێکی قەفئەستووری جەنگیی برسی لە بۆقێکی بێ دەسەڵاتی دەدا، هەر بەخێسەکردنیدا دیاربوو، کە ئەو لە سەرەتاوە مرخی لێ خۆش کردبووم و ددانی لێ تیژ کردبووم، بەپەلەپڕووزێ، خرەخرِ جانتا ڕەوڕەوە لە ژێرەکەم، بەشوێن خۆمدا ڕاکێشا، بەناچاری، لە ژێر چاودێریی چڕی نەترەبۆقە نێرگەلەکێشە چەقی دەرگەگرتووە مۆنەکاندا، بەپەلەپڕووزێ، سەرکز و نائومێد ڕووەو

تیرمینالّی گەورەی شار خزیم، بەو نیازەی خۆم بگەیێنمە پایتەخت، بلیتی فڕینکەم پێش بخەم، سوپاس باپیرە گیان، کە زوو بارگە و بنەت پێچایەوە و ماڵئاواییت لێ کردم، باشتر کە فریای بیستنی ئەم هەواڵە نرتو نوێیە نەکەوتی.

december, 2, 2006

کەڵەهەرز: کەڵەز؛ وەرزی جووتەگرتنی بەران و مەڕە کێوی

نەترەبۆق: زەلامی تەژە، زەلامی زلەی ناشیرین

ساوەساو: خاوەخاو



## چاوە فێلاوییەکان

چون ڕەوینەوەی ئەو ڕانەمەڕەی لە ناکاو یەختە گورگێک لە نێوان خۆیاندا دەبینن، هەترەشچوو ڕەوینەوە. شیرازەی ڕیزە دوور و درێژەکەمان تێک چوو. بەیەکداهاتین. من لە زیرڕنم دا. چاوترساوانە هەڵبلۆقیمەوە. تەکانم دا. گورم دایە بەرخۆم. بەرزتر هەڵکشام و تەشقی ئاسمانی ساردم لە باوەش گرت. ئاسمانیش منی لە هەمێز گرت. لە زەمینرا بەلاکان دێن و بۆلای ئێمەی حەواکەوتوو هەڵدەکشێن، زەمین چەند دڵڕەق و ئاسمانیش چەندە میهرەبان!

ئەم بەدئیقباڵییە کاتێک ڕووی دا، کە قوڵنگەکان هانکە هانک، بەرز و بێ باک بەئاسمانی سارد و ساباقەوە هاشەی باڵیان دەهات. ئەو دەمەی لە چاوترووکانێکدا قوڵینگە هاوسەفەرەکەی پێشم، چون میوەی باڕێزە داکشا و وەریی. هاوکات دەرە و ئەشکەوت و گەردەنەکان شریخەی ئەو تەنیا گوللەیەیان بۆ یەکدی سەندەوە. ئەمجا بێدەنگییەک، سامناکتر لە نغرۆبوون باڵی کێشا.

دنیاش کاول ببێ، ڕاوچی بێت و داوای لێبووردن لە نێچیر ناکا. کەسیش هیندەی ڕاوچی دڵبەرد خەلق نەبووە. دەکوژێ، وەک چۆن ئاو دەخواتەوە. کۆ ناکاتەوە. چاوی بۆ ناترووکێنێ. بەخوێنساردییەوە بۆسە دەنێتەوە. شەوی بۆ بەکۆڵەوە دەگرێ. ئەو چۆڵ و هەردە بەدووی نێچێرێکدا دەگرێتە بەر و کول و کاس نابێ. میرغەزەبێکی گەڕۆکە ئەو دڵکەقرە.

بۆ تاوێک کەیف و سەفای خۆی، قولنگێکی نازداری سەرەنگریێ خست. نەخۆ باوەڕ ناکەم بەو پایزەشەوە، لەو هەڵەتە نووتەک و پڕ دار و درەختەدا جەستەی ئەو قولێنگە نازدارەی بۆ دۆزرابێتەوە، مەگەر (توولە)ی لەگەڵدا بووبێ. ڕەنگە زیاتر بەنسیب گورگێکی بێدار، چەقەڵێکی لەجەری برسی، کەمتیارێکی شەوگەڕ، یانژی ڕێوییەکی ملوموشکەر بووبێ. ئای لەو چاوە تیژە فێڵاوییانە خوایە! خۆ ئێمە، بەو شەوە بێ مانگە وەک تیبایەک بەئاسمانەوە دیاربووین! پەناهم، چ شکارئەندازێک بوو!

ئەو شەوە، ئەستێرەجاڕ زریوە زریو، بەتاقی ئاسمانی سەرەتای پایزەوە بەئاگا بوون. خۆ دەکرا، هەر نەبێ بۆ گیانی قولێنگێکی غەریبی بەرزەفڕی کۆچەری، تاوێ لە جریوە وەستابان. کەچی هەر فزەشیان لێوە نەهات. منێکی، چون دوا هەناسەکانی تەمەن شپرزە؛ فریای زیرڕنێکی خنکاو کەوتم. تەنیا زیرڕەیەک. ئەویش نەمزانی لە ترسی گیانی خۆم بوو، یان لە حەسرەت مەرگی ناوادەی هاوسەفەرەکەم؟ بەرلەوەی جەستەی خوێناویی قولێنگی کۆچەری بگاتە عەرد، داربەڕوویەکی بەهەیکەلی کۆنەساڵ، وەک دایکێکی خاوەن تاقانە میهرەبان، باوەشی گەرم و سەوزی والا کردبوو. کاتێ قولێنگی پێکراو سەرەنگریێ کەوتە هەمێزی، دار بەڕوو تەختی تەوێڵ و چالانچەقیلەی زامەکانی سینەی ماچباران کرد، ئەوجا نەرم دای هێشتە سەر زەوی. پاشان چەند چڵێکی ناسک و سەوزی گەزۆ لێ باریویشی لە قەد و بالای خۆی داماڵی و قولێنگی پێکراوی پێ کفنپۆش کرد. ئەم ڕێوڕەسمەش، دواتر لەو گەرمەسێرە، قولێنگێکی لە کۆچ بەجێماو بۆی گێڕاینەوە.





ئەو دەمە ئێمەی هاوسەفەری ڕێی دوور، دانەچۆقەمان بوو، لەرزی مەرگمان لێ هاتبوو. ئێمە ساڵانێک ئولفەتمان بەیەکەوە گرتبوو؛ کەچی نەوێراین دڵپڕ، ئەگەر بۆ تاوێکیش بووبێ بەنیازی گەردن ئازادی لابدەین و بەگەرمە برینەوە، لە تافی چاولێکناندا لە سەرینی ئامادەبین. ڕکاتێک نوێژی مردووی لەسەر دابەستین و چەند هەناسەیەک بەدیارییەوە گەردنمان بەلارەوە بنێین. تاکو هەرنەبێ ئێمەی کۆچەرییە غەریبە ئاسمان بەکۆڵەکان، کەمێ ئەندۆی دەروونمان بە با دەین. یەکبین دەفڕین، هەر دەفڕین. بریا دەمتوانی کسپوکۆی دڵی خۆمی پێ بڕێژم، ئەو ڕاوچییە دڵبەردە. تۆ بزانە هێشتا درەخت و خاک لە ڕاوچی خاوەن بەزەییترن.

دڵنیام قولێنگی نازدار و ڕەزاشیرینی پێکراوی هاوسەفەرم بەدەم سوێی زامی کارییەوە لە حاڵی گیانکەنشتدا، لە بن گەڵای سەوزی گەزۆ لێبارویدا، لە ژێر لێوەوە، ئاوا دڵخۆشیی خۆی داوەتەوە، «مەرگیش لە بەرزاییدا، بەدەم فڕینی ڕێی دوورەوە جوانتر و شیاوترە! سەد بریا پێش گەیشتنی ڕاوچی، گیانی شیرینم دەرچووبا!»

ئەوە بۆیە، ساڵانە ئێمەی ڕیزی دووروودرێژ و قەتارەبەستووی قولێنگان، وەختایێ بەڕێبواری بەئاسمانی ئەم هەرێمە پڕ ئاشووب و سارد و سامناکەدا ڕادەبوورین، بەگومانەوە سەرنج دەدەینە ئەم مەرز و بوومە ڕاخراوەی ژێرمان. دەفڕین و دڵمان لەگەڵمان نایەت. ئەو تاڵیادە، زامی کۆنمان دێنێتەوە سوێ. پێکەوە، بەدەم ڕاشەکاندن و لرفەلرفی شاباڵەوە، شینایی ئاسمان لە باوەش دەگرین و سەرمان لە کەشکەشان توند دەکەین. لەوێوە درووود بۆ گیانی بەرزەفڕی قولێنگی هاوسەفەرمان دەنێرین. وەک ڕەوە ئەسپی تۆڕی بەنێو کڵپەی ئاگردا

سەرهەڵگرتوو، بەچوارناڵە ئاسمانی ئەم دەڤەرە دەبڕین. ئەدگاری ئەو شەوە پاییزییە ئاوا لە خەیاڵمدا هەڵکۆڵراوە.

november, 12, 2006

فەرهەنگۆک:

میوەی باڕێزە: ئەو میوانەی بەرلەوەی بگەن، با هەڵیاندەوەرێنێ
دەرە: دۆڵ، شیو
توولە: سەگی چکۆلەی ڕاو
تیبا: تارمایی، ڕەشاییەک لە شەودا
زریوە زریوی ئەستێران: جریوەی ئەستێران
دڵکەڤر: دڵبەرد، دڵڕەق
ئاسمانی ساباق: ئاسمانی فراوان
تەشقی ئاسمان: بەرزایی ئاسمان
ئەندۆی دەروونم: خەم و کەسەری دەروونم
شکارئەنداز: نێچیرئەنگێو
سەرەنگرێ: هەڵەنگوتن و ڕەتبردنی ترسناک
زامی کاریی: زامی سەخت، کە ببێتە هۆی مردن
قەتارەبەستن: ڕیزبەستن
چاڵانچەقیلە: گوڵێکی کێویی سوورە، بەهاران سەر هەڵدەدا.
ئەسپی تۆڕ: ئەسپێک تەعلیم نەدرابێ
چوارناڵە: (تەنیا بۆ توخمی ئەسپ بەکاردێ) تاوی غار، سەڵەف



## لە کێ پرسم لە کوێن، کەسێ لەوێ نەماوە

(ئەم کتێبە لە نووسەرەکەی زیاتر دەژی)

شوێن: (کتێبخانەی گشتی)

ئەکتەرەکان: (حیکایەتخوان، عەلیەفەندیی ئەمیندار، ژاڵە خان، ژمارەیەک لاو)

حیکایەتخوان:

عەلیەفەندیی ئەمیندار باڵابەرز و ڕەقەکار
چاویلکەیەکی ئەستوور تا سەری کەپووی هاتوو
بەباوشێ کتێبەوە گەڕایەوە جێگەکەی
لەم دەمەدا هەر لاو بوو دەهاتن
بەپسوولەی دەستیانەوە بۆ کتێب ڕیز دەبوون
بەڵام ئەمیندار تەنیا لەگەڵ ژاڵە خان خەریک بوو
ژاڵە خان پرچ ڕەشی قەترانیی تا ناوشان
لەوێندەر چاوەڕوان
ئەمیندار یەکبینە بۆ کەژاڵ دەپەیڤی و
لەسەر چاویلکەکەیەوە بۆ کچەی دەڕوانی
وەک چرا دەدرەوشا چاوانی
زەردەیان دەهاتێ لێوانی

بەدەستی خاراوی یەکبینە
هەمەجۆر کتێبی
بەژاڵە خان دەناساند
وەختایێ ئەمیندار دەدوا
دەنگی وەک زەنگوڵە دەزرنگا
دەپەیڤی و ژاڵە خان لە جێی
خۆی سەرسام و خەرمانی خەیاڵی
لە دەوری ئەمیندار ئالابوو.

(عەلیەفەندی خەریکە کتێبێک بەژاڵە خان دەناسێنێ، کاتێ لە ناساندنی دەبێتەوە. نۆرە دێتە سەر پەڕاوێز، کە بریتییە لە پاژێکی بچووکی ئەو کتێبە و بەشێوەی نواندن پیشان دەدرێ. دەکرێ عەلیەفەندی و ژاڵە خان خۆیان ڕۆڵی هەندێ لە قارەمانەکان ببینن. دوای پیشاندانی پەڕاوێزی یەکەم دەگەڕێنەوە کتێبخانە و نۆرەی ناساندنی کتێبی دووەم و دواتر پەڕاوێزی دووەم دێ، کار بەو شێوەیە دەڕوا تا تەواوی دەقەکە کۆتاییی دێ.)

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی یەکەم)

ئەم کتێبە کێڵگەیەکی بە وشە داچێنراوە، دەپشکوێ، لق و پۆ دەردەکا و بەهێشوو گوڵ دەگرێ و هەناسە دەدا.. شاد دەبێ و دەشرەنجێ. لە تاریکیدا قەتیسی مەکە ژاڵە خان، چونکە لە تاریکیدا هەوا دەگنخێ و ڕەنگەکان دەتوێنەوە و تۆنەڕەنگەکان بزردەبن. وێنە سیحراوی و دڵفرێنەکانی دڵداری کەڕوو هەڵدێنن. نەکەی بیژاکێنی. دەشێ نها پۆلە پەپوولە ڕۆحسووکە زەرقی ڕەنگەکان، بەگەڕەکی پەرەگراف و ڕاستە شەقامی دێڕ و





بەکۆڵانی واژە و لاسک و گەڵای پاراوی وشەکانیدا، بەپۆل، سەنگین و بێدەنگ پیاسە بکەن و لەگەڵ یەک بدوێن. ڕەنگە ئێستا بانگخۆشکە بەدووپەلەی ڕستە بالا بەرزەکانییەوە تانوپۆی هێلانەیان هەڵبەستبێ؛ بەبان چڵێکی سەوزەوە دەستیان نابێتە بناگوێ و بچریکێنن. ئاگەداربە ژاڵە خان، لەو باخ و مێرغوزارەدا جوانێ نووستووە[1].

*

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی دووەم)

ئەم کتێبە لە نزمیدا جێ مەهێڵە، با نەفامێ شەڕە پشیلەی لەسەر نەنووسێ. بەمیوانی ڕێی کەوتووەتە ئاشیانەکەت، بێ ڕێزی مەکە ژاڵە خان. لەسەر بەڕە گوڵگوڵییە مێش تێداوەکان، بێ هاوڕاز و هاودەم جێی مەهێڵە. لە تاقێکی بەرزی کتێبخانە، یان نزیک بلووری لەمپایێ جێی بۆ چاکە. یاخۆ لە پاڵ شووشە بۆنێکدا. یانژی لە تەک قۆرییە شووشەکانی نۆماڵی و جیهازی بووکێنیی و وێنە یادگارییەکانی مانگی هەنگویندا، یان لەسەر ڕەفەی ژووری میوان جێی بۆ ڕاخە. دەکرێ هەر لە پاڵ نەختینەکاندا جێی بۆ بکەیتەوە. خۆ ئەمیش ملوانکەیەکی هەزاران دەنکەیە لە مروارییە ڕەشەکانی وشە. بیخوێنەرەوە، کتێب بەخوێندنەوە دەژی و تەمەنی درێژ دەبێ. پێ دەچێ ئەم کتێبە دەقێکی نایابی دەنک وردی لە سەردەم دەرچووبێ، ژاڵە خان[2].

*

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی سێیەم)

ئەم کتێبەشیان کلیلە، لە جێیەکی ئەمیندا داینێ، با ژەنگ هەڵنەهێنێ ژاڵە خان. ڕەنگە لە شەوێکی لاسامە و باو بۆراندا، دەرگە عاسی و خڕ داخراوەکانت بۆ والا بکا و تەلیسمەکانت بۆ تێک بشکێنێ. ئەو دەمەی تەنانەت کەسە نزیکەکان و دەستەخوشکەکانت پشتت تێ دەکەن، ئەم بەئەمەکەوە بەرەو ڕووت دێ و هەمێزت بۆ دەکاتەوە. جار بەجارێ چاو بنووقێنە و ئەم کتێبە والاکە، ئەمجا نەرم و بێ چپە، سەری پەنجەی شایەتمان لە بان وشەیەکی دانێ، ئەوسا چاو بکەوە و ببینە، تاکو بەئەمانەتەوە ئایندەت بۆ وەخوێنێ، ژاڵە خان(٣).

*

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی چوارەم)

پێ دەچێ ئەم کتێبەش باس لە تەنگانە و ڕۆژگاری ڕەش و پڕ مەینەت بکا. بەند و کۆپلەکانی بۆ شەهیدە گومناوەکانی سەروبەندی ئەنفال ڕێکخرابن، بە تاڵە تیشکی هەتاو هۆنرابنەوە. بەوردی وەیخوێنە تاکو بە تاریکی سەر نەنێیتەوە. لەوانەیە دانەرەکەی، لە ئێوارەی تەمەنیدا تەنیاباڵ و نامراد، سەری نابێتەوە و هێشتا کوڵوکۆ و نزوولەکانی گەرم بەناو هەوار و چیمەنزاری دێر و وشەکانیدا شانکز، لێوبەبار و ڕەنگپەڕیو هەنگاوبنێن. پێ دەچێ یاداشتی نووسەرێکی پێشمەرگە بێ. ئەو نووسەرە نامرادە، خۆشی نەدیوانە، هەتا لە ژیاندان گومناون. وەلێ مینا ئاسەوارە دێرینەکان، سالانێک دوای بەسەرچوونی سەردەمی خۆیان ئەوجا دەدرەوشێن، ژاڵە خان(٤).

*





عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی پێنجەم)

لە قەوارەی تەنکی ئەم کتێبە دامەمێنە، کتێب بەژمارەی پەڕەکانی ناپێورێ. هەروەک لە بێدەنگیشی ڕامەمێنە، پڕە لە دەنگ. ئەوەندە هەیە زۆرێک لە شتە جوان و دانسقەکان نتمن، دەبێ ئێمە بیانهێنینە گۆ. ئەم پیاوە ماندووەی نێو گوڵجاڕی ئەم کتێبەش، ڕێبوارێکی دێوانە مەشرەبە و لە دووی مانا دەگەڕێ. مەهێڵە دووکەڵی سیگار و دڵۆپی چای بەرکەوێ، با ئاه و هەناسەکانی دانەری نەگەچلێ و بگاتە قاپیی خوا، ژاڵە خان(٥).

*

عەلیەفەندی: (کتێبی شەشەم)

ئەو کتێبەشیان ژاڵە خان، باس لە شەبەیخوون و جەنگی برا نەیارەکان و خێڵە کەللەڕەقە چاو بەخوێنە تەرتەوەرتەکانی ئەودیو چیا دەکا، لە دەمییەوە مەدە و مەیورووژێنە، نەبادا لەپڕێکدا بیکەن بەتەپوتۆزی ڕمبازێن و تەڕادلێدان و بفڕێن بفڕێنی سوار. هەمدیسڕۆ سەری مەیدان لە یەکدی بگرنەوە و بەجارێک شیرازەی شلۆق و نەمەییوی ئاشتیی نێوان خێڵە ناتەباکان تێک بچێ و بکەونەوە گیانی یەک و دوو. ئەمانە ئاوەزیان هەتا سنووری سێبەرەکانیان بڕدەکا. ئەم کتێبە ڕووتوقووتە وەک جەستەی حەقیقەت. لە چاوپیس و قەڵەمفیتنە و بەدبێژ و خومەشێونە بیپارێزە. بەرگێکی سپیی بەفرین، شینی قەزوانی، یانژی سەوزێکی ژەنگاری تێ بگرە، با هەر بەبێ گەردی بمێنێتەوە. دڵنیابە ئەم کتێبە لە خودی خاوەنەکەی

پتر دەژی، ژاڵە خان[٦].

*

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی حەوتەم)

ئەم کتێبەشیان گلەو گازندەی سەرکردووی نووسەرێکی هەقخوراوی تووڕەی هەقبێژە. وشەکانی ڕەپ و ڕاست و بێ پەردە و ڕووتوقووتن وەک بوتڵی شەراب. خەمێکی خەست لە دڵیدا باری خستووە و لە هەڵمەتەکاسە و گەندەڵ و سەرەسۆدرە و فرسەتخوازەکان یاخییە، کە بەسەر شان و ملی ماندووەکاندا هەڵدەگژێن و ڕۆژێ لە ڕۆژان ئارەقە نەنیشتووەتە هەنیەیان. وریابە ژاڵە خان، ئاه و هەناسەی نەتگرێ. نەهێڵی گەردی لێ بنیشێ کچێ. بەهەندی بگرە و ورد بیخوێنەرەوە، ژاڵە خان[٧].

*

عەلیەفەندی: (ناساندنی کتێبی هەشتەم)

ئەمەشیان دڵدارییە ڕۆمانە. بەزمانێکی شیرین، خۆشەویستی (هێلین و کاسۆ)ت بۆ دەگێڕێتەوە، تژییە لە فێڵەکانی گێڕانەوە و تەکنیک. هێلین زەرییەکە پرچی بەتاریکاییی نیوەشەو شانە دەکا و لێوەکانی بەئاسۆی خەنەیی دەڕەنگێنێ. ئەو کاسۆی بەدەستەگوڵ هەڵبژاردووە. کوڕانی خێڵی فیتنە هەڵگیرسێن و پاتاڵ، خزمی ئۆینباز و توکتاڵ، مەلای بیر ڕزیو، شێخی بەڵمەڕیشە، بەم خۆشەویستییە ناقایلن و بەدنیازن، بەڵام ئەمان بەیدەس نابن، کاسۆ ئەگەرچی نەخێڵی لە پشتە و نە پارە، بەڵام کردەیە و خورتێکی شوێن و ڕێ دیارە. ئەو لەو





وشانە دەچی، کە چۆن دەنووسرێن ئاوەها ناخوێنرێنەوە. هەرچی هێلینیشە پێ دەچێ ئەگەر سەریشی داناوە پێملی هەڕەشە نەبێ. شوێن پاژەکانی ئەم ڕۆمانە بکەوە، ژاڵە خان بزانە بەکوێ دەگات[٨].

*

پەڕاوێزەکان:

(١) ئەکتەرەکان: (حیکایەتخوان، ژن)

(حیکایەتخوان بەئەدای شیعر و بەهاوکاریی مووسیک، دەقەکە، کە پاژێکە لە کتێبی یەکەم دەخوێنێتەوە. هاوکات کچە ئەکتەرێک خۆی دەنوێنێ و ڕۆڵ دەبینێ و لە ناو گوڵاڵەجاڕێکدا سەمادەکا.)

ئەم ژنە دەڵێی سازێکی نووستووە. هەڵوەدای دەستێکی خاراوە، بیهێنێتە دەنگ. هەر ئەوەندەی هاتە دەنگ؛ ئیدی وەک تازە لە دیوانی (گۆران)ەوە دەرهاتبێ و بۆ ئاهەنگێک خۆی دابێ لە تەل، جریوەی مەل لە گفتولفتیدا، سرکە سرکی ئاوی کانی لە ڕەوت و ڕۆینیدا، پرشەپرشی ستارە لە درەوشانەوەیدا.. شەماڵ بەرلەوەی خۆی دەرکەوێ شنە و سروەی دەگا. وەلێ ئەم شەنگەژنە خۆی و جیلوە و ناز و سروە و بۆی عەتری پێکەوە دەگەنە جێ. وەختێ زەردە دەنیشێتە سەر لێوی، هەموو جوانییە نووستووەکانی ئازای ئەندامی پێکەوە بەئاگا دێن.

هەرکاتێ ئەم شاژنە ڕێی دەکەوێتە ئەم باخە، گوڵاڵە فەرشی سوور بۆ پاینازی ڕادەخا، سوورە چنارێک لە دووڕرا دەستی سەوزی سڵاوی بەرزی بۆ هەڵدەبڕێ. هەور، شەپقە سپییەکەی بۆ بەرز دەکا. پۆلێک شالوور لە نێوان چڵی درەختە بەژن زراڤەکانەوە، بۆ پێشوازیی، پارچە مووسیکێکی شاد دەژەنن. مێخەک و شەوبۆ سپی و پەمبەکانیش خاکی بەرپێی عەترباران دەکەن. پۆلێ پەپوولەی تژی لە ڕەنگ، بێدەنگ دێن. سروەی باڵیشیان نایە، بەڵام فڕینی سەما شێوەی ئەوان و جیلوەی ڕەنگیان دەها لە دەنگ بەخرۆشتر.

ژن:

(لە سەما دەوەستێ) تەنیا جێی هێشتم.. بەڕادەیەک تەنیام ئەگەر چواردەورم هەمووی دایک و خوشک و مام و خاڵ بێ، هەر تەنیام.. ئەو بەجارێ هەموو ژیانمی داگیر کردووە. دڵم بەکەس ناکرێتەوە و کەسێک ناتوانێ لەم تەنیاییەم دەربێنێ. من بەم جووڵە و سەمایە سەربووردەی خۆم بۆ خۆم و بۆ سروشت دەگێڕمەوە. دوای باوشی مێردەکەم هەردەبێ بچمەوە باوەشی سروشت. سروشت و مێردەکەم. ئەوان مانای ژیانیان لەم شارەدا کوشت! لێرە دەبێ دەستەکانت بکەی بە پێ و لەسەر چوارپەل بڕۆی و بەدوای ژیاندا چوارناڵە غاربدەی. لەگەڵ ئەوەشدا هەر فریای ژیان ناکەوی. لێرە ناتوانی پڕ بەسییەکانت هەناسە بدەی.. ماوەیەکە بێ هەواڵ و دەنگوباسە مێردە ئازیزەکەم. سەری خۆی هەڵگرت، بەو هیوایەی بگاتە کەناری دنیای سەرفرازیی و لەوێوە هەواڵێکی خۆشی هەبێ. لەوێوە قولاپەکەیم بۆ هەڵدا و لە مەرگ ڕزگارم کا.

ئەو کاتێ لە درزی عەزیزییە پەمەییەکەمەوە، بەنەرمە نەرمە دەستی دەهێنا و پەنجەی بەر سەر گۆی مەمکم دەکەوت، بەجارێ گڕی لە جەستەم بەردەدا. تەزوویەکی خۆش، ڕۆحی دەلاواندم. کاتێ مێردەکەم ناولەپی بەسەر مەمکەکانمدا دەهێنا بۆنی نێرگز لە جەستەمەوە شەپۆلی دەدا و دەتەنییەوە، بەژوورەکەدا بڵاو دەبووەوە. ئەوجا یەک بەخۆی باوەشی پێدا دەکردم و بۆنی پرچەکانی دەکردم، کە هەمیشە دەهاتنە سەر چاوم. ئیدی دەچوومە دۆخێکی ئەوتۆوە، زمانێک نەدەما پێی بدوێم! هەرچی وشەیەک لە تافی منداڵیڕا کۆم کردبوونەوە، وەک دانەی وردە مووروی ملوانکەیەکی درێژ و لەپڕ ڕایەڵەکەی پچڕابێ، بەچوارکەناردا بڵاو دەبوونەوە. ئیدی لە هەندێ ئاه و زیقە و هاواری ژنانەی بێ مانا بترازێ هیچی دیکەم بیرنەدەما. بڵێی بگاتە جێ مێردەکەم؟

*

(٢) ئەکتەرەکان: (حیکایەتخوان، لەکۆ، دایک)

(حیکایەتخوان بەئەدای شیعر و بەهاوکاریی مووسیکی گونجاو، لە پاڵ کێلی گۆڕێکدا دەقەکە، کە پاژێکی کتێبی دووەمە دەخوێنێتەوە. لەو دەمەدا





لە نێو گورزە تیشکێکی بەهێزەوە، پێمیمێکی شەهید لە گۆڕ دەردێ. ئەکتەرێک بەپانتۆمایم ڕۆڵی کەسێکی دنیادیوەی خاوەن ئەزموونی نەترس دەبینێ. دەکرێ ئەم دیمەنە لە پشتی تەنکە پەردەیەکیشەوە ڕایی بکرێ.)

حیکایەتخوان:

خۆ (لەکۆ) شەتڵە ڕێحانە نەبوو تا ئەو دەستە عەترپرژێن کا، کە دەسکەنەی دەکا! وەک خۆر بێ سێبەر بوو، نەبادا گەڵۆرەکان لە سایەیدا بحەوێنەوە. پیاوێ بوو لە بوومەلەرزە، کاتێ توورە دەبوو؛ ئاسمانی ساماڵیش بوو، ئەودەمەی هێور دەبووەوە. وەک کەسێک ژیان و زەمان لەمحەکیان دابێ، چی تاڵی و تفتی هەبێ نۆشیبێتی، تەنیا مەرگ مابێ، بیەوێ ئەویش تاقی بکاتەوە؛ وەها پێشوازیی لە مەرگ کرد.

(لەکۆ، دەگەڕێ بەدەنگێک ئیکۆی تێکەڵە، سەربوردەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە)

لەکۆ:

لەو ڕۆژەوە لە دایک بووم؛ مناڵیم لەگەڵ خۆم نەهێنا؛
بۆ سەردەم و بۆ جەوری زەمانەم جێ هێشت،
لەو ڕۆژەوەی هاتمە دنیا،
لە واهیمە سمێڵێکی بابریم، لەسەر لچم دانا،
بازووی وەهمم لێ هەڵکرد و
تێکەڵ مناڵانی گەڕەک نەبووم،
نە پیاسەی دارستان و نە پایسکل و
نە بووکە شووشە و نە هەڵماتێن،
نە فیلمی کارتۆن، نە تۆپانێ و
نە شەکرۆکە و محەللەبی، هیچم نەبوو،
بێ جەژنانە، جەژنەکانم بەسەر دەبرد،
پیاوێکی وەهمیی کۆمەڵ و بەکۆڵاناندا دەگەڕام،
سینییەک بەسەر سەرمەوە،
تینوو، شەمسی، برسی.

هەموو ڕۆژانی هەینییەک، بەپێیان، تەکەڵ تەکەڵ،
بە دەبەیەکی دە لیتریی پڕ ئاوەوە،
بەرەو گردی سەیوان ڕێگەم دەبڕی،
تا دارژاڵەکەی دەم کێلی سەرینی باوکم،
سەوز بێ و گوڵە پەمەیییەکانی هەمیشە بچریسکێن،
من ئەوە خەمی گەورەی شەو و ڕۆژم بوو،
بۆ خۆم تینوو، ژاڵەی سەرینی گۆڕی باوکیشم تێر ئاو.
خەمی خۆم پی هەڵنەدەگیرا، هی ئەویشی هاتبووە بان.
تازە سمێڵم بۆر کردبوو، ئەملا و ئەولای خۆم ناسیبوو؛
دایکم لە سێباری نیوەشەوێکدا، لە شیرین خەو ڕای پەڕاندم..

دایک: بگرە، ئەمە تفەنگەکەی باوکەتە. لە تۆ بترازێ کەسی دیکە شایستەی هەڵگرتنی ئەم تفەنگەی نییە. بیکە شانت و بڕۆ.

لەکۆ: بۆ کوێ بەم درەنگانی شەوە؟

دایک: بۆ چیا.. لە چیا بترازێ کوێی ترمان هەیە؟

لەکۆ: من کەسێ لە چیا ناناسم!

دایک: ئەوان لەوێ تۆ دەناسن.. هاوڕێ دێرینەکانی باوکت لەوێن. ناوونیشانی باوکتیان بۆ هەڵبدە، ئیدی هەموویان دەتناسن!

لەکۆ: چییان پێ بڵێم؟ (خۆی دەگۆڕێ)

دایک: بڵێ هاتووم تۆڵەی بابم بسێنم، پێیان بڵێ من تەواوکەری ئەوم.. بڕۆ، نەیەیتە دواوە تا پیرۆز دەبی.. لەگەڵ تەپڵی سەرکەوتن و هەڵکردنی ئاگری سەر لووتکەکاندا بگەڕێوە. بڕۆ شیری منت حەڵاڵ بێ.. چاو لێک مەنێ، هەر ئێستا خۆت بگۆڕە و بڕۆ.. ئێستا کاتێتی و سبەی درەنگە.. دەمەوێ لێرەوە گوێم لە دەنگت بێ، دنیا پڕ بکا لە گاڵە و خرۆش. دەمەوێ لێرەوە چاوم لە بڵێسەی نەدیری بان کلاوەکان بێ، کاتێ بەدەستی خۆت دایان دەگیرسێنی لەکۆ.

لەکۆ: (دەرگەی ماڵ دەکاتەوە، بەرلەوەی ون بێ، ئاوڕ لە دایکی دەداتەوە.) بەنیازی دیدار!





دایک: هەزار جار بەنیازی دیدار، کوڕی شیرینم!

(لە دوور دەنگی لەکۆ دێ قسەکانی دایکی دووبارە دەکاتەوە) هاتووم تۆڵەی بابم بسێنم. من لەکۆم، تەواوکەری بابی خۆمم. هاتووم هەتا تەپڵی سەرکەوتن لێ نەدەم ناگەڕێمەوە. هەتا ئاگری سەرکەوتن لەسەر لووتکە بەرزەکان هەڵنەکەم ناگەڕێمەوە. بەدەستی خۆم نەدیری بان کلاوەکان هەڵدەکەم. بەهیوا بە دایە گیان!

*

(٣) (کچە ئەکتەرێک بەهاوکاریی پێویستییەکانی دەنگ لەم دیمەنەدا، کە پاژێکە لە کتێبی سێیەم، دەردەکەوێ. چاو دەنووقێنێ و کتێبێ والا دەکا. پەنجەی شایەتمانی لەسەر وشەیەک دادەنێ. پاشان چاو دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە.)

ژوورە تاریکەکانی ماڵ بە چرا ڕۆشن دەبنەوە، بەڵام ژوورە نووتەک و تەنگەبەرەکانی ناخی مرۆڤ بەهیچ چرایەک ڕۆشن نابن؛ ئەوەیشی ناخ ڕۆشن بێ، دەوروبەر بە ڕوون و ڕەوانی دەبینێ ئەگەرچی تەواوی جیهان لە شەوەزەنگ هەڵکێشرا بێ. خۆر بەهەموو ورشە و پرشەی خۆیەوە، کە ئاوی چاو دەبا، تەواوی ڕەنگەکانی گەردوونی لە خورجە خوداچنەکەیدا هەڵگرتووە، کەچی تەنیا بەتۆنەکانی ڕەش سێبەری مرۆڤ و چیا و درەخت و باڵندە دەکێشێ.. ئەم گاسنەش وەک لاسایی خۆر بکاتەوە، بۆ خۆی چەشنی ئەڵماس دەبریسکێ، کەچی ئەوەتا لەسەر ڕووپەڕی ئەم خاکە خاکییە، بەقەڵەمی ڕەش دەنووسێ، کاتێ دێر بەدێر دەیکێڵێ!

حیکایەتە کۆتایی ڕوون و شادەکان، بەشەوق و دڵخۆشییەوە بگێڕەرەوە، با باقیمەنێی ژیانت، خەم بەسەریدا زاڵ نەبێ و کۆڤان نەشکێتە ناخت.

*

(٤) (پێمیمێکی تەنیای لە ئەنفال جێماو بەتەوای چەک و تفاقەوە، بەهاوکاری مووسیک و دەنگی گونجاو لە ژینگەیەکی سووتماکی ترسناکدا ئەم مۆنۆلۆگە، کە پاژێکە لە کتێبی چوارەم دەڵێت و ڕۆڵ دەبینێ. دەکرێ هاوکات بەهاوکاریی سکرین دیمەنی ئەنفال پیشان بدرێ. واتە سینەما و شانۆ لێرەدا هاریکاریی بکەن.)

پێمیم:
تەنیا باڵ و بەجێماو،
دەترسێم کوردێکی بەکرێگیراو
لە پەنایەکا بمکوژێ..
ئێستا ژیان تەنیا بستێ،
لە لێواری خەرەندەکەوە دوورە..
خەمێکی قورس لە دڵما باری خستووە،
خەوم ئاڵۆز، بێ خوڵک و ڕەنگپەڕیوم
وەک کوڵانە پێچاوپێچ و خۆڵەپۆتەکانی هەڵەبجە.
وێرانم وەک شارە دێیەکی چەپەکی،
دوای هەڵمەتی هاوبەشی جاش و جەیش..
وەک ئەوسا نەماوم، کاتێ بێ پەروا ئینجانەی ڕێحانە،
بانیژەی ماڵەکانی گوندیان عەترباران دەکرد..
کچانی هەڵەبجە بەعام دەچوونە شێخ مۆمن و
گولان و کارێزەکەی باوەکۆچەک.
دیلانێیان لە تووەکانی هەشت هەڵووژە هەڵدەخست و
لە سای سێبەری تووە وشکدا گلەیی و بناشتیان
بۆ یەک دەگێڕایەوە و
بەدەم گومەتەی کارێزەکەیانەوە دەدا..
ئای لە هاواری ڕۆژی حەشری بەر لە (ڕەمی)ی
بەکۆمەڵ و هەناسەی خنکاوی گیانەلای مەخلووق،
کاتێ تێکەڵ هارە هاڕی بیلدۆزەری دڵئاسنی گۆڕهەڵکەن دەبێ!
وای لە چنگ قژکردنەوە و ناورانەوەی بێ دەستەلاتانەی مەردم!
هاوار لە نووزانەوەی ئافرەتی دووگیان؛
چرەبەندانی منداڵی برسی و تینوو،
بەدەست وەچەکانی خالیدی کوڕی وەلیدەوە!





گریان لە ئەوکی شەماڵ و گاسکەی تیترواسک و
هۆهۆی کۆترەباریکە و
تووڕەبوونی بێ ئەندازە، لە سێرەی هەڵۆدا دەبیستم.
گوێم بۆ ترپەی پێی لە دووری، لاوی توولەک و
ژنانی هەنگاو شل و لاکە لاکی پیری چەمیدەی نەترەچوو،
ڕەکێش ڕەکێشی جحێلان مووت کردووە.
دڵم دەڵێ؛ ڕەنگە خۆر بۆ گیانکەنشتی ئەوان،
ئەمرۆکە وا زەرد هەڵگەڕابێ.
بۆیە تەنیا و ساکاو، خۆم ڕادەژەنم و لە هەوران ڕادەمێنم و
لەم ئێوارە ماتەمزەدەیەدا، خێڵخانەی دڵم خەم دەدەڵێنێ..
لە لمستانی دوورەوە (عەجاج)ێ هەڵی کردووە،
سوور وەک خوێنی تازە ڕژاو؛
مەرگهێن و گومانپژێن،
کزەیەکیش لە ژێلدا دێ،
لە تەرەفی قیبلەوە دێ، دڵم دەگوشێ،
زۆر پێ دەچێ کزەی سەرەمەرگی ئەوان بێ..
نانا؛ بیابان نابێتە نیشتمان و بەوان نامۆیە.
دە ئەی (عەجاج)ی چاو سوور، بیگێڕەوە
(ئەسمەر و ئەڤین و نازێ)،
کە گوڵەهەنار لە لێویان دەپشکووت وەختێ دەدوان؛
(کاکل و تەمەر و عەگید)،
کە سێ گۆرانیی بەخرۆشی کوێستانی بوون،
هێشتا لە سەرەتای یەکەم بەندیدا بوون،
چییان بەسەرهات، وەختێ لە بولێڵێکدا بردیانن؟
عەجاج وەڵامی پێ نییە؛
دەشکێتە گلێنەی چاوم،

دەخزێتە بێخی سەرم و
دەپەڕێتە گەرووم و هەناسەمی پێ توند دەبێ.
هەردەمێ من ڕووەو قیبلە دەوەستم،
تاپۆی ئەوانم دێنەوە پێش چاو،
نازانم بۆ دڵم دەڵێ؛ هێشتا خوێنیان لەبەر دەڕوا،
کوڕانی وڵاتی بەفر و کچانی دەشتی خۆرەتاو..
لە کێ پرسم لەکوێن،
کەسێ لەوێ نەماوە!
سەگرمە ڕۆژ تا ئێوارە،
گەواڵەیەک چڕە هەوری لە بان (قەڵا) ڕاگرتووە،
بەنیازە ئەو دەمە دای کا، کە میرپەنجەکانی گەرمیان،
یەکی یەکییەکانی قەراخ، لە سەفەر دەگەڕێنەوە،
تا دەست و چاوی پێ بشۆن..
سەگرمە پڕ باخەڵێتی لە چواڵە ناسکە و
بە بار، فەریکە قەزوانی لای خۆی داناوە،
هەتا کابانە بەمشوورەکانی زەردیاوا،
بۆیان بکەنە دۆی تازە ژەنراوەوە..
دار بەڕوو بەڕیز وەستاون،
دەستیان کردووەتە سایەبان، دوور دەڕوانن،
سێبەریان چڕ ڕاخستووە و بەرهەیوانیان پاک ماڵیوە،
چاوەڕوانن. ها ئێستا ها ساتێکی تر،
ئەوان لە سەفەر بێنەوە و
لە سایەیدا پشوو بدەن.
ئەم سەگرمەیە گشت شەوێ،
مانگێکی چواردەی زیوین ڕووی،
لەبان (زەردە)ش ڕاگرتووە،





تا بەرپێیان تریفەڕشێن کا، ئەگەر لە شەودا بێنەوە،
تا لە گڵمتک و، گەوەن و دەوەن هەڵنەنووتن..
لەکلەکەکان گەڕانەوە بان منارە و هێلانەیان چێ
لە بنمیچی ماڵەکاندا هێلانەیان هەڵبەستەوە،
کەچی ئەوان بێ خەبەرن،
چییان لێ هات میوانەکانی بیابان؟
بێ شێو سەریان ناوەتەوە میوانەکانی بیابان،
ڕەنگە ئێستاش، ڕووەو ئاسمان
مشتیان بۆ ئاو ڕاگرتبێ،
میوانە لێو وشکەکانی بیابان..
(هیوا)ی وردیلە، بە ورچە پەڕۆینەکەیەوە،
هێشتا بەباوەشی دایکییەوەیە،
هیوا، لەو شەش مانگەی تەمەنی،
نیوەی لە کونە تەیارەدا بەسەربردووە..
عەجاج وەڵامی پێ نییە و
کەسێکیش لێرە نابینم، کەمێ دڵم بداتەوە..
لە کێ پرسم لە کوێن،
کەسێ لەوێ نەماوە!
کەچی ئەو ڕۆژە مێژوو،
بەڕیشی چەرمووی درێژ و
بەجانتای پڕ لە ئووچ و
بەشووشەی پڕ مەرەکەب و
بەتۆماری زەرد و پەڕپووتی بن هەنگڵەوە،
دای بەتەکما و ئالێرەوە قەڵاشتی،
تەنانەت بەسەری لووتیش سڵاوێکی لێمان نەکرد.
هەر ئەو ڕۆژە،

ویژدانێکی ڕۆژهەڵاتیی مێزەر بەسەر،
دەست بە تەزبیح و دەم بە ویرد،
ئا لێرەوە چون سووورە کەروێشک فرتەی کرد،
چاوی نووقان،
گوێی بەلۆکە ئاخنیبوو، فززەی لێوە نەهات..
سەرخێڵێکی چڵکەسوو، گوێ لە مشت و بارەبەر،
بە گەلە جاشەوە، بە(بەڕە)ی مزگەرت و
بە(چرا)ی تالانی ماڵەکانی سێوسێنانەوە،
کە بێزم لێ هەڵسا و دەنگم لێ هەڵێنا،
ترسە ترس سەرەوخوار داپەڕی،
ئەو دەمە، میحرابی مزگەوتیش،
چڵە چڵ دەسووتا..
کەسمان ئەوەندەی سەگرمە کەڵەگەت نین،
کەسمان وەک ئەویش دوور ناڕوانین،
من چاوم حوکمی نەماوە، ئەو لەوێوە چاوی ها لێوە.
لە بیابانێکی زەردی دەم وشکی لچ و لێو هەڵقرچاودا،
سەرپۆشێکی بە پوولەکەی زەرد و سووریش،
هی کچە بالابەرزێکی گەرمیانییە و،
هێشتا بەتەواوی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەوە،
بەزریسکێکی کورتە بالای دەم لمستانەوە گیرماوە،
بەدەم گژەی عەجاجەوە ڕادەشەکێ و
کەسێ نییە لێی کاتەوە..
مشکییەکی مۆری خەتخەتی هەڵبەستراویش،
هی کوڕە قەراخییەکە، لەوبەرییەوە،
بەعاگوولێکی زەردەڵی باریکەوە،
عاسی ماوە و کوڕەش ونە،





کەسێ مەنزڵی پێ نازانێ..
لەوێوە، سەگرمە چاوی هالێوە، سەگرمە گوێشی هاتێوە،
لە هاواری ڕۆژی حەشری بەر لە (ڕەمی) بەکۆمەڵ و
هەناسەی خنکاوی گیانەڵای دەستەجەمعی،
کاتێ پەنجەی، سەر پەلاپیتکەی تفەنگ و
چاوی سووری میرغەزەب و
کلاو ئاسنی لۆزەنگەر دەبینن..
میوانەکانی بیابان، قۆڵ بەستراوو لەش داهێزراو
دەکەون و دەیانەوێ هەڵسنەوە،
بەڵام ئەوان لە کۆڵیان نابنەوە،
لەوێوە، سەگرمە چاوی هالێوە،
من دڵم ئاوام پێ دەڵێ.
لە کێ پرسم لە کوێن،
کەسێ لێرە نەماوە!

*

(٥) ئەکتەرەکان: (نووسەر، خەم)

(نووسەرێکی فەیلەسووف مەشرەب، کتێبێکی تەنکی لە بن دەستە، ڕۆڵ دەبینێ و دەقەکە، کە پاژێکە لە کتێبی پێنجەم ئەدا دەکا.)

نووسەر: ئاسمانێکە، دەستم دەیگاتێ و نایگاتێ.. سەرابێکە، چاوم لێیە و لەوێش نییە.. سپی و ڕۆحسووک و بزێوم، مینا ڕەوە کەروێشکەکانی هەور. بەسەر هاژەی شاباڵی باوە، بەدوای مانادا وێڵم.. گەڕام و هەر گەڕام، تەمەنێک ئاسمان و زەمینم لە پێوەدا. با کەوت و مانام دەست نەکەوت. نازانم بۆ وشەکان ماناکانیان بزردەکەن و واژەکان بێ شەرمانە گەلەکۆمە لە مانا دەکەن، پاشقولیان لێ دەگرن، بەدەمدا دەیخەنە چاڵ؟ نازانم بۆ پرسیارەکان لە چاوەڕوانیی وەڵامدا ئاوی پێیان داهات و هەرەسیان هێنا؟ ئەوەندە هەیە بەنووسین خۆم ژیر دەکەمەوە.
ئەم ئێوارەیە خەمێک خۆی خزاندە بن کەپرەکەمەوە. جێم بۆ ڕاخست.

کوردانە، بەگەرمی میوانداریم کرد. سیگارێکم بۆ ئاگر دا و قەدەرێکیش زۆر بەشێنەیی دواین. خەم وەک ئێوە، لەسەر ئاگر دانەنیشتووە و پەلەی نییە. بەشێنەیی کارەکانی ڕادەپەڕێنێ. بێ ئێوە ناخۆش، قاوەیەکی خەستمان پێکەوە نۆش کرد. پاشان خەم پریاسکەکانی خۆی والا کرد.

خەم: فەرموو ئەمە پریاسکەیەک بۆ ژنانی لە ئەنفال جێماو. پریاسکەیەک بۆ پەتای فایلڕەش و یەکێک بۆ کۆچی نائومێدی ئەم دواییەی لاوان. یەکێک بۆ گرانی و یەکێک بۆ قاتوقڕیی سووتەمەنی و پریاسکەیەکی دیکە بۆ مەرگی کارەبا و یەکێکی دی بۆ چۆڵکردنی دێهات و یەکێکێ دیکە بۆ کاڵبوونەوەی ئاکارە جوانەکان و یەکێکی دی بۆ...

نووسەر: پریاسکەکانت ئەوەندە زۆرن تووشی سەرەخولەیان کردووم. بۆ سفتوسوێی خەمەکانت دەست بەسینگەوە دەگرم و لە بان دڵمی دادەنێم. سەرم کاسە و لە گێژەوە دەچێ.. ئێستا وەڵامی ئەو هەموو پریاسکە پرسیارەم بەسەر یەکەوە بۆ نادرێتەوە.. هەفتەیەکی دیکە سەرم لێ بدەرەوە.. خوایە وەک وردە بەرسیلەی ژێر تاوەتەرزە، هەرچیم لە مێشکدا هەڵگرتبوو، بەربوونەوە؛ دنیاش تەنیا بستێک لە لێواری خەرەندەکەوە دوورە!

*

(٦) (کەسێکی ڕووناکبیر ئەم دەقە، کە پاژێکە لە کتێبی شەشەم، ئەدا دەکا. دەکرێ تەقوتۆق و خرمەی پێی سوار و هەرا و هوریا و گریانی منداڵ و قیژەی ئافرەت و دیمەنی ڕاوڕووت ببنە زەمینەیەک بۆ ئەم دیمەنە. لەم دەمەدا کتێبەکەی دەستی بکەوێتە ژێر پێوە و پاشان پەڕەپەڕە ببێ.)

ڕووناکبیر: ئەوە گوێمە دەزرنگێتەوە یانژی هانکەهانک و پرمەی ئەسپی شەبەیخوونە دەگاتە گوێم دیسان؟ جەنگ، ژەنگ بەفیگەرە درەوشاوەکان هەڵدێنێ. ڕایەڵی پێوەندییە گەرموگوڕە دێرینەکان دەپسێنێ. زنجیرەی حیکایەتە ئەفسانەیییە کۆتایی شادەکان لە ناوەڕاستدا دەقرتێنێ. جەنگ، لێ ناگەڕێ کوڕە کەچەڵە، کە قەدەرئەییامێک لەمەوبەر لە ماڵ و حاڵی خۆیدا بێ ڕۆمەت و قاو درابوو، دوای ساڵانێکی غەریبی و پڕ بەسەرهات، ئێستا مێرگی سەری پڕە لە کارئاسک و گوڵاڵە و لە سەوزەگیا. من ئێستا





لێرەوە گوێم لە زیلەی زەنگوڵەی پێشقەتارێتی، ئەوە حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بەسەر حەوت مەملەکەتدا، لە حەوت ڕووباری خوڕی داوە. بەسواری ئەسپێکی کوێتی قاپڕەشی دامەنتارییەوە، بەکەژاوەی شازادە خانمی، کچی بچووک و نازداری پاشای چین و ماچینەوە، بەیاوەریی تیپێک قنجە سوار و شۆڕەسوار؛ بەچل و چوار بار دیاریی قورس و گرانبەهاوە بەڕێوەیە. لێ ناگەڕێن بەسەلامەتی بگاتەوە کەونە مەفتەن و حەوت شەو و حەوت ڕۆژان بۆیان بدرێ لە تەققەی دەهۆڵ و پیقەی زوڕنا.

ئەرخەیان بە، جەنگەکان وەک ئەمیبیا زیاد دەبن، هەر جەنگێک و جەنگێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە، مەگەر تەنیا سەر لەشکرەکان جیاوازبن و لەگەڵ زەمەندا بگۆڕدرێن، دەنا جەنگەکان لە هەر کوێ دەرکەون هەمان سەربووردەی سەفەربەری باپیرت، بەکەمێک دەستکارییەوە بۆ دەگێڕنەوە.

پێ دەچی ئاسمانی سەدەی بیست و یەکەم لە تەریقیی ئەم خێڵانەدا هۆن هۆن ئارەقەی شەرمەزاری دەربدا. ڕۆحێکی تاریک و شەڕەنگێز دەستی بەسەر ژیانی ئەم خێڵانەدا گرتووە.. ئەوان ئێستاش سەرگەرمی شیر و تیر و خنجەر لە یەکدی ساوین و تەنگاوتیلەدانی ئەسپ و سەری مەیدان لە یەکدی گرتنن. ئێستاش چاویان لە خەرمانی یەکدی سووتاندن و کلکی وڵسات بڕین و تالانییە. لە وڵاتی خێڵە بێ سەوادە بەشەڕهاتووەکاندا بەتەمای گوڵ مەبە. بڕۆ سەری خۆت هەڵگرە.

*

(٧) (لە ژێر گورزەیەک ڕۆشناییدا، نووسەرێکی ڕووتەڵەی تووڕە و ناڕازی بەجغارەی لێوەوە دەردەکەوێ. فایلێکی ئەستووری لە بن دەستە. جەماوەر بەچەپڵەڕێزان پێشوازیی لێ دەکەن، شەبقەکەی بۆ ڕێزی جەماوەر بەرزدەکا. نێربۆزانە جغارەکەی لە بن پێیدا دەکوژێنێتەوە. فایلەکەی دەکاتەوە. دەقەکە، کە پاژێکە لە کتێبی حەوتەم ئەدا دەکا. لەگەڵ هەر ڕستەیەکدا، کە گۆی دەکا، پەڕەیەکی نووسراو بەدەم باوە دەدا. پەڕەکان دەفڕن و لە ناو جەماوەردا دەکەونەوە.)

منی شاعیر، گاشەبەردێکی نێو شەپۆلانی سیروانم، هەر سەعاتە و لەوی پێشتر خاوێنترم؛ ڕەوە شەپۆل بەردەوام دەمشۆن و دەمشۆنەوە.. ئەو دەمەی

سەرم نابووە سەر ڕانی با و بەتای قەڵەمێک بەتەنیا گرتبووم سەری مەیدانێ.. ئەو دەمەی ئەو کچە گەردن کەمانەم تێدا ناسی، ئێوە لە کام باڕدا (مڕ)و لە کام قومووشدا (سڕ)، خۆتان داشاردبوو؟ ئەو دەمە هەندێکتان هۆبەساتی ئەو کچە کوێستانییەتان بەدەرپێ کۆنێکی سەربازی دەگۆڕییەوە. ئەو دەمەی من زار بە(نزا)، بەرماڵی شووشەبەندی زرێبارم ڕاخستبوو، ڕووەو شینایی ئاسمان و خانەی (خوا).

ئەو سەردەمە تووشەی ئەو کچە گەردن کەمانەم تێیا ناسی. ئێوە بەنیاز بوون ئەم دەڤەری خۆرەتاوە لە شەوەزەنگ هەڵبکێشن. مانگی چواردە بە(مس)و خۆریش بە(فافۆن) ئەودیو بکەن!. من ئێستا هەڵوەدام، سەرم قاڵ. بەم پەنجە زبرانە بەتەمام، بەتاڵە تریفەی مانگی ئاڵ و ژێی سازەکەی عارفی جزیری، لە وردە خوناوی دەم نێرگز، گەردنگۆیەک بۆ ئەو کچە گەردن کەمانە بهۆنمەوە.

ئێوەی ناپەسەند بۆچی وەک ئەسپێ خزاونەتە بێخی سەر و چرچ و لۆچی نوێنەکانم.. ڕەنگە بتوانن زۆر شتم لێ زەوت بکەن، بەڵام ناتوانن ئەسپی خەیاڵم لغاو بکەن، هەرگیز.

خوایە ئەمانە کە ماچ نازانن، بۆ لێوت پێ داون؟ پێیان بڵێ وەختێ چوونەوە با، باڵەکانیان لەسەر ڕەفەیماڵەکانیان جێ بهێڵن، کە ئەوان موتورفەیەک لە ئامێز ناگرن. کاتێ ئەوان ناخوێننەوە بۆ دوو چاوت پێ داون؟ زمانیشیان ژەماوژەم، وەختی خواردن پێ بدەرەوە با زەمی ئەم و ئەوی پێ نەکەن! بڕیارێکە و داومە، لەمڕۆوە بەسەرجەم پێوەندییەکانمدا بچمەوە، تەنانەت پێوەندیم لەگەڵ ئێوەشدا ئەی بەندەکانی خواوەندی مەزن.

*

(٨) (ئەم دەقە، پاژێکی کتێبی هەشتەمە، وەک شانۆگەری پیشان دەدرێ. لە کەشێکی دڵگیردا، بەهاوکاریی پارچە مووسیکێکی نەرمونیان و شاد، هێلین و کاسۆ دەردەکەون.)

کەسەکان: (حیکایەتخوان، هێلین، کاسۆ، چەتۆ)

شوێن: (سروشتێکی جوان)

حیکایەتخوان: هێلین، لە ڕێحانە و گوڵگوڵاو و هێرۆ و شیلان و گوڵاڵە و نێرگز





بترازێ، هێشتا گوڵە شارییەکان ناناسێ و ناویان فێرنەبووە. نە تەلەفوونی دەستیی لە جانتایە، نە (ئێم پی تری)ی لە گوێیە و نە ئیمەیل ئەدرێسی هەیە. هێلین ئەگەر پێ بکەنێ، بەردی مەڵکەندی بەبەردیی خۆی لەگەڵیدا دەکەوێتە پێکەنین. ئەوە قەدەرێکە بێدەنگ لە سای داربناوێکدا، جۆگەیەکی مەنگ بەلایاندا ڕێ دەکا و لە تەک کاسۆی دەزگیرانیدا پشتیان بەقەدی درەختەکەوە داوە. وەلێ لە فەرهەنگی پەمەییی ئەویندا، بێدەنگیش دەبێتە سەمفۆنیا..

هێلین: چاوم بکە بە گۆم و دەستەکانم بەدرەخت و پرچەکانم بە سەوزەگیا، کاسۆ گیان!

کاسۆ: هێلینەکەم، پەلکە ڕەنگینەکانی پاش بەهارەبارانت بۆ دادەگرم، بیانهۆنەرەوە بەپرچ.

هێلین: خۆشەویستیی تۆ ڕەگی لە دڵدا داکوتاوە و لقوپۆشی گەیشتووەتە هەور.. خەمێ نەخۆی، دڵ لە دڵ نەدەی، دنیاشمان دوژمن بێ هەر دەبێ بۆ یەک بین.

کاسۆ: جواب دەنێرمە لای وەستاباشیی ئەم ئاقارە، کراسێکت بۆ بەڕادانێ دەدەم، لە شینایی سیروان و ڕووباری شین، لە پرشەپرشی ئەستێرانیش کەوایەکی پوولەکەت بۆ چێ بکەن، ورشەی بڕواتە حەوت مەملەکەت.

حیکایەتخوان: بووکە سوورەیەک بانگێ خوێندی. کەوێ بەسەر کەڤرێکەوە لە قاسپەی دا و یەکێکی دی لەوبەرەوە لەبن دەوەنێکدا بۆی سەندەوە.. هەزاران ماڵماڵەسوورە بە شەوقەوە لەو داربناوە ئاڵان و تارایەکی سووریان بەسەردا دا. ئەمانیش دیسانەوە بێدەنگ مان، ئەمجا باڵندە چلۆن بێ گرێ دەفڕێ و ئاو چلۆن ڕەوان ڕێ دەکا، ئاوا لە جێی خۆیان خزین. دوای قەدەرێ بێدەنگی و ڕامان، بەشەوق و شۆرەوە چوونە باوەشی یەک و بوونە جەستەیەکی تا لێهاتوو. ئەمجا بەبان گیا و گوڵدا تلانەوە و تلانەوە. هۆپێکیان لە خۆ زانی شڵپ ئەوەتان لەناوەندی جۆگەکەدا.

هێلین: سێبەری چیا ڕژایە چەم، نەگەڕێینەوە گوند؟

کاسۆ: با نەختێ جلکەکانمان کزر ببنەوە.

هێلین: بەدەم ڕێوە شنەی شەماڵ وشکیان دەکاتەوە.

کاسۆ: بۆنی پیلانێک دەکەم لەم دەوروناوە.. بۆیە لە پێشدا تۆ برِۆ با دوور و نزیک ئاگـام لێت بێ، هـەتا دەگـەیتـەوە گـوند. پاشـان منیش لە ژێڵـدا خـۆم بەئاواییدا دەکەم، هێلین گیان..

هێلین: نا نا.. کاری وەها ناکەم.. دەردت لە کزەی دڵ و گیانم، پێکەوە دەڕۆین.

(هێلین و کاسۆ یەکودوویان لە هەمێز گرتووە. نەختێ لەولاتر، لە چڕە دەوەنێکدا، پیاوێکی ڕوخسار مۆن لە نێوان لقی دەوەنەکانەوە دەردەکەوێ و بەقینەوە بۆیان دەڕوانێ و توند مشتووی خەنجەرەکەی گرتووە.)

چەتۆ: ڕاوەستن بۆم، هەی واوا لێکراوەکان. بزانە چۆن لێتان تێک دەدەم. مەگەر من چەتۆ نەبم! ئەگەر دەسـتـتـان بەپەڕەکـەی هەورەوە گـرتبـێ هەردەبێ بخۆن بەدەستم، دەبێ ئەم دڕکە لە بن پێتان دەربێنم.

***

حیکایەتخوان:

ئەمیندار، زۆرزان و، تەڕزمان،
لێرەدا، بێدەنگ ما.
چاویلکەکەی، لە ئەبرۆی، توند کرد و
نیگاشی، لە سینە و، گەردنی، ژاڵە خان، ڕچی بوو،
ژاڵە خان، کە دەدوا،
نەبات لە، دڵیدا، دەتاوا و
وەک لالە، دەدرەوشا، ڕوخساری،
پرچی خاو، تا سەرشان، پەرێشان،
چون لارەی، سەوزە گیای، دەم شەماڵ، دەشنیا،
لێوی سوور، گێلاسی، گەییو بوو
ئێستا ئەو، سەرسامی، چیرۆکی، دڵداری،
هێلین و، کاسۆیە و
لە جەنگەی، خەیاڵی، تژی لە، بخووردا،





چاوانی، لە شەرمان، هەڵنایە،
دڵبەر و، خوێن شیرین،
بەنیازی، ماڵەوە، کتێبی، دەست دایە،
ئەو دەمە، هەر لاو بوو،
بۆ کتێب، لە ڕیزدا، وەستابوو،
لێبەڵێ، ئەمیندار، دڵبەستە و،
ئالوودەی، ئەوینی، ژاڵە خان،
دەدرەوشا، چاوانی، زەردەیان دەهاتێ، لێوانی
لە سیمای، شیرینی، ڕامابوو،
خەرمانی خەیاڵی لە دەوری ئالا بوو.
لەوان بێ، دەربەست بوو
هەر ژاڵەی، مەبەست بوو
ژاڵە خان، خەجلابوو،
پرسیارێ، لە ناخیا، ڕوابوو،
ئەو دەمەی، بەنیازبوو، دوعای لێ، بخوازێ
خەیاڵێک، لە ناخی، ئەمیندار، دەجۆشا،

ئەمیندار: (لەبەر خۆیەوە)

کاشکای وام، نەگوتبا
هەڵەی وام، نەکردبا
گەر هەموو، ئەمانە، بەجارێ، هەڵگرێ،
تا دوو مانگ، نایبینم، ژاڵە خان،
جا ئەوسا، لە عەزرەت، دووریی ئەو،
شێت دەبم، سەرگەردان،
(بەدەنگی بەرز)
ژاڵە خان، تکایە، لەم هەشتە،
بەتەنیا، یەکێکیان، هەڵگرە

وەیخوێنە و، بۆ هەفتەی داهاتوو،

بێرەوە، یەکێکی، دیکەیان، وەرگرە،

ژاڵە خان:

چۆن دەڵێی، با وابێ،

زارت هەر، شیرین و

ماڵی تۆ، هەمیشە، ئاوابێ،

ئەمیندار:

کەواتە، کامەیان، دەکەیتە، دەستەگوڵ، ئەمجارە

ژاڵە خان:

سەربووردەی، هێلین و، کاسۆم لا، مەبەستە،

وا دیارە، چیرۆکی، دوو لاوی، ئازا و بە،

شەرابی، دڵداری، سەرمەستە،

ئەمیندار:

بەدڵمە و، زۆر چاکە

داستانی، کچێکی، جوانخاس و، خورتێکی، بێ باکە

ڕۆمانی، دوو لاوی، دڵبەستە،

لای منیش، ئەم جۆرە، ڕۆمانە، مەبەستە.

ژاڵە خان:

زۆر سوپاس، ئەمیندار،

جێت دێڵم، لێ بەنیازی دیدار!

ئەمیندار:

خوات لەگەڵ، بەڵام من، چاوم هەر، لە ڕێیە،

ئەم جێیە، سەرلەبەر، واڵایە، نەمازا، بۆ ئێوە،

بۆ فرمان، لە ئاستی، ئێوەدا، وەستاوم، بەپێوە و،

چاویشم، لە ڕێیە..

(لەبەر خۆیەوە) ژاڵە خان، هەردەڵێی،





سێوێکی، لاسوورەی، گەییوە و،

چاوەڕێی، دەستێکی، خاراوە، بیرنێ!

چۆن دەبێ، ئاوابێ،

جێم بێڵێ و، مینا مانگ،

لەودیوی، کەلەوە، ئاوابێ!

ئەمجارە، بەهەرحاڵ،

جارێ تر، ژاڵە خان، بێتەوە،

وا دەکەم، سفرەی دڵ، واڵاکەم،

پەردەی شەرم، یەکجاریی. وەلاخەم

ئەم کارەش یەکلایی بێتەوە..

(ژاڵە خان ڕۆمانی هێلین و کاسۆ دەخاتە جانتا دەستییەکەیەوە، دەیکاتە شانی و دەڕوا. ئەمیندار چاوی لە دوویەتی هەتا لە شوێنەکە ئاوا دەبێ.)

november, 14, 2006

* كن شجرة الصندل التي تعطر الفأس التي تقطعها. (ببەرە درەختی سەندەڵ، کە عەتربارانی ئەو تەورەی، دەیبڕێتەوە، دەکات.) (پەند)

فەرهەنگۆک:

دەگنخێ: بۆن دەگرێ، بۆنێکە لە شێی زۆرەوە پەیدا دەبێ.

ڕەنگی زەرقی: ڕەنگی درەوشاوە

نزوولە: دوعاو نزای داماو و هەناسەسارد و بێنەوایان

نەگەچلێ: نەژاکێ

خومەشێونە: کەسانی بەئاشووب

سەرەسۆدرە: مایەفیتنە، ئاژاوەگێڕ

تەرتەوەرتە: بیرەبیرە، پەرش و بڵاو

ڕووباری شین: زێی بادینان، زێی سەروو

نەدیر: ئاگرێکە لەسەر چیا دەکرێتەوە بۆ گەیاندنی هەرچی زووتری هەواڵ بەخەڵکی.

ئەسپی قاپڕەش: کوێتی دامێن تاریک، کە جومگەکانی دەستی ڕەش بن.

خەجلا: پەشۆکا

ناورانەوە: پاڕانەوە

چرەبەندانی خەڵک: پڕایی و تێکەڵ و پێکەڵیی خەڵک

گاسکە: دەنگی گیاندار لە تافی کەساسیدا

دڵهێنانە جێ: دڵنەوایی کردن

میرپەنجە: پیاوی ئازاو بەڕێز



## هین هین خانم و مامۆستا هین

ئەوە چەند ڕۆژێکە (هین هین خانم) بەدڵ و بەگیان سەرقاڵی پەیداکردنی کەرەسەکانە. ماوەی نییە سەری خۆی بخورێنێ. بەنیازە کاری ئەمجارەیانی ناوازە بێ. لە ئاستی ئەو پلەو پایەیەدا بێ، کە مێردە ئازیزەکەی خەون و زیندە خەونی پێوە دەبینێ، پلە و پایەیەک ئەمیشی پێ گەورە دەبێ، ئەگەر بەخت هێنای و بەنسیب بوو.. لە کوێ بە ژنە پشکنەر ناوی بێن تا بە ژنی بەڕێوەبەرێکی قوتابخانەی سەرەتایی؟ خۆ ئەگەر ئەم هەوڵەش وەک ئەوانی پێشوو سەرگرتوو بێ، ئەوا هەنگاوێکی دیکەی بەرین بەپلیکانەی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەکشێ. هین هین خانم چاوی لەو ڕۆژەیە مێردەکەی بە مراز بگا. ڕاستە پیاوەکەی بە مشوورە و جاروبار بیرۆکەی نوێی بەخەیاڵدا دێ. ئەوە ماوەیەکیشە پشتی کردووەتە یاریی تاوڵە، بەڵام ئەم بەمرازگەیشتنە، ئەگەر لە چارە نووسرا بێ دەستڕەنگینیی ئەمیشی تێدایە.

مامۆستا هینیش بەردەوام بیری لێ دەکاتەوە. بێتو مرازی حاسڵ بێ، ئەوا قەڵەمبازێک لە بواری پیشەکەیدا بەرەو پێش دەچێ، کە خولیا و خەونی هەموو مامۆستایەکە و لە نێو هەزار مامۆستادا ئەمجا یەکێکیان پێی شاد دەبێ. ئەم لە دەستڕەنگینیی ژنەکەی دڵنیایە. وەلێ نامەی ئەمجارەی کە دەبێ خۆی بینووسێ نابێ هەژار و ساکار بێ. گەرەکە لە ئاستی پۆستەکەدا پوخت و بەناوەرۆک بێ.

دنیا بێشەیە. ڕێی تێ دەچێ مامۆستای وا، کە خاوەنی ژنێکی دەستڕەنگینی وەک هێن هێن خانم بێ، لە شوێنانی دیکەش هەبێ، بەڵام بوونی بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی لەم تەرحە، جۆرێکە لە خەون و خەیاڵ.. ئەم بەمامۆستا (هێن) ناسراوە؛ شانی دابووە بەر و ئاسایی لە قوتابخانەیەکی شاردا بێدەنگ وانەی دەوتەوە. ساڵان هاتن و چوون و بەڕێوەبەری مەعاریف خانەنشین کرا. هەر بە دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەری نوێ، بیرۆکەیەکی زێڕین لە مێشکیدا چەخماخەی دا و درەوشایەوە. گورجێ هێن هێن خانمی خێزانی ڕاسپارد. ئەویش بەتایبەکاری سینییەک پاقلاوەی بۆ چێ کرد. مامۆستا هێن ساڵدانە ساڵدانە سینییە پاقلاوەی نایە بان تەپڵی سەری و هەیپای کردێ. تەق تەق لە دەرگەی ماڵی بەڕێوەبەری مەعاریفی نوێی دا. خزمەتکاری بەڕێوەبەر بەئەدەبەوە بەدەنگییەوە هات. مامۆستا هێن لەگەڵ سینییە شیرینییەکەدا کورتە نامەیەکیشی دایە دەست، تا بیگەیێنێتە خودی بەڕێوەبەر. نامەکەیش وەک خودی سینییە پاقلاوەکە سادە بوو:

«لە کانگەی دڵمەوە تەبریکات تەقدیم دەکەم. جەنابتان بەحەق و حەقیقەت و بیلا مونازیع موستەحەقی ئەم مەنسەبە ڕەفیعەن. موجەدەدەن تەبریک.. واژۆ: موخلیصتان: مامۆستا هینی کوڕی هینی کوڕەزای هێن، لە قوتابخانەی هینی سەرەتاییی کوڕان. لە شاری سولەیمانییە.. بەروار: هینی هینی هەزار و نۆسەد و پەنجا و هێن..»

مانگێکی برد و نەبرد مامۆستا هێن پلەیەک سەرکەوت و بووە یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی خۆی.

**





دوای چوار ساڵ، بەڕێوەبەری مەعاریف گوێزرایەوە و یەکێکی نوێ بۆ شاری سلێمانی دانرا. مامۆستا هێن تەکلیفی سینییەکی دیکەی پاقلاوەی کرد. هێن هێن خانم بەلایەوە پەسەند بوو، چونکە سینیی یەکەم بەخێر گەڕاو کاری خۆی کرد. مامۆستا نامەی پیرۆزباییی نایە تەنکەی باخەڵی، کە هەر وەک جاری پێشوو بوو، تەنیا ئەم چەند وشەیەی وەک دیباچە لە پێشەوە بۆ زیاد کردبوو: «ئەی داهێنەرترینی داهێنەرانی دلێر و داناترین دانایانی دنیادیوە و دڵاواترین دلاوەری دڵپاک..» ئیدی سینییەکەی نایە بان نەڕەی شانی و گەیاندییە ماڵی بەڕێوەبەری مەعاریفی نوێ. بێ ئەوەی ئاستەنگێکی بێتە ڕێ کارەکەی ڕاپەڕاند. دوای چاوەڕوانییەکی دوو مانگی، مامۆستا هێن بووە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە نوێیەی تازەگی لە گەڕەکێکی پەڕگەی شاردا ئاوا کرابوو.

**

دەورانی پاشایەتی پێچرایەوە. بەڕێوەبەری مەعاریف لەسەر کار لابرا. وەلێ مامۆستا هینی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە جێی خۆی مایەوە. بەڕێوەبەری نوێی پەروەردە و فێرکردن گەیشتە شار. ئەوا ئەمجارەیان هێن هێن خانم سەرقاڵی ڕازاندنەوەی سینییەکی گەورە و تایبەتییە لە پاقلاوە و حوسنییەخان و زلوبیا و بوخچە و پەنجەی خانم و برمە و ناوکی بووکێ و لوقمەقازی و داتڵی و شەعرییەی بەگوێز و گێتەمەژگێ.

مامۆستا هینیش، لای خۆیەوە خجڵی نووسینی نامەکەیە. ئەگەرچی کەم کەم دەستی کورتە نووسینیشی هەیە بەڵام نامەیەکی بەو جۆرە بۆ کەسێتییەکی بڵندپایەی وەک بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی

سەردەمێکی نوێ و بەنیازی پلە و پایەی (پشکنەر)ی، نابێ هەروا سادە و ساکار بێ، گەرەکە نامەیەک بێ، هەرکە بەڕێوەبەری گشتی لە ژێر کاریگەریی سینییە شیرینییە تایبەتییەکەدا خوێندییەوە، دەمودەست لە جێدا نمەک بیگرێ و لە ئاستی بەرزیی هونەری نامە نووسینیشدا، وەک پاقلاوەکە واق بمێنێ و بچێتە سەر ئەو باوەڕەی مامۆستا هێن شایستەی پۆستی پشکنەرییە.

دوای دڕاندنی دەیان ڕەشنووس و بەدەم کێشانی چەند پاکەتێک سیگاری (غازی)یەوە، بە شێنەیی و بە دەستخەتێکی جوان پاکنووسی نامەکەی گواستەوە سەر کاغەزی بەپەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوە، لەوانەی دڵدار و دولبەرە هەرە ڕۆمانسییەکانی سەردەم بەکاریان دێنا:

«ئەی عەلیمترین عالمانی عالەم لە علوومی عەقڵی و نەقڵی. ئەی صاحیبی سەویترین و بەسامترین شەخصییەت و سەلیمترین سلووک و سەلیقەی سەراپای لیوای سلێمانی. وەی زەڕەبین و زۆرزانترین زانایانی زەمان و زەمین. هەی موعەللیمی عالی جەناب و موعەللای عوموومی عیلمەکان. وەی عارفترینی عیرفانیی مەعرووف و لە تەعریف نەهاتوو.. ئەی مودیری مودبیرول ئوموووری بەمودارا و مودریک و موئمین و منەووەر، لە ئوموووری دونیاو دین باخەبەر، جەنابی مودیری تەربیە و تەعلیمی ئەکبەر و سەروەر. بەتەشریفی شەریفتان لە بۆ لیوای سولەیمانی، شار موشەڕەف بوو، دووشەشی هانی.»

مێرد منداڵێکی پاکوخاوێنی چوارپەل قەوی، سینییەک پاقلاوەی بەبرنجۆک داپۆشراوی لە بان باڵینەکەی تەپڵی سەری داناوە و بەدوای





مامۆستا هیندا دێ. مامۆستاش ملبەندێکی جەرگیی سادەی بەستووە، قاتێک فاسۆنی شینی ئاسمانیی لەبەرە و پێڵاوە ڕەشەکانی تازە بۆیاخ و تیفتیفەن، سەریان لەبەر دابهێنە. لەگەڵ هەنگاوناندا جیڕەیان دێ. ئەم جیڕەیە ڕەزمی بەهەنگاوەکان و فیزی بەکەسیەتیی ئەو داوە. مامۆستا هێن بەرز و ڕێک و دوور دەڕوانێ. ئەو پێی خۆش نییە لەم دەرفەتەدا سڵاو لە کەسێ، ناسیاوێ بکا، یان کەسێ، ناسیاوێ سڵاوی لێ بکا. بگرە زۆریشی مەبەستە مەردمێک پێی نەزانێ ئەم بە چ کارێکەوە سەرقاڵە. ئەم ئێستا خەیاڵی لە شوێنێکی دیکەی دنیایەکی دیکەیە.

*

ئەوا بێ پێشەکی و ئاگەدارکردنەوە؛ بەنیازی پشکنین گەیشتە جێ. ئوتومبیلەکەی ژێری خشاندی و گەڕداوێک تۆزی بەئاسمانی شاردێیەکەدا بە با کرد، لەسەرخۆ لە پێشی پاسقەمەرە دابەزی و ڕاست لە دەرگەی سەرەکییەوە خۆی بەقوتابخانەی قەرەداخی کشتوکاڵیی سەرەتاییدا کرد و ناخلاف لێیان وەژوورکەوت. لێ بەڕێوەبەری قوتابخانە بەئاگایە و لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە چاوی لێ بوو. ملبەندەکەی برێ ڕێک کردەوە. دەستێکیشی بەگودلە خاوەکەیدا هێنا، بۆ دواوە هەڵی دایەوە، بەمامۆستای شاغیر، کە لە پاڵیدا، خەوەنوچکێی بوو وت: «بەفڕکانێ هەمەوو سنفەکان بگەڕێ و ئاگەداریان بکە، موفەتیش لە ناوە. چی تەلەبەی کەچەڵیشمان هەن لە دەرگەی بەشی کشتوکاڵەوە بیانێرەوە، با وەل بن.» بۆ خۆشی بەدڵەکوتێ و بزەیەکی دەستکردەوە بەرەوپیری جەنابی پشکنەر هات. دوگمەیەکی چاکەتەکەی داخست و بەنیازی تەوقە هەردوو دەستی بۆ

درێژ کرد. دوای خێرئامایەکی گەرم، شانبەشانەوە بەرەوژووری خۆی و مامۆستایان چوون. بەدەم ڕێوە کارگوزارەکەی کەمێک هێنایە ئەملاوە و چپاندییە گوێیدا «هەر ئێستا بگەرە ماڵی ئێمە و پێیان بڵێ با قەلە خرتەکەیان سەربڕن، موفەتیش تەشریفی هێناوە. بیرت بێ بڵێ خرتەکەیان.» ئەمجا بەزەردەخەنەوە ئاوڕی لە جەنابی پشکنەر دایەوە و وتی: « سبەینێش لە خزمەتداین بۆ وەزیارە.»

*

لەم دەمەدا مامۆستا هێن گەیشتە بەردەم ماڵی بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردن و بەئاگا هاتەوە. لە هیکڕا وشکە کۆکەی لەسەریەک، کە پێشتر بەخۆیەوە نەدیبوو بەربینی گرت و بەری نەدەدا. دەسڕە ئاوریشمە چوارقەد کراوەکەی لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و بەزارێوە گرت. ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و چاوانی فرمێسکیان تێ زا. لەبەر دەرگەدا هەڵوەستا و لەسەریەک چەند هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی. پشووی هاتەوە بەر و لەسەرخۆ لە دەرگەی دا. حەپینی گەماڵێک لە گوێیدا دەنگی دایەوە. ڕاچەنی و خەجڵا. دوای چاوەڕوانییەک، کە هێندە بەلایەوە درێژبوو لەبەری نەدەڕۆیی؛ سەبری سوا و ترپەی پێیەک و واهاتینێکی نەبیست و دەرگەی تاین واز نەبوو. ئەم جارەیان نەختێ توندتر دەرگەی کوتا. حەپە حەپەکە دیسانەوە بەتوندی لە پەردەی گوێیە قوتەکانی دایەوە. ئەو پێی وابوو گوێی دەزرنگێتەوە. دوای کەمێ گوێی لە شەپەشەپی سوڵ بوو. (ئەم جارەیان بەئاگاهاتن، خانمی خێزانێتی) ئەمەی لە ناخەوە وت و تاکێکی دوودەرییەکە والا بوو.

لە حەپەی گوڵەسەگە کەللە زلەکەی لە ژوورێرا بەپڕتاو دەهات، تووشی ساکان و شڵەژانی کوتوپڕ هات. وەختابوو دڵی بەربێتەوە و





بکەوێتە سەنووقی سینگییەوە. وەلێ هەوڵی دەدا نەیباتە سەرخۆی. بەجووتە جەنابی بەڕێوەبەری پەروەردە و قەپە گۆڵەکەی بوو، بەلام ئەم پێشتر نەیبیستبوو جەنابی بەڕێوەبەری پەروەردەی نوێ، گەماڵی تیسکنی ڕەشی زلی لەم جۆرەی هەبێ، گەماڵێکی کەللەزلی سینگ پان ئاگر لە چاوە زەردەکانێوە بباریێ. بەڕێوەبەر بۆ خۆشی فیلە زەلامێکی گەرگەڕیی تەنگە ئەستووری سوورە بوو. بەتوێی پیجامەی خەتخەت و جووتێ سۆلی چەرمی ڕەشەوە خۆی دەرگەی لێ کردەوە. مامۆستا هێن نەیزانی لە سۆنگەی چییەوە لەو هەناسەیەدا وەهای بەخەیاڵدا هات ئەگەر بێتو کەمێ لە داوونەریتە باوەکان لابدا، سنوور ببەزێنێ و بێ نەزاکەتی بنوێنێ، ئەم مودیرە نوێیە لە دەستی دێ گەماڵە ڕەشی تێ بەردا، بەقەپاڵ شڕ و هوڕی بکا، بۆیە تەواو خەجڵا بوو. ڕووی بەڕێوەبەر وەک هێشتا خومار بێ، پەنمابوو. بەرچاوی زیاد لە ئاسایی کیسی کردبوو. پێوەی دیاربوو، کە ئەو کەسێکی ئەلکهوولییە. مامۆستا هێنیش بەلە باریکەیەکی کورتەبالای قژخاوی داماو، تەواو بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە.

سەگە ڕەش دوو سێ جاران لە حەپەی دا. ماڵە وڕاقە دوو نهۆمییەکەی بەڕێوەبەر وەک ئەشکەوت دەنگی دایەوە. ئەوی ڕاستی بێ گەفینی تووتەی سیاو لە ناخی مامۆستا هێنیشدا چەند جارێک دەنگی دایەوە. سەگە ڕەش لمۆزی بۆ جەنابی بەڕێوەبەر درێژ دەکرد و کلکی بادەدا. دواتر لمۆزی بۆ ئەم دەهێنا و دەیمڕاند. وەک بەخاوەنەکەی بڵێ، ڕێم بدە با بینێمە ژێر. خەریک بوو کفن زەرد بکا. «دیارییەکی بچووکم بۆ هێناون؛ ئومێدەوارم لایەقتان بێ و لەم عەبدە موخلیسەی خۆتانی وەربگرن.»

زۆری لە خۆی کرد، تا توانیی بەدەنگێکی لەرزیو و نووساوەوە ئەمەندە دەربڕێ. بەڕێوەبەر کەمێ لێی هاتە دواوە و بەچاوە هەڵاوساوەکانێوە، لە تەوقی سەرە کرێم و شانەکراوەکەیەوە هەتا پێڵاوە تازە بۆیاغە بریقەدارەکانی دایە بەر مەزەندە. دواتر بەدەنگێکی بەرز و بەتۆنێکی گڕ، لە شێوەی پرسیارێکی تێکەڵ لە واقماندا پرسی:

«بەموناسەبەتی چییەوە جەناب؟»

مامۆستا هێن دەستی لەرزیوی بۆ تەنکەی باخەڵی برد و بەڕێوەبەریش بەجۆرێ دیققەتی دەدا وەک بیەوێ بەپاروویەک لوولی دا و بیخوا. مامۆستا هێن نامەکەی زوو بەدەستەوە هات. وەلێ لە شڵەژاویدا نامەکەی لە دەست بەربووەوە سەر پلیکانەی بەر دەرگە. دانەوییەوە و هەڵی گرتەوە. تەقەتەقێکی بێ تام لە بڕبڕەی پشتییەوە هات. لە هیکڕا بەخۆی زانی، کە سەرتاپا لەشی نیشتووەتە سەر ئارەقە.

«قوربان بەموناسەبەتی موباشەرەی جەنابی عالیتانەوە بەسیفەتی مودیری تەربیە و تەعلیم.. ئێوە ئەم شارەشتان گەورە کرد!»

لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەک لە قوڕگی نەگیراو تەواو بێ گرێ قسەکانی دەرپەڕاند. وەلێ سەگە ڕەش کلکی بادەدا و وەک دەمودەست قسەکانی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەو عەو؛ بەقەدەر ژمارەی وشەکانی ئەم حەپاندی.. وەڕینێکی دوو دەنگی. حەپینی گۆڵی تاین جارێک لە دەم دەرگە و جارێکی دی لە ڕاڕەوەکانی ماڵی بەڕێوەبەردا دەنگی دایەوە و لەوەدابوو زراوی مامۆستا هێن بڕژێنێ. دیسان نامەکەی بۆ بەڕێوەبەری تەربیە درێژکردەوە. ئەویش ویستی بەسەری دووپەنجە لێی وەربگرێ، بەڵام لێی وەرنەگرت. بەچاوە





هەڵئاوساوەکانی وەختابوو بیکا بەدڵۆپێک ئاو و لەبەر دەرگەی ماڵەکەیدا بەناخی زەویدا بەرێ.

«فەرموو گەورەم، وێڕای عەرزی ئیحتیرام، ئەم نامەیە هەموو مەعلووماتێکی لەسەر بەندەی موتیعتانی تێدایە.»

ئەم جارەیان مودیر خاووخلیچک دەستی برد، وەلێ لەپڕ بەدوو پەنجە نامەکەی لە دەست هەڵپچوڕقاند. کەمێ سوکنایی بەدەروونی ماندووی مامۆستا هێن گەیشت. دواتر دەستی برد سینییە پاقلاوەی سەر بە برنجۆکی سپیی لەسەری کۆڵهەڵگری مێردمنداڵ داگرت و بۆ بەڕێوەبەری ڕاگرت. بەڕێوەبەر لە نێوان برنجۆکەکەوە سەرنجی پاقلاوە و برمە و زلوبیای بە شیلەی دەدا و مامۆستا هێنیش هەروا لە بنەوە دیققەتی ڕووی بەڕێوەبەری دەدا، بەشکو هێمایەکی دڵخۆشکەری تێدا بخوێنێتەوە، بەڵام نەیبینی بەڕێوەبەر زاری بۆ ئەو شیرینییە بەدەست و دڵ دروست کراو و ڕازاوەیە، ئاو بکا. (بڵێی شەکرەی بێت و من پێم نەزانیبێ)

ئەم پرسیارە ناکاوە چاوەڕوان نەکراوە دووچاری تەریقبوونەوەی کرد. مامۆستا هێن دەستی بەسینییەکەوە وشک بووبوو، بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردن لێی وەرنەدەگرت. لەم دەمەدا گەماڵە ڕەش لێی دەهاتە پێشتر. لمۆزی بۆ ناوگەڵی دەهێنا و بۆنی پێوە دەکرد. گەماڵ بەدەم کلکە سووتەوە لمۆزی هەڵدەبڕی، هەڵدەسایە سەر پێیان و، بەچاوە زەردەکانی لە پاقلاوەکانی دەڕوانی. مامۆستا هێن چارەسەرێکی بۆ ئەم هەلۆێستە نائارامە پێ نەبوو. وەک لەم دەرفەتەدا مێشکی تەواو جام بووبێ هەنگاوێکی گونجاوی بەخەیاڵدا نەدەهات تاکو خۆی پێ لە فاقەی ئەم پەرێشان حاڵییە دەرباز بکا.

«قوربان بەئەزێت نەبێ لێم وەرناگری؟»

بەزمانێکی پڕ لە کڕووزانەوە و لالانەوە ئەمەندەی وت و یەکسەر گەماڵە ڕەش وشە بەوشەی بۆ وەرگێڕایە سەر زمانی عەو عەو. ئێستا هەموو ئاواتی هاتووەتە سەر ئەوەی، بەڕێوەبەری پەروەردە دڵی نەرم بێت و ئەو سینییەی، کە بووەتە لاشەیەک بەسەر دەستەکانییەوە، لێی وەربگرێ و لەم نەهامەتییەی تێی کەوتووە ڕزگاری کا. بەڵام ئەوەتا، ئەم وا خەریکە ئاوی پێی دایە و ئەویش بەچەقی نەفرەتدا چووە؛ نایەتە ڕەدا و لێی وەرناگرێ. ترسی ئەوەی لێ نیشتووە ئەو پلەیەی، کە هەشێتی و بەو حاڵە پێی گەیشتووە بیدۆڕێنێ. لەگەڵ گرمەگرمی وەڕینی گەماڵدا، بەڕێوەبەری پەروەردە هاڕاندی:

«لە ئاستی خۆت داینێ؟»

دیسان وەک فەرمان ئەم چوار وشەیەی لە دەم دەرپەڕی. مامۆستا هینیش خواخوای فەرمانێکی وەهای بوو، لە جێی خۆی نووشتایەوە و سینییە پاقلاوەکەی لە دەم دەرگە و بەر پێی بەڕێوەبەردا دانا. نەختێ لەولاتر نامەکەی، کە بەو ڕەنج و تەقەلایە تا نووسی و پێ دەچێ دیسان بەڕێوەبەر بەدەستی ئەنقەست فڕێی دابێ، هەڵگرتەوە.. فوویەکی لێ کرد و هەمدیسرۆ بەدەستی لەرزیوەوە بۆی درێژکردەوە. بەڕوخسارێکەوە پاڕانەوەی لێ دەچۆڕا وتی: «ئەم کاغەزە خاصە بەجەنابتان.»

بەڕێوەبەر پەردەی برنجۆکی لەسەر سینییەکە لادەبرد و وتی:

«لەسەر سینییەکە داینێ و هەقت نەبێ.»

مامۆستا هین بەهێمنی لە جێی خۆی دانەوییەوە و نامەکەی لەسەر زلوبیایەک دانا و گورج ڕاست بووەوە. نامەی تاین توند بەزلوبیاکەوە





لکا. چاوەڕوان بوو بەڕێوەبەری پەروەردە سوپاس و پێزانین پێشان بدا. وەلێ ئەو بەکووچ کووچ سەگەکەی بانگ کردەوە. ترسێک وەک خەنجەری دەبان خزایە سنووقی سینگییەوە و خۆی گەیاندە پەڕەکەی دڵی. ترسی ئەوەی گەماڵە ڕەشی تێ بەردا، کە لەم کاتەدا گەڕابووەوە باخچەکەیان. گەماڵە ڕەش بە کلکەلەقێ بەدەنگییەوە هات. بەڕێوەبەری گشتی ئاماژەی سینییەکەی کرد. سەگی تاین لمۆزی دانەواند و بەهەڵمەهەڵم مرووکایە سینییە شیرینی. ئەوەندە بەتاسووقەوە سەری تێ ژەند؛ مێردمنداڵی کۆڵهەڵگر، کە هێشتا چاوەڕوانی کرێ بوو. زڵچەزڵچ زاری کەوتە سەرئاو.

گەماڵە ڕەش جاروبار لمۆزێکیشی بۆ نامەکەش دەبرد و بۆنێکی پێوە دەکرد. دەیبوارد و ئەمجا دەگەڕایەوە سەر داکرماندنی پاقلاوە و زلوبیا و شەعرییە و بوخچە و داتڵی و گێتەمەژگێ و... وەک دێڵە سەگەکەی دایکی لە تەمەنی گوجیلەییەوە بەپاقلاوە گۆشی کردبێ. مامۆستا هین بن باڵی لە ئارەقەدا جلقەی دەهات. تنۆک تنۆک ئارەقەی لینج بەلاجانگ و گەردنیدا دەهاتنە خوار و زمانی لە زاریدا بووبوو بەپەلاس و خۆی بۆ ڕانەدەگیرا. بەڕێوەبەریش بەسەرێک دەستی بەسەر پشتی گەماڵەکەیدا دەهێنا و نەرمە ختووکەی گەردنی دەدا و دەیخوراند؛ بەسەرێکیش بەدەم بسکە و زەردەخەنەوە، سەرنجی مامۆستا هینی دەدا و پاچەکۆڵەی لە ناخیدا دەکرد. مامۆستا هین لە پڕێکدا بەخۆی زانی و دیتی وا جلکەکانی بەبەری دەڵب دەبن.. ملبەندەکەی لە زەوی دەخشێ و بەردەرگەی ماڵی بەڕێوەبەر گەسک دەدا.. دیتی باڵەکانی کورت بوونەتەوە و دەستەکانی بزربوون و سەر قۆڵی چاکەتەکەی شەپەشەپێتی و لاقەکانیشی تەواو کورت بوونەتەوە.

نیوەی ڕاستی پانتۆڵەکەی نیشتووەتە سەر پێڵاوەکانی. پێڵاوی چی؟ پێیەکانی هێندە بچووک بوونەتەوە، پێڵاوەکانی وەک جووتێ بەلەم دەنوێنن. مامۆستا هێن ئەوەندەی گزگلێکی ماوەتەوە یان لە مشکێکی ترساوی بۆرەقنە دەچێ کەوتبێتە جەواڵەوە. ئەم ئێستا لە مشکێک بترازێ هیچی دیکە نییە. مشکێک، لەپڕێکدا خۆی لە پێش حەزیایەکی ڕاساودا بینیبێ. حەزیایەکی زلی بەسام، یەک بەخۆی دەمی بۆ کردبێتەوە تا قووتی بدا. بووەتە مشکێکی بەیدەست و تۆقیو. نە پای ماوە (ڕا) کا، نە زاری ماوە (ها) کا.

کۆبنهاون، ٢٦-٦-٢٠٠٥

فەرهەنگۆک:

بەڕێوەبەری مەعاریف: (مدیر المعارف)، بەڕێوەبەری پەروەردەی سەردەمی پاشایەتی

پشکنەر: (مفتش)، سەرپەرشتیاری پەروەردەی سەردەمی پاشایەتی

تەبریک: (تبریک)، موبارەک بادی، پیرۆزبایی

بیلا مونازیع: (بلا منازع)، بێ ڕکابەر

موستەحەق: (مستحق)، شایان، شایستە

موجەدەدەن: (مجددا)، لە نوێ

مەنصەبی ڕەفیع: (المنصب الرفیع)، پۆستی باڵا، پلەوپایەی بەرز

موخلیص: (مخلص)، دڵسۆز

مودبیرول ئوموور: (مدبر الامور)، کارسازی کاران

گێتەمەژگێ: جۆرێکە لە کاری هەویری ناوچەی هەورامان.

پاکەتی غازی: جۆرێ بوو لە سیگاری سەردەمی پاشایەتی.

سەلیم: (سلیم)، ساغ، دروست

سەوی: (سوی)، ڕاست و دروست

سلووک: (سلوک)، ئاکار





موعەللا: (معلی)، بەرز و باڵا

تەعریف: (تعریف)، پەسندان، پێناسە

برنجۆک: قوماشێکی تەنک

فاقە: داو، بۆ گرتنی باڵندە

ملبەند: بۆیمباخ، کەرەوێتە

صنف: (صف)، پۆلی قوتابخانە

قەپەگۆڵ: گەماڵی زل

فیلەزەلام: پیاوی زەبەلاح، لەندەهوور

خومار: کەسێ دوای مەستی دووچاری ژانەسەر بووبێ.

موباشەرە: (مباشرە)، دەستبەکاربوون

موتیع: (مطیع)، گوێڕایەڵ

کلکەسووتە: کلکەلەقێ

گەرگەڕی: ئەو پیاوەی سەری بەتەواوی رووتابێتەوە، یان چەند تاڵێکی پێوە مابێ.

بەئەزێت نەبێ: بەئەرک نەبێ

هەمدیسرۆ: هەمدیس، دیسان، هەمدیسان

گوجیلە: تووتەڵە سەگ

تووتەی سیاو: (هەورامییە) واتە: سەگی ڕەش

حەزیا: ئەژدیها

وەزیارە: هاوینگەیەکی دڵگیرە لە زنجیرە چیای سەگرمە، نزیک بەشارۆچکەی قەرەداخ.

پەنماو: ئاوساو

# پەڕجوو

ئەوەتا؛ دیسان پیرەژنی تاین گەڕاوەتەوە شوێنەکەی جارانی و ئەوێی کردووەتەوە بە مەکۆ. دیارە ئەم پێرەژنە ڕەزا سووکە قژ خاوە چاو شینە پۆشتە و پەرداخەی وا ئاسۆ ئەزموونێکی سەرنجکێشی لەگەڵدا هەیە؛ ئەگەرچی سەری لە گوێ قەبر دەلەرزێ، بەڵام هێشتا هەر سوورە لەسەر فریودانی سەر ڕەشە بیانییەکان و تەرکی نەداوە! ئەوەتانێ بەنیازی شکار و فریودانی بیانی؛ هەمدیسرۆ لە ژێر پردەکەدا لە بۆسەدایە. چەشەی پیرەژن، هەمان بابەتی جارانە. ئەو بابەتەی پێی وابوو ئاسۆی پێ خاپاندووە. وەلێ ئەم جارەیان، کاتێ ئاسۆ سەرنجی دایە پیرەژنی ڕەزا شیرین، سۆزی بۆی نەورووژا و مووشی پێ نەبزوا. بێ دەربەست نەرمە شانێکی هەڵتەکاند و بڵماندی، (ئەوسا کرێوەی زستان و ئێستا ناوەندی هاوینە، لەوانەیە جیاوازییەکە لێرەدا بێ.) وەلێ بەدەست خۆی نەبوو، بەدەم پەڕینەوەوە بۆ کافێک؛ سەربووردەی خۆی و پیرەژنی هاتەوە پێش چاو.

ئێرە ڕاستە شەقامی نۆرەبرۆیە. ئاسۆ، لەم گەڕەکە بەبیانی جەنجاڵەدا دەژی. نها بەنیازە لە ترافیکی کن پردەکەوە بپەڕێتەوە و هەتا فوتێکسەکەی ئەوبەر بچێ.. ئەوا ڕێک لە بن پردەکەدا ڕێکەوتی پیرەژنە ڕاوەستاوە بۆشناخەکەی کردەوە. ئەو ژنە بەقەڵافەت و شێوەی خۆگۆڕین و گونجاندنی پۆشاکیدا شاژنێکە بۆ خۆی. بەدەم زەردەخەنەیەکی ئاشنایانەوە و بەگۆڤاری (پەڕجوو)ی دەستییەوە







هەنگاوێ لێی وەپێش هات و بەدەم فەرمووی دۆستانەوە، گۆڤارەکەی بۆ درێژ کرد.

زەردخەنە و لەم درەنگ وەختە تەزیوەدا، چەند کاڵایەکی بەنرخ و دەگمەنە. ئاسۆش هەر بەزەردەخەنە بەرەو ڕووی بووەوە و لەسەرخۆ وتی: «نای تاک!» بەڵام پیرەژن ئەم وەڵامەی بەدڵ نەبوو، نائومێد کشایەوە.. ئاسۆ ئاوڕێکیشی لە ئەلکهولیکە گڤنەسەرە بەتانی لە کۆڵە ڕدێن هاتووە چڵکنەکە و سەگە ڕەشەکەی پاڵی دایەوە. ئەویش بەردەوام بەسەگەکەیەوە ئەو ژێر پردەی کردووەتە داڵدە. سەگەکە لەسەر پەلاسێک لە پاڵیدا درێژ بووە. بوتڵێکی نیوە لە بیرە هەرە هەرزانەکان لە پێشی و گێل و ئەبڵەقانە لە بنمیچی پردەکە ڕامابوو. ئاسۆ وەک لێ ڕاهاتووە، لەسەر خێراییی خۆی بوو. مرۆڤ لەم باکورەدا هەردەم پەلەیەتی، چ جای ئەوەی وەرز ناوەڕاستی زستانیش بێ. لەپڕێکا بەخەیاڵیدا هات و لە ژێر لێوەوە بڵماندی: «هیچ نەبێ لە کاولە مەفتەنەکەی خۆم پیاسە هەبوو، خۆ لێرە شتێک ناوی پیاسە بێ لە ئارادا نییە نییە.» ئاسۆ، بەدەستی بووایە جووتێک شاباڵی لێ بڕوایە، تاکو گورج کارەکەی ڕاپەڕێنێ و هەناسەیەک زووتر خۆی بەکافێ یان بەناو تـوتومبیلەکەیدا بکاتەوە. لەوبەرەوە بەدڵاودڵەوە ئاوڕی دایەوە. دیتی پیرەژنی تەڕپۆش هێشتا بەدیاریی دەستییەوە لەسەر ڕاکێشانی سۆزی ڕێبواری بیانی بەردەوامە. پیرەژن، کە ڕەنگە تەمەنی لە دەوروبەری حەفتا و پێنج ساڵیدا بێ، لە پاڵ کابرای ئەلکهولیکەی بێ داڵدە و سەگەکەیدا، خۆی دابووە پەنا دیواری پردەکە. بەچاوە شینەکانی ڕێبوارە گەنمڕەنگەکانی لە باوەش دەگرت و نەرمونیان و لێبڕاوانە فەرمووی ئەو تاکە پەڕجووەی بەدەستییەوە مابوو لێ دەکردن و وەک کاڵایەکی پیرۆز و بەنرخ پێشانی دەدان.

ئاسۆ لە بازاڕەکەدا. چاوی بۆ جوانکاریی ئۆتومۆبیل دەگێڕا، هاوکات نەرمە شەپۆلێکی شلەتێن دەڕژایە جەستەی. ئەوانەی بەپەسەندی دەزانین لە سەبەتەکەی دەهاویشتن. گەرچی کاری ئەو لێرەدا تەواو دەبوو، کەچی پێی ئەغز بوو هەروا زوو ئەم شوێنە تاڕادەیەک گەرمە جێ بێڵێ. بەناو بەشەکاندا بۆ پێویستییەک، هەر جۆرە پێویستییەک بێ، چاوی دەگێڕا. کڕیار کلێتەیان تەپاندبووە سەریان و چاکەت و قەمسەڵەی هەمەجۆر و هەمەڕەنگی ئەستووریان لەبەردا و پێڵاوی چەرمی ساغ و بن ئەستوور و گۆرەویی خورییان لە پێدا. هەندێ هێشتا دەستەوانەیان لە دەستدا؛ هەندێ نابوویانە نێو سەبەتەکانیان، یان لە گیرفانی پاڵتۆ و قەمسەڵەکانیان ئاخنیبوون.

ئاسۆ بیری هەر لە لای پیرەژن بوو، (داخۆ ئەم ژنە لە کەینێوە بەم گۆڤارە ئاینییەوە ڕاوەستا بێ، تاکو موسڵمانێکی سەرڕەش دڵی نەرم ببێ و لێی وەربگرێ و بیخوێنێتەوە، سا بەشکو ئەمە خوایە لە نێوان ئەو دەیان یان سەدان موسڵمانەی، کە پەرجووی لێ وەردەگرن و دواتر دەیخوێننەوە، خوا بنێتە دڵی یەک دوانێکیان و ببنە خوێنەری هەمیشەیی پەرجوو، جا ئەوسا لەوانەیشە دوای خوێندنەوەی سەرومڕ و چوونە ناو بابەتەکانییەوە، خواوەند هەر لە شێوەی پەرجوودا بنێتە دڵی یەکێکیان و ببێتە ئەو جۆرە کریستیانەی ئەوان گەرەکیانە.)

ئاسۆ لە ڕیزدا وەستا و دوای چەند خولەکێ چاوەڕوانی، گەیشتە بەردەم کاشیارەکە. خەیاڵیشی هەر بەلای پیرەژنی خاوەن پەرجووەوە بوو. ناوە ناوە تارمایی دایکیشی دەهاتە بەر ڕوانینی و سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکرد. ئەمجا لەگەڵ نیگاری پیرەژنە پەرجوو بەدەستەکەدا ئامێتە دەبوو. ئەو لە ناخەوە لەسەر بڵمەبڵمی خۆی بوو (شیردا بۆ





داپیردا.) لێرەدا حیکایەتە کۆنەکەی سەروەختی منداڵیی هاتەوە یاد.

پەنجەوانە چەرمەکانی لە دەست هەڵکێشان و بەتوورەکەیەکی نایلۆنی شینەوە، لە بازاڕەکە دەرهات و بەرەو ڕووی وژە وژی بایە ڕچێنەرەکەی دەرەوە بووەوە. بای باکوری تەزێنەر و هار، لکی درەختە ڕووتەڵەکانی دەهەژاند و لەسەردا بە بەفرەلووکەوە هەڵی کردبوو. وەک سەهۆڵپرژێنی ڕووی بکا، هەستی کرد خەریکە نەرمایی گوێکانی بتەزێنێ.

چاوی لە هەناسەی خۆی بوو، بایەکە دەیفڕاند و تەفروتوونای دەکرد. کلێتە (نایک) نیشانەکەی زیاتر تەپاندە سەر و گوێلاکی و پێی هەڵگرت.. بەپەلە توورەکەکەی هەڵدایە بۆکسی ئۆتومبیلەکەی و بای دایەوە. لە شوێنی پەڕینەوەدا، نائارام چاوەڕوانی سەوزبوونی گڵۆپە سوورەکان بوو. ماوەی نێوان ڕەنگ گۆڕکێی چراکانی لەبەر نەدەڕۆیی، کە هەر دەوروبەری نیو خولەک دەخایەنێ.

ڕێبواری پیادە، مەگەر ئەوانەی دەستیان بەدەستکێشە یان شتێکیان هەڵگرتووە، دەنا هەموو مستیان لە گیرفانیان ئاخنیبوو. ئەوان بەجۆرێک خۆیان پێچاوەتەوە هەتا تەواو لێیان ورد نەبیتەوە ناکرێ لێکیان هەڵاوێری داخۆ نێرینەن یان مێینە. بەپەلە پەڕییەوە. لە ژێر چاویلکەکانەوە، چەند دڵۆپێک فرمێسکی شلەتێنی بەزەبری سەرما هەڵوەریو، بەسەر ڕوومەتە ساردەکانیدا خزین.

لەوبەرەوە پیرەژنەکە، بەزەردەخەنە ئامادەکەیەوە، هەمدیسرۆ پەرجووەکەی بۆ درێژ کردەوە، (ئەمانە ڕێک لە دەرۆزەکەرانی وڵاتی خۆمان دەچن. تۆ ئەگەر پارەش فڕێ بدەیتە پێشیان، کاتێ لەوسەرەوە گەڕایتەوە دیسان دەستت لێ پان دەکەنەوە و ناتناسنەوە.) لە نوێ

قەوانە سواوەکەی بۆ لێ دایەوە، (نامەوێ سوپاس!) بەم ڕەنگە لە کورتی بڕییەوە و ئەمجارەش خۆی ڕزگار کرد. خۆ ئەوانی دیکە ئەوەندەشی پێ ڕەوا نابینن. ئەوەتا پاکستانییەکەی پێشی بەشەپەشەپی پۆشاکە میللییەکانییەوە هەر مووشی پێ نەبزوا. هەن تەنیا بەزەردەخەنە وەڵامی دەدەنەوە. خۆ ئەگەر بهاتایە و موسڵمانێکی برێ داخراو و توندە تەبیات بووایە لە بریی ئاسۆ، لەوانەبوو لچێکیش لەو خاتوونە هەڵقورتێنێ.

بایە ساردەکە پەیاپەی گڤەی دێ. پڕووشە ورد و تەنکەکان بەجۆرێ دەفڕێنێ و پەرتیان دەکا، چاو کاریان لێ ناکا. جامی پاسە نارنجییەکانی ڕێبوار گواستنەوە تەم گرتوونی.. هەستێ لە ناخەوە بەویژدانیدا چپاند، (ئەمڕۆ کەس ئەو دانە گۆڤارەی لێ وەرناگرێ و لە کۆڵی ناکاتەوە، ڕۆژگاریش هێشتا بەبەریەوە ماوە، ئەگەر تا ئێوارە لەبەر ئەم سەرما ڕچێنەوەدا بوەستێ، جوبرائیل دەستی بەباڵییەوە بێ ڕەق دەبێتەوە.)

کەسێ بەزەییی نەتلیسایەوە، ئەو دانە پەڕجووە خۆڕاییییەی لێ وەربگرێ و لە ئەگەری مەرگ ڕزگاری بکا، (دایکم چی لێ بەسەر دێ ئەگەر بەفر لە عەرددا کەوتبێ و ڕەشەبای سلێمانی بەسەریدا هەڵی کردبێ، بەڕاست بۆچی لە یادم چوو، خۆ لەوێندەرێش زستانە و دەها خراپتر، دیسانیش سووتەمەنی چووەتە قاتی، لەوێ ئەگەر بەتانکەر نەوت لە ماڵیاندا بێ هێشتا هەر سەرمایانە.)

لە هیکڕا پیرەژنی پەرجوو بەدەستی بەدایکی خۆی چوواند. پیرەژن پاڵتۆیەکی خاکیی کاڵ لەبەردا. تا بەرگەردنی دوگمە کاهییەکانی داخستوون، ئارایشتێکی لێزانانەی کردووە و تەنکە لێوەکانی سوور.





شەبقەیەکی خاکیی کاڵی بەقردێلەی شینی ئاسمانیی لەسەر ناوە. بایەکە دەیجووڵێنێ و ئەویش دەستی پێوەیە نەبادا لێی بفڕێنێ. کڵافەی زەردەپرچی تێکەڵ سپی، تا سەر شان. چاویلکەی چوارچێوە نیلی، چەکمەی ڕەشی نوێی لێ هەڵکێشاوە. دەستکێشەکانی پیرۆزەیی. لە ئاستی گەردنی، گرێیەکی لە ملپێچە پیرۆزەییەکەی داوە. ڕیشووەکانی لە ژێر پاڵتۆ خاکییە کاڵەکەیدا بزر بوون.

کاتێ بەوردی دیقەتی دا. دیتی لەگەڵ ئەو هەموو پۆشاکە گەرم و گرانبەهایەشدا هێشتا بەزەبری کەڕەسیسەی دەم با، کرژ بووە، ڕووی سوور و چرچ هەڵگەڕاوە، (ڕەنگە پاڵتۆکەی بتوانێ بایەکە بشکێنێتەوە و کاری ئەوتۆی لێ نەکا، شەبقەکەیشی بۆی هەیە بەری بایەکە بگرێ و نەهێڵی ڕاستەوخۆ کار لە بێخی سەری بکا، بەڵام دڵنیام ئێستا قاچ و پووزە چرچەکانی لە ناو پێڵاو و گۆرەوییەکانیدا تەزیون، چەرم چەند ئەستووریش بێ، هەر هەتا ماوەیەک گەرمی دەپارێزێ، لەوانەیە کاریگەریی سەرما هەتا سەرووتریشی چووبێ، کێ دەڵێ تاوێکی دی لە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانە خۆی نابینێتەوە، کێشەکە لەوەدایە ئەم ناجووڵێ تاکو کەمێ لەشی گەرم ڕابێ و تینی تێ بڕژێ، دڵنیام هەر ئەمشەو کەسیرە دەبێ و سەرما دەیکوژێ، ئەم پیرەژنە ئەو هەموو وزە و بەرگرییە لە کوێ بێنێ، خوایە، چەند لە دایکم دەچێ خوایە.)

لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا. یەک لە باری ئاسۆ، ئێوارە ژوانی لەگەڵ دەزگیرانەکەیدا هەیە و جێژوانیان (کافییەی کاسترۆ)یە. تەلەفۆنە دەستییەکەی دەرهێنا و سەرنجی کاتی دا. دیتی هەروا دە خولەکی بەبەرەوە ماوە. بەپەلە ڕووەو گازینۆکە خوشی.

کاپوچینۆیەکی داوا کرد. هێشتا وەری نەگرتبوو (سینە) لە دەرگەوە

سەری کێشا. بەرەو ڕووی چوو چەند چرکەیەک یەکودووویان لە ئامێز گرت. بەڵام ئاسۆ تاپۆی ئەو پیرەژنەی لە بەرچاو لاناچێ. خەمێک بەجارێ سەر و دڵی گرتووە، (لە تەمەنی دایکمایە، شێوەشیان دەچێتەوە سەر یەک، ئەوەندە هەیە دایکم نە شەبقە لەسەر دەنێ، نە ئەو جۆرە پاڵتۆیەش دەپۆشێ، خاڵی هاوبەش مەگەر ڕەنگ و باڵا و تەمەنیان بێ، من بزانم دایکم ساڵانێکی زۆرە پشتی کردووەتە ئارایشت، زەردەخەنەکەشی هەر دەچێتەوە سەر ئەم.)

سینەی گەیاندە سەر مێزێکی دووکەسی و خۆی گەڕایەوە، قاوەیەکی ئاساییی بۆ داوا کرد و پێویستی بەوە نەبوو لێی بپرسێ. بەزەردەخەنەوە بەرامبەری دانیشت. لە دەرەوەش با درەختەکانی ڕادەشەکاند. وەک یەکەم جاریان بێ لە بۆنەیەک کۆیان بکاتەوە، بەباسی دژواریی کەش و هەوا دەرگەی قسەو باسی کردەوە. بەزمانی دانیمارکی ئیدیۆمێکی کوردی لەسەر زستان بەگوێیدا دا، « سەرمایەکە، تف هەڵدەی دەیبەستێ.»

سینە زەردە گرتی و وتی: «لەوانەیە مرۆڤ بیبەستێ!» ئەمیش سەری بۆ لەقاند. وەلێ هەر زوو کەوتەوە بیری، کە ئەو ئیدیۆمە هی کوردستانە و بەم وڵاتە نامۆ و ناجۆریشە. لە بن لێوەوە بڵماندی: (تف هەڵدان ئاکارێکی ناجۆر و قێزەونە، نەدەبوو..) ماوەیەک بەرامبەر سینە نتم دانیشت و بەکاپوچینۆکەوە خەریک ما. ئەویش لێی ورد دەبووەوە و بەقاوەکەوە خۆی خەریک کردبوو. دوای تاوێ بێدەنگی پرسی: «بۆچی پێکتدا داوە؟ بێ تاقەت دەتبینم ئاسۆ!» دەم و لێوی سینە لە تافی ئاخاوتندا لە گوڵە هەنار دەچوو بەدەم سرووەی شەماڵەوە بشنێتەوە.. ئاسۆ نەیتوانی وەڵامێکی حازر بەدەستی





بداتەوە. کووپەکەی دانا. چەند جارێک دەستی بۆ گوێی سارد و سمێڵی تاشراوی برد، وتی: «ها، بڵێم چی.. ماوەیەکە هەواڵی دایکم نازانم، دڵم ختوورە دەکا و..» لە دەمی وەرگرت و وتی: «چی تێدایە ئەمەشەو زەنگێکی بۆ لێ دە.!» پەنجەکانی تێک پەڕاند و وتی: «پێشنیازێکی بەجێیە؛ بەڵام دایکم تەلەفۆنی نییە! هەرچۆنێ بێ ئەمشەو ئەگەر ناڕاستەوخۆش بێ هەواڵی دەزانم. هەستە بابڕۆین!»

دەستی دایە دەستی سینە و ڕاست بووەوە. ئەو هێشتا کووپە قاوەکەی بەدەستەوە بوو، برووسکەیی تیلەی چاوی گەیاندە سەعاتەکەی و بەسەرسووڕمانەوە پرسی، «هێشتا زووە، بەم دەمەو ئێوارەیە بەرەو کوێ ئاسۆ؟» وەڵامی نەدایەوە. لەسەرخۆ دەستی ڕاکێشا. سینەش کووپەکەی دانا و وەک گیاندارێکی دەستەمۆی گوێڕایەڵ دوای کەوت. هەر لەنێو کافێکەدا کلێتەکانیان تەپاندە سەریان، دەستەوانەیان لە دەست هەڵکێشا و کەوتنە سەر ڕاستە شەقامی نۆرەبرۆ.

پڕووشەی بەفر چکی کردبوو. وژەی گژەبای تەزێنەر بەرەو ڕوویان بووەوە. دەستی بەدەستکێش لە نێو دەستدا، بەرەو پردەکەی نۆرەبرۆ سەرژوور بوونەوە. پیرەژنە پەرجوو بەدەستەکە هێشتا لەو مابوو. هێشتا نەیتوانیبوو، دڵی موسڵمانێک بەلای خۆیدا بێنێ، بەخۆڕایی پەڕجووەکەی لێ وەربگرێ، یان هەر لە کۆڵی بکاتەوە. گەیشتنە بەردەم پیرەژن. ئەویش وەک جاران بەدەم زەردەخەنەوە پەڕجووەکەی بۆ درێژ کرد. ئاسۆش بەخەندەوە بەرەو ڕووی چوو. دیتی پیرەژن لەوەدایە سەرما کەسیرەی بکا، بۆیە زەردەخەنەکەی وەک ئەوسا بەگەشی نەماوە. ئاسۆ چاوی بڕییە چاوە شینەکانی. دەستی بۆ درێژ کرد و

بەچەناگە نیوە سلاوێکی لێ کرد. ئەویش زیاتر دەستی بەگۆڤاری لێ نزیک خستەوە. ئاسۆ بەڕوویەکی گەشەوە لێی وەرگرت، « تووسن تاک!»

سینە، کە قۆڵی لە قۆڵی ئاسۆدا بوو، سەری لێ سوڕمابوو. بەدەم ڕێوە پرسی: «ئەم جۆرە شتانەش دەخوێنیتەوە!» پەنجە بەدەستەوانەکانی گوشی و زیاتر پێیان هەڵگرت. کاتێ پەڕینە ئەوبەری شەقامەکە، ئاسۆ ئاوڕێکی دایەوە. دیتی کابرای ئەلکهولیکە و سەگەکەی لە جێی خۆیانن. ئەوەندە هەیە بەتانییە چڵکنەکەی تەواو لە خۆیەوە ئالاندووە. هەرچی پیرەژنیشە شوێن و هەتەری نەماوە، (پێم وایە، ئەم ئێوارەیە پەڕجوویەکی لە ئاوەزبەدەرم ئەنجام دابێ، پەڕجووی ڕزگارکردنی پیرەژنێک لە ڕەقبوونەوە.) هەناسەیەکی قووڵی دڵنیایی هەڵکێشا و ئەمەی لەبەر خۆیەوە مرتاند.. وەلێ پەڕجووی لەمەڕ پیرەژنی هێشتا بەدەستەوە بوو. نەختێ لەولاتر دانەوییەوە، لە بان کورسیی وێستگەی پاسەکان سووکێ پەرجووەکەی داناو پشت پێی هەڵکرد.

دوای چەند هەنگاوێک ئاوڕی لێ دایەوە. دیتی بایەکە پەیتا پەیتا بەخێراییەکی زۆر و بەدەم لرفەلرفەوە، پەڕە پەڕە، دەیکاتەوە و دای دەخاتەوە.. ئاسۆش قۆڵی لە قۆڵی سینەدایە؛ بەدەم ڕێوە دەکرێتەوە. ڕۆیشتنێک بەرەو ڕووی بایەکە، مینا فڕین. لەو دەمەدا بەرز و بەگەورەیی بەئاسمانی شارەوە کەڤاڵی بەجووڵە و ڕەنگاوڕەنگی دایکی بینی بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە لێوەکانی کشابوون و لەو بەرزاییەوە ئامێزی بۆ گرتبوونەوە و بلەز بەرەو ڕوویان دەهات.

کۆبنهاون ٢٠٠٥/٦/١٦





(پەڕجوو، المعجزة): بلاڤۆکێکە، بەچەند زمانێک چاپ دەبێ، باس لە پەڕجووەکانی ئاینی عیسایی دەکا.

mirakel: کافێی کاسترۆ: کافێیەکی میللییە، لەسەر شەقامی نۆرەبرۆی شاری کۆبنهاونە.

فوتێکس: بازاڕێکی گەورەیە لە هەموو گەڕەکەکانی شاردا لقی هەیە.

شەپەشەپ: خشە خش، لرفەی جلوبەرگ بەدەم باوە.

دەقێکی کراوە

## دەقە بەردینە

خورجێکی دوولانەی بەشاندا داوە، نازانم بەم پایزی تەمەنەوە بەنیازی کوێیە؟»

ئەم سەرەی بووەتە گۆڕستانی خەونە بەدی نەهاتووەکان هەڵدەگرم و دەڕۆم. ئەم شارەی، لە درۆ و بێدادیدا لیپانلیپە جێ دێڵم. دەڕۆم و ئەم شارەی لە من و تۆیی و خزم خزمێنەدا کەیلە چۆڵ دەکەم. دەڕۆم و سەربەدواوە ناهێنم. لەم شارەدا ڕوو لە هەرکوێ دەنێم، شەقەی پێوەدانی دەرگە دێ بەڕووما .. گریمان وتیان پیاوەکە شێت بووە. با بیڵێن، قیروەقەرەس و بەتوون. با ئەوەندە بڵێن تا دەنگ لە گەروویاندا نامێنێ و وشەکان بەسەر لێویانەوە مردار دەبنەوە.

جڤاکەکان ڕزیون. هەرچی تام و نرخی ژیان بێ تێیاندا نەماوە. وەرزی درەوشانەوەی گورگە. ئەم جڤاکە ڕزیوەش بۆ منی گوێ سووک، کە لە دوورڕا چپەی مێشوولەیش دەبیستم، دەست نادا . منێک لەودیو شوورە ئەستوورەکانەوە فسکەفسکی پیلانگێڕانی شەوم گوێ لێیە، لەم شارەدا ژیان دەرنابەم. منێ، تابڵێی هەست ناسک و هەستیار، لە دوورڕا بۆنی ئەنگوستیلەی پڕ لە ژەهریان دەکەم و لەسەر شەروالی ئەستوورەوە ئاگەداری خەنجەری ژەهراویی شاردراوەی نێوان





گۆرەوی و پووزی پیاوکوژانم. لەم شارە سەر بەتەمەدا وەک سووژن تەنیا باڵ و ژیان تاڵ و پەرێشان حاڵم. ڕوو لە کام شار بکەم؟ هەموویان بۆ من چوون یەکن. پڕن لە مرۆی دڕ و گیرفانبڕ.. بەنگکێش و سینگهەڵکێش .. نابووت و کەللەپووت.. تووکتاڵ و زەرەتاڵ و زەین بەتاڵ.. ڕق لە سینە و دڵ بەکینە.. خەڵەفاو و خاپاو و زەنگزڕاو، لە پشت حەوت کێوەوە بۆن دڕنیان کاسی کردووم.. بریا کەڕ و کوێر بوومایە و بۆنیشم نەکردایە.

ئەم شارە مشک تێی داوە و گەنم تێیدا هەڵناکا. لەم شارە مۆرانە تێداوەدا، تەمەنی ئاوریشم لە تەمەنی خودی کرمی ئاوریشمەکە کورتترە. ئەم شارە نوقمی تەمە، خۆر بەقاچاغیش ڕێی تێ ناکەوێ.. درەختەکانی بەرچاوتەنگن لقوپۆ لە باڵندەکان دەشارنەوە نەبادا هێلانەیان لێ هەڵبەستن.. هەر پاسارییەکی دەنووک پڕ لە جریوەی پێخاوس بگری دارلاستیکێکی بەردەکەوێ.. لێرۆکانە بەرائەتەکان دەکوژن.. گوڵاڵە سوورەش لە شار نارِوێ. قاچاغچییەکانی ئەم وڵاتە لە دەستیان بێ، مانگی چواردە دادەگرن و بەمس ئەودیوی دەکەن.

لێرۆکانە گوێم لە ئاوازی ژەنینی بای خاو و چریکەی بانگخۆشکە نابێ. دەچم بۆ ئەو چیایە بۆلای بەرد. بەری بەیان هەڵدەکەمە بان زنارێ و بەیەکەم گورزە تیشکی خۆر خۆم دەشۆم.. دەچمە خزمەت بەردی مەرد. ئەو کورتە تەمەنەی ماومە لەگەڵ بەردەیلی ئازیزدا دەیگوزەرێنم. لە پەنا بەرددا دەژیم. بڵێی ئەو بەردەی دەیکەمە پشت و پەنا لە هەناسەیەکدا جووتێ باڵ، یان چوارپەلی لێ بڕوێ و هەڵکاتە چوارناڵە و تەنیاباڵ بۆ دڕندەی کێوم ئاشکرا کا؟ نا.. دەچێتە ئەقڵەوە ئەو ئەشکەوتە بەردینەی دەیکەمە داڵدە، لە پرخەی خەوی سێباری

نیوە شەوێکدا، خڕ دەرگەم لێ گاڵە دا و زیندەبەچاڵم کا؟ نا.. داخۆ بەخەیاڵی کەسدا دێ ئەو بەردەبازەی بەنیازی پەڕینەوە، پێی لەسەر دادەنێم هەڵم دێرێتە نێو سووڕی گێژەنەوە، دەرخواردی جل و شارک و مارماسیم بدا و ئاو و ئاو بچم؟.. دیسانەکە نا.. چیا سرپۆشە نهێنیی هێلانە و کونە تەیارە و سەنگەری پێشمەرگە بەکەس ناڵێ.

دەچم لە سایەی سەنگی سەنگیندا دەحەوێمەوە. لە ئامێزی ئەشکەوتی بەردین و لەسەر تاتە بەرد، گەلای درەختەکان ڕادەخەم و بێ منەت دەنووم. وەک باپیرە هەرە پێشینەکانم لە دەفری بەردیندا دەخۆم و تیغی بەردین بەکاردێنم و ئاسوودە لەسەر چرپای بەردین دەنووم. ئەوە قسەی فیمنیستەکانە کە دەڵێ، سێبەری بەرد و بەقای مێرد..! ئەوان لە خوت و خۆڕایی بەردیان ئالاندووەتە کێشەی ژنەوە.. ئەوە قسەی بەرتیلدەر و بەرتیلخۆرانە، کە دەڵێ بەرتیل بەرد نەرم دەکا! ئەوە گەندەڵەکانن بەردیان ئالاندووەتە گەندەڵییەوە، کە ئەو تەواو لێی بێ ئاگایە. قسەی گیرفانی خۆتانە، کە بەیەکدی دەڵێن، سەرت دای لە بەرد! کوا ڕۆژێ بەردێ لە خۆڕا ڕاساوە و بەنێوچاوانی مرۆیەکدا نووساوە؛ ئەگەر خۆتان لە پشت ئەم ئاکارەوە نەبووبن؟ بەرد کەسی سەنگباران و سەنگەسار نەکردووە براگەل. بڕوام بەهیچ کام لەم گوتانە نییە! گەر بەخوڕ نیل و فورات بەردەنە سەر بەردەستێیەک نەرمی ناکا..! ئێوە بۆ ئەوەندە بێ وەفان؟ ئەو چیا بەردینانە نەبوونایە لە مێژبوو ڕەگوڕیشەیان دەرهێنابوون!

بەرد بەستەزمانە؛ ڕاپۆرتم لێ نادات و نامخاتە ژێر چاودێریی کامێرا وردیلەکانەوە. بەزەبتی بەرباخەڵ وشەکانم بۆ ڕۆژی خۆی تۆمار ناکا. بەرد بێدەنگ و سەنگە، بۆڵە و خوتەم بەسەردا ناکا. کینە





لە دڵ نییە و لێوم لێ ناکرۆژێ. کێشەی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئاین و ئاینزاشیان لە نێواندا نییە.. ئەوان زۆرینە و کەمینەیان نییە تا منیش تێوەبگلێم و بەگۆتاوەڕۆیانەوە بتلێمەوە. بەرد دارا و نەداریان نییە و هەموو هەر بەردن.. بەرد هەر بەردە. بەرد مەردە نەمەراییکەرە. کێ بەردی دیوە لە بەردەم بەگێک، سوڵتانێکدا دابووبێ؟ ئەو تەنیا بۆ سنعەتکار و پەیکەرساز، دێتە ڕەدا.. کێ بیستوویە زناری، پێشمەرگەیەک بۆ دوژمن ئاشکرا بکا؟ لە بابەلبابەوە کێ بیستوویە بەردەبێرێ نهێنیی نێوان شوان و بێریڤانی درکاندبێ؛ یانژی بەکرەیی لە نێواندا کردبێ؟ ئێستاش بەردەقارەمان متووی شێخە و چاوەڕوانە بەسواری ئەسپە پیازییەکەیەوە تەتەشم تەتەشم، بەدەربەن وشکدا هەڵکاتە سەڵەف و تەڕاد لێدان.

بەردەکان ئاشکران و بەنهێنی کۆ نابنەوە، تاکو بڕیارەکانیان بەبەندی نهێنی مینرێژ کرابن. کەچی مینا گۆڕ نتم و سرپۆشن. خوایە چەند بەنەزاکەتەوە شانبەشان لە چینی دیواردا دەوەستن؟ چونکە بۆ کاری خێرە، ئەوان زووتر ڕیز دەبەستن تا مرۆڤە کەڵەکباز و هەوەسباز و ڕیابازەکان. ئەدی هەر بەردەستێ نییە، کە بۆ ڕێبواری سەرما کرژ کردووی شەو بەکێو، ئاگر دەئەفرێنێ؟ ئەدی هەر بەردی ئازیز نییە داسی دەستی پاڵە تیژ دەکاتەوە؟ بۆ شۆڕشڤانان دەبێتە سەنگەر؟ دەچێتە قولی مستی مێردمنداڵێکی جزیرەوە تاکو زرم بیدا بەتەپڵی سەری جەندرمەدا و کڵاو ئاسنەکەی بەرداتەوە!

کێ لە بەرد پشوودرێژترە با دەست بڵند کا؟ ئەوە نییە شەوگاری پایز و ڕۆژگاری هاوین کێشکچیی سەرین و پاینی شەهیدە و ئاوی پێشی دانایە! بەرد نازانێ ڕاسیزم بەری چ دارێکە؛ تا هەر بەو

بیانووەی سەرڕەش و گەنمڕەنگم؛ خێسەم لێ بکا. سەد خۆزگەم بەخۆی؛ بەرد ڕەنگ کوێرێکی دڵاوای خۆڕسکە. جیاوازی لە نێوان ڕەنگەکاندا ناکا. ئێرەیی بەدارا نابا و سووکایەتیش بەنەدار ناکا. دیوی دەرەوە و ناوەوەی چوونیەکە. بەرد دڵێ نییە تا ڕەش بێ. چاوی نییە تا لە ئاستما هەڵنەیەت. لووتی نییە تا لووتم پێدا دانەهێنێ. بەرد دەستی نییە هەتا بەم دەست و بەو دەست هەڵپەی بێت و دەستپیس بێ. داوێنیشی نییە تا داوێنتەڕ بێ.. بێ زمانە، نە زمان لووس و زمانبەد و دووزمان هەتا زمانم لێ بدا و پاشملەم بڵێ. بەرد مەندە و نەرمونیان. ئەرێ بیستووتانە ڕۆژێ بەردێ، بەزارۆیە بڵێ دەرد؟

بەرد لاقی نییە پاشقولم لێ بگرێ. فایلڕەش نییە، لە ژێرەوە بەعسی بووبێت و لافی شۆڕشگێڕیش بەسەر مەردمدا لێ بدا. بەبیرەوەریی خۆتان و باب و باوانتان بیستووتانە بەردێ لە ژێرەوە پێوەندیی بەپایتەختەوە کردبێ و نامەی نهێنیی لەگەڵدا گۆڕیبێتەوە؛ وشەی نهێنییان لە نێواندا هەبووبێ و لەپڕ، لە ناوەڕاستی نوێژی هەینیدا، لەو دەمەیدا ئیمانداران بۆ خوای خۆیان لە کڕنووشدان، ئەو لە تەوقەنەی چیاڕا هەرەسی بەسەر مزگەوتێکدا هێنابێ و ئەهلی جەماعەتی قەلاچۆ تێ خستبێ؟

بەرد گوێ لە کەشناسی ناگرێ و باکی پێ نییە پلەی گەرما چەندە و باو باهۆزەکان لە کوێوە هەڵدەکەن.. بەرد لەو جۆرە کەسانە نییە با لە کام لاوە بێ لەوێوە شەن بکا.. بەرد تەرکە و لەرزەک نییە، بۆیە هەرگیز بەدەم باوە ناهەژێ.

بەرد خاوێنترینی خاوێنەکانە. هەتاو بێ، بەگزنگ و باران بێ، بەڕێژنە خۆی دەشوا. هاوینان وەک پاساری لە بن تریفەی





مانگەشەودا دەنوێ و ئەستێران بۆی دەجریوێنن. زستانیش بەرماڵی بێگەرد و نوورانیی بەفر بەخۆیدا دەدا. بەرد بەوەفایە و لەگەڵیدا هەڵدەکەم. باپیرە هەرە هەرە گەورەم چی لەسەر هەڵکۆڵیبێ تاکو ئێستا پاراستوویەتی و پیتێک، سەرێک، بۆرێک، زەننەیەکیشی لێ نەفەوتاندووە. ئەوە ئێوەن هەموویتان بە با دا. ئەگەر ئەمانەتێکت هەیە بڕۆ لە بن بەردی دابنێ و لێی ئەرخەیان بە. ئەوە نییە پێمیمەکان کاتێ سەنگەر لێ دەدەن سەریان بە بەرد دەسپێرن؟ وەختێ مردنیشین لەو غەریبستانە، دوای تەڵقین و فاتیحایەک، کاتێ ئێوە پشتمان تێ دەکەن؛ دوو بەردی بەوەفا دەبنە پاسەوانی بە شکۆی سەرین و پاینمان.. هەموو دەمرین، بەرد دەمێنێ؛ بڵا بمێنێ.. بەرد ڕەو ناکەن. ئێستاش بەردەکانی شوورەی ڕووخاوی دمدم هەر لەوێن و چاوەڕوانی میری "لەپزێڕین"ن.

بۆیەکا سەردەمانێک، سەرپاکی خواوەندەکان لە بەرد بوون.. باپیرانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان لە خێڵی بەردپەرستان بوون! قوربانییان بۆ بە عەرددا داون.. خۆیان بەتاریکی سەریان ناوەتەوە و مۆمیان لە بەر پێی ئەواندا داگیرساندووە. نەهۆش مینا سەردەمی مایکل ئینجیلۆ و ڕۆدان، پەیکەری مەزنەپیاوان لە بەرد چێ دەکرێ.. بەرد قورس و قەمەر و بەشان و شەوکەتە، خۆ پەپوولەپایزە نییە تا لەگەڵ سروەی هەر گژەبایەکدا بکەوێتە چەقڵەسەما! بۆیە منیش مەیلم لێیە ببم بە بەرد! داخۆ ئەم بەردە چەند جاران برووسکە لێی داوە و چەندجاران مانگ بەتریفەی شۆردوویەتی؟ کێ دەڵێ ئەشۆ زەردەشت نمازی لەسەر نەکردووە یان تاوێ لە سەری هەڵنەئاژاوە!

بەرد ئەگەر تووڕەش ببێ، چرای ئاوەزی ناکوژێتەوە و زیان بە

مێشوولەیەکیش ناگەیەنێ. بەدەم دەنگ و سەداوە؛ لە تەوقەنەی چیاڕا خۆی هەڵدەدێرێ و بەردی دی بەسەر خۆیدا دەکا.. بەرد هەر بەردە، لە ساتە وەختێکدا دوو شت نییە و کەچی سەری لە سێیەم بخورێ. ئەو خۆی لێ ناگۆڕێ. کێ زیخێکی دیوە لە شەو و ڕۆژێکدا هەڵگڕا بێ، بووبێ بەزنار؟ هەر لە دەنکە زیخێکەوە هەتا تاوێر و زنار و ڕەوەز، بژی بەرد؛ تا ڕۆژی ئەلحەد.

دەبا هەموو بەسەری کزەوە دەست پان بکەینەوە و لە خواوەند بپاڕێینەوە تاکو بمانکات بە بەرد.. ئەی بەرد، خۆم هاویشتە بەختی باش و هەنیەی پاکت. ئەوا بەیەکجاری پشتم کردە شار و ڕووم کردە کەژ و کۆ و هەرد. پشت و پەنام بە ئەی بەردی مەرد. لەمڕۆوە، ئیدی من خەڵکی بەردەلانم. کوڕی ڕەوەز و زنار و چیلە و تاوێر و تەلانم. ئەوەتا خورجێکی دوولانەم لە پێویستیی ڕۆژانە بەسەر شاندا داوە و بەڕێوەم.. بەردە بێگەردە بێ باکە بە بەینەتەکان چاوەڕوانم بن، واهاتم بۆ لاتان، بەو نیازەی لە ڕۆژێکی نوێی سەردەمێکی نوێدا، کە ئەم چەرخ و دەورەی تێیدا دەژیم بووبێتە مێژوویەکی ئەفسانەیی و تۆز لێ نیشتووی کۆن کۆن.. ئەوجا پەیکەرتاشێک بێت و لە نێو یەکێ لەو بەردانەدا لە فۆرمی زانایەک، نووسەرێک، یان هونەرکارێدا بەدەست و چەکوشە خاراکەی، لە بەردێکدا دەمدۆزێتەوە.

کۆبنهاون، ٢٩-٦-٢٠٠٥

لیپانلیپ: دارماڵ، پڕ

خاپاو: فریوخواردوو، خەڵەتاو

زەنگزڕاو: بێ ئابڕوو

مەراییکەر: ڕیاباز

زنار: گابەرد، گاشەبرد، بەردی گەورە





بەردەقارەمان: ئەو زنارەی لە شەڕی دەربەندا، شێخ مەحموودی لە پاڵدا زامدار بوو.

بەردەستێ: بەردە ئەستێ، بەردێکی ئاماڵ پەمبەییە وەختێ بەئاسن لێی دەی ئاگر دەکاتەوە.

نتم: بێدەنگ، هێمن

سەر: (فتحە)ی عارەبی

بۆر: (ضمە)ی عارەبی

بای خاو: بایەکی فێنکی تایبەت بەدەڤەری قەراخە، بەسەر گیای خاودا هەڵدەکات و بۆنی ئەو گیایەی لێ دێ.

زەننە: (سکون)ی عارەبی

بەبەینەت: بەوەفا

چیلە: کەڵەکە بەرد

غەریبستان: گۆڕستان

دەربەن وشک: دەربەندی بازیان

## شەپۆلەکانی ئەتڵەسی

لە کەنار ئەم زەریا ڕاکشاوەدا، سەدان گەشتیاری فرەڕەگەز، نتم خۆیان لە بەرهەتاو هەڵخستووە، کەسێ دەنگی لێوەنایە، ئەوانی لە بێزاریی دووبارەبوونەوە و هەرا و پەلەپەلی باکور هەلاتوو، هاتوون لێرە خاو ببنەوە، هاتوون لێرە نوێ ببنەوە، بۆ منیش، چیای لێ بترازێ، نە زریوەی مالێک نە ڕەنگی زەریا و نە جۆری درەخت و بنچکەکان، هیچیان بەلای دەنگ و ڕەنگی ولاتەکەی خۆمدا ناچن، نەوایەک لە دووری دوورەوە دێ، نەرم و بەسۆز بەسەر زامی کەرتەی ئەفریکادا، لەوێوە بەبان شەپۆلانی ئەتلەنتیکدا هەڵی کردووە، نەوایەک تێکەڵ زریوەی بووکە دۆمانە، هۆهۆی گاکۆتر و نەغمەی شالووری دەم ڕووبار و قاسپەی کەوی بان کەڤر و ویتەویتی سوێسکەی گردۆڵکە سوورەکان، دەنگێکی دی، ڕەنگێکی دیکەی ئاشنا و دڵنەواز، لە ناخڕا بەزمانە شیرینەکەی خۆم بانگم دەکا و ناهێڵێ بسەکنم.

لە بن کەپرە پووشینەکانەوە، لە بن چەترە شین و سپییەکانی ناو لمی کەنار زەریاوە، بەنێو تافە و هاشەی شەپۆلدا، بەنێو زریق و زاقی ماسیگرە بازووە نزمفرە تێرنەخۆرە جێ بەخۆ نەگرتووەکانەوە، لە ژێر خۆرەتاوی ئێرەدا بانگێک دەبیستم تژییە لە سۆز، لێرەی بێ سنوورەوە، ئەمبەر هەیە و ئەوبەر نادیار، پانتاییەک ئاو ڕاکشاوە هەتا زەین هەتەر کا فراوان و ناکۆتا، خۆر و مانگی تێدا ئاوا دەبێ و





بەهێشوو ئەستێرەی تێدا هەڵدێ، بەبان سەرمەوە ئاسمان درێژ دەبێتەوە، دەڕوا دەڕوا تاکو بەتەواوی کاڵ دەبێتەوە، هەر لێرەوە زەریا دەکشێ، ئەوەندە دەکشێ تاکو بەتەواوی تووخ دەبێ، ئەمجا لەوسەر لە دەم ئاسۆ، شینی تۆخ و کاڵ، دەدرێنە دەم یەک، دەڕژێنە ناویەک، ئاسمان دوور، زەریا بێ سنوور، سۆزەی نەوا دوورەکەش بڕانەوەی نییەو لە دووڕڕا دێ و دێ.

گەر بێتو ئەم کارە ڕاپەڕێنم ئیدی بەجارێ دەحەوێمەوە، نەک هەر من، هەموو دەست دەنێینە بان دڵمان، سەرو هەناسەی قووڵی دڵنیایی، لە بنکی سییەکانەوە دەرهاتبێ دەدەینەوە، بەگوڕ و ئومێدی نوێوە دێینەوە نێو جیهان، ئەوا کاروانی بێ پسانەوەی وردە شەپۆلیش وەک فڕینی باڵندە بێ گرێ دێن، هەر نەرمە شەپۆلە و دەیەوێ بەوەی پێشی بگا، لەوانەشە بیەوێ شەپۆلی پێش خۆی بسڕێتەوە، من وا سەرگەرمی نەخشەکەمم، لەم پرۆژەیەدا، بەنیازم بە پاڵێک ئێرە بگەیەنمە دەریای سپی و بەتەکانێکی برێ قایمتر پاڵێ بەپاڵی ولاتەکەی خۆمەوە بدەم، سەر هەڵدێنم، بادەدەمەوە، لە کەناری زەریاڕا ڕووەو بنار، لەوێشەوە بەرەو لووتکەی بەفرگرتووی (تێیدە) نیگا سەردەخەم، نیگام ئاوێزانی بەندەنی تێیدە دەبێ، کە دەڵێی گۆی زیوە لە ژێر خۆری دیسەمبەردا دەچریسکێتەوە، تێیدە چاوی لە فڕینی هەڵۆ و گوێی لە هات و هەرای ماسیگرەکانی دەم کەنارە، هێلانەی تووتی و کەنارییەکان پێ دەزانێ، لە جێوە چاوی لە خوشینی مەزنە پاپۆڕی دوور و چارۆکەدارە وردیلەکانی کەنارەکانی تەنەریفییە، لەو ساماڵە ساباقەوە شوانی گەلە دوورگەی کەنارییە، هەستی حەسانەوە، جەستەی هەمیشە کرژی خاو کردوومەتەوە، ئەوا دوورەکەم گوێ لێیە، لێرە، لە کەناری لمینی کاهی ڕەنگی تەنەریفی، پیرەژن و پیرەمێردێکی

ئەڵمانی دەست بەگۆچان، مایۆ لەبەری پێست برونزیی، غەبغەبە و بەوشی باڵ و چەرمی سک داکەوتوو، بەدەم گفتوگۆوە بەلەقەلەق دێن، سێ گرووپ لاوی پرچ زەرد، پێ دەچێ سوێدی و فنلاندی و نەرویجی بن، بەدەزگیرانەوە، لە تۆف و سەهۆڵبەندان هەڵاتوو، بەمایۆ ڕەنگینەکانیانەوە، بەچاویلکەی ڕەشی هەتاوەوە، خۆیان بەکرێمی دژەخۆر هەنووە، لەسەر دەم و لەسەر پشت، لە بان ڕاخەرە تەسکەکانیان هەڵاژاون.

بۆچی نابێ، ئەگەر ئەم دوورگەیە پاڵ بدایەتە وڵاتەکەمەوە، ئیدی بۆ تاهەتا سەرفرازیمان مسۆگەر بێ، ئەم دوورگەیە بەخۆی و پاڵمە و تووتییە ڕەنگ زەرقییە کلک درێژە بەهات و هاوارەکانی، بەکەنارییە فرە ڕەنگەکانی، کە پەرۆشی بینینیانی و نایانبینی، لێ ڕوو لە هەرکوێ بنێی گوێت لە چریکەیانە، بەکۆگای مرواریییە ڕەش و سپییەکانییەوە، بەکافییە تابەرەبەیان ئاوەدانەکانییەوە، بەکێڵگەکانی مۆزییەوە، بەخەڵکە کراوە و میواندۆست و سوێرقسەکانییەوە، بەلووتکە هەرە بەرزەکەی تێیدەوە، بەخانووە نوێیەکانییەوە، کە مینا پلیکانە بەسینگی چیادا هەڵگژاون، بەباریکە ڕێی قیرینی مارپێچەوە، کە تا دەرگەی هەموو ماڵێکی ئەم دوورگەیە گەیشتووە، بەزەریای چوارکەنارییەوە، بپەڕێتە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وڵاتەکەم بەزەریای ئەتڵەسییەوە گرێ بدا.

ئەوا دوورەکە ناوەستێ و دڵم لێیەتی، لە پاوەنی شینی ئەتڵەنتیکەوە ڕەوە وردە شەپۆلی نەسرەوتوو، مینا ڕانەمەڕ سەریان لە دووی یەک ناوە، ڕووەو زەمین هەروا مل دەنێن، لێرە کوڕ و کچێکی قژکاڵی چاوشین، شووش وەک پەیکەرەکانی چاخی ڕینسانس بەتوێی مەمکبەند و تیلماسکێ مایۆی سوور، بەکامێرا دیجیتاڵەکەیان وێنەی





یەکودوو دەگرن، وێنەیەک زەمینەکەی تا چاو بڕکا زەریای ڕاکشاوی ئەتڵەسییە، بەڕەنگی شینی پاکەوە، پرشە پرشی خۆر لەسەر شەپۆلە بزۆکەکانی دەبریسکێتەوە و دەشکێتەوە، هەر لەو ئاستەدا کەشتییەکی گەورەی ڕێبوار، سپی سپی، تا نێوقەدی لە ئاوی شینی ئەتڵەسیدا نوقم، بەئاسمانی شینی کاڵی بانییەوە، کاژە هەورێکی سپی سپییش بەتەنیا لەنگەری گرتووە.

کوڕ و کچە بالابەرزە ڕوو بەخەندەکان ڕوویان وەرگێڕا، گۆشەنیگایان گواستەوە، ئەمجارەیان زەمینەی وێنەکە چیای تێیدەیە بەلووتکەی لە بەفردا سپییەوە، تێیدە سەرپۆشی پیرۆزەیی ئاسمانێکی بێ گەرد و هەراوی بەسەرخۆدا داوە، لەم نزیکانەیش ڕیزێک درەختی پاڵمەی بالابەرز، ئەمبەر و ئەوبەری شەقامێکی (سانتا دیلاکرۆز)یان تەنیوە، نەختێ هێوەتر، باخچەیەکی بێ پەرژین لە کاکتووس، هەندێ خڕ، سەوزی کاڵ، دڕکاوی، هەندێ بەرز هەڵچووی ڕاساو، لە وردە گومەز و منارە دەچن، ژمارەیەک گەشتیاریان سەرسام کردووە، وێنەی یادگاریی لە نێودا دەگرن، لێرەوە کاکتووسە بەلەباریکەکەی خۆمم دێتەوە یاد، لە دووریی سێ هەزار و پێنجسەد کیلۆمەترەوە، کۆڵێ بەزەییم پێیدا دێتەوە، ئەوە سێ ساڵە قەتیسی نێو ئینجانەیەکە و تەنیا بستێک بەرز بووەتەوە.

هەر بەپەنجە، لە بان لێی کەنار نەخشەی چەند کیشوەرێکی دیکەی دەوروبەری وڵاتەکەم دەکێشم، وا شەپۆلێک لە دوورڕا بەدیارکەوت، لەوانی دیکە ناچێت، بەرزە شەپۆلێکە بالایەک سەر ڕووی زەریا کەوتووە، وەک شوانێکی ئەفسانەییی هەزاران ڕەوە، وردە شەپۆلی پێش خۆی داوە و لەسەردا دێ، چی گەشتیار لەم کەنارە هەن سەرنجیان تێ ئالاندووە، مەزنە شەپۆلەکە بەرز و بێ باکانە، بان

نەرمە شەپۆلەکانی ئەتڵەسی کەوتووە و لەسەرڕێرا بۆیان دەڕوانێ، لە کشانی ماریش دەچێ کاتێ بەوپەڕی خێرایی خۆیەوە تەختاییەک دەبڕێ و سەر و گەردنی بان زەوی دەکەوێ، دەوروبەر دەخاتە ژێر سەرنجی وردی خۆیەوە، زمان دەردێنێ و چاو دەگێڕێ و هەردێت و دێ، نزیک دەبێتەوە و هاشەی دێ، چەند بە شکۆ خۆی دەنوێنێ، پلیکانەیەکی بڵندی لەسەر ڕووی زەریا چێ کردووە، هاشەی ترسناکی تادێ نزیک کەناری بەگەشتیار جەنجاڵ دەبێتەوە، مەزنە شەپۆلێکی سەرهەڵگرتووە، ڕووی لە ڕەوە زنارە ڕەشەکانی دەم کەنارە، کە لە شەشپاڵووی پۆلایین دەچن تا گەلە کەڤر.

لە نەخشە پەنجەکێشە کاهی ڕەنگەکەی بان لمی کەنار ڕادەمێنم، لەم هەناسەیەدا بەرزەشەپۆل لە کەنار نزیک بووەتەوە، هاوڕێکەم پێم دەڵێ: «گریمان تەنەریفیت گەیاندە تەنگەی جەبەل تاریق، ئەدی لەوێوە چلۆن ئەودیوی دەکەی، نەریمان؟»

وەڵامێکی تەواوم پێ نییە، لێرە بەدواوە قیژە قیژی ماسیگرە نەسرەوتووەکان بەژێرەوە دەبن، گەشتیاران کامێرایان سازە، هەناسەیان ڕاگرتووە، من هەر دەبێ ئەم (تەنەریفی)یە بگەیەنمە سنووری وڵات و ڕێک پێوەی بلکێنم، بۆ ئەوەی بتوانین پڕ بەسییەکانمان هەناسە بدەین، بۆ ئەوەی بێینەوە نێو جیهان، من گوێ بەقسەی هاوڕێکەم نادەم، بەڵام ئەو لەسەری دەڕوات،

«لە توانا بەدەرە ئەم نەخشەیە نەریمان، ئەو خەیاڵاتەی تۆ کاتێ دێتە دی تسۆنامییەکی هێجگار وێرانکەر لە دەریای ناوەڕاستەوە هەڵبکا و هەتا سنووری کوردستان بگات و ئیدی نەگەڕێتەوە، وڵاتی سووریا و بەشێکی زۆری تورکیا بەجۆرێ ڕابماڵێ چۆلەکە بکوژی تێدا نەهێڵێ،





ئەو حەلە ئێمەش دەگەینە سەر کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و ئاواتەکەی من و تۆش دێتە دی.»

«نانا، ئەوە نوقلانەیەکی بەدوومە، ئاواتی وەها ناخوازم، هەرگیز، ئاسۆ.»

لەناخی دڵەوە وەها دەڵێم، ئەو گەشتیارانەی تاکو نهۆش هەلاژابوون لە ژێر چەترە سپی و شینەکانیان وەدەر هاتن و بەرەو کەنار ئاخێزیان کرد، شەپۆلە مەزنەکە بەهاشەوە دەکشێت و گەڕیدەکان خۆیان بۆ گرتەی دەگمەن و نایاب ساز داوە، مەزنە شەپۆل بەهەموو هێزێکییەوە بەرەو گاشە بەردەکانی کەنار غار دەدا، وردە قاقلە جنۆکەی مەلاس بەبەردەوە بوو، هەزاران قرژاڵی سەرپشت ماویی ژێرسک سووری شەرابیی تەنک و تیوال، بێ هەدادان بەسەر و بەنێوان گاشە بەردەکاندا دەهاتن و دەچوون و خۆیان دەدایە بەر تینی هەتاوی دیسەمبەر، کاتێ دەستم بۆ درێژ دەکردن، بەپەلە وەک جاڵجاڵۆکەی تەنافباز هێندە سرک و گورج دەڕەڤین، پەیم پێ نەدەبرن و چاوم کاری لە جووڵەیان نەدەکرد، نەشمزانی بۆچی نێو ئەم گاشە بەردانەیان کردووەتە مەکۆ، بەڵام من هەردەبێ ئەم دوورگە ئەفسوونییە ڕەنگاوڕەنگە بگوێزمەوە و پاڵی بەسنووری وڵاتەکەی خۆمەوە بدەم، خۆزیا ئیسپانیم زانیبا، باسی ئەم خەیاڵە فراوانەی خۆمم بۆ دەکردن، چ دوورگەیەکی سەیرە، لەم بستە زەوییەدا، هاوین و بەهار لە کەنارەکانیدا، پایز و زستان لە لاپاڵ و لووتکەی تێی دەدا ئامادەن، ئەمە چ نهێنییەکە، ئەمە چ نگین و جوانییەکە بەم دوورگە چکۆڵەیەت بەخشیوە خوایە، چوار وەرزەی ساڵت لێرەدا کۆ کردووەتەوە، لەوێش لەسەرماندا دەقەسرێن و لە باشوور لە گەرماندا دەپرووکێن.

هەردەبێ هەوڵی لەگەڵدا بدەم، بەلووتکە بورکانییەکەیەوە دەیگوێزمەوە، شەپۆلە زەلامەکە بەدەم لرفە و هاژەوە هاتە پێشەوە، کامێرا بەدەستەکانی ڤیدیۆ و فۆتۆ لە مێژە خۆیان بۆ گرتەیەکی ناوازە ساز داوە، بەرزە شەپۆلیش بەهەموو وزە و سیحرێکییەوە گەیشت و تا هێزی تێدابوو قۆچێکی لە ناکاوی لە ڕیزە زنارەکەی دەم کەنار دا و خۆی پێدا کێشا، دەنگ و هەرایەکی مەزنی نایەوە و سەرەوژوور شکایەوە، بوو بەکەفچەڕێن و شڵپ و کۆ، شەپۆل بوو بە هەزاران فوارەی چوون چوڕی شیر و لە دەم کەناری زەریایەکی شیندا بەناخی ئاسماندا چوون، تافاو جارێکی دیکە لە سەردا داهاتەوە سەر زنارە ئاوەسووەکان، گەردیلە پریشکی ئاوی زەریا ڕووەو کەنار، بۆ لای کامێرا بەدەستەکان دەفڕێ، شەبەنگی خۆری تێدا هەڵدەبێ و بەڕەنگە بێ گەردەکانییەوە سۆمای چاوی گەشتیاران دەڕێژێ، وردە پریشکی زیوینی ئاو لەگەڵ خۆیدا شەپۆلێک گژەبای ساردی خزاندە جەستەی منیشەوە، مەزنە شەپۆل سەرپاکی وردە ڕەوە شەپۆلەکانی بەژێر خۆیەوە کرد و لە بن پێیدا پلیشاندنییەوە، پاشان بۆ خۆشی هەلار هەلار بوو، ئاوی ڕوونی ئەتڵەسی ئەمدیوی گاشەبەردە ڕەشەکان بوو، بەلێشاو ڕژایە بان لمی خاوێنی دەم کەنار، نەخشەکەمی بەتەواوی داپۆشی. ئاو هەتا ئەژنۆم هات و ڕاساوانە کشامەوە، بە واقبوونەوە زارم کردبووەوە، وەختێ شەپۆلەکە شەنگی لەبەر برا، پاشماوەی هێزە پرزە لێبڕاوە شکست خواردووەکەی، بەتەواوی کەفە ژیلە و بڵقەکانییەوە، بەنێوان زنارەکاندا کشایەوە نێو زەریا، بەڵام دوای ئەوەی تەواوی نەخشەکەمی سڕیبووەوە، سڕینەوەیەک، بەجارێ شوێن و هەتەری نەما، بەڵام بەو تەمەنە کورتەی خۆیەوە، سام و شکۆی سالانێک خۆڕانانی ڕووبارێکی سەرەڕۆی لەلا جێ هێشتم، ئاسۆی





هاوەڵم دەڵێ: «نەریمان، نەمگوت خەیاڵێکی ناپەیدایە؟»

من وەڵامم نەبوو، زەریا هەدادانی نییە، نەوا دوورەکە دیسان دەگاتەوە پەردەی گوێم، ڕەوە وردە شەپۆلەکانیش دیسان بەڕێوەن، وەلێ لە دوور چاوم هەتەری مەزنە شەپۆلێکی دیکە دەکا، لەوەی پێشوو بەرزتر و بەگوڕتر سەر وردە شەپۆلەکان کەوتووە، بەلرفەلرف دێ و دێ، پرسەکەی منیش لە چاوەڕوانییدا ئاوی پێی داهات، نەوا دوورە بەگوێ ئاشناکەش دێ و دێ، لەو دەمەدا، ڕووم لە شینایی ئاسمانە و وەک بانگ بدەم دەستەکانم بەزارمەوە دەکەمە بڵندگۆ و بە سێ دەنگان هاوار دەکەم،

«ئای ئاهوورا، ئاخر ئێمە بۆچی لە نیعمەتی زەریا بێ بەش بین؟»

کۆبنهاون، maj, 16, 2006

فەرهەنگۆک:

Tenerife (تەنەریفی): گەورەترین دوورگەی کەنارییە، ڕووبەرەکەی ١٠٥٧کیلۆمەتر دووجایە.

(تێیدە): بڵندترین چیای قەڵەمڕەوی ئیسپانیایە، لە ناوەندی ئەم دوورگەیە دایە، (٣٧١٨م) سەروو ڕووی دەریا Teide کەوتووە.

کاکتووس: ڕووەکێکی بێ گەڵای دڕکاویی هەرێمی ئیستیوایە.. لە کن خۆمان لە ئینجانەدا بەخێو دەکرێ، لەوێ خۆڕسکە، بەرز و ئەستوور هەڵدەچێ.

هەراو: فراوان، گوشاد

قاقلەجنۆکە: شەیتانۆکە، هێلکە شەیتانۆکە

ڕەڤین: هەڵاتن

هەلار هەلار: هەلا هەلا، زیواڵ زیواڵ

خۆڕانان: بەفیزەوە خۆ پیشاندان، خۆ نواندن

# ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت

مێژوویەک لە کۆنیدا خەیاڵی و تەمگرتووە و سەرەتای نادیارە، مێژوویەکیش، کە ئێستایە پەلەیەتی و ناکۆتایە، باکی لە منی ڕاماوی مەدهۆش نییە، بەهەڵمە هەڵم وا مل دەنێ و وەڵامی دروستی پرسەکانم ناداتەوە، لە نێوان ئەم دوو دێرۆکەدا، مەزنە سەرابێکی تەمگرتووی ڕاکشاو زەینم دەخەڵەتێنێ، مەودای ڕوانینم نارۆشنە و لە کورتی دەدا، ئێستا لە ماڵە پەڕپووتەکەماندا، لەسەر کورسییەکی ڕەق هەڵاژاوم، خۆزیایەک خانەکانی جەستەی تەنیوم و دنەم دەدا بۆ سەرەتا گوماناوییە خۆڵەمێشییەکان بگەڕێمەوە، بەڵکو بتوانم شتێکی ئەوتۆ حاڵی ببم، تا نەختاڵێک بەری ڕوانینم ڕوون بێ.

بڵند لە نێو کلافەی لۆکەیی هەورەوە، هەڵۆیەکی ئەفسانەییی سەرباڵ زێڕینی بنباڵ سپیی، چاو هەنگوینی دادەکشێت و لە دەرگەی هەردەم واڵای هەورەبانەوە لێم وەژوور دەکەوێ، بێدەنگ چنگم پێدا دەکا و دەمفڕێنێ، نەوی بەنێو قومووش و تونێلی تاریک و شێداردا، بەرز بەسەر بەندەنی ڕچیو و باگێژەی لمستانی لە تینووا خنکاودا، ئاسۆیی، بەبان چاوی شینی شووشەیی زەریاکاندا، بەرز و ستوونی بەنێو تەپۆڵکە سپاتەکانی هەور و مەودای بێ مەودای ساماڵدا، وەک پشیلۆکەی دەم با، دەمبا و دەمبا، بەنێو لاپەڕە زەرد و ژاکاوەکانی بووندا دەمداتە دەست سەرەتاکان، ئیدی لەوێوە نەهەست بەئێستەی





خۆم و نە بەتێپەڕینی زەمەن دەکەم، وەک بوونەوەری سەربەم جیهان و سەردەمە نەبووبم، دادەبڕێم، هەڵۆی باڵزێڕین بەخێراییەکی لێڕانەهاتوو دەمفڕێنێ، لە ڕوانگە کەنارێکی نێوان هەبوون و نەبووندا دام دەگرێ، بە هەست نووستووم، بە نەست بێدار، لەوێوە جوان چاوم ها لێوە.

پێ دەچێ ئێستا دەستپێکی بوون بێ. ئەم پیاوە ڕدێنی تا سەر سینگ هاتووە، مووی ڕیشی لەگەڵ سمبێڵیدا تێکەڵاو و بڵاوە، تاڵەکانی پرچی ڕەشی درێژی بەسەریەکدا باخواردوو، پیاوێکی سەر قۆت، نینۆکەکانی درێژ، بەگەڵامۆز پاشڵ و ناوگەڵی شاردووەتەوە، دێت و ئەو چاوی لە من نییە، سەرنجی زگی دەدەم ئاسەواری ناوکی پێوە نابینم، ئەمەش مانای وایە ئەم پیاوە لە منداڵدانی دایکێکدا نەڕسکاوە، کە بێ دایک بێ، مانای وایە بێ باوکیشە، ئەمەی دەیبینم پیاوێکە بریتییە لە تەنیا ناوێک، ئەویش نێوی پەتیی خۆیەتی، وەک نێوی من ئاسۆیی درێژ نەبووەتەوە، ئەو لە نێوی دووەم بێ بەشە چ جای نێوی سیانی و چواری، کەواتە دووچاری گرێی ئۆدیب نەبووە و ناشبێ، سەر بەهیچ بەرەباب و خێڵ و نەتەوەیەکیش نییە، خاوەنی ئامۆزا و خاڵۆزا و پوورزا و تیتکزاش نییە، چونکە نە خاڵوانی هەیە و نە باوان، ئەم پیاوە دێوانە شێوەیە هەتیو نەکەوتووە، تاکو ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێ، دەستەوئەژنۆ لە پرسەی دایک و بابیدا دانیشتبێ و ڕستێک فرمێسکی گەرمیان بۆ هەڵوەرێنێ، جا پیاوێک نەگریابێ مانای سۆز دەزانێ، دەیبینم مێش میوانی نییە، لۆژ لۆژ، خاو و خلیچک بەنێو ئەو باخانەدا دەسووڕێتەوە، تۆ بڵێی کەسێکی لەم ڕەنگ و نیشانە نەختاڵێک سۆزبەندی و هەستی لە دەروونداا بێ،

نا باوەڕم کزە، سۆزبەندی لەگەڵ کێ، ئەوەتا بێ باک دەستی لە دەستی ژنێکی پێش و پاش بەگەلاموز داپۆشراوی ڕوو بێ ئارایشتدایە، پرچی ڕەشی درەوشاوەی تا سەر چیمەنزار شۆڕابەی بەستووە و سێبەرئاسا بەشوێنیدا دێت و دێ، پرچی لە سەر تەرزی گیاکان و پەڕەی گوڵەکان دەخشێ، ئەم پیاوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرە گوریسێکی نەگرتووە، بەردێکی نەناوەتە بان بەردێ، لە پیاسە و نووستن و پەڕین بترازێ کاری دیکەی لە دەست نەهاتووە، لەوەتەی چاوی کردووەتەوە بێ کار بووە، کەسێکە بێ ئامانج دەژی، تەنیا لە پێناوی سێکس و تێرکردنی زگێکدا درێژە بەژیان دەدا، ئایا ئەم دوو ئارمانجە شایانی نەمرین، نا، نازانێ وەرزش بەری چ دارێکە، حازرخۆری بەر سێبەرە، بۆیە وا پیاوێکی شل و شێواو دیارە، دەستەکانی سپی و سۆڵن، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی پێ نەکردوون، لە دەستی ئیڤای ژنی دەچێ، کەوابێ ئەم بەهەشتە جێی نەکردە و بێکارەیە، کەوابوو لێرە هیچ جۆرە خەباتێک لە ئارادا نییە، بەڵام بێ کار دەبێ هەردەم باجی بێکاریی خۆی بدا، بێ کار لە هەر جێیەک بێ لەش و لار قورس و ئێسک قورسە، وا دیارە کۆمەڵگەی بەهەشتیش دەبێتە گەورەترین مەڵبەندی بێکاران، نا نا، تۆ بڵێ پلانێتێک لە بێکار، لەوێ خۆیان دەلێسنەوە، برۆکانی چڕ و باخواردوو، ئەدی بۆ لە کتێبێکدا نووسرابوو، ئادەم سی باڵ باڵای بەرز بووە، خۆ باڵای هەروەک باڵای منە، جا ئەگەر وابووایە، دەبوو ئێمەی وەچەی ئادەم، هەرنەبێ دە باڵ کەڵەگەت بووینایە.

ئەوەی زیاتر ئەم ژنە لە شووەکەی جیابکاتەوە سمتی خڕ و مەمکە بەلەکانێتی، ئەم ژنەیش دیسانەوە ناوکی نییە، ئەمیش منداڵدانی





دایکی بەخۆیەوە نەدیوە، ئەم دووانە پێخاوسە لە تافی منداڵی بێ بەشن، من تێ ناگەم چلۆن مرۆڤ بەبێ تەمەنی منداڵی دەژی، کەچی وەک ساوا بێ بیرەوەری و بێ مێژوو، نا نا، ساوا تەمەنێکی لە سکی دایکیدا بەسەر بردووە، ساواش مێژووی هەیە. جا نەپیاوە و نەژنە هیچ کامیان خەتەنەش نەکراون، جا کێ خەتەنەیان بکا، چونکە ئەگەر بەپێی تەورات بێ خەتەنە لە ئیبراهیمەوە پەیڕەوکراوە، منیش ئێستا لە سەرەتای بووندام، چەند پێشهاتێکی سەیرە ئەگەر ئادەمی باوکی مەخلووق یەکسەر بەپیاوی خولقابێ، ئەگەر تافی منداڵیی هەبووایە ئەوسا دەبوو زمانی دایکیشی هەبا، بەڵام ئادەم بێ داک و بابە و هەتیویش نییە، باپیرە هەرە گەورەمان بێ باوک بووە، ئەوە بۆیەکا ئێمەش نەوەکانمان لە بابمان خۆشتر دەوێ، چ کارەڕەهاتێکە مرۆڤ نەوەکەی لە خولقێنەری خۆی یانژی ڕسکێنەری خۆی خۆشتر بوێ، خوایە، ئەوە خۆ ئیڤا، بەگەڵا مۆز لەچکی نەکردووە، ئێ ئێ، جا لەچک بۆ کێ بکات خۆی ئێرە بێ لە ئادەم پیاوی دیکەی لێ نییە، هەرچێ ئەمنیشم ئەوا بەدزییەوە هاتووم و ئەوان لە گەیشتنم بێ ئاگان.

مرۆڤ یادەوەریی گەرەکە، زمان هەر یادەوەریی گەرەکە، کەچی ئەم ئادەمە، لەگەڵ ئیڤا خاتووندا خاوەنی هیچ پێشینە و مێژوویەک نین، ئەدی چلۆن لە یەکدی حاڵی بوون، ڕەنگە لە ڕێی زمانی جەستە و ئاماژەوە پێوەندییان گرێ دابێ، دڵداری و خۆشەویستی مێژوویان هەیە و کەچی پێوەندیی نێوان ئەم دووانە بێ مێژووە، نازانم داخۆ ئادەم لە یەکەم نیگاوە ئیڤای خۆش ویستووە، یان سالانێک گێژە گێژ بەم باخانەی بەهەشتدا سووڕاوەتەوە و هەر گوێشی پێ نەداوە، جا توخوا ئەمە پرسیارە، خۆ ئەفسانەکە دەڵێ لەو دەمەدا بەدەر لە ئیڤا

هیچ مێینەیەکی دی نەخولقابوو، ئەوەتا ئەم بەهەشتە بێجگە لە هەردووکیان و من کەسی دیکەی تێدا نییە، هەروەک بێجگە لە ئادەم هیچ پیاوێکی دیکە لێرە نەبووە، بۆیەکا بەڵگەنەویستە ئەو دووانە هەر دەبوو بۆیەک بان، بۆیە بەیەکەم بینینی ئیڤا ورووژانێک ورووژاوە ئاوەزی پەک خستووە و قەستی کردووە لە خۆشییاندا قووتی دا، چونکە هاودەمێکی زێدە نازداری بۆ پەیدا بووە، لەوەحشەتی تەنیایی ڕزگاری بکا، وتم زێدە نازدار، پێم وایە دەربڕینێکی هەڵە بوو، خۆ مێینەی دیکە لە ئارادا نەبووە هەتا ئیڤای لەگەڵدا بەراورد بکا، مامۆستام دەیوت بینایی چاوان ئیڤای وەک بووکە شووشەیەک بۆ کات بەسەربردنی کاک ئادەمی لە قۆناغی ساوایەتی و منداڵی و ناز و سۆزی باب و دایک بێ بەش لەپەراسووی چەپی ئەفراندووە، وەک چلۆن پەرییەکانی بەهەشتیشی لەبەر خاتری چاوی کاڵی ڕیشنە ئیماندارەکان خولقاندووە، مامۆستام دەڵێ پەراسوو چەوتە، ئەگەر بتەوێ ڕاستی بکەیتەوە دەشکێ، بۆیە وا تەواوی حەواکانیش چەوتن، باشە ئادەم و ئیڤا ئەگەر بۆیەک نەبوونایە چاریان چی بوو، بێگومان هیچ، باشە یەکەم گفتوگۆیان چی بووە، داخۆ وەختایێ بۆ یەکەم جار یەکودوویان بینی چ واقبوونێ واق بوویێتن، بەنما، بەتەوقە یان بەڕۆژباش دەریچەی پرس و ترس و پێوەندییان بەڕووی یەکدا کردووەتەوە، ئەدی بۆ دەست و مۆچانێیان نەکردبێ، یان بۆ کەپوویان بەیەکەوە نەنووساندبێ، یاخۆ بۆ کەپوویان لەیەک نەخشاندبێ، یانژی بۆچی ئامێزیان بۆیەک نەکردبێتەوە، ڕەنگە شانیان لە شانی یەکدی خشاندبێ، نا نا، هەموو گریمانەکانم بێ بەڵگەن، ئەو حەلە تەوقە نەبووە، زمانی گفتوگۆش هێشتا دانەهاتووە، تاکو ئادەمە ڕیشە چەند





وشەیەکی ڕەوانی حازربەدەستی وەک «ئەو سۆلاڤەی بەرامبەرمان وا لەسەردا هاژە دەکات، هەر دەڵێی پرچی درێژی تۆیە.! خۆزگەم بەو کەسەی تۆ دەبییە هاوسەری.! بەختەوەرە ئەوەی شەوێک لەگەڵ تۆدا ڕۆژ بکاتەوە، خانم! زەردەخەنەیەکت هەزارویەک دیوانە شیعر دێنێ، کچی خوا! ئەگەر مردم ڕەنگە دوو ڕۆژ پرسەم بۆ دانێی، وەلێ وەکیدی، هەتا مابم گۆرانیت بەبالادا هەڵدەدەم، ئیدی بۆچ دەمکوژی بەقوربان؟ پریشکی ئەستێران لە نێوان تاڵتاڵی پرچە ڕەشەکەتا خەونی ڕەنگاوڕەنگ دەبینن...»ی بۆ ڕامکردنی خاتوو ئیڤا پێ بووبێ، بڵێی، کچی خوا بەکفر لەسەرم حساب نەبێ، نا، چون لێرەدا مانای وایە ئیڤا خاتوون خەڵقندەی خوایە، ئیدی لە پای چی کفرە، ئەدی خۆ پێشی نەوتووە (بەساقەو بم!)، چونکە بەساقە، تەنیا خەڵکی سلێمانی بەکاری دێنن، ئیڤا و ئادەم خەڵکی بەهەشتن نەک سلێمانی، لەوانەیە ئادەمە ڕیشن بەبینینی خائیڤا ئەوەندە ساکابای زمانی شکابێ و دەمودەست بووڕابێتەوە.

ئەی خوایە لەم هەموو گومانە، ئەدی مامۆستام نەیگوت عارەبی زمانی بەهەشتە، واتە ئەم دووانە ئێستا بەعارەبی دەدوێن باشە، ئەگەر عارەبی زمانی بەهەشت بێ (ماندارین) زمانەکان، کە چوار ئەوەندەی عارەبن چلۆن زیز نابن، با مامۆستام وای وت، ئەو وتی خواوەند کەلامی خوای بەزمانی عەرەبی بەجیبرەئیلدا ڕەوانەی لای پەیامبەر کردووە، خۆ جیبرەئیل لە ڕێ وەرینەگێڕاوەتە سەر عارەبی، ئاخر باشە مامۆستا پێم ناڵێی کام عارەبییەیان زمانی بەهەشتە، عارەبیی خەڵکی مەڕۆکۆ یان هی عێراق، یانژی خەڵکی میسر، خۆ هەر لە سوودان سێسەد شێوەزمانی عارەبی هەیە، بەکامیان، چاخۆ

ئەگەر وابی، ئەوا زمانی قەبر و قیامەت و ئینکیر و مونکیریش هەر عارەبییە، خەمی خۆم نییە، بەڵام دڵنیام باوکم کە سەری بچووایە نوێژی نەدەچوو، لە پرسیارەکانی ئەو دوو فریشتەیە حاڵی نابێ و ساقیت دەبێ، باشە ئەگەر عارەبی زمانی بەهەشت بێ، ئەدی ئەم قژنەسەرەیەی کە دایەگەورەی تەواوی مرۆڤە بەدز و پیاوکوژ و داهێنەر و پیاوچاکانیشەوە بۆچی ناوی ئیڤایە، خۆ پیتی ڤی لە عارەبیدا نییە، ئەوان تەنانەت ناتوانن ڤی گۆ بکەن، جا توخوا ماقووڵە مرۆڤ نەتوانێ ناوی دایەگەورەی خۆی گۆ بکا، ئێستا ئەم هەموو گومانەی بۆچییە، گەر ئەمجارە دەرکەوتن، یەکسەر لەبەر لووتیاندا قوت دەبمەوە و دەڵێم، (السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته)، ئەگەر بەجووتە. لە وەڵامدا وتیان، (وعلیك السلام ورحمة الله وبرکاته، کیف وصلت الی الجنة ونحن لم نخلفك بعد؟)، ئەوە مانای وایە مامۆستام دروست دەفەرموێ، دەنا، دەنا هیچ...

جا باشە ئەگەر قسەی مامۆستام ڕاست بێ و عارەبی زمانی بەهەشت بێ، ئەوا ئادەم و ئیڤا بەعارەبی دەدوێن، کەواتە بەڵگەنەویستە دەبێ نەوەکانیان هەر بەزمانی عارەبی بدوێن، دیسان بەڵگەنەویستە دەبێ ئێستا چی مرۆڤی دنیایە بەو زمانە گفتوگۆیان بکردایە، کەچی وەهانییە، ئەوەتا بەهەزاران زمانی دیکە هەن، کەی ڕەوایە زمانی چینیم لە یاد بچێ، کە ئەوان خاوەنی گەورەترین زمانی گۆی زەوی بن، ئەوەتا لای ئەوان، لە بریی ئادەم و ئیڤا، ناوی تەواویان (یادان و یاوان)ە..

باسی ڕۆژم ورووژاند، کاتێ ئەم جووتە چاویان کردووەتەوە کات، ڕۆژ بووە، خۆر بەبان سەریانەوە درەوشاوەتەوە، تا چاویان هەتەر کا







باخی میوە و ڕووباری شەراب و خۆشاو بووە، هەموو شتێک پرشنگدار بووە، دەبێ لە واقبووندا چییان بەسەرهاتبێ کاتێ بۆ یەکەم جار، کشومات، لەپڕێکدا ئاسۆ مۆر هەڵدەگەڕاوە و خۆر بەقەڵەمبازێک ئەودیو بووە، بەهەشت تاریک داهاتووە، ئاسمان بووەتە هەسارەجاڕی گەردوون، بێدەنگی و تاریکی یەکانگیر بووبن، خۆ ئەگەر ئیڤا خاتوون وەک دایکم بێ ئەوا لە ترس و سەرسامییدا زنووقی چووە و لەرزی مەرگی لێ هاتووە، بیهێنە پێش چاوت لە بری ئادەم، یان ئیڤا، تۆ بیت و بۆ یەکەم خۆرنشینی بەهەشت ببینی، خۆ دیارە ئیدی تۆبیت و جارێکی دی بەهیوای خۆرکەوتن نابی، دەبێ ئەوان لە دڵاودڵدا ئەو شەوەیان چلۆن گوزەراندبێ، بیری لێ بکەوەوە، چ سەرسامییەکە ڕۆژێکی ڕوون، گوزوگومبەت تاریک دابێ، بەتریفە تریفی مانگ و پرشە پرشی ملیۆنەها ئەستێرە بشکێتەوە، لەپڕێکدا هەواش بگۆڕێ، بۆ دوو تاقانەی نەدی و بدیی ناو بەهەشتی بەرین هەروا ئاسان نییە.

ئەوان تەنیا گوێیان لە حیلەی جەستە و چاویان تەنیا لە تێرکردنی نەفسی خۆیانەوەیە، ڕەنگە لە یەکەم نیگاشەوە، باوکە ئادەم بەتیری عەشقی دایکە ئیڤای تاقانە کچی بەهەشت گرفتار بووبێ و بەو ڕووت و قووتییە مەیموون ئاسا بەدەم قیژە قیژەوە ها لێرە ها لەوێ فڕاندبێتی و دوای کەوتبێ هەتا تەواو ماندووی کردووە و ئارەقی شین و مۆری پێ دەرداوە، ئەوجا بەهەناسەی سوارەوە لە چیمەنێکی چڕی پڕگوڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگدا بەعەردیدا دابێ و هانکە هانک جووت بووبێتن و لە نێو ئەم سەوزەگیایەدا یەکتریان تلاندبێتەوە، لە خۆشییاندا زڵچە زڵچ زاریان ئاوی تێ زابێ، دوای ئەوەی تەواو کفتوکۆیان دامردووەتەوە و لێ بوونەتەوە، ڕەنگە ئادەم تلیسابێتەوە،

دواتر هەندێ مرە مریان بۆ یەکودوو کردبێ، هەڵسابنەوە و قۆڵیان لە قۆڵی یەک ئەڵقاندبێ و ئەوجا پێکەوە لە بان تاتە بەردێکەوە خۆیان هەڵداشتبێتە قووڵایی ڕووبارێک لە شەرابی سپییەوە، لەو شەرابانەی نهۆ لە ڕەزەکانی فەرەنسا و ئیتالیا و ئەرجەنتین و باشووری ئەفریکا و ئیسپانیادا بەرهەم دێن، لە بری چنگەپۆپانێ و شەڕەئاوی ئێستای خۆمان، ئەوان کردبێتیان بەشەڕە شەراب و شڵپوکۆیەک ڕووباری شەرابیان شێلوو کردبێ، ئیدی لەوەدوا بووبێتنە دوو هاوڕێی گیانی، باوەڕناکەم بەحەرام بۆیان حساب بووبێ، چونکوم ئەو حەلە هێمان قازیی و ئاخوند و ماخوند دانەهاتووە هەتا فاتیحایەک داخات و لەسەر چەند مسقاڵێک زێڕ لێی مارەببڕێ، نەکەی باسی حەرام بکەی کابرا، ئەمە تۆمەتبارکردنێکی ترسناکە ها، سەر و ڕیشی خۆشت دەگرێتەوە، چونکە مانای وایە دووربا هەموومان بیژین، ژیوان بوومەوە ئامان، باشە بۆچی من وا کەچبین بیر دەکەمەوە، بۆچی نابێ ئیڤا لە یەکەم نیگاوە گرفتاری داوی ئەشقی ئادەم بووبێ.

تۆ بڵێی ئەودەمیش هەر یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووبێ و نازی کچی هەڵگرتبێ[١]، ئەدی نابێ ڕۆژ باشییان لەیەک کردبێ، دیسان بەزمەکەیە، ڕۆژباش لە دوێنێوە داهاتووە و موڵکی کوردانە، بەم قسەیە بێت من ئادەم دەکوردێنم، لەم پرسەیاندا دەدۆڕێم، چونکە هیچ گەلێکی سەر زەمین قەبووڵی ناکات من ئادەم بکوردێنم، بەتایبەت ئەو گەلانەی حەشیمەتیان لە کورد زیاترە[٢]، ئەوانیش دەیئینگلیزێنن، یان دەیماندارێنن و دەیرووسێنن و دەیهیندوستانێنن و، ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە خۆمان بکوردێنین چ جای ئادەم، ڕۆژ باشی چی، خۆ ئەو حەلە زمان پەیدا نەبووە، کەچی ئەوەتا ئادەم هەموو ناوەکان





فێربووە[٣]، بەڵام بۆچی تەنیا ئادەم فێری ناوەکان کراوە، گوایە ئیڤا خانم بەنەزانی ماوەتەوە، جا چلۆن دەبێ، ئەوا ئادەم هەموو ناوەکانیش فێربوو، ئەگەر یەکێک نەبێ لێی تێ بگات و پێکەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری بێنن وەک ئەوە وایە باوکە ئادەمیش هیچ فێرنەبووبێ، چونکە زمان دەبێ لە گفتوگۆدا بەکار بێ، دەنا هیچ بوونێکی نییە، لەوانەشە مامۆستام مەبەستی پێ ئەوە بووبێ دواتر بەکاوەخۆ باوکە ئادەم دایکە ئیڤای فێرکردووە، چونکە بەلای مامۆستامەوە پیاو لە ژن زیرەکترە، بەم جۆرە پرۆسەکە بووە بەئیشی دووجارە، ئادەمە ڕیشە، بەشێنەیی خولێکی فێربوونی زمانی بۆ دایکە ئیڤامان کردووەتەوە، چەند خۆشە یەکێکت خۆش بوێ و وانەبێژیشی بی، بیخەیتە سەر ڕانی ڕاستت و پیت پیت، وشە وشە فێری بکەی، دیارە ئەویش لە بن سێبەری دار زانێکدا لە (دارا دوو داری دووری دی)یەوە ئیڤای فێر کردووە، ئەدی بۆچی مێژوو دەڵێ زمان زۆر دواتر داهاتووە، بەڵام مامۆستام لە خوا ناترسێ، ئەو حسابی توورێکی قوڕاوی بۆ ئەم هەموو زمانانەی دنیا ناکا و دەڵێ عارەبی زمانی بەهەشتە، ئەمەش ڕێک مانای وایە ئەوانی دیکە زمانی دۆژن، بەڕاست من باسی مەیموونم کرد[٤]، ئەوەیان بۆچوونی کاک داروینە، دەنا مامۆستام دەڵێ مرۆڤ یەکسەر وەک مرۆڤ ڕسکاوە و بڕایەوە، دەشێ سەرەتا ئیڤا کچۆڵەیەکی نەوتووڵی ئەوتۆ بووبێ، وەختایێ پێ کەنیبێ بەردی مەڵکەندیی لەگەڵ خۆیدا هێنابێتە لیقەلیقی پێکەنین، بۆ نابێ، نا نابێ، ئەدی ئەوە نەبوو تاوێک لەمەوبەر دیم قۆڵی لە قۆڵی باوکە ئادامدا بوو، قژنەسەرێکی بستەباڵای جرپن بوو. جوانی چی، هەر ئەوەیە پرچی برێ لە پرچی ئادەم درێژترە و سمتی خڕە و

مەمکەکانشی قوتن، ئەگەر منداڵێکی بوو ئەوا بەجارێک دەتەپێ و مەمکە بەلەکەشی وک ئێستا نامێنێ، نا ئادەم لە تەرەزان[٥] ناچێ، ئەو لاوێکی لەشجوانی وەرزشوانە، هەلومەرجی ژیانی دارستان وەهای لێ دەخوازێ گورج و زیتەڵە و کردە بێ، دەنا لەو ژینگەیەدا دەرنابا، ئەگەرچی تەرەزان لەگەڵ دڕندەکاندا تەبایە و لە زمانیان حاڵییە، بەڵام باوکە ئادەم هەرچی ڕەنج بێت لە پێناوی ژیاندا نایدا، ئارەزووی لە هەرچییەک بێ بەپێی خۆی دێتە بەردەستی، بۆیە لەش داهێزاو و نەکردەیە، چەند ژیانێکی ناخۆشە کاتێ مرۆڤ بێ ڕەنج و کۆشش بژی، ئەوەندە هەیە لە دڵەوە شادە و خۆی بەقەپات دەزانێ، چونکە یەزدان بەڵێنی پێ داوە ئەگەر لەبەری درەختە (تابوو)ەکە نەخوات، ئیدی بەنەمری لەم بەهەشتەدا دەمێنێتەوە، ئیدی وەرزش لە پای چی، بۆچی لەشی جوان بێ، با برادەرە ڕۆماننووسەکەم سوور بزانێ لێرە ڕۆمان و شانۆ و شیعر ڕۆنانرێن، داهێنان بۆ کێ، کە ئەمان ئامانجێکیان نەبێ بۆی تێ بکۆشن. ئەمانە هەموو ئامانجیکیان زگ لەوەڕاندن و تێرکردنی ئارەزووی سێکسە.

ڕەنگە باپیرەی گشت باپیرەکانم، بەبینینی ئەم ئیڤا قژنەسەرە دڵەتەپەی پێ کەوتبێ، یەکسەر لەوێدا پاڵی خستبێ ئا، ئای لەو ورووژاندنەی وورووژاوە خوایە، خۆ ئەوان هەردووکیان ڕووتوقووتیش بوون، خۆ وەک ئێمەی سەردەم جلکی کوردییان نەپۆشیوە، هەتا هەر دای کەنیبێ و هەر تەواو نەبووێ، لە ژێر هەر پارچەیەکەوە، کە دای کەنیبێ هێشتا پارچەیەکی دیکە مابێ دای بکەنێ، دەسا مامۆستام وەک خۆی لەوێ بووبێ بەدڵنیاییەوە دەیگوت بەگەڵای درەخت بیلامانێ عەورەتیان داپۆشیوە، ئا دایان پۆشیوە، بەڵام ئاخر چۆنیان





زانیوە ئەو ئەندامانە عەورەتن، بیلامانێشی ناوێ، دوای ئەوەش خۆ بەهەشت لە خۆیان بترازێ مرۆڤی دیکەی تێدا نەبووە، ئیدی شەرمێ لە کێ، بۆ دای پۆشن، جا بۆچی لە خۆیان نەپرسم، ئەوەتان پیاسە دەکەن، هێشتا لەم دەوروناوەن. نا نا، خۆ ئەوان خاوەنی کولتوور و داوونەریتی بۆماوە نەبوون، خۆ ئەو دەم (سووپەر ئیگۆ) نەبووە، چونکە جڤاک نەبووە، هەتا (منی بالا)ش هەبێ، تەنیا من و تۆ هەبووە و ئەوان نەبوون، کەواتە هێشتا لای ئەوان وێژدانیش نەڕسکاوە، بەڵام کاتێ بۆ تاوێک دەرکەوتن ئەوەبوو گەڵا مۆزیان پۆشیبوو...

بەڕاست لەم بەهەشتە خۆشەدا چۆن وێنەی شیعرییان بۆ هاتووە و چۆن خۆشەویستییان بۆ یەکودوو دەربڕیوە، خۆ ئەوان هێمان فریانەکەوتوون ناو لە بوونەوەر بنێن، تەنانەت شارەزای پاژێکی بچووکی بەهەشتیش نین، باشە کێ ناوی ناون ئادەم و ئیڤا، جا توخوا مرۆڤ بەزەلامیی ناودەنرێ، ئێ کە خودی زمان هێشتا پەیدا نەبووبێ ئەوا نەناو، نە فرمان و نە جێناو.

ڕێی تێ دەچێ یەکەم فرمانی سەرزاریان (دەبینم) بووبێ، چووزانم، ئەمە گریمانەیە، ڕەنگە یەکەم ناویش ئێزد یان خوا بووبێ، هەر چۆنێکیان گۆ کردبێ گرینگ نییە، لەوانەیە وەک هاوارێکی تاساو یان خنکاو دەریانبڕیبێ، مامۆستام دەیوت ئادەم لە قوڕ خەلق بووە، کەواتە دەبێ بیرەوەرییەکانی لە خاک و لە قوڕ بێت، ها، بەڵام سەرەتا هیچ شتێک بەم ناوانەی ئێستەی خۆیانەوە نەبوون، دەبوو ئەوان خاکیان نێوبنایە خاک و بەردیان نێوبنایە بەرد و سێویان نێوبنایە سێو، باشە لەم ڕووەوە کام لایان دەستپێشخەر بووە، ئاخر خۆدەبێ کاتێ کاک ئادەم ڕووبارێکی نێونابێ ڕووباری شەرابی سپی، خا

ئیڤاش لەسەر ئەو نێوە کۆک بووبێ، دەنا پرۆسەکە سەری نەگرتووە، من باسی بوونەوەرم کرد، کێ دەڵێ ئەو دەم فیل و مەیموون و شێر و کەر و پەپووسلێمانە هەبوون، ڕێی تێ ناچێ ئاهوورەمەزدا بەر لە مرۆڤ گیانداری دیکەی ئەفراندبێ، چونکە مانای وایە بەرلەوەی جڤاکی خولقاندبێ باخی ئاژەڵانی ڕۆناوە، نا نا، کاتێ ڕووباری ئەفراندووە، ڕێی تێ دەچێ ماسیشی ئەفراندبێ، کاتێ درەختی ئەفراندووە باڵندەشی ئەفراندبێ، درەخت بەباڵندە و هێلانە، ڕووباریش بەماسی و سەوازییی کەنارییەوە جوانە، کاتێ ئەشکەوتی ئەفراندووە دەشێ هاوکات مەرەکێوی و پڵنگ و کەروێشک و چەقەڵ و کەمتیار و گورگیشی ئەفراندبێ، چونکە وەک نەجمەددین مەلا دەفەرموێ، ئەشکەوت ئوتێلی درندانە، بەڵام ئایا ماسی لە ڕووباری شەرابدا دەژێ، ئەوە ڕووبارێکە هاژەی دێ، دەچم بەدزییەوە سەیرێکی دەکەم، ئەگەر ڕووباری شەرابی سپی بێ، ئەوا ڕوونە و هەرچییەکی تێدابێ دەبینرێ، ئا بیرم کەوتەوە، لانیکەم خوا هاوکات یان بەری ئادەم و ئیڤا، مار یانژی ئەژدیهای ئەفراندووە، ئەوەنییە ژن و شەیتان ئەژدیها پێکەوە بوونەتە هۆی خاپاندنیان.

ئەگەر ئەو دووانە لەسەر ناونانی شتەکان ناکۆک بوونایە چی ڕووی دەدا، ئەوەیان ڕوونە، ئەو حەلە هەر شتێک تۆ ملی بگری جووتێک ناوی دەبوو، ناوی ئادەمی و ناوی ئیڤایی، بەو حاڵەش یەکەم ناتەبایی سەری هەڵدەدا و کەسیش نەبوو وەک خەسوو، خەزوور، دش، مەلای گوند و دەمسپی و سەرخێڵ تاکو بکەوێتە نێوانەوە، بەم شێوەیە لەوانەبوو یەکەم جیابوونەوە ڕوو بدا، ئیڤا بێوەژن و ئادەم بێوەپیاو بکەوێ، ئەوە من بۆچی لە خۆمەوە دووبەرەکی لە نێوان داپیرەی هەموو





داپیرەکان و باپیرەی گشت باپیرەکانمدا دەنێمەوە، خۆ من لای خۆم تەباییخوازم، ئەرێ بەڕاست مامۆستام خۆی کوردی کوڕی کوردە کەچی ئیڤای بەحەوا عارەباندووە، ئاینی عیسایی بەر لە ئاینی ئێمە نازڵ بووە و بەئیڤا ناوی هێناوە، تۆ بڵێی کاتێ سەرەی نازڵبوونی ئیسلام هاتبێ خواوەند ناوی ئیڤای بۆ حەوا گۆڕیبێ، نانا، کاری وەها دروست نییە، بۆچی مرۆڤ چەند جاران ناودەنرێ، دوای ئەوەش، ناوێک خواوەند نابێتی کەس ڕایەکی ناکەوێ بیگۆڕێ، جا توخوا ئەوە هزرە، مرۆڤ نەخش و ئەفرێندراوی ئاهوورایە و کەچی ئەوەتا یەکدی دەکوژن و دەسڕنەوە، ئیدی ناوگۆڕین چییە، بەڵام ئادەم لە زۆربەی زمانەکاندا هەر ئادەمە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئا، دۆزیمەوە چونکە ئادەم پیاوە، پیاویش سمبێڵی هەیە، پیاویش یەک قسە دەکا، یەک جار ناو دەنرێ، یەک جاریش دەمرێ و...

خۆ کەس پێ نازانێ دوای چەند ملیۆن ساڵ لە مەرگی ئادەم و ئیڤا ئەوجا ئاینی ئێمە نازڵ بووە، ئێ چلۆن لە دوای مردن ناو دەنرێ، یانژی چلۆن نێوێکی وەک ئیڤا کە دایە گەورەی هەموو جیهانە بە بوودی، سیخ، مووسایی، عیسایی و بتپەرستیشەوە، دەگۆڕدرێ، نابێ، دوای مردن تەرقین قەید هەیە وەلێ ناوگۆڕین لە ئارادا نییە، ناوێکیش خواوەند نابێتی کەس ڕایەکی ناکەوێ بیگۆڕێ، ئەمجارەیان دەرکەوتنەوە پێشیان پێ دەگرم، خۆمیان پێ دەناسێنم، خۆ منیش نەوەی ئەوانم، هەموو ئەم پرسیارانەیان بەرەوڕوو دەکەمەوە، جا باشە کێ دەڵێ لێم تێ دەگەن، بەڵام لەم تافەی ئێستایاندا هێشتا ئەوان نەبوونەتە خاوەنی نەوە، هێشتا لە میوە قەدەغەکەشیان نەخواردووە.

نەم بیستووە، کاتێ ئەم مامۆستایە فاتیحا دادەدا، بەشی داپیرە و

باپیرە هەرە گەورەی مرۆڤایەتیش بنێرێ، ڕەنگە پێوستییان پێی نەبێ، دوای مردنیان یەکسەر بەبەهەشت شاد بووبێتنەوە، بەڵام ئێرە ئەو بەهەشتەیە، کە تەنیا هەر خۆیانی تێدابوون و هێشتا بەپێی ڕێنماییەکان جووڵاونەتەوە و قاونەدراون، دەسا من هەر بەئیڤا ناوی دێنم، جا مەلا تووڕە دەبێ نابێ ئەوە کێشەی خۆیەتی، بابێت مستێ شەرابی سوور یان سپی لە بەهەشتی بەرین بخواتەوە، خۆ پێی سەرخۆش نابێ، یان ئەوپەڕی لای بابم شکاتم لێ دەکا، ئەرێ بەڕاست دەبێ لە پێشەوە لە نێوی ئەندامەکانی لەشی خۆیانەوە، بە(عەورەت)یشیانەوە، وەک مامۆستام ناوی لێ ناوە، دەستیان پێ کردبێ، ئەه برا چ ئەرکێکی قورسیان لە ئەستۆ بووە، تۆ وەرە ناو لە هەرچییەک خوا خەلقی کردووە بنێن و بزانن و هیچیان بیرنەچێتەوە، جا ئەوە کاری کۆڕی زانیارییە یان کاری کابرایەکی ڕیشنی بێ سەواد، سەیرە، ئیڤا و ئادەم باوک و دایکیان نەبووە، خوشک و براشیان نەبووە، هەتا ئەلبوومی وێنەیان هەبێ، وێنەی چی و ئەلبوومی چی بابەگیان، وێنە دوێنێ داهاتووە، لە کاتێکدا ئێمە باسی ئەم یەکەم تاقانە پیاو و ژنەی گەردوون دەکەین، ئەوە بۆچی من لە پێشدا هەر ناوی ئادەمم بەخەیاڵدا دێ ئەوجا ئیڤا، جا کێ دەڵێ ئادەم حیزەپیاو نییە ئیڤای دەمهەراش ئەوی نەکردووەتە کونەوە و خۆشی بڕیاربەدەست نییە، بەڵام کاتێ دەرکەوتن شانبەشان دەڕۆیشتن، موو بەبەینیاندا نەدەچوو، بەپێی زمانی جەستە مانای وایە تەبان، ئەدی مامۆستام نەیگوت ئیڤا ئادەمی خاپاندووە، جاخۆ ئەگەر وابووبێ ئەوە ڕێک مانای وایە دایکە ئیڤا لە باوکە ئادەم زۆرزانترە، کەوابێ بۆچی مامۆستام بەژن دەڵێ ناقیسول عەقلە، خۆ هەردەم زانا نەزان





دەخاپێنێ و لاسی دەدا، یان بام وەک مامۆستام بیلێم، هەردەم زائیدول عەقل ناقیسول عەقل فریودەدا.

وەک مامۆستام دەڵێ دەبووایە ڕۆبۆت ئاسا هەر فرمانێکیان بەسەردا درابا بێ کەموزیاد جێبەجێیان کردبا، ئەوان بەو مەرجە لە بەهەشتدا بەنەمریی دەمانەوە، تۆ دەبێ ئەمەیان بخۆیت و لەمەیان نەخۆی، باشە ئەو سێوە، یان ئەو گەندومە وەک ئەو دەڵێ، ئەگەر تابوویە بۆچی خوا لە بەهەشتدا ڕواندوویەتی، ئاخ لە خۆم، سەد بریا ڕۆبۆت ئاسا فرمانەکانیان سەددەرسەد جێبەجێ کردبا، هەتا ئێمەش نهۆ لەم بەهەشتەدا بووینایە، نا نا، من پێشمەرجی ڕۆبۆتایەتیم قبووڵ نییە، سەربزێوم و دەمیشم ناوەستێ و ئەم هەموو دەبێ و نابێیە، مەرجی نوێژ و زەکات و سەرفیترە و حەج و عەمرە و مەنعی (نەزەر)ەم بۆ جێبەجێ نابێ، ناوەڵڵا، ڕۆبۆتایەتی مردنە و کۆیلایەتی، چۆن دەتوانم کیژێکی جوان ببینم و سەیری نەکەم، جا کەواتە سەرنجدانی نەخشی خوا لە من قەدەغەیە، ئەم بەهەشتەش سەیرە، ئوتێلی چل ئەستێرەیە، ها...

ئەوەتا لێرەش ئەو مەلانە هەر یەکە و بەئاوازی خۆی دەخوێنێ، من وام دەزانی لەسەر زەمین فێرە سیرە و جریوە و قاسپە و چریکە بوون، ئەدی لۆ مامۆستام گۆرانی و مووسیک لە مرۆڤ حەرام دەکا، لە کاتێکدا خوای مەزن خۆی خوێندنی بەباڵندانیش بەخشیوە، باشە خۆ ئەمان خاوەنی پێشینەیەک لە هەقایەت و مەتەڵ و بەیت و حەیران و لاوژە نین، ئەدی کو شەو و ڕۆژیان تێ پەڕاندووە، خۆ ئەمان سێڕسکێن و کۆنکان و تاولە و دامە و شەترەنجیان دانەهێناوە، پێ دەچی ڕۆژ تا ئێوارە بەنێو باخەکانی بەهەشتدا غاریان دابێ و

میوەیان ڕنیبێت و خەریکی چنگەپۆپانێ و بیلامانی شتەخۆشەکە بووبێتن، کوا خۆ ماڵێک، ساباتێک نابینم، مانای وایە پەقرەج و هیربایان نییە تا شیو لێ بنێن، هەر لۆخۆیان میوەجات دەخۆن و شەرابەن تەهووری بەسەردا دەکەن، شیوی چی ماڵ ئاوەدان، چما ئەودەم، وەک ئێستا، ساوار و بڕووش و داندۆک و برنج هەبوون، چما ڕوون و پیواز هەبوون، باشە ئادەم بەم گەڵ و هەژگەوە چلۆن ماسیی بۆ ڕاوەکرێ، بەچی، ئەگەرەکو مەیلی بچێتە سەر گۆشتی سوورە کەروێشک، چلۆن ڕاوی دەکا، جا توخوا ئەوە پرسیارە دەیورووژێنی، ئەوا ڕاویشی کرد، خۆ دەبێ ماسییەکە یان کەروێشکەکە بەکاڵی بخوا، خۆ ئەوان هێشتا ئاگریان دانەهێناوە، ماسی بەکاڵی، وەک پشیلە، پەحجا، گۆشتی مەڕەکێویی بەکاڵی، گورگ ئاسا، تەحجا، ئێ خۆ تێکڕای گیاندارەکان بەئەسپ و مامریشەوە هێشتا کێوین، کێ ڕامیان بکات، دەڵێن ئیسماعیل[٦] بۆ یەکەم جار ئەسپی ڕام کردووە و سواری بووە، چونکە ئەفسانەکە دەڵێ، هەتا ئەو ڕۆژەی بەفیتی ئیبلیسی ناموبارەک ئیڤا ئادەمی تەفرە دا و پێکەوە بە شاپێکی خواوەندانە لە بەهەشت وەدەرنران، هەر خەریکی هین هینۆکێ بوون، ئاخر ئێوە ئەو کارە نارەوایەتان بۆچی کرد هەی باپیرە و داپیرە هەرە دێرینەکانم، ئەگەر ئەنگۆ ئەوهاتان نەکردبا، لە بەری ئەو دەرختە تابوویەتان نەخواردبا، نەهۆ منیش لە بری ئەم کاولە کۆمەڵگەیە، لە باخاتی بەهەشتدا شەڕابەن تەهوورم دەنۆشی، نەکەسوکارم ئەنفال دەبوون و نە لە دووی ئاو نە لە دووی کارەباو نە لە کۆبۆنی ئازووقەش دەگەڕام، نەباگێژەی گەرمیان چڕوچاومی پڕ خۆڵەسوورە دەکرد، نە مەسوولیم دەبوو، خۆتان و نەوەکانی سەرەتاتان، بەدەر لە یەکەم





تاوانی کوشتن و هەڵکەندنی یەکەمین گۆڕ بۆ مرۆڤ، داهێنەری هیچی دیکە نین، ئا، بیرم کەوتەوە، ئەوان پێویستییان بەڕاوو شکار نییە مەیلیان بچێتە سەر هەر خواردنێک، جا بەکاڵی، بەبرژاوی، یان بەسوورەوەکراوی بێ خۆی دەفڕێ و دێتە بەردەستیان، با ئەمجارەیان واوە بێنەوە، ئەم پرسەشیان لەگەڵدا یەکلایی دەکەمەوە.

هەرگیز لێت خۆش نابم داپیرە هەرە گەورەکەم، ئاخر لە پای چی ئەو ئادەمە قوڕبەسەرە لە قوڕ چێ کراوەت لاس دا، لێت خۆش نابم ئەی باوەگەورەی هەموو باوەگەورەکانم بۆچی بەقسەی ئەو ئیڤا ڕشکنە جرپنە شڕشێتە خاپایت، تۆ فریودرواێ فریوی دای، بارکراوێ باری کردی و بەخۆت نەزانیوە، ئیبلیس ئیڤای فریواند و ئیڤاش تۆ، ئاخر لە سۆنگەی ئەو هەڵە کوشندەیەی تۆوە بوو، هەڵەیەک کە هەرگیز ڕاست ناکرێتەوە وامان بەسەر هات، وا نەبووایە لێرە، لەم بەهەشتەدا، ئاسوودە و بەنەمریی دەماینەوە، لەسەر زەوی هەموومانت کردە گیای مردن، خۆشباوەڕیتان کارێ پێتان کەردەن، بەرلەوەی زەردەخەنە بگاتە گۆنا و چاوەکانتان، لەسەر لێوتان کاڵ ببێتەوە، بزانە ئێوە خۆتان و هەم ئێمەشتان دووچاری چ نازشێوانێ کرد، هاوار لە خۆمانی بێ نازکەفتەی سیاچارە، تازە هەرچی بناورێمەوە و داد و بێداد بکەم بێ سوودە.

نەختێک لەسەرم ڕاوەستە، ئایا ئەمە مانای وانییە قەدەری مرۆڤ هەر لە دایکە ئیڤا و باوکە ئادەمەوە وا هاتووە و هەر واش دەڕوا، کەس تا سەر پێکی شادی نانۆشی و ئەگەر لە دوا هەناسەشدا بێ پووشێکی تێ دەکەوێ و هەردەبێ مێملێکی بۆ پەیدابێ، خۆشی و زەمزەمەی لێ بشێوێنێ، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ناکامی و

ناکامڵی کاڵایەکە لە یەکەم ئەفراندنەوە بەباڵای مرۆڤ بڕاوە، ئای باپیرەی گشت باپیرەکانم، بریا ئەودەم لە کونێکەوە چاوم تێوە دەبوو بمزانیایە چ نامۆیی و نائومێدی و ترس و وەحشەتێ لە ڕوخسار و باڵاتان ئاڵابێ وەختایێ ئێوەی لە بەهەشت قاودراو لەپڕێکدا خۆتان لەسەر زەمینێکی سووتماک و قاقڕدا بینییەوە، دەبێ چ هاوارێکی خنکاوتان لێ هەڵسابێ، چ دەروون لەرزینێک لەرزی بن، خەمێکی مەزن، کە ئێوە خۆتان بۆ ئامادە نەکردبوو، لەپڕ بەسەریدا کەوتن، تەواو وەک چۆن هیچ گەرمیانییەک خۆی بۆ ئەنفالی مانڤێستی کۆتایی ژیان ئامادە نەکردبوو، ئای ئاهورای مەزن گلەیی بێ لێت، کە داپیرە و باپیرەمت بەهەشتی خوڵقاند، لە پای چی تەڵەی ئەو سێوە نەفرەتییەت بۆ نانەوە، ببوورە لێم سێوێک، یان بەری هەر درەختێک، ئەوە دێنێ هەموو مرۆڤایەتی لەسەر بەهەشت بەدەر بکەی ئاهوورا، خۆ منی (ناکام)، سەدان کاڵەکە دێمیم لە بێستانەکانی گەرمیان دزیوە، ئەدی بۆ لە بری جووتێک ئادەم و ئیڤا دەیان جووتت نەئەفراند، خۆ بۆ تۆی مەزن هیچی تێ نەدەچوو، ئەو حەلە قابیل و هابیلیش لەسەر خوشکیان لێیان نەدەبووە هەرا، ئاخر بۆ هەموومانت کردە وەچەی پیاوکوژان، هەموومانت ئا لەم بەهەشتە مەعافە قاو دا، ئەی بینای چاوان ئەگەر ڕاستە هەڵەکە لە تەرەفی ئیڤاوە رووی داوە، دەکرا تەنیا ئیڤات تووڕدایەتە زەوی و ئیڤایەکی دیکەت لە بریی خولقاندبا، بۆچی لە نەمریی بەهەشتەوە هەموومانت کردە گیای مردن، ئاخر بۆیەکا لە ناخی هەر یەکێکماندا گۆڕستانێکی مەزن هەڵتۆقیوە، گۆڕەکانی دەمی تاریکیان داچەقاندووە و چیرە چیر دگانی ژەنگنیان لێ چیرکردووین، بەقاقایەکی هیستریایی پێمان پێ دەکەنن، وەختە





شێت دەبم، لەم کەنارە چەپەکەی گەردوونەوە، لەم بەهەشتەوە، گوێم بەقاقای گۆڕی دەم داپچڕاو دەزرنگێتەوە، ئەگەر چەند ئیڤا و ئادەمێکی کەمۆتان خولقاندبا ئاهوورا گیان، ئیدی حەوەجەتان بەوە نەدەبوو بۆ سووتاندنی ئێمەی مرۆڤ دۆژێکی مەزن بئەفرێنن، نێڵەنێڵ بسووتێ، پەناهم بەتوانات بۆچی ئێمەی خەلقندەی خۆتان وەها بێ ڕومەت کرد، یان ئەوەتا لە ئەزەلەوە مرۆڤ لە بەردەم کۆمەڵێک ڕێنماییدایە، دەبێ وەک ڕۆبۆت جێبەجێیان بکات، ئەوەی سەددەرسەد، ڕۆبۆت ئاسا ڕێنماییەکان بەجێ نەهێنێ بەبەهەشت شاد نابێ، کەواتە تەنیا ڕۆبۆتەکان بەهەشتین، بینایی چاوان، ئەگەر بتوانم بگەڕێمەوە کن مامۆستام، ئەم پرسانە بەچڕوچاوە پووشاوییەکەیدا دەدەم، دەپرسم ئەگەرچی سوور دەزانم نێوچاوان تێک دەنێ و پێم دەڵێ:

«دوعا بکە خوا چارێکت بۆ بدۆزێتەوە و عەقڵت پێ ڕەوا ببینێ، ناکام...»

دوای کەمێک بیرکردنەوە لەسەری دەڕوا، «تۆ بیت و مەندیل لەسەر نانێی هەی ناکامی مونافیقی گێلکەززاب!»

منیش بەزەردەی لێوەوە، لە ژێر کەپوومەوە پێی دەڵێم، «بەخوای ئەمنیش کەیفم بەمەندیل نایەت، ناوەڵڵا..! بابم بەزۆر ئەمنی ناردووتە کنت. ئەرێ وەڵڵا..!»

باشە خۆ مامۆستای من و هی ئەوانی دیکەش هەتا چوار ژنی فەرمی بەحەلاڵ دەزانن، ئەدی ئادەم بۆچی بەتەنیا ئیڤایەک قنیاتی کردووە، جاخۆ لە ئێستادا ئادەم لە هەموو کات پتر پێویستی بەهاوسەر و هاودەنگە، باشە ئەگەر فرەژنی باشە خوا بۆ دوو ئیڤا

خاتوونی بۆ ئادەم ئاغا نەئەفراندووە، ئەو ئەگەر دووژنی هەبێ ئەوا دەکرێ بەری ژنەکان لە نێوان خۆیاندا مێرد بەیەک بکەن و ڕەنگە کارەساتی قابیل و هابیلیش ڕووی نەدایە، ئەوەتا ئێستا ئەم بەهەشتە فراوانە تەنیا ئەم جووتەی تێدا دەژێ، وەختێ لێرەوە تێ پەڕێن، لە پەناوە، بەدزی ئیڤا خاتوونەوە بەگوێیدا دەچرپێنم، بۆ نایکەی بەدوو ژن باپیرە ئادەم، وا ئەوپەڕەکەی نەختێک پیاما هەڵکالاّ، چ قەیدی ئەو بابی هەموو دنیایە، لەوانەشە ئادەم پیاوێکی یەکسانخواز بێت، کێ چوزانێ...

ئەوا لەپڕێکا لە نێوان دوو درەختی بەگوڵی مۆرەوە بەدیار کەوتنەوە، ئیڤا چەپکێک گوڵی سووری لە هەمێزە و ئادەم بەستەیەک گوڵی زەرد، هێشتاکە لە بەهەشت قاو نەدراون، وەلێ بۆچی ئیڤا خاتوون گوڵی زەردی پێشکێش کردووە، خۆ مانای وایە خانەگومانە، لەچی، کوا بەهەشت مێینەی دیکەی تێدایە، نا نا چووزانێ گوڵی زەرد مانای چی و گوڵی سوور مانای چی، ئەو چووزانێ چالانچەقیلە بۆ هەڵچوون و ئارەزووە متبووەکان و یەکەمین خۆشەویستییە، ئەو چووزانێ گولالّە سوورە بۆ شەهید ئیماژەیە، ئەو چووزانێ نێرگز بۆ ڕوونی و بێگەردی و مژدەی ساڵی نوێیە، ئەو چووزانێ گوڵی سوور بۆ ژوانی دوای لێکدابڕان و شۆڕش و دڵدارییە، ئەو چووزانێ یاسەمین بۆ بەردەوامیی ژیان و هیوا و گەیشتن بەخۆزگە و ئاواتەکانە، تەماشاکە، هێشتا زمانی پەیڤین دانەهاتووە کەچی من گەیاندمە زمانی گوڵ، دوای ئەوەش کێ دەڵێ پێشکێشی یەکیان کردووە، لەوانەیە هەریەکە و چەپکێکی بۆ خۆی چنیبێ و براپەوە، بۆچی من بەو ڕادەیەش بەدگومانم.





وا پێ دەچێ لە ئەزەلەوە بەدگومان خولقابم، ئەوەندە هەیە گوڵەکان دیمەنیان جوان و بۆنیان خۆشە، باوەڕم کزە لەوە بترازێ هیچی دیکەی لێ بزانن، من وا لێرەوە وەک کامێرای چاودێریی وێستگەکانی میترۆ و بانکەکانی ئەوروپا، کە برایەکەی ئەوروپام بۆی گێڕاومەتەوە چاوم تێ بڕیون و نایتروکێنم، ئەگەر ئێستە بمبینن. چیم پێ دەڵێن، سەیرە وەچەیەک، کێ چووزانێ بەچەند ملیۆن پشت ئەوجا ئەگەر بگاتەوە سەر بابی هەموو دنیا، کەچی شەرم لە چاوانیدا باری کردبێ و سیخوڕیی بەسەر باپیرەی باپیرەکانییەوە بکا، باپیرەی چی و حاڵی چی ئەوان هێشتا منداڵیان نەبووە و ناشزانن وەچە بەری چ داریکە، با بچم هەموو ئەم پرسانە بەڕوویدا بدەم، با لە دڵمدا نەبن بەمەراق و بەهەگبەی پڕی وەڵامەوە بگەڕێمەوە، جا بۆچی بگەڕێمەوە، کەسێ ڕێی کەوتبێتە بەهەشت تازە چلۆن جێی دێڵی، ها، کاتی هاتووە، ئەوەتان، با خۆمیان لێ ئاشکراکەم، هەر هیچ نەبێ بزانم چۆن پێشوازی لە کەسی سێیەمی نێو بەهەشت دەکەن، دەی بەتەمای خوا.

ئەوەتان، قۆڵیان تێک ئەڵقاندووە، واوە دێن، چاو دەگێڕن، گوێ هەڵدەخەن، ئەوا وەستاون، هەستیان ڕاگرتووە، تێ گەیشتم، گوێ لەو شاڵوورە خۆشخوانە ڕادەدێرن، کە وا بەچڵەپۆپەی هۆهۆ ئەو دارکاژەوە، دەچریکێنێ، ئادەم و ئیڤا زەردە دەیانگرێ، ڕاماون، بەقووڵی چوونەتە دنیای ئەندێشەوە، هەر دەبێ پێشیان پێ بگرم، تەواوی پرسەکانیان بەرەوڕوو بکەمەوە، هەمووی چەند چرکەساتێکە، جارێ با چێژی ئەم چەند هەناسە تژی لە ڕامانەیان لێ تێک نەدەم، وەیی، ئەدی لە پای چی مامۆستام دەڵێ، گۆرانی و مووسیک ئۆممەتەکە بەرەو گەندەڵی دەبا و لە بەرانبەر دوژمندا دووچاری

شکست دەبێ، ڕەگی پیاوەتی و خواپەرستی وەک هەودا باریک و لاواز دەکا، گۆرانی کردەوەی ناچیز و زوڕنای شەیتانە، ئەدی ئەوەنییە خوا دنیایەک چریکەی بەباڵندەکانی خەڵقندەی خۆی بەخشیوە، جاخۆ دایکی موسڵمانان تەواو کەیفی بە ستران هاتووە و گوێدێریشی بووە و هیچیش ڕووی نەداوە،(٧) ئەوە نییە باپیرە و داپیرە هەرە گەورەکانم بەچریکەی وردە مەلێک سەرسامن، لە جێی خۆیان ڕەوان، پێیان نییە هەنگاو هەڵێنن، مەل بێدەنگ بوو، ئەوان جووڵان، ئێستا لەبن درەختێکدا وەستاون، درەختێک وەک تەزبێ سێوی سووری گرتووە، ئای لەو سێوانە چەند جوانن، لەبەر خۆرەتاو دەچریسکێنەوە، من سێوی وەهام نەدیوە. ئەوەتا وا مارێکیش بۆلایان خزی و ئەوانیش مشتومڕیانە. ئیڤا دەیەوێ سێوێ لێ کاتەوە و دیارە بابە ئادەم ناقایلە، پێ دەچێ بەیادی بهێنێتەوە خواردنی قەدەغەیە، وا مارەکە چووە بن دەستی ئیڤاوە، وەک دنەی بدا بێ گوێیی ئادەم و خوا بکا، با فریاکەوم نەهێڵم ماری تایین دایکە ئیڤا لاس بدا، کاتی هاتووە، خۆمیان لێ ئاشکراکەم و...

«وەرە چایی دەم بووە بەشداریمان بکە ناکام!»

ئەوە لە هیکرا چی ڕووی دا؟ جیڕەی دەرگەی ژوورەکەمە، لە بەهەشتی بەرینەوە بەرم دەداتەوە سەر زەمین! دایکمە لە دەم دەرگەی ژوورەکەم وەستاوە و بانگم دەکا.. ڕادەپەڕم.. ڕانەکانم سڕ بوون و مێروولە دەکەن.. دیسان لە جێی خۆم دادەنیشم.. چینێک ئارەقەم دەرداوە.. زارم وشک، هەناسەبڕکێ و دەمەداچەقێم پێ کەوتووە.. برێک ڕانەکانم دەشێلم، خوێنیان تێ دێتەوە.. ڕادەبم، بەگۆجە گۆج دەڕۆم، پەرداخێ ئاو فڕ دەکەم و هەنیەم دەسڕم و بێ خود بەشداریی







چایی خواردنەوە و گفتوگۆ نەزۆکەکان دەبمەوە.. بەدڵی تۆراوەوە تێکەڵ ئێستا دەبمەوە.

کۆبنهاون maj, 26 , 2006

پەراوێز و دەقە هاوشانەکان:

(١) یەکەم هەنگاو هی کوڕ بووە، نازی کچی هەڵگرتووە، تا نامەیەکی داوەتێ، پەڕو باڵی دەرکردووە! گۆرانیی هونەرمەندی کۆچکردوو، (عوسمان عەلی) و هۆنراوەی شاعیری شەهید (دڵشاد مەریوانی)یە.

(٢) جێی باسە بەپێی نوێترین ئامار، کە لە ڕۆژنامەی (میترۆئێکسپرێس)ی دانیمارکیدا، ١٧ی جانیوەری ٢٠٠٧ بڵاو بووەتەوە، ئەو زمانانەی کە زۆرترین خەڵک قسەیان پێ دەکەن ئەمانەن:

زمانی چینی (ماندارین): (٨٧٥) ملیۆن
هیندوستانی: (٤٢٦)
ئیسپانی: (٣٦٠)
ئینگلیزی: (٣٤٠)
بەنگالی: (٢١٠)
عارەبی: (٢٠٥)
پورتوگالی: (١٧٥)
ڕووسی: (١٦٥)
یابانی: (١٢٥)
ئەڵمانی: (١٠٠)

(٣) (وعلم آدم الاسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة فقال أنبئوني بأسماء هؤلاء إن كنتم صادقين) ئایەتی (٣١) لە سوورەتی (البقرة)

(٤) دەکرێ بچیتەوە سەر کتێبی (ڕەچەڵەکی جۆرەکان ــ أصل الانواع)ی داروین، کە تێیدا باس لە بنەچەی مرۆڤ و گەوە ونبووەکەی نێوان مەیموون و مرۆڤ دەکا.

(٥) تارزان، یان تەرەزان، قارەمانی کۆمەڵە چیرۆکێکی درێژە، داهێنەرەکەی

نووسەرێکی ئەمریکاییە بەناوی (ووفس)، لە ساڵی ١٩٥٠دا و لە ٢٤ کتێبدا بەدیار کەوت. بەرلەوەی چیرۆکەکانی بۆ سینەماکانی ئامادە بکرێن، کۆچی دوایی کرد.

(٦) ویقول ابن رشیق: «کان إسماعیل علیه السلام اول من ذلل الخیل ورکبها، وکانت قبل من سائر الوحوش.– ئیبنو ڕەشیق دەبێژێ: ئیسماعیل سڵاوی خوای لێ بێ، یەکەم کەس بووە ئەسپی بەیدەست کردووە و سواری بووە، پێشتر لە تێکڕای دڕندەکان بووە.»

(٧) عن عائشة قالت: دخل علینا أبوبکر في یوم عید وعندنا جاریتان تذکران یوم بعاث. یوم قتل فیه صنادید الاوس والخزرج، فاقل أبوبکر: عباد الله أمزمور الشیطان؟ عباد الله أمزمور الشیطان؟ عباد الله أمزمور الشیطان؟ قائلا ثلاثا. فقال رسول اللّه (ص): یا أبابکر ان لکل قوم عیدا وان الیوم عیدنا. (مسند أحمد، ج٦/١٣٤، وصحیح مسلم، ج٢/٦٠٩، کتاب صلاة العیدین، باب الرخصة في اللعب، وسنن ابن ماجة ج١/٦١٢، کتاب النکاح باب الغناء الدف).

جێی باسە (بوعاث) جەنگێکی ناوخۆی بەری ئیسلامەتییە لە نێوان ئەوس و خەزرەجدا، کە دوو خێڵی نیشتەجێی مەدینە (یثرب) بوون ڕووی داوە و پاش هاتنی ئیسلامیش هەر یادیان کردووەتەوە.

یادان و یاوان: بەزمانی چینی واتە (ئادەم و حەوا)

پشیلۆکە: پەپوولەپایزە

نەوتووڵ: تازەپێگەیشتوو، نەوڕستە

نما: ڕەمز، نیشانە

مەڵکەندی: کۆنترین گەڕەکی شاری سلێمانییە

خاپاندن: فریودان، لاسدان

ناورانەوە: پاڕانەوە

باگێژە: گێژەڵووکە، بابەلیسک

گەو: ئەڵقە، بازنە

چالانچەقیلە: (شقائق النعمان) گوڵێکی کێویی سووری تۆخی بەهارییە.



# خان لەکۆخان

«فرمان.. فرمان.. بە فرمانی خان لەکۆخان، تاقانە سەرداری زەمان، گەرەکە سبەی، پاش بەرچایی، تەواوی ئەو نێرینانەی دەستیان دار دەگرێ بێ دواکەوتن، خۆیان بەستبێ و ماینیان شەتاندبێ و شاد و شەنگوڵ لە گۆڕەپانی پێش کۆشکدا تەیار و ئامادەبن، ئەوەی دوا بکەوێ خۆی لە پێش خاندا بەرپرسە!»

نیوەشەو بەیاوەریی چەند قۆڵێک، جارچی و دەهۆڵئەنگێوی کۆشک، ئەم پەیامە ناوەختەی خان لەکۆخانیان بەگوێی تەواوی دانیشتووانی شارەدێدا دابوو.. ئێستەش وا خەریکە گۆڕەپانی گەورەی شار بە سواری جەنجاڵ دەبێ. حیلە و کوڕژن و سمکۆڵان ئامێتەی پرس و ختوورەی سواری تەیار دەبێ.. ژن و ژاڵ دوور و نزیک چاودێریی دۆخەکەن و دڵیان لە مستیاندایە، دەشێ ئەمە دوا دیداریان بێ لە تەک باب و مێرد و ئازیز و دەزگیراندا، بۆیەکا لە دەوروبەری ئەم گۆڕەپانە جەنجاڵەدا و لە ناو شارەدێدا، لە هەر ماڵێکدا ورتەورتی نزای بن لێوانە، خێرقەراردانە، بەگوێی یەکدیدا چرپاندنە، بەچوارکەناردا چاوگێڕانە، بەسۆز و خۆشەویستییەوە لە باڵای خۆیان و دەستەجڵەو، ڕەخت و زەمبەری وڵاخیان دەڕوانن. بەسەرسامیی دەنۆڕنە کلک و یاڵ و سەرکەللە و شەقبەندی ماینان. دوا نیگاری ئەو ئازیزانە لە زەینی مشەوەشی خۆیاندا دەنەخشێنن و تۆمار دەکەن، نەبا دووربا سەفەری

بێ گەڕانەوە بێ. دەسگیران، ژن، داک و خوشکان، کامە خواردنەی تاسوق و لە بەردڵانە بۆ ئازیزی خۆیانیان لە خورجەزین ناون.

نیگاکان زوو زوو دەچنە سەر دوودەرییە گۆڕێژە پێوەدەراوەکەی کۆشکی خان.. توند و خێرا و لە ناکاون بڕیار و فرمانەکانی خان لەکۆخان.. فراوانە دوودەریی شینی کۆشکی خان. بەرز هەڵکشاوە شوورەی بەردینی دەوری کۆشک و سەرای. زۆرن و دەستەونەزەرن، لە مەیتەر و کەنیزە و لەلە. دڵخورد و بێ قەرارن، سوارەی تەیار و چاوەڕوانی پێشی کۆشک. دەحیلێن ئەسپی شەتێندراو، هەڵدەسنە سەر پاشوو ئەسپی شاخکردوو. دەپرسن سواری ڕەخت لە شانی تفەنگ لە شانی خەنجەری تازەساو بەقەد. چەمەڕان، ها ئێستا ها هەناسەیەک دووانی دیکە، والابێ دەروازەی شینی کۆشک و سۆنگەی ئەم عێلجارەی نیوەشەوی خان تەواو ڕوون و ئاشکرا بێ.

زەینت بۆ چی دەچێ؟ چەتۆ دەپرسێ و ملکۆ دەڵێ، دوای خۆیمان دەخا تاکو بەئێمە چاوی چوار برا غەوارەکەی ساڵەهای ساڵە جۆگەی (زەنگاباد)یان داگیرکردووە بترسێنێ! بەکۆش دەڵێ، بەنێڕینی من خان بێت و نیازی دڵی ئاشکرا ناکا هەتا تەواو لە ئاوەدانی دەتەقینەوە! چەتۆش دەبێژێ، دەنا من وەهای بۆدەچم، هەر ئەمڕۆ بەم هێزە کۆک و تەیارەوە بەسەر هۆبە و هۆبەساتی خێڵی چوار برادا دەدەین، ئێستا نا تاوێکی دی وەک زریان هەڵدەکەینە سەریان و دەبێتە قرمە، دەیانکەین بەتۆزی بانان، خان چەلەگەی چیغ و ڕستەی ڕەشماڵیان دەبڕێ و دەوڵەتیان ترش و بەتاڵان دەبا و هەتا ئەو بیابانە قاقڕەی لێوەی هاتوون هەڵیان دەبڕێ و تەواوی زەنگاباد دەگەڕێتەوە.

هانام بەدەمت چەتۆ، بریا وابێ، مردن لەو پێناوەدا هەقە! قسەم لە





پاڵ قسەتە چەتۆ، لەکۆ وا دەڵێ.. ئەو چوار برایە بێت و بەهەڕەشە و گوڕەشە و پیشاندانی هێز، ئەو بەهەشتە مفتە جێ ناهێڵن، ئەمەیان ملکۆ بوو وەهای وت. ئەوانە لە تۆرەمەیەکن ئەگەر دوو ڕۆژ بوونە میوانت سەری سێیەم بەتۆی خانەخوێ یەژن ئەم لایەی خانووەکەت موڵکی منە! بەکۆش وەهای وت. کەواتە مەزندەمان لەیەکەوە نزیکە، ئەمڕۆ بەسەر چوار برادا دەدەین و هەڵیان دەکەنین. بەڵام نازانم بۆ خان لەکۆخان بەڕۆژی ڕوون لەشکرکێشی دەکا؟ بۆیەکا ئەمن وەهای تێ دەگەم سەرەتا تەنیا هێزیان نیشان بدا! ملکۆ گەڕایەوە سەر ڕای یەکەم جاری. ئاخر هەتا کەنگێ فرێن فرێنی ئەو چۆڵگەردانە قەبووڵ بکەین و پێملیان بین؟ دەسا ئەمن بەدۆتمامی خۆم وتووە چاوەڕوانی نەدیری بان کێفەکان بێ، ئەوە بۆیەکا ئەویش وەک ڕۆژی بووکێنی خۆی گۆڕیوە و بەگۆزەی سووری پڕەوە چاوەڕوانە لە ڕەشبۆرە سواربم، شینۆ وا دەڵێ.

شەوەکی و بەکەڕەکەڕە بۆیان بچووینایە و خافڵگیرمان بکردنایە دەها چاکتربوو، ئەوانیش سۆرە و تۆرەیان زۆرە. بەبیرەوەریی من ئەمە یەکەم جارە خان لەکۆخان شەوەکی قوو بەشارەدێدا بکا، بۆیە هەردەبێ ئەم عێلجارە بۆ کارێکی پڕ مەترسی و زێدە گرینگ بێ. وەلێ نازانم لە پای چییە خان بەشەو قوو بەئاواییدا دەکا، کەچی بەڕۆژ دەیقەومێنێ؟ (هەواس) ئاوای پرسی، پاشان لەسەری دەڕوا، وەلامی ڕاست لای خودی خان لەکۆخانە!

ژمارەیەک پیرەمێرد و جوانە ژن و مێرد منداڵان وا خەریکن دار و چیلکە بۆ گردی پشت ئاوایی دەگوێزنەوە. هەر لە ئێستاوە بەنیازی هەڵکردنی ئاگری سەرکەوتن، ئەم خەڵکە چەنێ گەشبینن! سوارێک

لەبەرخۆیەوە وەهای مرتاند. ئەسپی لاجڵەو هەڵدەسنە سەر پاشوو. ئەسپی سەرڕەق گوێیان مچ کردووە، لە حیلە دەدەن، لەملا و لەولاوە، ڕەشبۆرە، ڕەشمارۆ، شێمارۆ، زەردکوێت، قولە، مەخسووسی، قاپڕەش و.. کە بەرکۆ و پاشکۆی زینیان پڕی فیشەکە بۆیان دەسەننەوە و.. زەریی چاو ڕشتووی بەهەیاسە و بەرموور گۆزەی ئاویان پێیە، تا بەشوێن ئۆغری دڵخوازی خۆیاندا قلْپیان بکەنەوە. ئا لەو دەمەدا مەیتەران ئەسپیان لە تەویلەی خان دەرهێنا و...

دەروازەی شینی تەلاری خان لەپڕ قلْیشایەوە. خان لەکۆخان بەسواریی ئەسپێکی سپیی شاڵ و ڕنەک کراوی چوون چوالە لووسکەوە، مینا هەلۆی بان لووتکەی بەفرگرتوو لە کۆشک دەرکەوت، دەست بەدەستەجڵەو، سەر بەمشکیی مۆری بەڕیشووی درێژ و پەڕی تاوس. تفەنگ لە کیفدا، کیف لەزینی زەردی شابازیی بەستراوە. خان لەکۆخانی پەڕ بەسەر قامچیی سێگۆی لە مستە، ئەوا سێ کوێتسواری یاوەر بەشوێنیا دەرکەوتن، تیغی مووکاریان لەبەر پشتوێنە.. ڕۆژی دەعوایە، دەسگیرانی ملکۆ ئەمەی لە بن لێوەوە مرتاند و دەستی دایە گۆزەی سووری پڕ ئاو.

ئیدی لەشکر خرۆشاو بەجارێ دەیان سوار، دەستیان لە قۆپکی زین گیر کرد و خۆیان هەڵدایە سەر زینی ئەسپان. خان لەکۆخان بزەی هاتێ و دەستی ڕاستی بەقامچیی سێگۆی بۆ بڵند کردن، دەیان سواری تەیاریش پێکڕا دەستی بەتفەنگیان هەڵێناو پێکڕاش هاواریان کرد، بەتەمای خوا.. خولامی سەری خانین.. سینەبەندی ئەسپی خان بەزریزە و گۆی زیو و ڕیشووی ئاوریشم ڕازاوەیە. سەرلمۆز و ژێرلمۆزی زیویان لێی بەستووە. دەلەرێن و دەزرنگێن، کاتێ ئەسپی تاین سەر





ڕادەوەشێنێ. مەیتەران، ڕکێبی حەیدەرییان لە زینی ئەسپی جان بەستووە و بەملا و بەولادا بەریان داونەوە، کەفەڵپۆشی ئەسپی خان بەنەخش و نیگارە. تەکەڵتو لە بن قایشی ئەمدیو و ئەدیوی زینی قایمە.

نەسواری ئامادە، نەژن و ژاڵی چاوەڕوانی گۆزە بەدەست، نەئاپۆرای گوێسوانە و سیلەی کۆلان گرتوو، شتاقیان چاوەڕاونی ئەوە نەبوون کاتێ لەپڕ، دەیان تاژیی شڵ و ڕەش و بەڵەک و زەرد، بەکلکی ڕەپیانەوە، قرووسکە قرووسک بەشوێن یاوەرانی خان لەکۆخاندا، لە دەروازەی ئاوەڵای کۆشکەوە دەرپەڕن، گەلە تاژی دەنووسکانەوە و دەیانقرووسکاند. ئەوا خان جڵەوی شل کرد، قامچیی سێگۆی خێوانە ملی ئەسپی یاڵ چوون چوڕی شیری سەرکەللە بەگوڵینکەی مۆر. سەرلمۆزی زیو زرینگا. خان ئەسپی لینگ دا و لە نێو ئەوقبوونی سەدان سوار و ئاپۆرای خەڵکی شارەدێی سەربان و بنبان گرتوو و ژنانی واقماوی دەست بەگۆزەی سووردا لە شارەدێ تەقینەوە و تۆز بەری ئاسمانی گرت و خرمەی ناڵی ئەسپان دەنگ دەداتەوە.

وەلێ دوای ماوەیەکی کورت، لە نێو گەواڵەی چڕی تۆزەوە، دوو سوار، شینۆ و هەواس، بایان دایەوە و تێیانکێشایەوە ئاوایی. ژنێکیش بەگۆزەی سووری بان شانییەوە، هەوراز گەڕایەوە ماڵەکەی.

کۆبنهاون

juni, 23, 2007

فەرهەنگۆک:

قۆڵ: کێشکچی

شەقبەند: ڕەخت و ئەسبابی زین

نەدیر: ئاگری سەرچیا، لە کۆندا بۆ خەبەر بەخەڵکدان کراوەتەوە.

کێف: کێو، چیا

بەکەڕەکەڕە: بێ چرپە، بێدەنگ

لاجڵەو: ئەسپی سەرڕەقی تەعلیمنەدراو

مچ کردن: گوێ قوتکردنەوەی ئەسپ، کە لە تووڕەبوونەوەیە

مەخسووسی: وڵاخێک سپێنەی چاوی لەچاو ڕەشێنەیدا فراوانتر بێ. ئەم جۆرە ئەسپە لە کوردەواریدا مەقبووڵە.

قاپڕەش: کوێتی دامێن تاریک، کە جومگەی دەستی ڕەش بێ.

پەڕبەسەر: مەزنەپیاو

تیغی مووکار: تیغێک لالا موو بکات

تەکەڵتو: پارچە لبادێکە لە بن قایشی ئەملا و ئەولای زین دادەنرێ، تاکو ئازاری وڵاخ نەدا.



# چەپکێ ڕێحانە بۆ دایکم

لەوانەیە هۆ ئەوەیان بێ، کە کێلی سەرینی بەلادا هاتووە! وەک بەدرێژاییی ئەم نۆ ساڵەی غەریبیم کەسێک سەری بەلادا لار نەکردبێ، تەهها، دایکم سێ کوڕ و سێ کچی لە ژیاندایە و وجاخیشی کوێرە، بەڵام ئەوەی لە یادم مابێ بەسپی لە کێلی سەرینی، کە بەسەوز بۆیە کرابوو، نووسرابوو، ئەمە گۆڕی خوالێخۆشبوو ئامینەی حەمە عەلییە، لە یەکی ئاداری هەزار و نۆسەد و... دا لە دنیا دەرچووە، ئەلفاتیحا، کەچی چەند مێشکم سەنگ و سووژن دەدەم و دەکۆشم، بێ هوودە دەخولێمەوە و ناچمەوە سەری، گردی سەیوانم لێ بووەتە توونی بابا، ئائەوە ئەرخەوانە تەنیایەکە، ئەوەشیان قەفەزی سەر گۆڕی مەرمەڕینی بە ئایەت ڕازاوەی حاجی...

ئەوەشیان هێرۆ سپییە چڕووساوە تۆزگرتووەکەیە، ڕەنگە ڕۆحی پتورکاوی مرۆڤێکی بێ گوناه بێ، ئەمانەش کێلە بڵندە پەمبەکانن، ئەوەندەی دەستوموچێ، هێندەی چاوتروکانێ دایکم لێ دوورە و لێشم ونە، خەیاڵاتێکی گومانپژێن ئابڵوقەی داوم، ئەگەر دایکم بەرەو بەهەشتیش هەڵکشابێ هەر دەبوو ئاسەوارێک، هێمایەک، لە گۆڕەکەی جێ مابا، بەڵام لەم کاولە مەفتەنەدا هەموو شتەکان بەرەو خراپتر ڕوو لە گۆڕانن، دەکرێ بێ وێژدانێ خوێنساردانە کێلەکانی تووڕهەڵدابێ و لە جێی دایکی شیرینم، گۆڕی بۆ ئازیزێکی خۆی هەڵکەندبێ،

گۆڕهەڵکەن دڵیشیان چون قوڵینگیان سارد و لە ئاسنە، خۆشیان چوونەتە پێستی گۆڕهەڵکەنەوە، ئەوان کارەکەیان لێ بووەتە کردەیەکی میکانیکیی ڕۆژانە، وەک چاڵ بۆ هەر ستوونێکی ژەنگنی ساردوسڕی ئاسن هەڵدەکەنن، ئاواش سووک و سانا ئەم کێلانە تووڕدەدەن و ئەو کێلانەی لە جێ دەچەقێنن، ئەم شاعیرە سافیلکانەش چەند دڵسافانە باسی پیرۆزیی گردی سەیوانیان کردووە خوایە، بۆ ئەوەی ئەمجارەش بگەمە گۆڕی دایکم دەبێ پێ لەسەر چەندین گۆڕی باب و دایکی خەڵکی دیکە دابنێم، با ئەمجارەش تێر بۆنی چەپکە ڕەشە ڕێحانەکەم بکەم و بەسینگمەوە بینووسێنمەوە، هەنگاوی بەرین بەبان گۆڕێک و دە و بیستی دیکەدا دەنێم و ئارەقەم لێ دەچۆڕێ، دڵیشم دەڵێ دایکم، هەر لەم دەوروبەرەدایە.

دامێنی پانتۆڵە ڕەشەکەم بووەتە نووسەنەک و پووش و پەڵاش، ئای لەو هەموو کەرتەشە دڕک تیژە گوڵ مۆرانەی لەم دەور و ناوەدا قوت بوونەتەوە، خوایە لەسەر گۆڕی دایکی خێرنەدیوم کەرتەش نەڕوابێ، بوتڵە ئاوەکەشم تەواو، نا ئەوان جاران بەم ڕادەیەش سەنگدڵ نەبوون، لانی کەم جەژناوجەژن سەری مردووی خۆیانیان دەدا، بەڵام ئەم براو خوشکانەی من بێت و سالانێکە سەری دایکمیان نەداوە، من بێ هوودە دەخولێمەوە، لە مێژە دابڕاوم و ناچمەوە سەر گۆڕەکەی، ئێستاش با فوویەک لە کۆنکریتی ژێر سایەی ئەم دارتووە بکەم و چەپکە ڕێحانەکەم دابنێم و دەستەسڕە ئاوریشمەکەم ڕاخەم.

ئەوەتا منداڵێکی بەلەباریکەی زەردەڵ، زەلیلێکی سەربەکڵاوی سپیی لە پاڵ کێلێکدا دانیشاند، زەلیلەکەش بەو دەنگە کەرخەی تێی هەڵکردە وردیلە سوورەتەکان و سەری بادەدا، گەرما لەشی داهێزاندووم و





لێوەکانم وشک، با دەست بەم کێلەکەی پاڵمەوە بگرم و ڕاست بمەوە، دەڵێم بۆ ڕێزی ئەم مردووەی تاوێ لە پاڵیدا حەسامەوە چەپکە ڕێحانەکەم دانێم، نا تاوێ لێی ڕاوەستە، دەنگێک لە ناخەوە وەهای چپاندە ڕۆحم، وەک بڵێ ڕەنگە بەم زووانە گۆڕی دایکی شیرینت دەدۆزییەوە، چەپکە ڕێحانەم دەستدایە و چەند جارێک بەتاسوقەوە بۆم بەبۆیەوە ناوە، دوور و نزیک چاو دەگێڕم، ئەژنۆم لەوەدایە شل ببێ، دەگەڕێم و دەنوارم و ئاسەوارێ لە دایکم نییە، چون دروێنەوان دڵۆپی ئارەقە لە تەوێڵم دەتکێ، نووسراوی ڕەشی سەرکێلە سپییەکان تێکەڵ دەکەم و چاوەیلم لە ڕەشەوە دەچن، لە هەناسەیەکا باریکە لاسیکی چەپکە ڕێحانەکەم دادەماڵم، لارەلار بەنێوان دارستانێک کێلدا، بەبان گۆڕەکاندا هەنگاوی شل و ماندوو دەنێم، هەر گۆڕێکی بێ ناز و تەڵێک ڕێحانەی داوێمە سەر، تەڵە ڕێحانەکان پەپوولە ئاسا لە بان گۆڕەکان دەنیشنەوە، تەواو، دوا تەڵم بەسەر گۆڕە بێ نازەکاندا بەشییەوە، ئێستا سوکنایی و ئاهێکی کاتیم گەڕاوە، پاشماوەی هێزە خەمگین و ماندووەکەم کۆ کردووەتەوە و بەناو جەنگەڵستانی کێلدا لۆژ لۆژ دادەگەڕێم، جا چی لەوە ناخۆشترە، هەزاران کیلۆمەتر ڕێت بەرەو نیشتمانی دایکت بڕیبێ و دایکیشت بۆ نەدۆزرێتەوە.

ئێستا دەروونم کوورەی نێڵدراوە، دڵپڕم، کسپوکۆی ناخم سەردەکا، وەک بەتەنیا بەناو لم و باگێژەی بیابانا ڕێ بکەم، هەنگاوم قورس، لێوم وشک، پەژارەی ئەوەم دەنگم ناسازە، دەنا هەڵم دەکردە (نارین)ێک، تا بوولێڵە نەمدەبرییەوە، دەخوازم هەر ئێستە بچمە قەڵافەتی قوڵینگێکەوە، بەرەو کوێستانە دوورەکانی باکوور بدەمەوە لە شەقەی باڵ.

لەو دەمەدا کە سەرەوخوار ڕووەو جەنگەی شار، دوا کێلی گردی سەیوانم تێ پەڕاند، گوێم بەهەرا و زەنایەکی لەپڕو نامۆ زرنگایەوە، وەختێ بەترسە ترس ئاوڕم لە گردی سەیوان دایەوە، دیتم هەزاران گۆڕی تەنگ و قووڵ و تار، بوونەتە زارگەلی وشکی بۆش و تاریک و بێ ددان و بێ زمان، زارگەلێک بەدرێژایی و قووڵاییی خودی گۆڕەکان، چوون ئەشکەوتی چیا چەپەکە بەردینەکان، ڕووی دەمیان لە منی ساکاو و لە شاری بێ ئاگایە، هاوکات هەزاران کێلی سپی و ڕەنگاوڕەنگ، بێ ناز، تووڕە و بێ ئۆقرە، بوونەتە باڵ و باسکی درێژی هەڵقرچاوی مۆمیاکراو، پەنجەیان درێژ و کۆڵەوژ ئاسا، هەڵقرچاو، دەستیان پان کردبووەوە، دەم بەهاوار، هانا و هەڵووشیان بۆ دەهێنام و بەیەک دەنگ دەیانزریکاند: «ئەی کوا ڕێحانە بەشی ئێمە، سمایل؟»

کۆبنهاون

June, 20 , 2007



# پەلک زەردێک بەمایۆی سوورەوە

دەشنێ سروە بای دەریا. هەتاوی دەمەو نیوەڕۆ تەواوی شەپۆلەکانی ئامالّ زیویی هەڵگێڕاوە.. وردە شەپۆل لەسەر ئاوازی با، لە سەمای بێ پسانەوەدان. هەزاران کەس، متووی دەریا و هەتاو، بەتوێی مایۆی ڕەنگاوڕەنگ و چاویلکەی هەتاوەوە، پێخاوس، جەستەیان بەمەرهەمی دژەخۆر هەنووە، دوور لە نێو سەوزەگیای گەش و ڕەنگ تێردا هەلاژاون، یان دەخۆن و دەخۆنەوە، نزیک لە نێو لمی دەم کەناردا، لەگەڵ تیشکی خۆردا ئارام و هاوئاهەنگن، دەریا و کەناریان پێ ئاوەدان و ڕەنگاورەنگە. چەند لێوبەخەندەن کاتێ منداڵە خەنییەکان بەفیچقەی ڕەنگاوڕەنگی ئاوەوە شوێن یەک دەکەون تاکو چەند دلۆپێک ئاو لە یەکدی بپرژێنن، چەند پڕ ئەفسوونە ئەم دەریا بەڕووی خەڵکدا کراوە و بەبریسک و هووڕە.

لە سروشتی بڵێسەی نارنجیی ئاگردایە، زۆر لە خۆم دەکەم، کەچی هێشتا هەر ناتوانم پشتی تێ کەم.. ژنەکەم لەوێ، لە نێو چیمەنەکەدا پان بووەتەوە و هەیتا هەیتا دەستم لێ هەڵدەتەکێنێ «کارا کارا، وەرە چایی دەم بووە!» چا خواردنەوەی دەم کەناری دەریا.. چایی ناو کتری.. بەخەڵووزی بەردین دەمکراو.. وەلێ بەدەست خۆم نییە، پشتاوپشت لە دەریای پیرۆزەیی دەکشێمەوە. چ نهێنییەکە، بۆچی دەبێ ڕووم هەر لە شینایی تەڕی دەریا بێ.

دەشێ خۆشیم بەکرانەوە و مەزنییەکەی بێ، یان بخوازم بەڕەنگە درەوشاوەکەی چاوانم بڕێژم و ناخیشمی پێ لە خەوش بشۆمەوە. ڕەوە شەپۆل لە سوپای تەیار دەچێ، تیپ لە دوای تیپ جەنگاوەر بەرەو شەڕگە بەڕێ بکا و هێشتا هەر لە داوە تیپی دیکەی یەدەک چاوەڕوانی فرمان بن و بخوازن بەرەو کەناری سپاتڕەنگ، ڕووەو وشکانی سینگ بکوتن. پێ دەچێ ڕۆژێک دابێ، تەواوی زەوی بەژێر هێرشی دەریاوە ببێ و دەریا وشکایی قووت بدا و هەموومان ببینە مەلی ئاوی.. بەشوێن یەکدا فڕۆکەی ڕێبوار، سپی سپی و سوور سوور، سەوز، کەسک، لەم ئاستەدا بەسەر دەریادا هەڵدەفڕن و دەنگیان دێ، ئەوان لەم ئاستەوە دەچنە ناو دەربەندە هەواییەکان.

لەم کەنارەدا خەون و خەیاڵ بێ پەروا جلّەویان بۆ شل بووە.. زیندە خەونەکان دەزێن. ئەوەی بەلای ئەم شەپۆلانەوە گرینگ بێ ئەوەیە، ئەگەر بۆ تاوێکیش بووبێ سەر ڕووی دەریا بکەون و جوانی و تافی هەڕەتی خۆیان بنوێنن. ئاون لە تافی فڕین و لڤین و خرۆشی خۆیاندا، تاوەودوا تێک دەشکێن، بلا بمرن، چ قەیدی، هەزارانی دیکەی مەزنتر و جوانتر لەوسەرەوە سەرهەڵدەن. شاخەی (گڕ)یش بەڕووی شین و نارنجی و سوورەوە وەک شەپۆلی دەریا متووی هەڵکشانە ڕووەو ئاسمان. شەپۆلەکان ئاون، تەمەنی شیرینی خۆیان بەتاوێ جوانی دەگۆڕێنەوە. ژیان و جووڵەش بۆ خەیاڵی متبووی ئەو مەردمە دەگێڕنەوە.

لەودیو هۆ ئەو سنوورەوە، کە لێرە و لەوێ بەگۆی پلاستیکیی نارنجی دیاری کراوە، بەلەمە سپییە سەرئاوەلا خێراکان بەشوێن خۆیاندا ڕووی شینی دەریا چون شیر سپی هەڵدەگێڕن و گرمەیان





دەگاتە کەنار. مینا فڕۆکەی فیشکەداری سامالبڕ، بۆ ماوەیەک هێڵێکی سپی سپییان لە دوا جێ دەمێنێ. بڕێ ئەولاتر کوڕان بەلەمی چارۆکەداری سپی داژوون. ئەوان لە پێش خەڵکی کەنار گرتوودا بەکیژە پەلک زەردەکانی هاوڕێیانەوە لێهاتوویی خۆیان لە دەریاوانیدا دەنوێنن. ئەم لاوە بەلەمڕانانە ئەو دەریا بێ سنووریان کردووەتە باخچەی ماڵەکەیان و بەئارەزووی خۆیان پیاسەی پێدا دەکەن. شەپۆلی زیوین و کوژەکەیی و کریستاڵی هەدادانیان نییە. بەخەیاڵمدا نایەت هیچ یاری و مەزاقێکی سەر زەوی هێندەی مەلەی تەنکایی و بەلەمڕانیی دەریا خەمڕەوێن بێ. دەریا بەسیحر و هێزێکی نادیارەوە، بۆ لای خۆیم کێش و سەرقاڵ دەکا. دەریا لانکەیە، ئەم وردە شەپۆلانەش دەستەکانی دایکم دێنێتەوە یاد، ڕام دەژەنن و دەمدەنە دەست جیهانێکی بێ وێنە، بێ خەم و پڕ لە ئەفسوون.

بەمایۆی شینەوە، لە کەناری دەریایەکی کووژەکەیی، لە بان لمێکی کاهی ڕەنگ، دلۆپەی ئاو بە بالامدا ڕێچکەی بەستووە و دوور بۆ قووڵاییی دەریا دەڕوانم. ئەوا گوزوگومەت، بەرزە شەپۆلێک لە دووررڕا بەدیارکەوت، وەک ئەسپێک پەل لە هەور بکوتێ، بەرەو کەنار سینگ دەکوتێ، شەپۆلێکە لەوانی دیکە ناچێ، پێ دەچێ لەو جێیەوە کە شینایی ئاسمان و شینایی دەریا تێکەڵ دەبن بەڕێوەبێ. با خێراتر هەڵدەکا و شەپۆل هاشەی دێ، وەک بیەوێ شۆقێکی قایم لە کەڤرە ئاوەسووەکان بسرەوێنێ و ئەوجا هەڵکاتە سەر کەنارە لمینەکە؛ وا گەیشتە جێ، بەرزە شەپۆل.. خۆی کێشایە دەم لێوارەکان، سپی هەڵگەڕا و بەخێراییی چەند هەنگاوێک لە کەناری تێ پەڕاند.. کەنار تواناو هێزی ئەوی هەڵمژی و شەپۆل شکایەوە.. وەلێ لە تافی

کشانەوەدا کووپەیەکی لە دەم کەنار، ڕێک لەبەر لووتما جێ هێشت.

قەدەرێک حەپەسام و بەدیارییەوە دۆش دامام، سەرنجی دەورووبەرم دا، کەسێ مرخی لێ خۆش نەکردبوو. بۆیە لێی کەوتمە گومانەوە. وەلێ کاتێ قولفی کووپەم بەدەستەوە هات، ناچار بووم بڕوا بەچاوەکانم بهێنم. ئیدی قولفەکەیم گرت و مرخێش مرخێش بۆ ناو قووڵایی لمی کەنار ڕام کێشا.. کاتێ بە ترس و گومانی تێکەڵ بەچاوەڕوانیی ڕووداوێکی کوتوپڕ، قەپاغەکەیم لادا، تەمێکی لوولی خۆڵەمێشیی لێوە بڵند بوو.. پاش چەند هەناسەیاک دێوێ، لێی دەرپەڕیی هێندەی کێوێ.. بەپەلە چەندین ژنی باڵا شووشی بێ مەمکبەند و کچۆڵەی پەلکزەردی جەستە برونزیی بەتوێی مایۆی سوورەوە، لە تەک سەگە وردیلە تیسکنە بەنازەکانیاندا پەیدابوون و کەوتنە هەناسە هەڵکێشانی ئەوق بوون و حەپەسان.. منداڵی لاپرەسەنی سوور و سپی بەچاویلکەی هەتاوەوە ئاپۆرەیان لێمان دابوو. دێوی تاین قاوەیی و تیسکن، چاوەیل سوور، هەریەکە و هێندەی دەمی مەنجەڵێک. پێیە قاوەییەکانی جارەها پانتر لە پێی ورچە سپییەکانی جەمسەری باکور. دێو گرماندی و کەڵبە قولێنگییەکانی دیارکەوتن.. قیژەی ماسیگرە و گرمەی بەلەم و شڵپوکۆی شەپۆل و هاڕەی فڕۆکەی بەژێر نرکەی خۆیەوە کرد. دێو لەسەرێرا بۆی دەڕوانیم و منیش لە بەرپێیدا مابوومەوە سەر بوونەوەرێ هێندەی گزگڵێک.

«دەی مرۆڤ فەرمان بدە، چیت دەوێ تاکو هەر ئێستا لە بن عەرد بێ بۆتی بخەمە سەر عەرد!»

دەلەرزیم.. بڕوام دەکرد و بڕواشم نەدەکرد.. نازانم بۆچی لەو







دەمەدا لێم نەپرسی: «تۆیەک لەم کەناری دەریای باکورەدا چلۆن فێری ئەم کوردییە جوانە بووی؟ یان جەنابی دێو بەچدا زانیت من کوردم؟»

نا نا.. لە هەیبەتا زەینم بۆ ئەم پرسیارانە نەچوو.. لەو کەناری دەریایەدا، بەتەنیا منی تێدا بووم سینگ و پشتی تووکن بێ، ڕەنگە بەوەدا زانیبێتی کوردم. بەکاریگەریی شکۆ و سەر و سیمای جەنابی دێو، تەواوی حەشاماتی کەنار دەریا دووچاری ترس و سەرسڕمان هاتبوون. کەچی شتاقیان زەنگیان بۆ پۆلیس لێ نەدا. چاوەڕوانی پێشهاتێکی مەترسیدار بوون و هەناسەیان ڕاگرتبوو، بێدەنگ دەیانڕوانی.. دێو بەچاوی سوورەوە، لە منەوە چاوەڕوانی وەڵام بوو. چەند جارێک چاوم گڵۆفت، کۆکیم و گەردنم هەڵێنا. لە ژێڵدا بە باڵایدا نیگام سەرخست، دیتم دێوێکی ڕاستەقینە بەدیارمەوە مینا کێو هەڵچووە. بەدڵەلەرزەوە بەخەیاڵمدا هات و وتم:

«بێ جایی نەبێ، دەکرێ بمگەیێنیتە لێواری گۆمەگێژەی سەر چەمی دێوانە؟»

دێو وەک هەوری سەروەختی بەختەباران بەیەکیدا دا و گرماندی:

«تۆ مەبەستت لە گۆمەگێژەی چەمی دێوانەی لای زەردیاوایە، وا نییە؟»

منیش وتم: «ئا ئا دەمخۆش.. دەق مەبەستم ئەوێیە!»

بێگومان ئێستا بەری لای چیای بەلەرزەک پەرژێنە. کەناری بەقرژانگ و بۆق ئاوەدانە.. لە دووڕا قاسپەی کەو و ویتەی سوێسکە دێ و.. عەینەمەل و کەندەسمە ئاسمانی ئەوێیان ڕەنگاندووە.. لە بن هەر دەوەنێکدا زریوەی وردە مەل دێ.. خشەی خشۆک و زیکەزیکی کوللە و مەشکەدڕە و تانجیی پێغەمبەر دێ.. لە خۆشییاندا دەمودەست بەزەینما نەهات بڵێم، خۆتۆ ئەو ڕێگە دوورە هەر دەبڕی،

دەبا ژنەکەشم لەگەڵماندا بێت.. هەموو کاتێ ئاوەز مێوان نییە نا.. یان هیچ نەبێ نەمکرد پێی بڵێم، جەنابی دێو بەڵکو بەفڕکانێ پڕ بەو کووپەیەی لەمەڕ خۆت لیرەم بۆ بێنی و بێیتەوە.. ڕاستت دەوێ پرسیاری یەکەمیشم هەر لە جێی خۆیدا نەبوو، باش بوو نەمدایە ڕووی، ئاخر ئەوە دێوە نەگاڵتە، دێویش گەرەکە هەموو زمانەکان بزانێ... لەپڕێکا هاڕاندی و گرماندی «زووکە کارا، هەر ئێستا خۆت هەڵدەرە سەر پشتم!»

تەمەس ناویشم دەزانێ.. دیارە چۆن زانیی کوردم ئاوەهاش ناوم دەزانێ. ئەو وەک کێوێک لە پێشمدا هەڵکشابوو.. نا خۆم نەگۆڕی.. هەر بەتوێی مایۆ شینەکەمەوە.. بێ ئەوەی لە خۆم بپرسم، زەردیاوا و مایۆ! پرسیشم بەژنەکەم نەکرد.. هەر لە خەیاڵیشما نەمابوو.. ئەوەی ناوی پاسپۆرت بێ لە خەیاڵمدا نەبوو، نەمپرسی ئاخر ئەوە دێوە، ئەگەر لەوێ لێم عاسی بوو، چلۆن بگەمەوە ئێرە. وتم: گەشتێکی مێژووییە و هەرگیز لە چاکەی دێو دەرناچم.. هەر لە حەنای خۆم بیست سی هەنگاوێ کشامەوە، ئەو حەشاماتەش لە چاوەڕوانیی پێشهاتێکی دراماتیکیدا هەستیان ڕاگرتبوو.. تفم لە ناو لەپم کرد و وتم: «گۆمەگێژە، خۆت بگرە هاتم!» بەهەموو هێزمەوە گوڕم بەستەوە و بەخێراییەکی زۆر تێ تەقێنە تاکو هەر بەو خێراییەی غارم دەدا یەکسەر بازبدەمە سەر پشتی دێو.

بێجگە لە کاک دێو کەسی دیکە نەیدەزانی چی دەڵێم و بە چ زمانێک دەدوێم. نەمزانی بۆچی لەم هەراو هەنگامەیەدا ژنەکەم مێش میوانی نەبوو. ئەو یەک بست چییە لە جێی خۆی لە ناو ئەو چیمەنە شێدارەدا نەجوولا. نا، لە سەرسایی خۆم و تەلیسمی پێشهاتەکە، ژنەکەمم هەر





لە یادیش نەمابوو.. بەگوژم، وەک سەردەمی مێردمنداڵیی غارم دەدا و تەنیا سێ هەنگاوی مابوو بیگەمێ.. لەگەڵ وتم هەرسێکی، بەهەموو هێزێکمەوە خۆم بۆ سەر پشتی جەنابی دێو هەڵدا.. لە خۆشییاندا بەفڕین دەفڕیم.. سروەی فێنکی ڕووی دەریا جەستەم تورت. لەو تافەدا کێشی تەنیا کۆترێکم مابوو.. کاتێکم بەخۆ زانی لە ئاسمانێڕا، داهاتمەوە و شلپ بەربوومەوە ناو دەریایەکەی ژێرم. دەریای باکور. بەخێرایی هەتا بنی بنەوە ڕۆچووم! کاتێ بەپەلەقاژە و پشووی سوار و جەستەی ماندووەوە، بڵقەبلق لە ڕووی دەریاوە سەرم کێشایەوە، نە کووپە دیار مابوو نە جەنابی دێو.

کۆبنهاون

July, 27, 2007

ساتیره چیرۆک

## ڕۆژێک له ژیانی کەره شین

کەردار، یان ڕەنگی کەرەکە، بڕیار لەسەر ناوی کەران دەدەن، منیش بە(کەرەشین) ناودێرم و خۆشم لاریم لەم ناوه نییه، هیچ نەبێ کەرەشین لەسەر زاران خۆشتره هەتا کەرەدێز، هەرچی کەرەدێزه وێڕای ناجۆریی ڕەنگەکەی مانای ناجۆریشی له خۆیدا هەڵگرتووه، باوەڕیش ناکەم تاکە گوێدرێژێ له تەواوی ئەم وڵاتی کوردەوارییەدا هەبێ بەناوی کەرەدێز خۆشحاڵ بێ، ئای له من وای له من، کەری ئەم وڵاته چەند چەوساوەیه، بەعس ناوی کەرانی نه عارەباند، بەڵام بەنزیکەی هەموو توخماتی کەری باکوری ئەنفال کرد و کەسێکیش لەسەرمان نەهاته دەنگ.

من ئەوا نزیکەی سێ ساڵانه کەری (وسوو)م، بارەدارم پێ دێنێ، خەله و خەرمانم پێ دەگوێزێتەوه، سوارم دەبێ، جار هەیه (تەلێ)ی ژنیشی له پاشکۆی دەنێ و بەزەییی بەمندا نایەتەوه. بەڵام کەرداری لەو وسووش دڵڕەقتر هەیه، بۆیه سابیرم و تاکو ئێستا لەگەڵیدا دەرم بردووه.

وسوو چرووک نییه، ئێواران و بەیانیان لەگەڵ توورەکە کایەکەدا ژەمە جۆشم دەداتێ، هەرکاتێک ئاوم بدا نەرمە فیکەشم بۆ لێ دەدا تاکو بەدڵمەوه بنووسێ، دیاره هەستی پێ کردووه کە هەوەسم له





مووسیکە، خەوشێکی گەورە، کە وسوو هەیبێ ئەوەیە وەختێ تەلێی ژنی یان دراوسێ مولک یانژی له مزگەوت سەردەنێنه سەری، ئەو بەمنی دەڕێژێ و بەداران بەردەبێتە سەر و مل و کەفەڵم، هەرچەند دەزەڕم و هەڵدەتۆڕێنم و لووشکان داوێم بێ سووده، هەتا خەشی دڵی خۆی بەتاڵ نەکاتەوه، له کۆڵم نابێتەوه، زوو زووش جمێن بە خاوەنی پێشووم دەدا، منیش بردەبار و بێ دەستەڵاتم.

ئەوەتا له بەیانیی زووەوه بەسەر پشتمەوەیه و پیاده نەبووه، وەختە ناوکەڕێژ دەبم، کات له نیوەڕۆ لایداوه بێ ئەوەی تاوێ هەدادانم هەبووبێ، ئەمڕۆکە تەنانەت بیریشی له نوێژ نەکردۆتەوه، هەتا پیاده بێت و منیش پشوویەک بدەم، هەرچەنده سەرنجی ئەم چیایەی پێشم دەدەم وەختە قەڵەمی دەست و پاشووم بشکێ، دەبێ هەر ئەمڕۆ بیگەیەنمە (بەرزەدێ)، کە ئەوەتا بەتۆقەڵەی ئا ئەم چیا سەختەوه، خوا بۆخۆی دەزانێ لەوێندەرێش ئەم گرێ کوێرەیەی، کە بەدەستی خۆی، له بەختی خۆی داوه و منیشی پێوه گیرۆده بووم، دەکرێتەوه یان نا.

ئەمڕۆ نه بارە داری پێ هێناوم، نه بارە خوێی لێ ناوم، نه خۆشی بە میوانی دەچێ، کەچی پیادەش نابێ، نا هیچ کام لەمانه نییه، ئەمڕۆ له مێژووی منی کەرە شین و وسووی خاوەنمدا ڕۆژێکی جیاوازە، ئەوەتا بەشۆلەکەیەک ورگەوه لەسەر پشتم دانابەزێ. تاوێک لەمەوبەر، بەرەو چڕە دەوەنێک لێی خوڕیم، لەوێندەرێ هەر لەسەر پشتی بەندەی موخلیستانەوه دۆخێنی ترازاند و خوڕە خوڕ ئاشێک میزی بەردایەوه، حەددی چییه وسوو پیاده ببێ، ئەگەر وسوو ئەو ناماقووڵییەی کرد و پیاده بوو ئەوا بەجارێ ماڵی لێ کاول دەبێ، ئەوێک کە خاوەنی ژنێک و سێ منداڵه، ئاخر وسوو ئەگەر (تەلێ)ی ژنی له دەست چوو، ئیدی کێ

ژن بە گایەکی وەها دەدا، ناوەڵلا حاشا کەس نایدا، منداڵەکانیشی دەفەوتێن، ئەمرۆکە لە ڕۆژژمێری وسوو و بنەماڵەکەیدا ڕوژێکی تەواو چارەنووسسازە، ئەو بەدبەختە خراپ منی خاکەساریشی بەخۆیەوە گیرۆدە کردووە، بەلام کەس ئاگای لە حاڵی من نییە، تەنیا خەمی ئەویانە.

من چ تاوانێکم هەیە، چ پشکدارییەکم لەم گۆتاوەڕۆیەدا هەیە، کە ئەم بەیانییە وسوو نایەوە، تاکو بەم مەرەیە بچم، خوایە تاوانم چ بوو وا منت کردە کەری ئەم گایە، لەم تێ هەڵچوونە بێ مانایەی وسوودا من و (تەلێ)ی ژنی بێ گوناهین، مەگەر گوناهمان ئەوە بێ من کەر و ئەو ژنی وسووە.

وسوو لەتاو کێشەکەی خۆی ئازاری منی هەر بەخەیاڵیشدا نایە، بیری چووەتەوە ئێمە بەمرۆڤ و بەکەرەوە لەوەرزی هاویندایین، بێ زمانیش وەک مرۆڤ زوو تینووی دەبێ و پێویستیی بەسێبەرێکە تێیدا بحەوێتەوە، لە بەیانییەوە وەک فەردە خوێ وابەسەر پشتمەوە و پیادە نابێ، خۆر لە ناوەندی ئاسمانە و هێشتا ئەم کێشەیە کۆتایی پێ ناهاتووە، ئەوەتا (حەمەومین)ی براگەورەی و تەلێی ژنی و هەرسێ منداڵەکەی لۆژ لۆژ، بەپێ بەرەو بەرزەدێ بەدوامانەوەن، بەڵکو لەوێندەرێ کێشەکەی چارەسەر بکرێ، بەسەر پشتمەوە ورتەی لەخۆی بڕیوە و پێچ دەدا.

بەسەر پشتی منەوە بوو کاتێ لەگەڵ (موتەللیب)دا بووە دەمەقاڵێیان، ئەو لێی دا ڕۆیی، وسووش منی بەرەو ماڵی مەلا ئاژوو، مەلا زوو بەدەنگییەوە هات، لێی پرسی: «ئێستا پێم بڵێ چۆن چۆنی سوێندەکەت خوارد وسوو؟» وسوو هەر بەسەر پشتمەوە وتی:





مامۆستا گیان دووربێ لە ڕووتان ئاوام بەدەمدا هات: «موتەللیب هۆ گوێ بگرە، سێ بەسێ تەلاقم کەوتبێ بەهیچ مەزەبێک چاک نەبێتەوە من بێت و لە کەرە شین پیادە نابم و پێ نانێمەوە سەر زەوی هەتا بەدەستی خۆت تەواوی فەردە چەڵتووکەکانم بۆ نەهێنییەوە ماڵ!»

مەلا قەدەرێک لە فکران ڕۆچوو، ئەوجا پرسی: «هەر ئێستا دەنێرمە دووی موتەللیب، بەڵکو..» وسوو قسەکەی لە زاری موبارەکی مامۆستادا بەشەکر بڕی و وتی: «لێی دا ڕۆیی بۆ شار و وتیشی من بێت و چەڵتووک گومان نابەم و هەتا مانگێکی تریش چاوت بەچاوم ناکەوێتەوە!»

وسوو ڕاستی وت، موتەللیب بەقوونی خۆیدا دا و بۆ شار چوو، لەو دەمەدا وسوو بەسەر پشتی خۆمەوە بوو، دڵیشم لە مستما بوو، بەلام لە ناخی خۆمدا وتم مامۆستا سالانێک عیلمەکانی خوێندووە، هەڵبەتە ئێستا چاری بۆ دەدۆزێتەوە و منیش لەم ڕۆژە ڕەشە دەرباز دەکا، من خەمی خۆمە، وا خەریکە پشتم دوو کەرت دەبێ، مەلا وتی، تاوێک لەسەرم بوەستە، بەپەلە لە ژووڕا کتێبێکی زەردی پەڕپووتی هێنا، سیگارێکی پێ کرد و لە بان سەکۆیەکەیان کەوتە موتالا و ورتە ورت، وسووش هەر بەسەر پشتی بەندەوەیە و لە پێش مەلادا وشک وەستاوم. لە داخاندا مەیلم لێ بوو هەڵکەمە زەڕە زەڕێک چیایەکەی بەرامبەرم دەنگ بداتەوە، بەلام وەختێ لە فیکران ڕۆچووم، ژیوان بوومەوە، چونکە زەڕین (کالۆری)ی زۆری پێویستە، منی برسی و ماندوو ئەوەندەی دیکە بڕستم لێ دەبڕێ، لەو هەنگامەیەدا حەمەومینی برای وسوو بەگالۆکێکەوە پەیدابوو.

مامۆستا بەدەم موتالاوە جغارەکەی تەواو کرد و وتی:

«چاککردنەوەی ئەم تەڵاقــە لە عــیلمی مندا نییــە، هــەر بڕیارێک بدەم گوناهبــار دەبم! بێ قــەزابی وسوو، ئــەمــە کــەی ســوێندە بەســەر زارتا هاتووە!»

ئاخ لە من داخ لە من، چەند هەواڵێکی ناخــۆش بوو، مــانــای وایە دەبێ وسوو بەسەر پشتمەوە بێ هەتا موتەللیب میزی کەف دەکات و لە شـار دەگەڕێتەوە و تەواوی فەردە چەڵتووکەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەش مەگەر هەر خوا بۆخۆی بزانێ کەی ڕوو دەدا، لەوانەشە هەر ڕوو نەدا، من وا خەریکە گـازەرای پشـتم بەدووکەرتەوە دەبێ، وســوو زمانی بەسترابوو، هەرچی حەمەومینیشە بەم وەڵامە ئەبڵەق بووبوو، پرسی: «ئەی چار؟ جا خۆ ماڵی برایەکەم بەقوڕە ڕەش دەگیرێ!» مەلا بەبێــزارییــەوە بە بەرچاوی من و حــەمــەومــینەوە وتی: «ئێ غــەیر کەرێتییەکە لە خۆیەوەیە، ئەو کە نازانێ تەڵاقان بخوا با گوو بخوا!»

وسوو متەقی نەبوو، مامۆستا جغارەی دووەمی پێ کرد و بە وسووی وت: «نامــەیەکت بۆ جــەنابی مــەلای بەرزەدێ بۆ دەنووسم، شــاهیــدا چاککردنەوەی ئەم تەڵاقەی تۆ لە عیلمی ئەودا بێ!» لەو دەمەدا تەلێ و هەرسێ منداڵەکــەی بەدەم خۆڕنینەوەوە پەیدابوون، تەلێ شــاتاندی، «هەیڕۆ ئەم کــەتنەشت دا وســوو؟ جــاخۆ هەتا چاکی نەکــەیەوە بەیەک حەرامین!»

منیش ئێستا هەم تینوومە و هەم برسی، هەتا وسوو دەگەیەنمە (بەرزەدێ) پشتم دەشکێ. حەمەومین وتی: «خەمێ نەخۆی وسوو، لای هەرچی مەلا لەم دۆڵەدا هەیە دەتبەم و ناهێڵم ئەو تەڵاقانەت بکەون!» بەجارێ ورەم ڕووخا، ئەگەر بڵێی حەمەومین ئەوسەری لێک دەداتەوە، ئەگــەر تەڵاقی وســوو بکەوێ ئەویش بڕێک مــەســرەفی ژنی نوێی دەکەوێتە سەر، کۆتاییمە، دوای تاوێکی دی منداڵەکان لە پێ دەکەون و





تەلێ ئەوانیش بەســەر پشــتی مندا دەدا، ڕێ هەورازە، بەرزەدێ لە تەوقەنەی چیایە، جا کێ دەڵێ مەلای بەرزەدێ لە ماڵە، یان کێ دەڵێ ئەویش بەرەو ڕووی مــەلایەکی دیکەی ناکــاتەوە، ڕەنگە ئەم هاوینە وسوو پیادە نەبێ و موتەللیب لە شـار نەگەڕێتەوە، وەلێ ئەو ئەگەر تەڵاقیشی بکەوێ دەتوانێ ژن بهێنێتەوە، تەلێش بۆی هەیە شوویەکی پاکوتەمیز بکاتەوە، تەنیا ئەمن تێیدا دەچم و دەبمە قوربانی ئەم سوێندە لەپڕەی وسوو.

ئارێ ئارێ، ئەگــەر بەوردی ئەو ســوێندەی وســوو خــواردی لێک بدەیتەوە، ئەوا بەمەرگی بەندە یەکسەر تەڵاقی ئەو دێتەوە جێ، گیانم بەوەیە ئەوان ئەقڵیان بەم پیلانە ناشکێ، دەنا هەر ئێستا تفەنگیان پەیدا دەکرد و گوللەیەکیان لە تەختی تەوێڵم دەدا و بەسەرکەوتوویی دەگــەڕانەوە، وســووش لێم بەپەلەیە، خــەمی زۆرە و بەمنی دەڕێژێ، پاژنەی دەسرەوێنێتە خاڵیگەم و بەمست لە ملم دەدا، من بەرگەی ئەم بار و ئازارە ناگرم، بەو ڕێگە بەردەڵانی و سەختەدا خرنگەی ناڵەکانم لە چیــا دەنگ دەداتەوە، وای چ ڕۆژە ڕەشــێکە، کــەســیــان ڕێگەچارەیەکیــان بەخــەیاڵدا نایەت تاکــو خــۆیان و بەندەش لەم نەهامەتییە ڕزگار بکەن.

لە هیکڕا وسوو پشتوێندە حەوت قەفییەکەی ترازاند، دایە دەست حەمەومینی برای و وتی: «هەتا بن ئەو دارتووە داژووم، تۆ کەرە شینم بۆ بەقەدی تووەکەوە بۆ ببەستەوە نەبادا ...» حەمەومین وەک کەر لە پەموو دەربکا، لە دواوە بەگاڵۆکان تێم کەوت، سەرێکی پشتوێندی لە دەستم بەست و سەرەکەی تری لە قەدی دارتووەکە گرێ دا، بۆ خۆشی بڕێ دوورکــەوتەوە، وســوو لەســەر پشــتی منەوە وەک مــەیموون بەدارتووەکەدا هەڵگەڕاو چووە سەر دوو پەلەی دارتووەکەوە، دۆخوێنی

ترازاند و لەوێڕا ناو سکی خۆی بەتاڵ کردەوە، من لەو دەمەدا بیرۆکەیەکم بۆ هات، لێکدا لێکدا لەقەم دەسرەواندە قەدی دارتووەکە و سەرم بۆ وسوو هەڵدەبڕی و بەگوێکانم ئاماژەی بن دارتووەکەم بۆ دەکرد، بەڵام ئەو لە زمانی کەران حاڵی نابێ، دەمویست پێی بڵێم هەر بەقەدی دارتووەکەدا داگەڕێ و با بیبڕێتەوە، ئیدی تەڵاقت ناکەوێ و هەموو لایەک بەسەرکەوتوویی دەگەڕێینەوە، بەڵام نەخۆی و نەحەمەومینی برای لێم حاڵی نەبوون، وسوو بەقەدی دارتووەکەدا داگەڕایەوە سەر پشتم، حەمەومین دەستمی ئازاد کرد و دیسان ڕێگەی هەوراز و بەردەڵانیی بەرزەدێم گرتەوە بەر.. من ئەقڵم هەبێ ئێستا وسوو ئاوا بیر دەکاتەوە:

«چیم بەخۆم کرد، وەڵڵاهی مامۆستا ڕاستی فەرموو... بخواردایە بەڵام ئەم تەڵاقەم نەخواردایە، خۆ دەبێ ئیتر بەسەر کەرە شینەوە بخۆم بخەوم و بڕیم، دەبێ هەتا مەلایەک ئەم تەڵاقەم بۆ چاک دەکاتەوە من بەسەر پشتی کەرە شینەوە نوێژەکانم بکەم، دوو سێ سەعاتی تر نوێژی نیوەڕۆم دەچی، نازانم چی بکەم، جا چلۆن تارات و دەستنوێژ بەسەر کەرە شینەوە دەگیرێ، بڵێی نوێژ لەسەر کورتان دروست بێ و کورتان نوێژین بێ، ئەوا گریمان نوێژی سەر کورتان دروست بوو، ئەی ئەگەر هاتو نوێژم دابەستبوو، لەپڕ لە ناوەڕاستی نوێژدا، کەرە شین ڕووی لە قیبلە وەرگێڕا، ئێ خۆ ئەوە کەرە و بێ زمانە خۆ بنیام نییە، ئایا ئەو نوێژە جایزە، ئا، ڕێی تێ دەچی مامۆستا فتوای تەیەمومم بەسەر پشتی کەرە شینەوە بۆ بدا، جامولکەیەک خۆڵ لەسەر پشتی کەرە شین دادەنێم و تەیەمومی پێ دەگرم و بڕایەوە، نازانم، بڕواناکەم، من دەبێ لەسەر خەیاڵ بم، لە مەلای بەرزەدێ بپرسم، باشە خۆ ئەگەر ئەمشەو ئەم تەڵاقە چاک نەبووەوە دەبێ بەسەر پشتی کەرە شینەوە





بخەوم، جا بەس نەبوو هاوین بوو، خۆ زستان بووایە هەر یەکەم شەو ڕەق هەڵدەهاتم، یان دەبوو بەسەر پشتی کەرە شینەوە لێفەکەم بەخۆدا بدایە و لە تەویلەکە لە نێو کەراندا بخەوتمایە، باشە ئەمە پیاوە و ئارەزووی دەجووڵێ، بەڵکو هەوەسم لێ بوو ئەمشەو لەگەڵ (تەلێ)دا جووت بم، خۆ هەر دەبێ لەسەر کورتانی کەرە شین ئەوەشیان بکەم، نا نا نا، هەتا تەڵاقەکەم چاک نەبێتەوە نابێ بچمە لای خانە، وای دەبابۆ وی بابۆ چیم بەخۆم کرد.»

نزیک چۆمێکی گەورە بووینەوە، لەو جێیەدا، کە ئاوەڕۆی چۆمەکە بڕێک تەنگ دەبووەوە، پردێکی دارینی گڵەبان کراو هەردوو بەری چەمی بەیەک دەگەیاند، لە دوورڕا دیاربوو بواری پیادەیەک یان تاکە سواری دەدا بەسەریدا بپەڕێتەوە، من پێش کەوتم و ئەوانیش حۆیی حۆیی وەک خۆڵی مردوویان بەسەردا بێژرابی بێدەنگ بەشوێنمدا دەهاتن، بەرلەوەی بگەمە پردەکە بیرۆکەیەک لەسەری کەرانەمدا چەخماخەی دابوو، چەند جارێک گوێیەکانم تاقوفیق خستن و بەرەو دواوەم پاڵدان، ئەمجا لە دڵی گەورەی کەرانەی خۆمدا وتم: ئێستا ئەم بیرۆکەیە بەخاوەنە ئازیزەکەم دەڵێم بەڵکو هەردوولامان سەرفراز بین و بەخۆشی بگەڕێینەوە گوند، بەڵام هەر زوو ژیوان بوومەوە، چونکە ئەو لە بیرۆکەی بن دارتووەکەم نەگەیشت، ڕۆژێ لە ڕۆژانیش مرۆڤ بێتو بەقسەی کەری خۆی نەکردووە، بۆیە نەمدرکاند..

لە دوورڕا گۆمی ڕوونی دەم پردەکە چون ئاوێنە دەبریسکایەوە، کاتێک گەیشتمە سەرەتای پردەکە، گوێکانم بۆ دواوە پاڵ داو چی هێزم تێدا مابوو کۆم کردەوە و بە وسووی خاوەنمەوە هەڵمتیزاند و هەڵمدایە غار، هەرچی توانا لە گەرووەمدا هەبوو خستمە کار، کردم بەسەرە سەرێک ئەشکەوتەکانی ئەمبەر و ئەوبەر بە(ئیکۆ)وە بۆ یەکیان

دەسەندەوە، لەو ساتەدا لە دڵی وسوودا بووم، ئەو بەم سەرەسەرەدا، کە لە ئاژێری سەردەمی جەنگ دەچوو، وای دەزانی من نێرەکەرێکی زەڕاقیم و لەوپەڕی کەیف و زەوقی خۆمدام، بەدەم لووشکە هاویشتن و سەرەسەرەوە گەیشتمە ناوەندی پردەکە، وسوو توند لاقەکانی هێنابووەیەک و دەستی لە ملم گیر کردبوو نەبادا بیگلێنم، وەلێ وسوو لێرەدا چی پێ دەکرێ، ئەمجا لە ناوەڕاستی پردەکەدا هەردوو دەستم لە جێدا چەقاند، لۆزم دانەواند و هەتا هێزم تێدابوو دەستم بەجفتە و لووشکە هاویشتن کرد، وسوو دەیویست وەک بنێشت بەپشتمەوە بنووسێ، وەلێ ئەمجارەیان پشتم لە گۆمەکە کرد و تا هێزم تێدابوو وسووم هەڵدا، کاتێکم بەخۆ زانی بارم سووک بووە و وسوو بەئاسمانەوەیە، کڵاو و مشکییەکەشی چون کۆلارە دەفڕین و لە هەوای خۆیاندا بوون، شەرواڵەکەی پڕی هەوا بووبوو، فەقیانەکانی لێ بووبوونە باڵ و شڵپ لەو بەرزاییەوە کەوتە ناوەندی گۆمەکەوە، بۆخۆشم بەچوارناڵە لە پردەکە پەڕیمەوە، بەڵام نا، حیزفرسەتانە هەڵنەهاتم.

چاوەڕوانی کاردانەوەی جووتە برا و تەلێ و منداڵەکان بووم، وسووش وەک چۆن بەپەلە لە گۆمەکەدا نوقم بوو هەر بەو خێراییەش بەکەللەی ڕووتەوە سەری دەرهێنایەوە، هیچ بەڵای لێ نەبوو، ئەوانی تر لە پردەکە نەپەڕینەوە، قەیدێ لە وسوو، لە یەکدی، لە من ڕامان و منیش بەشێنەیی بۆلای ئەوان گەڕامەوە، تازە قەومابووم، چی دەبێ بابێ، وەلێ لەپڕ حەمەومین دایە قاقای پێکەنین، خانم و منداڵەکان بەشوێنیدا، وسووش قنج و قیت لە گۆمەکە دەرهات و بۆ لای ئەوان سەرکەوت، ئاوی لێ دەچۆڕا و جلکەکانی بەلەشییەوە نووسابوون، ئەمان حیلکە حیلکی پێکەنینیان نیشتەوە و وسوو دەستی بەقاقا





لێدان کرد، حەمەومین بەگاڵۆکەکەی ئاماژەی بۆ کردم و وتی: «سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێ کەرە شین لە ئێمە زاناترە!»

کۆبنهاون

٣٠ / ٧ / ٢٠٠٧

تەلێ: سووکەڵە ناوی (تەلیعە/ طليعة)

گۆتاوەڕۆ: کێشە و ئاژاوە

زەڕاقی: نێرەکەرێک زۆر بەکەیف و زەوق بێ

جفتە هاویشتن: لووشکە هاویشتن، جووتە هاویشتن، جیفڕک هاویشتن

## پۆستی ئاو

میرزا غولام خانی مەهابادی، دەقی ئەم چیرۆکەی لە بابی حیکایەتخوانییەوە بیستووە و ڕەنووسی کردووە. هۆشەنگی میراز غولام خانیش دوای سی و سێ سالان لە کۆچی دواییی بابی، هاتووە ئەم دەقەی بەتەواوی بەیازەکەی بابییەوە بەکڕیارێکی ئەنتیکی ئەو ولاتی فەڕەنگستانە فرۆشتووە. لە پەڕاوێزی بەیازەکەدا هاتووە گوایە بابی میرزا غولام خان، سەرلەبەری ڕازەکەی لە زاری حاجی نەبییە چکۆلی سەقزی نێچیرەوان بیستووە.. ئەم زاتەی دواییان، بەچاوی خۆی پەڕجووی کۆتاییی ئەفسانەکەی لە شکارگەکەی خۆیەوە بینیوە و لەودابووە شێت ببێ.

*

بەیانییان زوو، لە کات و ساتێکی دیاریکراودا بەدەم خرینگە و زرینگەی بازنگ و خڕخالەوە، (کنێر) بەدوو سەتلەوە دەگاتە ئەم جۆبارە بەهاژە و لرفەیە. کنێر چ کنێرێ. دەستە بالایەک، نە بکەی نە بخۆی سەیری چەرخی چاوی کەی، کولمەی پەمبە و ناو قەدی باریک و پرچی دەیداتەوە لە گۆزینگی، نە لە هەتاو، نە لە سێبەر، نە لە نێو پەڕەی زەرد و دێرینی داستانان، پەرییەکی وەها گولڕوو نەبووە و نابێ. کنێر بەم ئاوە ساردە ڕووی دەشوات. لە بان تەختەبەردێکی لێوار تەنیا دادەنیشێ. پاوپووزی هەلکراوی لە جۆبار دەنێ و قامکی





سپی و سۆلی دەنێتە ژێر چەنەو بەدیار جۆباری لەسەردا هاژەکردووەوە هەلدەکورمێ، تەزووی سارد بەبالایدا هەلدەگژێ، جەستەی تورت هەلدەگەڕێ، چاوی ڕەشی بەبرژانگی ڕەشتری ژێر سایەی ئەبرۆی مەستی دەبڕێتە شەپۆلە زیوینە خێراکانی و لە نووکەوە، بەزمانێکی شیرین، وەک زمانی پەرییان، ساتە خۆشەکانی یاد دەکاتەوە و خەونە ئالۆزەکانی شەویشی بۆ دەگێڕێتەوە، تاکو شەپۆلە خێراکان لەگەل خۆیاندا ئاو و ئاو بیانبا و لە دوور، بەناخی زەوییاندا بەرێت. دواتر هەلدەکاتە بان تەلەبەردێک، سەتلەکانی لە نێرینەی جۆبارەکە پڕ دەکا و چاوەڕوان دەبێ تاکو (پۆست)ی ئەو ڕۆژەی پێ دەگا.

کاتێ پۆست بەدەم سەمای بان شەپۆلەکانەوە لەسەردا دەرکەوت، ئەم دڕوداوێنی پتر هەلدەکا و دەیکا بەشلێپ و هۆڕ و بەهەلەداوان و بەعەزرەتەوە، بەرەوپیری دەچێ، دەیقۆزێتەوە، هەر بەتەڕیی بەسینگییەوە دەقرسێنێ، ئەوجا دەیهاوێتە سەتلە پڕەکانی و مینا ئاسک، بەپال دەوەن و کەڤر و بنچکە گڤنەسەرەکاندا، شەپەشەپ بەدڕوداوێنی تەڕەوە، بەتوولە ڕێ کەوەلەکەدا دەگەڕێتەوە ئاوایی. بەدەم هەوراز و نشێوی ڕێوە، چاوێکی لەسەر ئەم سەتل و چاوێکی لەسەر ئەویانە، لە ڕەنگ و بۆی نامە ئەفسوونییەکان دەڕوانێ و چاوەیلی پێیان ڕوون دەبێ، ئەوەی ناوی شەکەتیی ڕێگە بێ ئەم هەستی پێ ناکا. وەختایێ گەیشتەوە مال، نامەکان لە قژە ڕەشڕەشە خاوەکەی دەدا، یان لە یەخەی کراسەکەیەوە دەیانخاتە درزی نێوانی مەمکۆلانی، بڕێ جارانیش بەسێپای مەشکەکەیدا ئاوێزانیان دەکا و لە خۆشییاندا قەند لە دلیدا دەتوێتەوە..

ئەمرۆش، ئەوا ئێستا خۆروبان بەرزە، کات لە وادەی خۆی لایداوە و کنێـر هێـمـان پۆسـتـی پێ نەگـەیشـتـووە! ئەو نـامـە ئەفـسـووناوییـە بەرامــەدارە ڕەنگاوڕەنگانەی بە(پەیک)ی ئاودا پێی دەگـەن، کنێـر لە خۆزگە گەورەکەی نزیک دەخەنەوە. ئەو جۆبارەش، ئاوی کارێزێکە لە سەردا، لە ناوقەدی چیایەکی ڕکی بەردین و هەڵکشاوەوە هاژە دەکا و دەیکا بەتۆز.

(لەکۆ)ی کوڕەلاوی دەسگیرانی کنێر، نیشتەجێی کاردۆخە، ماڵی لە سەرچاوەی کارێزەکەوە نزیکە.

وەلێ ئەوە سەردەمێکە نە کنێر بۆی هەیە بەو چیایەدا ڕووەو کاردۆخ هەڵگژێ و نە لەکۆش دەتوانێ لەوێڕا ئەو لەمپەرە پڕ مەترسییانەی لە ڕێیدا قوت کراونەتەوە ببڕێ و بۆلای کنێر داگەڕێ. وەلێ لەوساوە، کە هەرای نێـوان کــاردۆخ و ڕۆمــیـــیــان ڕووی داوە، لەکـۆ ڕۆژانـە لە ســاتەوەختی خـۆیدا، هەر (گـوڵ)ە و بەوادەی خـۆی، بەدەم ئەم جۆگـە بەرەو دامێن ڕژاوەدا دەدا و بۆ کنێریان دەنێرێ.

سـەرەتای بەهار نێرگز و هەلاڵە برایمە، پاشان گولاڵە سوورە، یان چالانچەقیلە، نەختێ درەنگتر دەبێتە گوڵەباخی کێوی، چەند تەڵێک ڕەشـــە ڕێحـــانە، پایزی ڕابورد، جـــار بەجـــار، لە پاڵ چەند تەڵێک جووریدا، سێوە لاسوورەیشی بەجۆباردا بۆ دەنارد. لێرە کچانی دێ پێ دەزانن جـۆبار لە نێـوانیـاندا پەیکە و ئەو گـوڵ و ڕێحـانە و سێـوە لاسوورانەش نامەن، لە لەکۆوە بۆ کنێر.. کنێر نەختێ خوارتر تۆڕێک دەداتە بەر جـۆبـارەکـە، تاکـو لەبـەر هەر هۆیـەک بێ، ئەگـەر لە کـاتی خۆیدا نەگەیشتە دەم جۆبار، پۆستی ئەو ڕۆژەی ئاووئاو نەچێ.

بەیانییـەکـیـان لـە هیکرا حـەوت دانە هەرمێ گـولاویی ڕچیو، کـە لە



محەمەد فەریق حەسەن (١٣)



خـەیاڵی ڕەنگاوڕەنگی کنێـردا مـانایەکی دیکەی شـیـرینی لە خـۆیدا هەڵگرتبوو گەیشتن؛ چونکە لەکۆ گەلێک جاران پێی دەوت، من هەرمێ گـولاویشم بۆیە ئەوەندە خـۆش دەوێ؛ چونکە لـە گـەردنی تۆ دەچێ، ئەوجا بەدوای هەرمێیەکاندا بە جارێک هەزاران پەڕەی گوڵ، شەرابی، سووری تێر، ژەنگار، پەمبە و پەمبەی کراوە و زەردی زێڕین و کاڵ و مۆر و شینی ئاسمانی لەسەردا هاتن، بۆ چەند هەناسەیەک ئەو جۆگە ئاوە بەهاژە و لرفــەیەیان کــردە تابلۆیەکی ڕەنگین و کـــراســـێکی گوڵگوڵیی شۆڕ و ئاودامان بۆ لە قەد باڵای ئەو چیایە.

دواین پۆست، دوو تەڵ گـوڵەباخی کـوردەواری بوو بەو ڕوخـســارە پەمبە و بەرامە ئەفسوونییەی خۆیەوە. دوێنێ کنێر بە سیحر و بۆی گـوڵەباخ مـەشکەی ژەند. گـوڵەباخـەکان هـەتا ماڵـەوە بەسـەر سـەتڵـە پڕئاوەکانەوە هاتن و چوون. ئێستاش ئەوا خۆر بەرزە، کەچی هێشتا کنێـر چەمـەڕای پۆسـتی ئەمـڕۆیەتی. مـەشکە و مـەلاّنیش لە گـوند چاوەڕێیەتی بەئاوی ساردەوە بگەڕێتەوە.

*

دوێنێ بوو بەپێـرێ، پێـرێش بە بەسـتـر پێـرێ.. ئەمـڕۆ چلەم ڕۆژی چاوەڕوانیی کنێـــرە.. وەک جـــاری جـــاران لـە تـافی خـــۆیدا بەسـەتڵـەکـانیـیـەوە لە دەم جـۆبار ئـامـادەیە. لێ نەتۆڕی دەم جـۆبار نامــەیەکی لای خـۆی بـۆ گل داوەتەوە، نە ڕاسـتــەوخـۆش هـیـچی پێ گەیشـتـووە.. هێشـتـا پاوپووزی لە جۆباردایە.. شـەپۆلە خێراکان دڵی پووزیان تەزانـدووە، کەچی نە ئەوەیە پێی ڕێ بگرێ، بێ نامـە پشت لە جۆبار بکا، نە بیرۆکەیەکیشی بۆ سۆراخی لەکۆ بەخـەیاڵدا دێ. ڕێ عاسییە، بە جەندرمـەی ڕۆمییان تەنراوە. کنێر هەتا چاوی هەتەر کا بەقـــەد و باڵای چیـــا و بەجـــۆگــەی لرفـــەکـــردووی ئاودا دەڕوانێ و

بەکەناریدا دێت و دەچێ.. وەلێ دنیا لێلایی داهاتووە و چاوی هەتەری ئەوسای نەماوە. کیژانی دێ بەشوێن یەکدا هاتن، چاویان شوشت و بە سەتڵ و گۆزەی پڕەوە گەڕانەوە.. ئەم لێرە هەر دڵاودڵ چاوەڕوانە. ڕەنگە ها ئێستا ها هەناسەیەکی دی بەستە نامەی حەوتوویەک یان هەر چل ڕۆژەکە بەسەریەکەوە بگات.

لە بن لێوەوە، گلەیی هەیە.. ئەمڕۆی کنێر وێنەی ڕۆژان نییە، بەهارە و لە دوور خۆڵ دەبارێ، خۆڵ وا بەرەو ئێرە دێ، خۆڵی ئەم وڵاتە نییە، خۆڵی وڵاتێکی دیکەیە و خەریکە لەم دەوروناوە نزیک دەبێتەوە، خۆڵێکە، لە دووریی دوورەوە، گەواڵ گەواڵ بەئاسماندا بەرەو ئێرە دەفڕێ، ئەو ساڵەش بەچڕی ئێرەی گرتەوە، بۆنی مەرگ و خەمی لێ دەهات، لەسەر هەر بنچکێ، لە ڕووی هەر سەوزاییەک بنیشێ، دەیچڕووسێنێ، ئەوەی هەڵی بمژێ دەتاسێ، خۆڵێکی ئاوەکییە، ڕەنگی دار و گیا و گەڵا و ئاسمانی دەپەڕێنێ، ئەم گەواڵە خۆڵە بگاتە لام دەمخنکێنێ، کێ گوێی لە دەنگمە، ئەم تۆزە هەموو بوونەوەرێکی درەوشاوە بەتارمایی دەگۆڕێ، ئەم گەردە خۆڵەمێشییە کە ڕەنگی مەرگە، ناهێڵێ دەنگم دەربێ، لە ئێستاوە بێدەنگییەکی خۆڵەمێشی دەنگمی کەرخ کردووە.

وەختە بیابان ئاسا چوارکەنارم لێ دەبێتە بۆشایی، ژێیەک لە ناخما دەلەرێ، ژانەدڵیش وا کفتی کردووم، گەر لەکۆ لێرە بووایە، گەش دەبوومەوە، لێ ڕەنگە ئەو ئێستە لەوێ، لە تاوی سەڵەفدا، باگژە ڕووی بکوتێ، ئەسپەبۆرەی ژێریشی هانکە هانک کەفی دەردابێ، وەک ئەو مەلە کۆچەرییانەی بەدەر لە هێزی باڵ، هیچی دیکە گومان نابەن، کەچی بەتەنیا، شینایی بێ کۆتایی ئاسمان تەی دەکەن، تاکە سوارە لە ئەسپە بۆرە سوار بووبێ و خۆی لە لێواری مەرگ نزیک کردبێتەوە،





وا خەریکە ساڵەکانم لە مانگ و ڕۆژ بەتاڵ دەبن و نەخۆی و نە نامە نەگەیشتن، ئەم خۆڵەش وا نزیک دەبێتەوە و دڵم دەگوشێ، خەونەکانم لە بن هەڕەشەدان، بەوێڵستاندا باوەخولێمە و ناگەمە جێ، مەگەر تەنیا ئەم جۆبارە خەمڕەوێنم بێ، بتوانم لە کەناریدا خەمەکانم تف بکەمەوە، ئەو جارە لەبەرخۆمەوە وردە مەقامم دەچڕی کاتێکم زانی لە نەدیوی، لەکۆ پەیدا بوو، لە دواوە هەردوو چاوی گرتم، پاشان وتی: «گوێم لێت بوو، دەنگت سیحر و لەرینەوەیەکی چیایی تێدایە، خۆزیا بەو دەنگە گوێم لە هۆرەیەکی کچانە دەبوو!» لە ناخرا حەزم دەکرد دڵی نەشکێنم، بەڵام چەندم کۆشا لە ڕووم هەڵنەهات، وتەکانی دڵۆپە هەنگوینی هەنگەژاڵ بوون، دەتکانە ناو گەروومەوە، دوایی وتی: «دەنگی عاشق دیارە دەزرنگێ و بەسۆز و کوڵ بارگاوییە!»

ئەو لە ژوان دوا نەدەکەوت، لە چاوەڕوانیدا ڕای نەدەگرتم... ئەو جارەش هۆپێکم لە خۆ زانی لەوبەر ڕووبارەکەوە لەناو دەوەنەکانەوە بەسەر ئەسپە بۆرەوە دەرکەت، لچکی مشکییە مۆرەکەی با دەیشەکاند، ئەسپە بۆرە هەر کە منی دی لە حیلەی دا، حیلەی بەسەر تافە و هاژەی ڕووباردا پەڕییەوە ئەمبەر بۆلای من، لەکۆ بەسەر پشتی ئەسپە بۆرەوە ئاماژەی بۆ کردم، «لەوێ بە ئێستا دەگەمە لات» بەسەر زینەکەوە لاقی هەڵنا، من دڵم لە مستما بوو، وەلێ ئەسپ یەکدوو جاران پڕماندی و بەشڵپوکۆ پەلی کوتایە تەنکاوی دەم کەنار، هەر ئەوەندەی گەیشتە قووڵایی ڕووبار، ئیدی شڵپوکۆی نەما، سینگی بەسینەبەندی بەو ڕووبارە هاتووەوە ناو هات، نرکە و هاژەی ڕووباری هاتوو، بەدەم کەفچەڕین و شەپۆلانەوە کۆتەرە داری گەورە گەورەی دابووە بەر، هاژە هاژی لە مێشکم کاری بوو، هەر کە پیادە بوو، چەپکێ گوڵی لە پاشکۆی دەرهێنا و بۆی ڕاگرتم، لێم وەرگرت و

بەبۆوەم کرد، کاتێک بە چەپکە گوڵەکەوە لام کردەوە دیتم کەناری ڕووبار، لێواری جۆگەلە بەهارییەکان، بنچک و دەوەن و دار، گوڵیان گرتووە، شاگەشکە هاوارم لێ هەڵسا،

«ئەم گوڵە پەمبانەت لە کوێ بوو، لەکۆ؟»

«ئەوە لە کولمەی تۆوە هەڵفڕین کنێر، ئەمنیش گرتمنەوە و چەپکم کردن!»

هێواش لێوی هێناو سەر کولمەی ماچ کردم. تەزوویەک بە جەستەمدا پەخش بوو، ئەمجا لە هەمێزی گرتم، لەشم گەرم گەرم ڕاهات، سینگی بەسینگمەوە نابوو، هاوارم بەگوێیدا کرد:

«با لێرە دوور بکەوینەوە، هاژە هاژی ئەم ڕووبارە دەنگم بە تالان دەبا، ناهێڵێ گوێمان لەیەک بی!»

«بەڵام من گوێم لە دەنگی دڵی تۆیە! خەمێ مەخۆ، ئێستا وەک ماستی مەییوی لێ دێ!»

دوای تاوێ لەیەکئالان، جیابووینەوە. بێ ئەوەی مەبەستم بووبێ یان ئەو مەبەستی بووبێ وەختێکم زانی بەدەم ڕێوە پەنجەکانمان بەنێو یەکدا تێک پەڕیون، گەرمییەک، تێکەڵ شیرینایی، لەوێوە بەباڵامدا هەڵدەگڕا، کاتێک لە بان کەڤرە تەختەکە شان بەشانەوە دانیشتین، دیتم قسەی ئەوبوو، ڕووبارەکە هاژەی لە خۆی بڕی و بووە ماستی مەییو، لەکۆ باسکێکی لە گەردنم نابوو، بەخۆیەوە نووساندبووم، لەولاشەوە نەرم، سەری پەنجەکانی بەبێخی سەرمدا دەگێڕا، سەرپەنجەکانی گەرم، هەناسەی گەرم، چێژێکی شیرین و تاسەشکێن و بەگیانم دەگەیی، «پرچت بەڕەزەی تەڕی ئاونگی دەم بەیانە!» ئەو ئاوای وت و منیش وەک ڕووبارەکە بێدەنگ بووم، بڵێی ڕووبار گوێی لە





ڕازی ئێمە بووبێ، جا خۆ من لە ناخڕا بێ ئۆقرە و گیانێکی لەرزیوی لێوانلێو لەزەڵلەی زمان بووم، کەچی لەکۆ پێی وتم: «تۆ لە هەڕەتی زێڕینی خۆتدای!» ئەو زوو زوو لێی دووبارە دەکردمەوە «گلارەکەم!»

ئەگەر بڵێی قەلاچنی سەبەتەیەک وشە لە سینەمدا خەرمانەی دابوو، وەلێ نەمدەتوانی شەنیان کەم و بەبایان دەم، من ئێستا ترسێک وەک تووڕک تێم ئالاوە، لەکۆ لێرەبووایە ئەو ترسەی لە چاومـا دەسڕی، تا چل ڕۆژ لەمەوبەر بە گوڵ، خەونەکانمی ڕازاوە و تژیی بەرامە کردبوو، ئەو جارەشیان، وەختێ پێی لە ئاوزەنگی نا، دوا قسەی ئەمە بوو، «کلیلی عومرم وا لە باخەڵت! کچێ کنێر، لەمەدوا دەبێ وەها خۆم ڕابێنم، بەرگەی دووریت بگرم!» ڕۆمییان لێ نەگەڕان.

پۆلێ باڵندەی کۆچەری بەئاسمانی ئەو چێشتەنگاوە لێڵەدا ڕابوردن. قیرەیان دەهات.. پەپوو سلێمانەیەک بەکڵاوی ڕەنگاوڕەنگ و قوتییەوە، بەپارێزەوە، هاتە کەنار جۆبارەکە.. کنێر بەخۆیدا هاتەوە.. کنێر ڕابوو.. جۆبار بەبان بەردە ئاوە سووەکاندا بەهاژە و لرفەوە دەهات، قەڵبەزەی دەدا و لەسەردا بەردەبووەوە، دەپرژا و سپی هەڵدەگەڕا و دەبووە کەفچەڕێن..

هەڵدەسێتەوە. پڕ بە سەتڵە بەتاڵەکانیدا دەکاو بەقەڵەمبازێک دەپەڕێتە سەر تەلە بەردێکی ئاوەسووی چەقی جۆبار. پێ تەزیوە ڕووتەکانی لە بان بەردەکە جووت دەکا. ئەوا بەرز خۆی هەڵدا. وەلێ بە سەتڵە بەتاڵەکانەوە دێتەوە سەر تەلە بەردەکە.. لەنگەری خۆی ڕادەگرێ، ڕووی لە کێوە بەردینە قۆچەکەی کاردۆخە. دیسان بازدەدا. ئەم جارە پتر هەڵدەچێ. بڕێ خاوتریش دەنیشێتەوە سەر تەلە بەردی چەقی جۆبار. پرچی چڕ و پڕی شاخەی گڕەو بەگژ ئاسماندا دەچێ و

لەسەرخۆ دەنیشێتەوە سەر ڕوخسار و شان و گەردن و هێلکەی سورمەی سپی. سەتڵەکانیش لەگەڵیدا بەرز هەڵدەچن و خاو دادەکشێنەوە، بەریەک دەکەون و دەزرنگێنەوە. کراسە شۆڕە سوورە سیمدارە پالێم تەڕەکەی مینا چەتر دەکرێتەوە. ئاوەڵکراسی سورمەی سپیی هەوای تێ دەچێ و دەبریسکێ. کنێر دیسان دێتەوە سەر تەلە بەردە ئاوەسووەکە. لەنگەری تێک دەچێ. سەتڵەکان بەدەستییەوە دێن و دەچن، وەلێ ئەم دەستبەرداریان نابێ. شەپۆلی ئاو لە پەنجەکانی پێی دەدا .. دیسان لە بان تەلەبەردەکە لەنگەر دەگرێ، جووتە پێی لێ گیر دەکا. برێ ڕادەمێنێ و هەڵوێستەیەک دەکا. هەناسەیەکی قووڵ قووڵی بەگەرد و تۆز، سینەی بەرزتر بەدیار دەخا. هاوارێکی لێ هەڵدەسێ، جۆبار، کەنار و چیا دەلەرزن و بەهەموو هێزییەوە بەرز خۆی هەڵدەدا .. بەپاوپووزی تەڕەوە، بەجووتێک سەتڵی زیوینەوە، هەوا دەکەوێ. لەم دەمەدا ئاسمان لە گەرد پاک دەبێتەوە. کراسە سوورەکەی چون بەیداخی دەم با بەلرفەیە. جووتێک سەتڵی زیوی و پرچی ڕەش و درێژی بریقەدار و کراسی سووری سیمدار و هێلکەی سورمەی سپیی و ئاوەڵکراسی سورمەی سپیی، لە حەلحەلەی ئاسماندا ڕەنگ بەردەدەن و لرفەلرف ڕادەشەکێن، کنێر ڕووی لە مەنزڵی لەکۆیە. ئەو بەبان درەخت و قوتە و قوللە و چەپەردا، بەئاسمانی بان تەنگە و توولە ڕێیەکاندا هەڵدەکشێ و لە هەتەری چاو ون دەبێ.

August, 12 , 2007

شکارگە: ڕاوگە، شوێنی ڕاو

نێرینەی ئاو: چەقی جۆگە و ڕووبار، لەو جێیەدا کە تەواو بەهێزە

بەهەڵەداوان: بەپەلە



## لەرزی مەرگ

لەو باخەدا، باخی بەجریوەی وردەمەل و ورشەی گەڵا و سێبەری چڕ و خوڕەی جۆگەلەی ڕوونی بەوردە قەڵبەز؛ لەوێ لە سای داربناوێکدا لەسەر کورسییەکی بەردینی درێژ، لاق لەسەر لاق تەنیا ڕۆنیشتبووم.. دەفتەری نامەکان لەسەر ڕانم و پرچی درێژی ڕەش ڕەشم بەلای ڕاستا ڕژابوو، قەڵەم جافە ڕەشەکەم لەسەر لاپەڕەیەکی خەتدار، سەرم کوورەی ڕامان و تژیی پرسیار، زمانم پڕی وشە و پیتی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام ئالوودەی سەرسوڕمان، خجڵی نووسینی نامەیەکی نوێ بووم، لە قەد خۆشەویستیی نێوانمان بێ، منی بەتەنگەوەبووی ئەو..

«ئای ئازیزم...» بەدەم ترس و دڵاودڵی عەشقەوە هەر ئەوەندەم نووسی، ئای لەم وشەی (ئازیزم)ە، بەنووسین چەند ئاسانە و چ زوو بەدەستەوە دێ، بەڵام کاتێ بەرامبەری ڕادەوەستم، ڕووم دەبێتە پەڕەی گوڵاڵە سوورە، دەستم دەلەرزێ، زمانم لەنگ دەبێ و پیتەکان تێکەڵ دەکەم و هەناوەکوتێم پێ دەکەوێ، ناتوانم ئەو تەنیا وشەیە بەتەواوی گۆ بکەم. ڕەنگە پێش من عاشقانی دیکەش هەر نەیانتوانیبێ ئەم وشە بەلەرەو ئاهەنگە بەڕووی دڵدارەکانیاندا بدەن و دەنگیان نەلەرزیبێ، بەڵام وشەی (ئازیز) بەتەنێ ناتوانێ دەربڕی تاسەی نێوانمان بێ و لە باریدا هەبێ سۆزی ورووژاوی ئێمەی بۆ یەک سووتاو بگرێتە چوارچێوەی خۆی..

لەپڕ پیت و وشە و ڕستە، بێ ئۆقرە، بەشوێن یەکدا لووزەویان بەست، نۆرەبڕییان لەیەک دەکرد، پاڵیان بەیەکەوە دەنا کامیان زووتر بگەنە نووکی قەڵەمەکەم؛ «خۆشەویستیت نۆمایەکی بێ لغاوە، لە بیرەوەریما غاردەدا و دەحیلێنێ و بەرزەفت نابێ.. ترپەی دڵم لەسەر ترپەی هەنگاوەکانت کۆک کردووە.. دوێنێ شەو، مانگ سەری نابووە بان دوندی چیا، چراکانی کوژانەوە و خەوی لێ کەوت، من هەر بێدار بووم و... تۆ هەروا سەیری خۆشەویستی بکە، بزانە چەند مەزنە، بەهەزاران ڕۆمان تەواو نابێ...»

بەشاباڵی ڕەنگاوڕەنگی خەیاڵ، بەرز و هێژاو خێرا بۆ بان گەواڵە هەورە ئاوریشمینەکان، بەرەو جیهانێکی درەوشاوەتر ستوونی هەڵدەکشام، خجڵی نووسینی نامەیەکی ئەوتۆ بووم سۆزبەندیی نێوانمانی لەخۆ گرتبێ، وەها پاژێکی زیندوو بێ لە ڕۆمانێکی ئەوینداری...

لەو دەمەدا، کە دوور و قووڵ دەمڕوانی و لە دەوروبەر بێ ئاگابووم، هۆپێکم لە خۆ زانی خۆرتێکی تێکسمڕاوی نەناس، بەپشتوێنێکی حەوت قەفەوە، دەستەکانی کردبوونە مستەکۆڵە و باڵەکانی فش و بەپەلە لە ژێڵدا، تەپەی چەکمەی پێی دەهات و دەهات، نازانم بۆ بەدیتنی ددانم لە هاڵەوە چوون، شڵەژام، لەبەر نیگای خەیاڵمدا خەنجەرێکی نیوەکێشی مشتوو لە قۆچی گامێشی لەبەر پشتوێن بوو، وەک لە دنیای ئەفسووندا بم، سووک و ئاسان ئەسپێکی بەڵەکی زینکراو لەبەر لووتیدا قوت بووەوە، خۆرتەکە پەڕییە سەر زینی ئەسپ و جڵەوی گرتە دەست، لەو دەمەدا مینا یەکانە، لە ناو چڕە توورکێکەوە، چوارپەل قەوییەکی سمێڵ ڕەش، چاو بەکل و تەنگە





ئەستوور دەرپەڕی، مەندیلێکی سپیی بەسەرەوە، جبەیەکی ڕەشی شۆڕی ئاودامان لەبەردا، ڕمێکی درێژی بۆ سوار ڕاگرت. ئەویش هەر بەسەر پشتی ئەسپەکەوە قۆستییەوە، ئەمجا شمشێرێکی بەزینی ئەسپەکەیدا ئاوێزان کرد، دوو ئاسنی درێژکۆڵەی دەسک زەردیشی بۆ ڕاگرت، خۆرتەکەش بەپێزانینەوە لەبەر پشتێنی نان و مەندیل بەسەر غەیب بوو. دواتر، کاتێک بەوردی و بەشێنەیی بۆ مامۆستای مێژووم گێڕایەوە وتی: ئەسپەکە یەخەدادڕاو بووە، ڕمەکە نسێری و جووتە ئاسنەکەش قەرەبینا بوون.

ئەسپی جێ بەخۆ نەگرتوو، کلک و لمۆزی هەڵبڕی، لە حیلەی دا، سوار جڵەوی بۆ شل کرد و توند پاژنەی خێواندە خالیگەی، ئەسپ وەک تیری لە سەختەی کەوان دەرچوو، بەرەو لای من چوارپەلی لە هەوران دەکوتا.. سواری تاین بەدەم تەتەشمی سەڵەفەوە خۆی دەنواند، دەشێ بۆنی کردبێ، لەم باخەدا کیژۆڵەیەک، ڕوو سێوە لاسوورە، پرچ تا شلکەی ڕان، بەکامی دڵ وا خەریکە نامەیەکی دڵداری دەهۆنێتەوە، سواری ڕاساو بە بان سەریەوە توند ناوەڕاستی ڕمەکەی گرتبوو، ڕای دەوەشاند و بەسەر زینەکەوە وەک تۆپ هەڵدەبەزییەوە، لەو دەمەدا لاقم لەسەر زەوی دانا و کزکۆڵەم کرد، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو بەهەموو هێزییەوە ئەو ڕمە درێژە بچەقێنێتە سینەم، یان هەر بەزەبری ئەو ڕم و خەنجەر و شمشێرە، بەنیاز بێ بەزەویمدا بدا، پێملم بکا و...

ئەسپ بەگەرداوێک تۆز و پووش و پەڵاشەوە بەپێشمدا ڕەت بوو، گەرداو تەنوورە ڕەشەکەمی هەڵدایەوە و گوڵمەی ڕانەکانم بەدیارکەوتن، باوشێک گەڵای ڕژاو لە دەورم لوولیان خوارد و خۆڵ

چووە چاوانم، سواری ئەبرۆ تێکپەڕیوی چاویز تا تێ پەڕیی سەرنجی گوماناویی بڕیبووە چاوم، لەوسەری باخەکەوە جڵەوی ئەسپی بادایەوە، لەوێڕا بەپڕتاو هاتەوە، لچکی مشکییە ڕەشەکەی بەشوێنیدا دەفڕێ، ئەمجارەیان گومانم نەما منی کردووەتە نیشانە و... وەلێ من سەرم لێ تێک چووبوو، نەمدەزانی لە کامە زەمین و کام سەدەیەدا دەژیم.

لە حەشمەتا لەرزینی مەرگ لەرزیم، شپرزە، ئەوەی بەدەستمەوە هات، ڕم پێدا کرد و بەهەموو خێراییەکی خۆمەوە، هەناسە سوار، تێمکێشایە چڕە دەوەنێکەوە، خۆم دایە دەست چارەنووسی نادیار، پرچی درێژی پەخشانم بەسەر شان و کراسە مۆرە کاڵەکەمدا ڕژاند و دەستەوئەژنۆ، بێ سرتە جەستەم سێ قەد کرد، سوار چەند سەرێکی دیکە ئەوێی کردە مەیدانی تەراتێن و خۆنواندن..

لە نێوان تاڵتاڵی پرچمەوە چاوم لێ بوو، لە ئاستی مندا خاوی کردەوە، چاوی لەدوو دەگێڕام و مینا گورگی وێڵی دوای نێچیر بۆنی بەهەواو دەوەن و دارەوە دەکرد و بۆ لاڕێ دەیڕوانی نەک بۆ پێشی خۆی، بەگوێی مووچ و چاوی بزەوە بێ ئەوەی بیتڕووکێنێ، بۆ ورتەیەک، جووڵەیەک هەستی ڕاگرتبوو، لەسەر شوێن پێ هەڵگرتنم هەتەر بوو، ئەسپی یەخە دادڕاوی ژێریشی لمۆزی بەرز، گوێکانی قوت، لێکدا لێکدا دەیپرماند و بەهەر چوارپەل سەمای دەکرد، منیش لە ژێر سەیوانی پرچمدا دەلەرزیم، لەوەدا بووم بدەمە زریکەی مەرگ.

دوای تاوێک چاو وردکردنەوە، دیاربوو سوار لە دۆزینەوەم ئومێدبڕاو بووبوو، ئیدی بەوێرغە باخەکەی جێ هێشت، لێ هەتا خرمەی ناڵی ئەسپەکەیم لە گوێ نەبڕا، نەموێرا لە نێو چڕە دەوەنەکە دەربێم،





وەختێ بەخۆدا هاتمەوە، بەپرچی پەرێشان و چاوەیلی بەمۆڵەق وەستاومدا لە ژنێکی وەحشی دەچووم، بێ هەدار و شەلاڵی ئارەقە، دەست و پاوپووزم زامداری چقڵ و تووڕک، دڵۆپ دڵۆپ خوێنیان لێ دەتکا.

نیوەگیان لەوەدابوو باخەکە جێ بێڵم، وەختێکم بەخۆ زانی سوار لە پێچی چڕە دەوەنێکەوە سەری کێشا، بەرەو ڕووم دێت و تۆز دەکا، مالیجەم نەبوو، لە جێی خۆم وشک وەستام، سوار وەک برووسکە گەیشتە سەرم و جڵەوی ئەسپی ڕاکێشا، گەردلوێک پووش و پەلاشی بەڕووم داکرد، بێ ئیختیار لە پێشیدا وەستابووم، خۆی بێدەنگ، بێدەنگییەکی زراوبەر، ئەسپەکەشی لەسەر یەک دەیپرماند، هەیتا هەیتا دەستەکانی لە زەوی دەکوتان. سوار وەک پشیلە کێوی چاوانی دەبریسکانەوە، هێندەی ڕمەکەی دەستی لێی دوور بووم، زەردەیەکی لە خۆڕازی پەڕییە سەر لێوی، دگانە زێڕەکەی شەویلاگەی سەرەوەی بەدیار کەوت و بریسکا، من هیچم بۆ نەوترا، زمانم لوول بووبوو، لەوەدابوو بکەوێتە بنکی سینەمەوە، ڕمەکەشی هەر بە دەستەوە بوو، وەختێکم زانی بەگشت هێزییەوە دەستی بەڕمی هەڵهێنایەوە، ڕم لە پاڵما بستێک بەو زەوییە ڕەقەندا ڕۆچوو، وەک لەرزەک دەلەرزیم، دەستەکانم بەملا و ئەولادا شۆڕ، لە هیکرا شمشێری کێشا و من لەرزی مەرگم لێ هات، شمشێرەکەی هەڵهێنایەوە، بریسکە و وژژە هات، هۆپێکم لەخۆ زانی دوگمەکانی کراسە مۆرەکەم هەڵوەریبوون و سینگم کەوتووەتە ئەو گۆڕە، نووکی شمشێری لە بان سینەی ڕووتم دانا و چاوی بڕیبووە چاڵی چاوم، هەناوەکوتێم بوو، نازانم چۆن بوو ڕەهێڵ نەبووم، شمشێری بە کێلاندا کردەوە، ئەمجا ئەسپەکەی لمۆزی

لە سینەی ڕووتم نا و هەیتا هەیتا بۆنی پێوە دەکرد، من مابوومەوە هێندەی چنگێک، دەلەرزیم، وەلێ ئەو دەستێکی هێواشی بەسمێڵیدا هێنا، لەپڕ پرچمی لە چنگەوە ئالاند و بە تەکانێک لە پاشکۆی نام، لە پاشکۆیدا خۆم قۆزاخە دابوو، ڕمەکەی لە زەوی هەڵکەند، بەنەرمە ڕەوت کەوتە ڕێ، منیش هیچ ئیختیارم نەبوو، بردمی هەر بردمی، لە بەر دەرکی ماڵی خۆماندا جڵەوی کێشا، بەسینگی ڕووتەوە، بڕست لێبڕاو، ئەودیوی حەوشە بووم، کاتێکم بەخۆ زانی لەسەر شێوەی نەنکم سرکەیییەک وا بە هەنیەمەوە.

دوای قەدەرێک، وەختێک زمانم بەربوو، بەدەم ڕێشکەوپێشکەوە، هەڵیت و پەڵیت، بەسەرهاتی خۆم گێڕایەوە، نەنکم دەوروبەری تاقی کردەوە و هەتا باخەکەش چووبوو، وەلێ سوارەکەی نەدیبوو، هەرچی قەڵەمەکانمە کەس نەیزانی بۆ کوێ هەڵاتبوون، دەفتەرە خەتدارە ژاکاوەکەیشم، کاتێک چاوم پێدا خشاند، خەتەکانی چووبوونەوە، دیتم تەواوی ئەو نامانەی زەمانێک بوو بەکامی دڵ نووسیبوومن، بەڕستە و وشە و پیت و نیشانەکانی خاڵبەندییەوە فڕیبوون، مابوونەوە سەر تەنیا دوو کورتە وشەی زبر، کە ناویان نەهێنم گەلێک باشترە.

September,2, 2007

یەخە دادڕاو: بەو وڵاخە دەڵێن کە خەتێک لە لمۆزییەوە هەتا سینەی درێژبۆتەوە، ئەم جۆرە وڵاخە لە کوردەواریدا بەناڕەسەن و شووم ناسراوە.



ساتیرە چیرۆک

## بۆقەکانی دیوانی وەزارەت

«ئەی فەرمانبەری دڵسۆز.. لە لایەن ئێمەوە داوات لێ کراوە لەمڕۆوە دەرگەی ژوورەکەت بەکراوەیی جێ نەهێڵی. با هەردەم دەرگەی ژوورەکەت پێوەدرابێ. ئالیکاریت لە بەرچاوە و دەبێتە جێی پێزانینمان.»

ئەمە کورتەی ئەو فەرمانە بوو، کە نزیکەی ساڵێک دوای وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی (...) بەواژۆی خۆمان و زۆر بەنەزاکەتەوە گەیشتە تەواوی هۆبەکانی دیوانی وەزارەت. دوای هەفتەیەک، لەهەندێ ڕێی تایبەتەوە، ڕا و سەرنجی جیاوازی زۆرێک لە فەرمانبەرانمان لەمەڕ ناوەڕۆک و مەبەستی فرمانەکە پێ گەیشتەوە، کە بەکورتی بەم شێوەیە پۆلێن کرابوون:

یەکەم: جەنابی وەزیر مەیلی لێیە دیوانی وەزارەت کپ و بێدەنگ بێ.

دووەم: دەستگیرۆیی لە سووتەمەنیدا بکرێ.

سێیەم: تاکو فەرمانبەران، میوانەکانی جەنابی وەزیر نەبینن، نەخاسمە میوانی مێینە.

چوارەم...

*

نا، ئەو خاڵانەی سەرەوە هیچکامیان فریان بەسەر ڕاستییەوە نەبوو.. ئا، هەروا مانگێک بەسەر ئەو فەرمانە فەرمییە، وەزارەتییەدا تێپەڕیبوو، ڕۆژێکیان لەپڕ بیرۆکەیەک، برووسکەیی لە خەیاڵماندا چەخماخەی دا.. دەمودەس کەرتی پاسەوانیی دیوانمان ڕاسپارد، تا بەپەلە دیوانی وەزارەت لە تەواوی (موراجیع) چۆڵ بکەن و دەروازەی سەرەکی خڕ دابخەن. ئێ فرمانێکی وەها کوتوپڕ دەشێ بەچەند بارێکدا لێک بدرێتەوە، وەک ئەوەی ڕەنگە کۆبوونەوەیەکی گرینگی لە ناکاو لە ئارادا بێ، یان ڕێی تێ دەچێ، گرفتێک، یاخۆ مەترسییەکی لە ناکاو ڕووی لە دیوانی وەزارەت کردبێ.. یان ڕەنگە بۆ ئەوە بێ تاکو بزانرێ کێ کار دەکات و کێهایە لاژگەو خۆی دەدزێتەوە.. نا، هیچکام لەم ئەگەرانەش ڕاست نەبوون.. ئا، ئەمجا بەشێنەیی جووتێک کالەی توندوتۆڵمان لە پێیان هەڵکێشا، یاوەری یەکەممان دوای خۆمان خست و بێ ترپە و بێ چرپە دابەزینە قاتی یەکەمی تەلاری وەزارەت.. ئەگەر بڵێی ئێمە تەواوی ئەو فەرمانبەر و کارگوزارانە بەکوڕی شیرینی خۆمان، یان کچی نازداری خۆمان بانگ دەکەین و دەزانین. هەر وایشە.

لەگەڵ یاوەرماندا گەڕاین و سووڕاین، چاومان گێڕا و گوێمان هەڵخست. لە بەر دەرگەی پێوەدراوی ژوورێکدا، کە زۆرترین فەرمانبەری تێ ترنجابوو ورتە ورتێکی گومانپژێن بەئاستەمێک دەگەییە گوێمان. نانا، دەستبەجێ خۆمان پێدا نەکرد. هەروا قەدەرێک بێ سرتە و خۆڕاگرانە گوێمان بەکونی کلیلی دەرگەکەوە نا و ئیدی... «بەدرۆ مانگانە تایەی ئۆتومبێلەکانی دەگۆڕێ.. پرچ لوولە چاوبەڵەکە بالابەرزەکەیان سونەی هەلاتووە.. هەیە بۆی پەیدا دەکا،





بەو چاوانەم دیتوومە.. جا ئەمە حووتە حووت فلانی.. لەولاوە حەفتا دۆنم بەراو؛ لەملاوە ڕیزێ... هەی دەلیالووشی شای گەندەڵباشانی شار.. ئەهبراااا، جا ئەو هەمووە چی لێ دەکا.. منیش بەهەشتا و پێنج هەزار تەعین بووم، دە فەرمو بەراوردی بکە، لەگەڵ هی ئەودا! ئەدی زەوییە ڕوکن و دراوسی ڕوکنە هەزار مەترییەکانی ناوەندی شار. جا ئەوە چییە، گرێبەستە تۆزوبایەکانی وەزارەت بۆ ناڵێی جەناب.. جا هەمووی بەئۆتۆمبێلەکانی وەزارەت.. ئێ خۆ دەرماڵەی سەفەری تۆزوبا، ئەوە هەر باس ناکرێ.. هەر بازرگانییەک، پرۆژەیەک لە سنووری ئەم ناوچەیەدا هەبێ پشکێکی برایەکەی ئەمی تێدایە، وەک هەڵۆ بە چوار مۆنیکاوە دەگاتە سەری، بەپارەی ئەم و ئەمیش دیارە لە کوێی بوو.. تەندەری چی و حاڵی چی.. بڕڕڕڕڕ»

ئا، باوەڕ بکە هەموو ئەو قسە دەستهەڵبەستە پڕوپووچانە نییە؛ گشتیان گیزە گیزەی مێشی پایزن و بەلای گوێماندا دەفڕن.. بەدەمی خۆشمان نەبێ، ئەوانەی پارتیزان بووبێتن پشوو درێژیشن. ئەگەر فەرمانبەرێکی بەنەفرەتبووی ئەو ژوورە جەنجاڵە بە نەفرەتبووە، ئا بەو (بڕڕڕڕ)ە قایمەی کە ڕێک لە هۆڕنی بارهەڵگری (ڤاڵڤۆ) دەچوو، تووشی شۆکی نەکردینایە، ڕەنگە ئێمە هەر خۆشمان لێ ئاشکرا نەکردنایە، خۆ بۆ ئێمە کارەکە هەتا بڵێی ئاسانە، ژوورەکە مێینەی تێدا نییە، ئەگەر مەبەستم بووایە، ئەوا کچە فەرمانبەرێکی سینگ و مەمان والای پووز چون سووره ماسیم بۆ ژوورەکەیان دەنارد، تاکو هەموویان گێژ و ئەبڵەق بکات و ببڕای ببڕ، بیر لە بڕڕڕڕ و لە ئێمە نەکەنەوە..

ئەوەندە هەیە ئێمەی وەزیری (...) دەمانەوێ وەک ئەزموونگەر بە

کردەوە و بە چاو گوویّی خۆمان شتەکان ببینین و ببیستین و خۆشمان فەرمانبەرانمان تاقی بکەینەوە، بزانین ئەوان تا چ ئاستێک گوێڕایەڵن و چۆنمان هەڵدەسەنگێنن؛ نەخۆ ئێمە لەمەڕ ورد و درشتی نهێنییەکان، هەفتانە (تۆپ سکریت) ڕاپۆرت و پەیپەڕمان پێ دەگا..

باا، دوای ئەو هۆڕنە، بڵێم ئەو (...)ەی کە فەرشی کاشانی لوول دەکرد و لە هارەی کالیبەر پەنجا و دووش دەچوو، یەکسەر «ڕۆژتان باش!» بەدەستی خۆمان دەرگەی ژوورمان والا کرد و خۆمان لێفەمان لەسەر هەڵدانەوە.. بابا، توند توند کەپووشمان گرتبوو. وەک ئەوەی، ئەوان ڕۆبۆت و ئێمەش لە ناکاو دەستمان بەڕیمەوت کۆنترۆڵدا نابێ، یەکسەر پێکەوە هەڵسانە پاوە و قنج وەستان. هەندێکیان دەستی سەلامیان بەلاجانگیانەوە چەسپ بووبوو.. جا لە سامی کوتوپڕی و ناوەختیی بەسەردادانەکەدا، وەک شەبەیخوونیان لێ کرابێ تەواو غافڵگیر و شڵەژابوون، شتاقیان نەهاتنە گۆ و وەڵامی ڕۆژباشە مینگنەکەمانیان بۆ نەدرایەوە. کەسیشیان سەرنجی پێیان نەداین، تاکو هەر هیچ نەبێ بپرسن ئاخر «جەنابی وەزیر و کالە کوجا مەرحەبا!».. بابا، زانیمان کامیان بوو ئەو (هین)ە عەجایەبەی دادڕی.. ئەوەیان کە ڕای هێشت ڕووی وەک چەوەنەر سوور هەڵگەڕابوو، لەوەدابوو دڵی بوەستێ، یان هیچ نەبێ نەختێکی مابوو لە سامی ئێمە خۆی پیس بکا.. ئا، ئێمە دەستیشمان هەر بەلووتمانەوە بوو، با!

نا نا، خۆ ئێمە هیچمان نەدایە ڕوویان.. لەوە زیاتر کە ناوکمان خستن و دەستیشمان هەر بەلووتمانەوە بوو.. ئا ئا، ئەمە لەخۆیدا ئەزموونێکی نفتونوێیە، بەشانازییەوە خۆمان بە داهێنەری دەزانین و چەند جارێکیشمان جەڕباندووە، وەلێ هاوکات بۆقەکانی دەورانی







پارتیزانیمان هاتووەتەوە یاد، کاتێ لەو چیایانە، لە ڕێ و بانان، بەکۆڵەپشتەوە، لە دوورڕا گوێمان بەقیرەی ناسازی بۆقی ناو زەلکاوان کاس دەبوو. بەتایبەت دەمەو ئێواران، کاتێ ئەوان بێ وەستان و پێکەوە دەیانقیڕاند؛ وەلێ هەر بەگەیشتنمان بۆ زەلکاوەکە ئیتر قڕوقەپ، قیرەیان لە خۆیان دەبڕی.. نا نەء، هەرگیز ڕووی نەداوە جارێ لە جاران، تاکە بۆقێکیش بە موو لەم دەستوورە لای دابێ.. بۆ خۆمان چەندین جار هەر بۆ خۆشی، ئەم گەمەیەمان لەگەڵ بۆقدا تاقی کردۆتەوە.. هەتا ئێمە پشت پێمان هەڵنەکردبێ بۆقەکان تێ هەڵنەچوونەتەوە. جاری وا بووە هەر بەهەوەس هەمدیس گەڕاوینەتەوە سەر زەلکاوەکە، ئەوانیش هەمدیس قڕوقەپیان لێ کردۆتەوە، تەنانەت دانەیەکیشیان زاتی نەکردووە، دەم هەڵبێنێتەوەو بڵێ قیڕڕڕڕ...

نا نا، ئێمەمانان پاشملەی قوڕباق بەهەند ناگرین، ئەگەرچی دیوانی وەزارەت گەنکاو نییە.. دەبا تاکو دەنگیان دەردێ بقیڕێنن، کە ئەوان لە قیڕەقیڕ بەولاوە هیچی دیکەیان لەباردا نەبێ و بەژیانی بۆقایەتی قایل بن.. ئێرەش بەهەشتی بۆقەکانە!

ئێمە خۆمان لەسەر ئەم گەمە جوانەی، کە بێگومان تێیدا براوەین؛ ڕاهێناوە و فرە بەگیانیشمان خۆشە؛ چونکە ئێمە هەر پارتیزانەکەی ئەوساو ئەوانیش هەر بۆقی ناو زەلکاوەکانن و بابایەکی وەک ئەوانە، لە قیڕە قیڕ بترازێ، هیچی دیکەیان لە دەست نەهاتووە، نا! دەبا هەر با لە سکی خۆیان دەرکەن با!

کۆبنهاون
September, 9, 2007

# خاڵە شاسواری قارەمان

ئاخرو ئۆخری (١٩٦٣) بوو، کوردستانی خواروو، وەک مەنجەڵی سەمەنی لە کەفوکوڵدا بوو. سەرتابەدامێنی ئەم خاکە ڕەنگینە تاوی سەندبوو، بۆچڕووکی بارووت لە کرکراگەی مێشک کاری دەکرد و لووتی دەکزانەوە. نێڵە نێڵی ئاگری بێ سەر و سامان، لادێ و شاری چوونیەک دەسووتاند، داروپەردووی دەکردە دووکەڵ و بۆ ڕوو و دەیبرد بەناخی ئاسماندا، جەرگ و هەناوی بەسەریەکدا هەڵدەقرچاند.. شەفەقی وڵات مەیلەو ئەرخەوانی خۆی نیشان دەدا.. ڕکە، قەدپاڵ و سەنگەرەکان سوور هەڵگەڕابوون.. چاوی کانی و ڕووبار و قەڵبەزەکان وەک ئەسرینی باوکە پیرەکان شێلوو بووبوون.. ئاسۆ لێڵ و تەم و تومان بوو..

بزە، لەسەر لێوی کۆرپەی ناو جۆلانەیش بەدی نەدەکرا. بەرگی ئاڵ و واڵای تازە بووک و شەنگە کچان لە بسک و پرچیان ڕەشتر دەینواند. بەستە، لاوک، حەیران و قەتار، مابوونەوە سەر لاواندنەوە و ئاوازی نائومێدی و شین و شەپۆڕ. لە میانەی ئەهریمەن و ئاهوورەمەزدەدا هاورد و بردبوو. دوژمن کەوتبووە قەستی سەری گەلێکی ئاشتی ویست بەنیازی ئەوەی نازناوی بزڕێنێ و لەسەر نەخشەی گێتی بیسڕێتەوە، یان بیکاتە ئەڵقە لە گوێی خۆی و نەهێڵێ فسکە بکا، بەڵام لاوانی ئەو گەلە هێشتا غیرەتیان تێدا مابوو..





ددانیان چیڕ کردبووەوە و پێیان توند لە خاک گیر کردبوو، بەئامان و زەمان هەڵنەدەکەندران و ڕانەدەدران. ئاگریش تا دەهات تەشەنەی دەسەند؛ تەڕ و وشکی پێکەوە دەسووتاند و ئاگربڕ نەدەکرا.

ئا لەو سەردەمەدا، لە باوەشی ئەشکەوت و دۆڵەکانی سەگرمەدا، (خاڵە شاسوار)م ناسی.. هەردووکمان هاوڕێگا بووین. مێشک و دڵمان بەیەک خولیا و یەک نیاز کاری دەکرد. هەرچەندە ئەو، ڕۆژگار پەنجا ساڵی لە تەمەنی قرت کردبوو، ڕیشی نیوە ڕەش و نیوە سپی بوو؛ بەڵام دڵی لە دڵی هەرزەکارێک تەڕتر بوو. بە ورە و بیروباوەڕیش قاڵی کوردایەتی بوو. باڵابەرزێکی ڕەقەکار؛ ڕانک و چۆغەیەکی لای هەورامانی لەبردا؛ مشکی و جامانەی بەیەکدا لوول دەدا و دەیبەست. ڕاست و چەپ دوو ڕەزنە فیشەکی لە خۆی دەدا؛ شان و بڕنەو؛ قەد و خەنجەر و پێ و پووزەوانە، هەر لە خۆی دەهات.. لە ڕێ و باندا بەتۆزی پێیدا نەدەگەیشتم.. زیاتر لەبەرئەوەی ڕاوچی بوو؛ بەدار و دەوەن و کانی و قوتە و توولە ڕێکان ئاشنا بوو. ململانێی لەگەڵ کەڵە کێوییەکاندا دەکرد. زۆریشی سارد و گەرمی چەشتبوو، بۆیە لەگەڵ ناهەمووارییەکاندا ڕام بووبوو، ئەو گوێی نەدەدایە ڕابواردنی دنیا، تەنیا بۆ خاکەکەی دەژیا..

خۆشی دەویستم و بڕواشی پێم بوو، بۆیە نهێنییەکانی ژیانی خۆی لە لا دەدرکاندم و منیش گوێم بۆ شل دەکرد. شەش سەر خێزانی بەسەر فەرهادی کوڕە گەورەیەوە جێ هێشتبوو.

«بەڕاستی هومێدم بەفەرهادی کوڕمە. کۆڵکە دوکانێکم بۆ داناوە، لێی دڵقایمم وەک گوڵ بەڕێوەیان دەبات و نایەڵێ بێ باوکییان پێوە دیار بێ. ئازادیش هەر دوو سێ ساڵی تری زەحمەتە.»

هەموو کەرەتێکیش، کە بەمەلوولی دەیبینیم، دەستێکی بەپشتمدا دەدا و دەیوت:

«بێ بەلا بی دەڵێی گەمێت غەرق بووە. کەمی لێک بدەرەوە؛ سەرێ لە ناو سەراندا نەبێ بۆ بڕین چاکە. کەسێ لە ڕۆژی ڕەشدا بەپیر هاواری گەلەکەیەوە نەچێ، هەر بە مرۆڤ ناژمێردرێ!»

دوای ئەوەی لەم بابەتە قسەی بۆ دەکردم، ئەمجا پەلی ڕادەکێشام و دەیوت:

«یەڵڵا؛ ئەمجا نۆرەی گۆرەوی بازییە!»

شەوگارمان بەگۆرەوی بازی و گاڵتە و گۆرانی شەق دەکرد. من هەرگیز بەتەمای ئەو ڕۆژە نەبووم تێی بکەوم. بەڵکو دەمویست لەسەر خوێندن بەردەوام بم و ببمە ئەندامێکی ڕۆشنبیری ئەم کۆمەڵە و لە ڕێی زانینەوە خزمەتی گەلەکەم بکەم. هیچ نەبی کەمێک لە باری گرانی دایک و باوکە پیرەکەم سووک بکەم، نەک ئاشنایەتی لەگەڵ گوللە و بارووتدا پەیدا بکەم. دەمویست بەئارەزووی خۆم هاوڕێی ژیانم دەستنیشان بکەم و پێکەوە بەهێمنی تەمەن بەسەر بەرین. لەو خەیاڵەدا نەبووم زەمانە ڕۆژەڕەشێکی ئەوها بۆ من و هەزارانی وەک من ساز بکات و ناچارمان بکات پەنا بەرینە بەر لوولەی تفەنگ. بۆیە زۆر جاران دەکەوتمە گلەیی و بناشت لە بەختی خۆم و بەباڵی خەیاڵ بەرەو دنیای بەختیاریی دەفڕیم.

من بەچاوی ڕێزەوە سەیرم دەکرد و هەتا دەمنێنە چاڵ ئەو ڕۆژەشم لە یاد ناچێت، کە لە مەرگ ڕزگاری کردم. بەزامداری لە کۆڵی کردم و فڕاندمی. قارەمانێتی ئەوم لەو شەڕەدا بۆ دەرکەوت. ئەو شانەی، کە لەسەر پیرە تفەنگەکەی دای دابوو، بە تەما نەبوو سەنگەر چۆڵ بکات.





سەری لە دوژمن تێک دابوو.. لەو ساکەوە زۆرم حەز لێ بوو بەوردەکاریی ژیانی ئاشنابم. حەزم دەکرد لە نزیکەوە فەرهادی کوڕە گەورەی بناسم.. هەموو جارێک، کە نامەی بۆ فەرهاد پێ دەنووسیم، لە دامێنەوە سڵاوی خۆشم تێ دەخست.

*

پایز درەنگی کرد و سەرما بزووت. درەخت کەوتنە گەڵاڕێزان. تەپونمی باران دای دا. ئێمە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافیای ناوچەکەمانەوە، کە شوێنێکی سەربازیی گرینگ بوو، چاوەڕوانی شالاوی لە ناکاوی دوژمن بووین. لووتکە و سەنگەرەکانی ئێمەش بەسەر دەشتی گەرمێندا دەیانڕوانی و هەڕەشە و فیزیان بەسەر بنکە و مۆڵگەکانی دوژمندا دەکرد، کە لەو ناوچەیەدا مۆڵیان خواردبوو.

ئەو ڕۆژەش لە ڕۆژانی تر جیاواز بوو. خۆر تازە لە کەل سەری کێشابوو کاتێ ژاوەژاو کەوتە سەرانسەری بنکەکەمان. گوێم لە دەنگێ بوو دەیگوت: «لەسەر فەرمانی مامۆستا، با هەموو بچنە سەر کانییەکە!»

ئیتر کۆمەڵی خاکی پۆشی گورج و گۆڵ بەرەو کانییەکە ڕێچکەیان بەست. مامۆستاش لەسەر بەردێک دانیشتبوو؛ یارمەتیدەرانی بەدەوریدا لە هاتوچۆدا بوون. دیاربوو سەرقاڵی ڕاوێژ و تەگبیر بوون. مامۆستا سەرنجێکی دەوروبەری خۆی دا؛ هەڵسایەوە؛ بەشوێنیدا هەموو قنج بوونەوە.. هەر دەستەیە و لە پاڵ فەرماندەی خۆیەوە ڕیزی بەست و گوێ سووک، ڕوویان کردە دەمی مامۆستا،

«براکانم.. لەگەڵ تاریک و لێڵی بەیاندا، دوژمن شالاوی بۆ گەرمیان هێناوە. بەڕاست و چەپدا کاول دەکات و لە هیچ کۆناکاتەوە و

کــەوتووەتە وێران و تاڵانکردنی دێکان. ئەوەش بزانن، کــە دوژمن ژمارەیەک تانکی پێش خۆی داوە و بەهێزێکی زۆرەوە لە پێشڕەویدایە و بێ بەرگری مل دەنێ، شوێنەکەیش سیپە و چیای لێ نییە، دیارە ئەوەی بچێتە مەیدانیانەوە گەڕانەوەی زۆر ستەمە..

لە ڕەنگ و ڕووی مـــامـــۆســـتـــادا، لە دەربڕینیـــدا تووڕەیی و بەتەنگەوەهاتن و پێداگرتن دەخوێندرایەوە.. چەند جارێک نەرمە کۆکە گرتی، گەرووی پاک کردەوە و لەسەری ڕۆیی:

«براکانم، لەسەرمانە بەهەر نرخێک بێت، بیانوەستێنین و نەهێڵین چیتر کەلاوە بخەنەوە و بەسەر ئێسک و پرووسکی کەسوکارماندا هەنگاو بنێن. دەبێ خاکی پیرۆزی گەرمیان بکەینە ئاگرێکی بێ ئامان و لە ئامباڵای داگیرکەرانی بەردەین، بیانکات بەکۆی زوخاڵ! براکانم، نیشتمان هاوارمان لێ دەکات، لەسەرمانە بەپیر هاوارەکەیەوە بچین.. دایک و باوکە پیرەکانمان بەدەنگی نووزەڵ و قورگی بەگریانەوە هانایان بۆ هێناوین، دەبێ فـــریایان بکەوین.. دەمـــەوێ چەند پێشمەرگەیەک، لەسەر خواستی خۆیان، لەگەڵ تانکەکانیاندا بکەونە گیانبازی و بۆیان بسەلمێنن، کە هاژە و نرکەی تانکە زەبەلاحەکانیان، سەگرمەی بیر و باوەڕمان ناهەژێنێ.

مامۆستا لێرەدا بێدەنگ بوو، سەرنجی ڕوخساری پێشمەرگەکانی دەدا، تاکـــو بزانێ وتارەکـــەی تا چ ڕادەیەک کـــاری تێ کـــردوون.. کۆمەڵەکە کشومات وەک خۆڵی مردوویان بەسەردا کرابێ و هەریەکە بێـــدەنگ لە چواردەوری خـــۆی دەڕوانی.. مـــاوەیەک وەها ڕابوورد. لەپڕێکدا دەنگێک وەک بورکان تەقییەوە:

«من.. من ئامادەم بچم!»





خاڵە شاسوار بوو لە ڕیزە درێژەکە دەرپەڕی. خۆی جیاکردەوە و لە بەر لووتی مامۆستادا وەستا.. دوا ئەندامی لەشی کەوتبووە جموجووڵ و ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو. دیاربوو وتەکەی مامۆستا تەواو کاری لە بیر و هەستی کردبوو.

زۆری نەبرد دوانزە خاکیپۆش لە هەردوو شانی خاڵە شاسوارەوە قوت بوونەوە. مامۆستا ڕووی دەمی تێ کردن و وتی:

«برا بەوەجەکانم، دیسانەوە دەیڵێمەوە، ئەم کارە تا بڵێی ترسناکە و لەوانەیە دووربا شتاقتان نەگەڕێتەوە.. کەسیش زۆردارتان نییە!!»

خێرا خاڵە شاسوار هەڵیدایە و بەدەنگێکی زوڵاڵ وتی:

«ســـەرێکەو هێناومـــانە، یان پیـــرۆز دەبین، یان دەبینە قـــوربانی نیشتمان!»

بەم قسانە ڕووناکی کەوتە ڕووی مامۆستا. یەکە یەکە دەستی کردە ملی پێشمەرگەکان. ئەملا و ئەولای ماچ کردن و هەر لەوێدا خاڵە شاسواری کردە سەرکردەیان.. ئەوەندەی بڵێی یەکودوو دەستەی خاڵە شاسوار، بەشوێن یەکدا، بەچەک و تفاقی تەواوەوە بەچیادا داکشانە پادەشت.

گوللە وەک برێشکە دەتەقی، پیرە چیا هاژە و نرکەی تانکەکانی بەڕووی دوژمندا دەدایەوە، دووکەڵ بەری ئاسمـــانی گرت، کزەبای پایزیش گەڵای درەختەکانی دەوەراند و لەگەڵ خۆیدا بۆنی بارووتی بڵاو دەکردەوە.. لە لای ئێمەوە بەردەوام تەقەمەنی بۆ شەڕگەکە بەڕێ دەکرا.. کاروانچییەکانیش لەگەڵ خۆیاندا هەواڵی دلێریی خاڵە شاسوار و دەستەکەیان بەدیاری بۆ دەهێناین.

بەش بەحاڵی خۆم، بەهیوای ئەوە نەمابووم هیچکام لەو دەستەیە

بەزیندوویی بگەڕێتەوە، بەتایبەت پەرۆشی خاڵە شاسوار بووم و لەسەر درک دەژیام. تاو ناتاوێ هەڵم دەکردە بان لووتکەیەک و بەدووربین ورد دەبوومەوە.. لە دوور جموجووڵێکی ناقۆڵام بەدی دەکرد. هێزی دوژمنیش سەر و سامانی نەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا دەمەو نیوەڕۆ بوو کاتێ هەواڵیان هێنا، کە تاقمێک خۆفرۆش بەپێ و شوێنی ئاغاکانیانەوە چوون، بەڵام خاکیپۆشەکانمان، ورەیان بەرنەداوە و زیاتر سەریان گەرم بووە. ئەوان شەڕی مان و نەمان دەکەن.

ڕۆژگاری کورتی پایز نەدەهاتە کۆتا و درێژ و دژوار بوو. بیرم لە باری نالەباری ئەو خاکیپۆشانە دەکردەوە، کە لەگەڵ مردندا لە گیروگازدا بوون. لە خەیاڵی ئەو شەڕە نابەرامبەرەدا بووم، کە تووشی هاتبوون. لەپڕێکدا دەنگێک شیرازەی بیر و خەیاڵمی بچڕاند،

«هێزەکەمان بە سەربەرزی لە گەڕانەوەدایە.. دوژمن تارومار بووە و تاڵانییەکەشی لێ سەندراوەتەوە!»

سازترین هەواڵ بوو بەگوێمدا درا. وەک کێچ لە جێی خۆم ڕاپەڕیم و گۆمی خەیاڵم بەجارێک شڵەقا. گوێم لە مامۆستاش بوو دەیگوت:

«کوڕینە، گورجانە بەپیریانەوە دەچن و پێشوازییەکی کوردانەیان لێ دەکەن. خۆشم ئاوم بۆ ئامادە کردوون تا دەست و پێیان بشۆن!»

من لە ڕیزی پێشوازیکەراندا بووم. خۆر تازە ئاوا بووبوو، دونیا بەرەو تاریکی دەچوو، لە نێوان پەڵە هەورەکانەوە، ئەستێرە گەشەکان دەجریوانەوە، کزەبای سارد گەڵا زەردباوەکانی لە درەختەکان دادەماڵی بەڕوومانیدا دەدا و دەکەوتنە بەر پێمان.. لە خواریشەوە کۆمەڵێک پێشمەرگە وەک تارمایی بەدامێنی کلکەی سەگرمەدا دەهاتن. لەگەڵ ئاوازی سروودی «پێشمەرگەین... » دا بۆ بان





هەڵدەکشان.. ئەشکەوتەکان گوێیان لێ بوو. ئەوانیش وەک کۆرسی گۆرانی، سروودەکەیان دەوتەوە. تا دەهات لێک نزیک دەبوونەوە، ئاوازەکەیش گڕتر دەبیسترا.

چاوم بۆ خاڵە شاسوار دەگێڕا. حەزم لێ بوو لە پێش گشتیاندا ڕیشە ماش و برنجییەکەی زیارەت بکەم.. کەچی داخی گرانم، ئەو لە دار تەرمدا بوو.. بەپێی خۆی نەدەڕۆیی!.. گوللەیەک ناو چاوانی سمی بوو.. ئامباڵای خڵتانی خوێن بوو. خوێنی ئاڵی تێکەڵ بە خاکی ڕەشی گەرمیان بووبوو. تا مردن بەسەرهاتی خاڵە شاسوارم بیر ناچێتەوە.

*

خەڵکی گوندەکان گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. پەزیان کە بەتاڵان چووبوو بۆیان گەڕایەوە. هێمنی جارێکی تر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشایەوە. تەنیا خاڵە شاسوار نەگەڕایەوە. ئەو بەڕووی سوورەوە بووە میوانی شەهیدانی کوردستان...

هەفتەیەک دوای ئەم داستانە، هەر بەو توولە ڕێیەدا، کە تەرمی خاڵە شاسواری پێدا سەرکەوت، لاوێکی ڕەشپۆش، کەڵەگەت، سەر و سیما ڕێک، تازە سمێڵی بۆر کردبووەوە، لەسەرخۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا و دەهاتە بەرەوە.. چەند بەلامەوە سەیر و کوتوپڕ بوو، کاتێ دوای سڵاو وتی:

«من کوڕی شاسوارم.. من فەرهادم.. هاتووم لە بریی باوکم ببمە پێشمەرگە و چەکەکەی ئەو هەڵبگرم.. بمبەن بۆ لای مامۆستا!»

گۆڤاری برایەتی، ژمارە (٤)،

ساڵی ١٩٧١.

تێبینی: ئەم چیرۆکە لە هیچ کام لە کۆچیرۆکی سێبەری ئەسپە شێ،

١٩٧٨ و ڕستێک زەنگیانەی ئاوی دا، ١٩٧٩، بڵاو نەبووەتەوە. هۆیەکەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چیرۆکێکی بەرگریی ڕاشکاوی بێ پێچ و پەنایە و سانسۆری بەعسیش بەهیچ جۆرێک ڕێی پێ نەدەدا.. دەنا مایەی شانازیمە و بەهۆی ئەم چیرۆکەوە ناسرام و کاتی خۆی دەنگی دایەوە. وێڕای ئەوەی وەک (چیرۆکی ژمارە) بڵاو کراوەتەوە، بەرپرسی بەشی ئەدەب لە گۆڤاری برایەتی، کە پێم وایە هونەرمەند (ڕەفیق چالاک) بوو، لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، کە دەکاتە لاپەڕە ٣٧ی گۆڤارەکە ئاوای بۆ نووسیوم:

«برایەتی: سوپاس بۆ خوا، کە نەتەوەکەمان هەزارانی وەک شاسوار و کوڕی شاسواری تێدا هەڵکەوت و بوونە مایەی سەرکەوتن. سوپاسیش بۆ تۆ کاک محەمەد فەریق حەسەن کە بەم شێوە تەڕ و پاراوە جوانە ئەو کارەساتانەت خستە بەرچاو، هیوامان زۆرە بەردەوام بیت لەسەر نووسین.»

ئەم کورتە سەرنجەیش بۆ من، کە تازە دەستم دابووە قەڵەم هاندانێک بوو، ئیدی لەوساوە دەستبەرداری نووسین نەبووم.. لە ڕاستیدا، من ئەم هەوڵە بەیەکەم چیرۆکی خۆم دەزانم.



## خاترخوازی

خەیاڵاتێک دەمئاڵێنێتە توێی کراسێکی ئاودامان، خەتخەتی میلپانی بەهاری، سەری پاکتاشراوی ژێر کڵاوێکی گرێچنی چەسپ، ساڵانی منداڵی و بۆنی منداڵی، ڕەنگە زەرقییەکانی منداڵی، جووڵەی سرک و خێرای منداڵی، ئیدیۆمە ساناکانی منداڵی، کە تەنیا یەک مانایان لە خۆیاندا هەڵگرتبوو.. ئەودەم هاودەمی فریشتە بووم، بەسەر باڵی سپی و نمناکی هەورەوە، لە ژێر ئاسمانی شینی شووشەییدا دەهاتم و دەچووم. ئەستێرەم دەلاوان و کاکێشان چاوشارکێیان لەگەڵدا دەکرد.

ئای چەند گەش و بێگەرد بوو ئاسمانی تافی منداڵی! چەند ڕەنگاوڕەنگ بوو تافی منداڵی! ڕووتوقووت و ڕۆشن وەک کەناری دەریا.. درەوشاوەبوو مێژووی منداڵی! پۆلە پەپوولەی بەر خۆرەتاو بوو، بەعەردەوە زەرد نەدە بوو، دەورانی منداڵی. پەنجەرەیەکی شینی بەسەر گوڵزاردا ئاوەڵا. پۆلێ زەردەخەنەی کۆچەری بوو، بۆ تاوێک بەسەر لێومەوە نیشتنەوە؛ هێشتا تەواو ماندوویان نەحەسابووەوە، هێشتا ئارەقە و گەردی ڕێیان نەسڕیبوو، بێدەنگ، فریای دوعاخوازی نەکەوتن و فڕین. چ زوو لە کەل ئاوا بوون.

(ئاو) بوو، لە نێوان پەنجەکانمەوە ڕژا و چەندم کۆشا بۆم کۆ نەکرایەوە، بەنێو قڵیشە تینووەکانی تەمەندا ڕۆچوو. سوورە

ماسییەکی تەڕی لووسی تازەگیراو بوو، لە دەستما بەند نەبوو، فرتەی کردەوە ناو ڕووبارە بە هاژە و لرفەکە و لەچاوانم ون بوو.

مینا ئەستێرەکی گەشی ڕژاو، پریشکەکانیم بۆ کۆ نەبووەوە، تا بتوانێ جاریکی دی بە شەوقەوە بگەڕێتەوە خولگەکەی خۆی. نەگەڕایەوە، تاکو لە ئاهەنگی سەری ساڵدا، تاوێک ئاسمانی نیوەشەوم بەنەخشەکانی فیشەکە شێتەی سەری ساڵ و درەختی جەژنی زاین، بەباڵۆن و وردە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و ئەستێرەی زیوین بڕازێنێتەوە و باخەڵم پڕی شەکرۆکە و دیاری بکات و تاوێکیش کەیفسازانە ڕەقسابام.

کاژە هەوری دەم گژەبایەکی خێرابوو، بلەز ڕووەو خۆراوا خزی.. وتی، بەداخەوە لای تۆ داناکەم! نۆزینێکی بێ ڕەشمە و لغاو بوو، لە دەستم بەربوو، بەهانکە هانک، تەتەشم تەتەشم، لە سەری مەیدانڕا، لە چوارناڵەی دا، نە بەلاما بایدایەوە و نە گەڕاشەوە سەری مەیدان، تا لە نوێ خۆم هەڵدەمەوە سەر پشتی لووس و ڕووتی و سەڵەفێکی دی دەستەوناو بمفڕێنێ و بیفڕێنم. وەک ئەوەی هەفتەی ئەوەندەی ساڵێک گەورە بووبم! خۆزگەم بەو ساتە وەختانەی، کە بە لەتە ئاوێنە، شەڕە تیشکمان دەکرد، دەمانگرتە چاوی یەک و سێبەرمان پێ دەکردە هەتاو.

ئێوە بەشایەت بن، من منداڵیم جێ نەهێشت، ئەو پشتی تێ کردم و تەوەللا بوو. پێی بڵێن با لە لای (ئەفەنی) شکایەتم لێ نەکا.. بەڵگەم زۆرن.. ئەوەتا تەواوی بیرەوەریم، بەخەون و خەیاڵاتەوە، بەغاردان و هەلووکێن و مزراحێن و ئاش و ماشییەوە، بەکۆچەڵکۆچییەوە وەک چاوانم بۆم پاراستووە. قەراخ و هەڵەبجە و سلێمانیم، بەیادەوەرییە





تاڵ و شیرینەکانیانەوە، بۆ ئەم باکورە ڕچیوە بەکۆڵدا داوە و لە خوێنمدا، چوارناڵە غاردەدەن.

چ زوو ئێستاکان بوون بە ئەوسا. بێ ئەوەی ئاوڕمان لێ بدەنەوە کۆچیان کرد و تۆزیان لێ نیشت.. چ زوو منداڵی لە من کشایەوە. دەنا من هێشتا بەوەفام بۆی. ئەی ئەوە نییە زەمانێکە چیرۆکی بۆ دەنووسم و مەراییی بۆ دەکەم؟ دە ئێوە پێی بڵێن با هەرچی زووە بگەڕێتەوە.. ئێستا کرژم وەک تەلی ساز، سەری پەنجەم بەرکەوێ دەناڵم.

December, 21, 2006

# پێڕست


خێراتن ..... 5
ئەمشەو سێوێ لە سەری دەدرێ ..... 9
ژنێک وەک قۆخی گەییو تەڕ ..... 14
دەیقەومێنێ بیقەومێنە قەوماندی ..... 23
شەو ..... 28
حیکایەتی جووتێک پەیکەر ..... 32
شێسوار ..... 36
گەڕانەوە ..... 62
چاوە فێڵاوییەکان ..... 70
لە کێ پرسم لە کوێن، کەسێ لەوێ نەماوە ..... 74
هین هین خانم و مامۆستا هین ..... 100
پەڕجوو ..... 113
دەقە بەردینە ..... 123
شەپۆلەکانی ئەتڵەسی ..... 131
ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت ..... 139
خان لەکۆخان ..... 164
چەپکێ ڕێحانە بۆ دایکم ..... 170
پەلک زەردێک بەمایۆی سوورەوە ..... 174
ڕۆژێک لە ژیانی کەرە شین ..... 181
پۆستی ئاو ..... 191
لەرزی مەرگ ..... 200
بۆقەکانی دیوانی وەزارەت ..... 206
خاڵە شاسواری قارەمان ..... 211
خاترخوازی ..... 173